





# پرسی خوێندن بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

## هەڵبژاردەیەک لە بابەتەکانی هاوڕێ قادر وریا

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێرست


١- لە پێشوازی ٢١ی فێوریە، ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک دا ........ ٤

٢- بۆچی ٢١ی فێوریە کراوە بە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک؟ ........ ٧

٣- زمانی زگماکی و ٢١ی فێوریە، بۆنەیەکی گونجاو بۆ حەرەکەتێکی پێویست ........ ٩

٤- گرنگترین پەیماننامەکانی تایبەت بە مافە زمانی و نەتەوەییەکان ........ ١٢

٥- خوێندنی کوردی لە سایەی پارتەکانی کوردستاندا ........ ١٤

٦- کاریگەریی خوێندن بە زمانی دایک لە سەر زمانی نەتەوە ........ ٢٣

٧- بار و دۆخی خوێندن لە نێو منداڵانی نەتەوە نافارسەکاندا ........ ٢٦

٨- ئەرکە هەنووکەییەکانی ئۆگران و دلسۆزانی زمانەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ........ ٢٩

٩- ئەگەر زمانێک پێی بخوێندرێ: ........ ٣٢

١٠- مافی بەکار بردنی زمان لە دامەزراوە دەوڵەتی و فەرمییەکان و ناوەندەکانی خوێندندا ........ ٣٦

١١- وتووێژ لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە ........ ٤٠

١٢- خزمەتەکانی کۆڕی پەروەردەو فێرکردن بە خوێندن بە زمانی کوردی ........ ٥٠

١٣- زمانی خوێندن لە سەردەمی جمهووریی کوردستان دا ........ ٥٦

١٤- ڕۆژێک بۆ وەدەنگهاتن لە ستەم و سەرکوتی زمانی ........ ٥٩

١٥- پرسی خوێندن بە زمانی دایک لە ئێران دا بەسەرهاتی تاڵی چاوەڕوانییەکی ڕەوا! ........ ٦٢

١٦- کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەرانسەریی کوردستان" ........ ٦٥

١٧- هەڤپەیڤین لە گەڵ بەڕێز ڕەسووڵ ئاریا ........ ٧٢

١٨- هەڤپەیڤینێک لەگەڵ بەڕێز ناسر حیسامی دا ........ ٧٧

١٩- وتووێژ لە گەڵ مامۆستایانی شۆڕش خالید گەردی و شوعلە قادری ........................................ ٨٧

٢٠- وڵامەکانی مامۆستا لاوچاک لە بارەی خوێندنی کوردی ........................................ ٩٢

٢١- وەڵامەکانی مامۆستا گەلاوێژ حەسەنزادە ........................................ ٩٦

٢٢- وەڵامەکانی مامۆستایان گۆران ئەمیری و مستەفا ئەمیری ........................................ ٩٩

٢٣- فێرکردنی زمانی دایک لە خزمەت بە هێزکردنی شوناسی نەتەوەییدا ........................................ ١٠٣

٢٤- بەرپەرچدانەوەی ڕوانگەیەکی شۆڤێنیستی لەبارەی "سیاسەتی زمان"ەوە ........................................ ١١٠

٢٥- هەڵوێستەیەک لە سەر نێوەرۆکی کتێبی: زمانی کوردی لە ئێران، دانپێدانانی سنووردار و چاوەدێریکراو .......... ١١٧

٢٦- چاوخشاندنێک بە کتێبی "سەدەیێک خەبات لە پێناوی زمانی کوردیدا: تیۆری، سیاسەت و ئیدەئۆلۆژی" .......... ١٢٣

٢٧- سەرکوت و سڕینەوە لە سیاسەتی زمانیی ئێراندا ........................................ ١٢٩

٢٨- سیاسەتی تاکزمانی لە ئێران، لەنێوان پێداگریی دەسەڵات و دژیەتیی نەتەوە نافارسەکاندا .................... ١٤٨

٢٩- پرسی زمان و ناسنامەپارێزی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پێش کۆماری کوردستانەوە تا ئێستا ........................
........................................ دیمانە: ڕێباز مەردانی ..... ١٥٧

٣٠- سیاسەتی زمانی لە حیزبی دێموکراتدا ........................................ ١٦٥

٣١- زمان لە شەڕی بەرگری لە ناسنامەدا ........................................ ١٨٠

٣٢- ڕوانین بۆ زمان، محەکێک بۆ ناسینی ڕێژیمەکان و ئایدۆلۆژییەکان ........................................ ١٨٣

٣٣- زمان و پەروەردە، دەوڵەت - نەتەوە و نەتەوەی بێدەوڵەت ........................................ ١٨٥

٣٤- بەرەو ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک ........................................ ٢١٠

## لە پێشوازی ٢١ی فێوریە، ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک دا:




### بۆنەیەک بۆ دەنگهەڵبڕین دژی سەرکوتی نەتەوەیی و زمانی

بۆ ئەو نەتەوەو مرۆڤانەی بە دوور لە هەر چەشنە بەربەستو سەرکوتێک بە زمانی خۆیان دەدوێن، دەخوێننو دەنووسن، ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک، ڕۆژی جێژن و شادینواندن و شانازیکردن بە زمانەکەیانە. بۆ ئەو نەتەوەو مرۆڤانەش کە زمانەکەیان بەڕەسمی نەناسراوەو ناتوانن بە زمانی خۆیان بنووسن، بخوێنن و لەدامو دەزگای ڕەسمیو دەوڵەتیو زانستی دا پێی بدوێن، ئەم ڕۆژە، واتاو ڕۆڵێکی دیکەی هەیە. بۆ ئەوان ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک، ڕۆژی بەداخبوون لە چارەنووسی خۆیانو زمانەکەیان، ڕۆژی وەبیرهێنانەوەی بێمافیو ستەملێکراوییەکانیانو، ڕۆژی دەنگهەڵبڕین دژی هەڵاواردنو بەجێمان لە کاروانی پێشکەوتنو ئازادژیانە.

بەم پێیە، بۆ نەتەوەکانی ئێران کە فارسزمان نینو هەتا ئێستاش لە سەرەتاییترین مافە نەتەوەییەکانیان، یەک لەوان مافی بەڕەسمی ناسرانی زمانەکەیان بێبەشن، نزیکبوونەوەو هاتنی ڕۆژی ٢١ی فێوریەی هەر ساڵێک، یانی ڕۆژی نوێبوونەوەو دووپاتبوونەوەی ئەم پرسیارەیە کە ئەم بێبەشیو بێمافییە هەتا کەی؟ تاڵیی بەڕەوڕوو بوونەوە لە گەڵ ئەم پرسیارە لەوە دایە کە بزانین و ببینین ڕێژیمە دەسەڵاتدارەکانی ئێران،خاوەنی هەر سیستەمو ناوەرۆکێک بن، لە ئاست پرسی مافە

نەتەوەیـیو زمانیەکـانی نەتەوەکـانی ئێـران، هەر یەک سیاسـەتو ڕوانـین وگوتاریـان هەیە. چ ڕێژیمـی شـایەتیی هەڵگـری ئیددیعای میراتی شارستانیەتی چەند هەزارساڵە لە سەر کار بێ، چ نیزامی ئیسلامیی بە ڕواڵەت لایەنگری عەدلی ئیلاهی، بەشی نەتەوەکـانی ئێـران هەر ئەوەیە کە ئەگەر داوای بە ڕەسمی نـاسرانی مـافە نەتەوەییەکانیـان بـکەن، لە گەڵ سەرکوت بەرەوڕوو دەبن.

ئێـران، سـەرەڕای ئەو هەمووە پێهەڵگوتنەی شۆڤێنییە ڕەنگاورەنگەکـانی بە شارسـتانیەتو مێـژووی وڵاتەکەو پێشـەنگایەتیی ئێرانییەکـان، لە ڕووبەڕووبـوونەوەو چارەسـەرکردنی پرسـی نەتەوەیـیو زمـانیدا، لە دواوەی هەمـوو وڵاتـانی دراوسـێی خۆشییەتی. هەمـوو ولاتـانی دراوسێی ئێـران کە لەوانیش دا، نەتەوەو زمـانی جیـاواز پـێکەوە دەژیـن، ملیـان بـۆ بەرەسمی ناسیننی زمانە جۆراوجۆرەکانی وڵاتەکەیانو قبووڵی مافەکانی تایبەت بە هەر زمانێک ڕاکێشاوە.

لەم بارەیەوە دەتوانین عێراق، پاکستانو ئەفغانستان بە نموونە بێنینەوە.لە عێراق، دوو زمانی کوردیو عەرەبی، هەر دوویان وەک زمانی ڕەسمی لە ئاستی هەموو عێراقدا ناسراونو زمانەکانی تورکمانیوئاشوریش لە شوێنو نـاوچەی ژیـانی ئەو کەمایەتییە نەتەوەییـانەدا، ڕەسمیەتیان هەیە. لە پاکسـتان، دوو زمـانی ئـۆردووو ئینگلیسی، زمـانی ڕەسمیو سەرانسـەرینو زمانەکانی پەنجـابی، بەلـووچی، پەشتوون، سیندیو سرائیکی لە ئاستی ناوچەکـان دا، بەرەسمی ناسراون. لە ئەفغانسـتان زمانەکـانی دەریو پەشـتوون هەر دوویـان لە ئاسـتی وڵاتدا، زمـانی ڕەسمینو کۆمەڵـێک زمـانی دیکەش لە ئاسـتی هەرێـمو ئەیالەتەکـان دا، بە رەسمـی نـاسـراون. وڵاتێکـی دیـاری دیکەی نـاوچە کە دراوسـێی ئێرانیشـەو نەتەوەو زمـانی جۆراوجـۆری تێـدایەو سـالانێکی زۆر وەک ئێـران سیاسـەتی زاڵکردنـی یەک زمـان بە سـەر زمانەکـانی دیکەداو سـەرکوتکردنی نەتەوەو زمانەکانی دیکەی بەڕێوە بردوە،وڵاتی تورکیایە.بەڵام تورکیاش ڕێگای چاوخشاندنەوە بەو سیاسەتە لەمێژینەیەی گرتـووەتە بەرو چاوەڕوان دەکرێ ئەم کێشە دێرینەیە بە سەرنجدان بە ڕێوشوێنەکانی پەیماننامەکانی یەکیەتیی ئورووپـا کە تـورکیە لە مێژە هەوڵی پەیوەستبوون بەوانی هەیە،چارەسەربکا.

ڕێژیمی ئێـران، لە ڕووبەڕووبـوونەوە لە گەڵ کێشـەی لەمێـژینەی سـەرکوتی نەتەوەیـیو زمـانی لە نێـو ئەو وڵاتەکەیدا، کە بەردەوام سەرچاوەی ناکۆکیو شەڕو ئـاڵۆزیی نێوان نەتەوە بندەستەکانو دەسەڵاتی ئەو وڵاتە بـووە، هەتـا ئێسـتاش هەر لە سـەر سیاسـەتی ئینکـارو هەڵخەڵەتانـدنو خۆبـواردن دەڕوا. تەنیـا لە سـەروبەندی هەڵبژاردنەکـانـدا بەربژێرەکـانی سـەربەو ڕێـژیمە سـووکە ئـاوڕێـک لەو کێشـەیە دەدەنەوە، ئەویـش نەک بـۆ گەڕان بە دوای چارەسـەرو دابینکردنـی ویسـتی لە مێـژینەی نەتەوە بندەستەکانو ئـاخێوەرانی زمانەکانی دیکە، بەڵکوو بۆ ڕاکێشانی دەنگدەرانی سەر بەو نەتەوانە بۆ سەر سندووقەکانی دەنگو بـۆ وەرگرتنـی دەنگەکانیـان بە قـازانجی سـەرکەوتنی خۆیـان. ئەوە کە دەنگـدەرانی سـەر بەو نەتەوانە، ئـاوڕدانەوەو

بایەخدانی بەربژێرەکانی هەڵبژاردنی سەرکۆماریو پارلمانی لە پرسە نەتەوەییو زمانییەکان، دەکەن بە مەرجو پێوەرێک بۆ هەڵویستی خۆیان لە هەڵبژاردنەکاندا، شتێکی دروستو لە جێی خۆی دایە. بەڵام ئەوە کە دوای هەڵبژاردنەکان، هەم ئەوانەی بەم ناوە دەنگی خەڵکیان وەرگرتووە هەم ئەو دەنگدەرانەی بە نیازی پێکهێنانی گۆڕان لە سیاسەتی نەتەوەییو زمانیی دەسەلاتی ولات دەنگیان داوە، بەڵێنو چاوەڕوانیی خۆیان لە بیر دەبەنەوە، شیاوی توندترین ڕەخنەن. سەرکۆمار، نوێنەرانی مەجلیسو هەر کەسێک لە هەر ناوەندێکی قانووندانانو سیاسەتدانانو بەڕێوەبەرێتیی ولاتدا، ئەگەر پێشتر هیچ دروشمو بەڵێنێکیشیان لە بارەی پرسێکی گرنگی وەک سەرکوتو هەلاواردنی نەتەوەییو زمانی نەدابێ، لە ئاست کێشەو گرفتە لەمێژینەکانو داواڕەواکانی خەڵکی وڵاتدا،هەر بەرپرسیارن. بەڵام ئەگەر کاربەدەستەکە، وەک سەرکۆماری ئیستا بە بەڵێنی دابینکردنی بەشێک لە مافە پشتگوێخراوەکان، زۆرترین دەنگی لە نێو نەتەوە بندەستەکانی ئێراندا کۆ کردبێتەوە، بەرپرسیارەتیەکەی لە ئاست پرسی نەتەوەییو زمانی، زۆر زیاترو، هەر بەم پێیە لە بیربردنەوەو خۆلێبواردنیشی، شتێکی زۆر قورس دەبێ.

سەپاندنی بێبەشی لە مافی نەتەوەییو،سەرکوتو هەڵاواردنی نەتەوەییو زمانی بە سەر خەڵکدا، ئەگەر بۆ دەسەڵاتداران، مایەی نەنگو شوورەیین و مەحکوومن، قەبووڵکردنیشیان بە تایبەت لە لایەن ئەو خەڵکەی بەرەوڕووی ئەو جۆرە بێبەشیو ستەمو هەڵاواردنانە دەبنەوە، شیاوی لۆمەو ڕەخنەیە. ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک، دەتوانێو پێویستە بکرێتە دەرفەتیک بۆ نا گوتنەوە بە قبووڵی سووکایەتی بە زمانو شوناسی نەتەوەییمان.

لە پێشوازی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکدا، پیرۆزبایی لە هەموو ئەوانە دەکەین کە ڕێز لە زمانەکەی خۆیانو زمانە جیاوازەکان دەگرن. سڵاو بۆ ئەوانە دەنێرین کە لە ئاست سەرکوتو هەڵاواردنی نەتەوەییو زمانی لە ئاستی ئێراندا، بێدەنگ و بێهەلویست نین. دەسخۆشی و پیزانینیشمان بۆ هەموو ئەوکەسانە هەیە کە لەسەختترین هەلومەرجەکانیش دا، ساتێک لە پاراستنو خزمەتی زمانی کوردی غافڵ نین

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٦ی فێبریوێری ٢٠١٩

## بۆچی ٢١ی فێوریه کراوه به رۆژی جیهانیی زمانی دایک؟




رۆژه جیهانی و نێونەتەوەیییەکان، هەر کامێکیان مێژوو و سەربردەیی تایبەت به خۆیان هەیه. رۆژی جیهانیی زمانی زگماکیش که ٢١ی فێوریەی هەر ساڵێکه، پێشینه و مێژووی خۆی هەیه.

٦٠ ساڵ لەمەوبەر له ٢١ی فێوریەی ١٩٥٢ دا، خوێندکارانی بەنگلادیش که ئەو کاته وڵاتەکەیان بەشێک بوو له پاکستان، وەک ناڕەزایی دەربڕین له داسەپاندنی زمانی ئۆردوو بەسەر نەتەوەکەیان دا، خۆپێشاندانیان وەڕێ خست. له ئاکامی تەمەنی هێزه چەکدارەکانی پاکستان دا ٥ خوێندکاری بەنگلادیش گیانیان له دەست دا. خەڵکی بەنگلادیش، بەڵام دەستیان له خەبات هەڵ نەگرت و نەک هەر نەچوونه ژێر باری داسەپانی زمانێکی دیکه، ملیان بۆ مانەوه له ژێر دەسەڵات و له چوارچێوەی پاکستان دا، نەدا و سەرەنجام سەربەخۆیی خۆیان بەدەست هێنا.

ڕووداوی ٢١ی فێوریەی ١٩٥٢ بووه هۆی ئەوه بەنگلادیش وەک یەکەم وڵات که له پێناوی زمانەکەی دا خەباتی کردوه و قوربانیی داوه، سەیری بکرێ. ئەو وڵاته له نوامبری ١٩٩٩ به رەسمی پێشنیاری به یونسکۆ کرد که رۆژی ٢١ی فێوریه، وەک رۆژی جیهانیی زمانی دایک بناسرێ. دیاره ئەنجومەنی جیهانیی لایەنگرانی زمانی زگماکییش پشتی ئەم پێشنیارەیان گرت و له ئاکامدا،

**سیهەمین کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوه یەکگرتووەکان ئەم پێشنیارەی پەسند کرد.**

بەنگلادیش وڵاتێکی ١٥ میلیۆنییه و زمانەکەی بەنگالییه. دیاره ئەو وڵاته پێشتر موستەعمەرەی ئینگلیستان بوو. هەر بۆیه

زمانی ئینگلیزی لە وڵاتە دا برەوی زۆرە. ڕۆژی ٢١ی فێوریە لە بەنگلادێش وەک ڕۆژی شەهیدانی زمان ناودێر کراوە.

لەوکاتەوە کە ڕۆژی ٢١ی فێوریە وەک ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی ناودێر کراوە هەموو ساڵێ لەشوێنە جۆراوجۆرەکانی جیهان ڕێورەسم و کۆبوونەوەی تایبەتی بۆ ڕێز گرتن لە زمانی زگماکی بەڕێوە دەچێ. بایەخدان بە زمانی زگماکی تا ئەو رادەیە بووە کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵی ٢٠٠٨ی وەک ساڵی زگماکان ناودێر کرد.

بە دڵنیاییەوە خەبات و قوربانیدان لە پێناوی زمانی دایک لە نیو کورد دا مێژوویەکی کۆنتر لە خەڵکی بەنگلادێشی هەیە.

هەر لە سەدەی بیستەم دا کورد بەر لە شەڕی دووهەمی جیهانی لە سەردەمی رەزا خان و ئەتا تورک دا لە پێناوی پاراستن و زیندوو راگرتنی زمانەکەیدا گیانی خۆی دەخستە مەترسی سەرباری ئەمەش بە دەیان ساڵ پێشتر، کەوتبووە هەوڵی خزمەتی زمانەکەی و چاپ و بڵاوکردنەوەی رۆژنامە بە زمانەکەی و لە سۆنگەی ئەم «تاوان»ەوە ئاوارە و پەرێوەی هەندەران بووە.

ئەمساڵ لە هەرێمی کوردستانیش، لە رۆژی ٢١ی فێوریە دا ئاکادیمیای کوردستان سمینارێک بە بۆنەی ئەم رۆژەوە و بۆ باس لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی زمانی کوردی پێک دێنێ.

«کوردستان»یش وەک بایەخدان بە زمانی زگماکی و لە پێشوازی ٢١ی فێوریەدا ئەم پاشکۆیەی ئامادە کردووە کە هیوادارین جێگای رەزامەندیی خوێنەران بێ.

لە پاشکۆی تایبەت بە ڕۆژی جیهانیی زگماکی، ژمارە ٥٧٧ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

## زمانی زگماکی و ۲۱ی فێوریە، بۆنەیەکی گونجاو بۆ حەرەکەتێکی پێویست




ڕۆژی ١٤ی فێوریە، بانگەوازێک بە مەبەستی ڕێزگرتن لە ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی کە ماڵپەڕە ئەنتێرنێتییەکان دا بڵاو بۆوە.

ئەم بەنگەوازە هەر لە یەکەم ساتەکانەوە لەگەڵ پێشوازییەکی گەرم بەرەوڕوو بوو. پێشوازی هەم لە ئاستی حیزب و ڕێکخراوە و کۆمەڵەو ڕاگەیەنەکاندا، هەم لە ئاستی کەسایەتییەکانی و چالاکانی بوارە جۆراوجۆرەکاندا. هەر زۆر زوویش ڕێگای خۆی لەنێو تێکۆشەران و چالاکانی سیاسی و فەرهەنگیی نەتەوەکانی دیکەی ئێران دا کردەوە. وێڕای نزیک بە ۱۰ حیزب و ڕێکخراو و گرووپی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نزیک بە ۲۰ ڕاگەیەن و ناوەند و ئەنجومەنی کوردی، لەسەر یەک نزیک بە ۷۰ ڕێکخراوە، کۆمەڵە، ناوەند، ئەنجومەن و ڕاگەیەنی سەر بە نەتەوەکانی دیکەی ئێران پشتیوانییان لە بانگەوازەکە کرد.

پشتیوانی لە بانگەوازی ڕێزگرتن (ڕۆژی جیهانی زمانی زگماکی هەر لە چوارچێوەی ڕێکخراو و گرووپ و کۆمەڵە و ئەنجومەنەکان دا نەمایەوە و سەدان کەس لە نەتەوە جیاوازەکانی ئێران پشتیوانییان لێ کردوە کە ژمارەیەکیان لە دیارترین سیماکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانن و لە نێو کوڕ و کۆمەڵە سیاسی و فەرهەنگییەکان و لەنێو میدیای ئێرانییەکان و لە بزووتنەوەی چەپ و ڕووناکبیری دا، ناوێکی ناسراون. ئەوانی دیکەش ئەگەرچی لەوانەیە لەو ئاستە لە ناوبانگ و ناسراوی دا نەبن، بەڵام زۆربەیان ڕابردوویەکی دوور و درێژیان لە خەبات و تێکۆشان لە پێناوی ئازادی، دێموکراسی، مافی مرۆڤ و مافی نەتەوەیی دا هەیە. پشتیوانی لەم بانگەوازە هەروا درێژەی هەیە و بە دڵنیاییەوە تا دەگەینە ۲۱ی فێوریە، ڕۆژی جیهانی زمانی زگماکی، ژمارەی پشتیوانانی زیاتر دەبێ.

ئایا نەتەوە بندەستەکان و بەتایبەتی چالاکانی سەر بەو نەتەوانە، وەک ئەو بانگەوازە داوای لێکردوون، رۆژی ٢١ی فێوریە، هیچ جموجۆڵ و حەڕەکەتێک بە داکۆکی لە ویست و داوا نەتەوەیی و زمانییەکانی خۆیان و بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین لە ستەم و هەڵاواردنی نەتەوەیی و زمانی لە کۆماری ئیسلامی دا، لە خۆیان نیشان دەدەن؟ لە ساڵانی رابردوو هێندێک لە میدیاکان و کۆمەڵە و ئەنجومەنەکانی سەر بە چەند نەتەوەیەک وەک کورد، ئازەربایجانی، بەلووچ، تەرکمەن، عەرەب، بە وەڕێخستنی کەمپەین یا هێندێک کۆبوونەوەی ئیعترازی و تۆمار نووسی، پێشوازییان لەم بۆنەیە دەکرد. ئەمساڵ ئەگەر بە بۆنەی زاڵکردنی هەلومەرجی سەرکوتکەرانەی تایبەت بە هەڵبژاردن، ئۆگران و داواکارانی مافە نەتەوەیی و زمانییەکان - وەک بانگەواز داوای لێکردوون - نەشتوانن بە جل و بەرگی نەتەوەیی و ناوچەیی خۆیان، لەم رۆژەدا بچنە قوتابخانە، زانکۆ و شوێنی کار و بۆیان نەکرێ لەم رۆژەدا تەنیا بە زمانی زگماکیی خۆیان بدوێن، بەو حاڵەش، بانگەوازەکە هەتا رادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بووە. چونکە:

١- هەر بڵاو بوونەوەی ئەم بانگەوازە و پشتیوانیی لایەن و کەسایەتییەکان و چالاکانی بواری جۆراوجۆر لە نێوەرۆکەکەی، بووە بەهۆی ئەوە میدیای فارسی و راگەیەنەکانی سەر بە نەتەوە جۆراوجۆرەکان ، بەرچاوتر لە ساڵانی رابردوو بایەخ بە رۆژی جیهانیی زمانی زگماکی بدەن.

٢- ستەم و هەڵاواردن دژی نەتەوە نافارسەکان و زمانەکانیان و بۆنەیەکی وەک رۆژی جیهانیی زمانی زگماکی توانیویە ببێتە بەستێنێک بۆ هاودەنگی و هاوهەنگاویی پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی ئێران لە ژوورەوە و دەرەوەی وڵات. ئەزموونی کۆکردنەوەی ئەم هەمووە دەنگە جیاوازە لە دەوری بانگەوازێک لە ماوەیەکی کەم دا و بێ ئامادەکارییەکی بەربڵاوی پێشتر، گونجاوبوونی بۆنەکە و ستەمەکە بۆ لێک کۆکردنەوەی پێکهاتە جیاوازەکان و دەنگە جۆراوجۆرەکان، دەسەلمێنێ.

ئۆپۆزیسیون دەبێ تێبکۆشێ ناوەوەی وڵات ببێتەوە مەیدانی سەرەکیی خەبات و بەربەرەکانیی خەڵک لەگەڵ دەسەڵاتی دیکتاتۆر و سەرکوتکەری کۆماری ئیسلامی. پرسی زمانی زگماکی و بۆنەیەکی وەک رۆژی جیهانی زمانی دایک بۆ بزواندنی خەڵک گونجاون. رەوا بوونی داخوازە نەتەوەیی و زمانییەکان و دان پێدانرانیان لە پەسندکراوە

نێونەتەوەییەکاندا لەلایەک و لە لایەکی دیکە، کەمتاکورتێک باسکردنی ئەسڵەکانی ١٥ و ١٩ی قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامی لە جۆراوجۆریی «قەومی» و زمانیی خەڵکی ئێران، دەکرێ وەک زەمینە و هاندەرێک بۆ هاتنە مەیدانی خەڵک و بەڕێخستنی حەڕەکەت و گوشار لە دژی، کۆماری ئیسلامی کەڵکی لێ وەربگیرێ.

گرنگ ئەوەیە ئێمە پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی ئێران بۆنە و پرس و بابەتی ئەوتۆ بدۆزینەوە کە دەردی هاوبەش و

ویستی هاوبەشیی هەمووانمان بێ و هاندەری هەموو لایەکمان بێ بۆ ئەوەی بە یەکەوە بێینە مەیدان و دەنگمان بەرز بکەینەوە. ئەم هەرەوەزەی بە هاوبەشێ حیزب و ڕێکخراو و کۆمەڵە و میدیا و تێکۆشەرانی نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێران لە پشتیوانی لە بانگەوازەی ڕێزگرتن لە ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی دا پێکهاتوە، دەتوانێ ببێتە سەرەتایی نەریتێکی نوێ بۆ ئەوەی لە ساڵانی داهاتوودا، بە ئامادەییەکی زیاتر و لە ئاستێکی بەرینتر دا کەڵکی لێ وەربگیرین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی مارچی ٢٠١٢

## گرنگترین پەیماننامەکانی تایبەت بە مافە زمانی و نەتەوەییەکان

لەگەڵ تێپەڕینی ڕۆژگار و پەرەگرتن و قووڵتر بوونەوەی مافەکانی مرۆڤ، پەیماننامە و بەڵگەنامەی نوێتر لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ناوەندە جیهانی و ناوچەییەکانی مافی مرۆڤەوە،

بە مەبەستی ڕوونترکردنەوەی ماف و ئازادییەکانی مرۆیەکان و بەرپرسیارەتیی دەوڵەتان، پەسند دەکرێن. کۆمەڵێک لەو پەیماننامە و بەڵگەنامە گرنگانە، تایبەتن بە مافەکانی تاک و گرووپ لەپێوەندی لەگەڵ زماندا. هێندێک لەو پەیماننامە و بەڵگەنامانە، ئەمانەن:

١- «بەیاننامەی مافەکانی تاکەکانی سەر بە کەمایەتییە نەتەوەیی، ڕەگەزی، ئایینی و زمانییەکان» کە لە ١٨ی دیسامبری ١٩٩٢ لەلایەن کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسند کراوە.
٢- جارنامە(چارتێر)ی ئورووپا بۆ زمانە ناوچەیی و کەمایەتییەکان، کە لە ٥ی نوامبری ١٩٩٢ لە شاری ستراسبۆرگ لەلایەن نوێنەرانی وڵاتانی ئەندامی شوورای ئورووپا پەسند کراوە.
٣- بەیاننامەی جیهانیی مافە زمانییەکان، کە دامەزراوە و ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان، لە ڕۆژانی ٦ تا ٩ی ژوئەنی ١٩٩٦ لە بارسلۆنا، پەسندیان کردوە.

پێویستە ئەمەش بگوترێت، کە لەزۆر بەڵگەنامەی نێونەتەوەیی گرینگی دیکەدا، کە بۆپێناسەی کەمایەتییەکان و مافجۆراوجۆرەکانیان تەرخان کراون، یان بە شێوەیەکی وردتر لە ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ لە بواری جۆراوجۆردا دەدوێن، لەسەر پێویستیی بەفەرمیناسرانی زمانەکان و مافی بەکارهێنانیان لە بواری جۆراوجۆردا، پێ داگیراوە. لێرەدا ئاماژەیەک بە هێندێک لەو دوکیۆمێنتانە دەکرێت:

کۆنوانسیۆنەکانی کۆمەڵەی ئورووپا، بۆ نموونە ڕێککەوتننامەی تایبەت بە پاراستنی مافی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان (٤ی نوامبری ١٩٥٠) مادەی ١٤، پلانی شووڕای ئورووپا بۆ پشتیوانی لە کەمایەتییە نەتەوەییەکان (٩ی ئوکتۆبری ١٩٩٣)، بەیاننامەی ئەنجومەنی نێونەتەوەیی قەڵەم لە سانتیاگوو بەیاننامەی ١٥ی دیسامبری ١٩٩٣ی کۆمیتەی «مافە زمانییەکان و وەرگێڕان»ی ئەنجومەنی جیهانیی قەڵەم، کۆنوانسیۆنی ١٦٩ی ڕێکخراوی جیهانیی کار، لە بارەی خەڵکانی خۆجێیی و هۆزەکان لە وڵاتانی سەربەخۆ (٢٦ی ژوئەنی ١٩٨٩)، بەیاننامەی جیهانیی مافە گشتییەکانی گەلان، بارسلۆنا،

مای ١٩٩٠، بەیاننامەی کۆتایی کۆبوونەوەی گشتیی فیدراسیۆنی جیهانیی مامۆستایانی زمانی مۆدێرن، لە مەجارستان ١٦ی ئاگوستی ١٩٩١، بەیاننامەی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ لە ئەمریکا، لە بارەی خەڵکانی خۆ جێیی (١٨ی سپتامبری ١٩٩٥).

## مافی تاک و مافی گرووپ لەبەکار هێنانی زمانەکەیاندا:

ئەم پەیماننامە و بەڵگەنامانەی ئاماژەیان پێکرا، مافەکانی ئاخێوەرانی هەر زمانێکیان چ وەک تاک و چ وەک گرووپ، لە بەستێنی جۆراوجۆردا هێناوەتە بەرباس. لە ڕووانگەی هێندێک لەم پەیماننامانەوە زمانەکان یەکسانن و ئاخێوەرانیان مافی یەکسانیان هەیە. تەنانەت بەڵگەنامەیەکی وەک «بەیاننامەی جیهانیی مافە زمانییەکان»

ئاگایانە لەبەکار هێنانی زمانە خۆجێییەکان یان زمانی کەمایەتییەکان خۆی دەبوێرێت و لە جیاتی ئەم جۆرە زاراوانە، «حەشیمەتی زمانی» (کۆمەڵێک کە بەزمانێک قسە دەکەن و لەسەر زووییەکی هاوبەشدا دەژین) بەکار دێنێت، واتە ئەم بەڵگەنامەیە» لەسەر ئەم بناغەیە دانراوە، کە مافەکانی هەموو حەشیمەتە زمانییەکان یەکسانە، هەڵکەوتی زمانەکان (بە فەرمی ناسرابن یان نا،خۆ جێیی و هی کەمایەتییەک بن یان نا) لەسەر سەیرکردنی ئەوان وەک زمانێکی سەربەخۆ، کاریگەرنییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی مارچی ٢٠١٢

---

## خوێندنی کوردی لە سایەی پارتەکانی کوردستاندا




### حیزبی دێموکراتی کوردستان

#### بەڕێخستنی خوێندن بە زمانی کوردی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ۱۹۷۹ی ئێران:

ساڵی ۱۹۷۹ حیزبی دیموکراتی کوردستان کە هێشتا بنکەکانی لە شارەکاندا بوون، کە کەوتە بیرکردنەوە لە دانانی کتێبی خوێندن بە زمانی کوردی. بە تایبەتی چونکە هیوایەکی هەرچەند زۆر کەمیش بەوە هەبوو کە ڕێژیمی نوێ مافی خوێندن بە زمانی زگماکی بۆ منداڵانی کورد بەفەرمی بناسێت. بەڵام کاتێک دەوڵەت، کوردستانی خستە ژێر گەمارۆی ئابووری و قوتابخانەکانی داخست ئەرکی ئەو حیزبە قورستر بوو و بیرکردنەوەی خێرا لە وەڕێخستنی قوتابخانەکانی لادێ پێویستییەکی زیاتری پەیدا کرد.

کۆمیتەیەکی سەرانسەری کە پێشتر بۆ دانانی کتێبی خوێندن ڕاسپێردرابوو، بەرلە دەرچوونی فەرمانی جیهادی خومەینی لە دژی خەڵکی کوردستان لە گەلاوێژی ۱۹۷۹ دا، هێندێک کۆبوونەوەی کردبوو و پێشنووسی کتێبێکی خوێندنی ئامادە کردبوو، بەڵام بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕ لە کوردستان و ڕووداوەکانی دواتر، لە ساڵی خوێندنی ۱۳۵۹ - ۱۳۵۸ دا، پرسی خوێندن بە زمانی کوردی لە قوتابخانەکانی کوردستان دوا کەوت.

### دامەزرانی کۆڕی پەروەردەو فێرکردنی کوردستان:

ساڵی خوێندنی ١٣٥٩ - ١٣٦٠ (١٩٨٠ - ١٩٨١)، لە دووای دەورەی دووهەمی هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان دەستی پێکرد. ئەم شارو ناوچەو گوندانەی لە ژێر کونترۆڵی ڕێکخراوە سیاسییەکان و هێزی پێشمەرگە دا بوون، لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە گەمارۆیەکی هەمە لایەنەیان خرایە سەر. قوتابخانەکان لەم شوێنانە داخرابوون، مامۆستاو قوتابی بێ مووچەو کتێب لە ماڵی خۆیان چاوەڕوانی ڕوونبوونەوەی بارودۆخەکە بوون. هومێد بە ڕێککەوتن لە نێوان دەوڵەتی ناوەندی و هێزە سیاسییەکانی کوردستاندا نەمابوو. نەشدەکرا منداڵانی ناوچە ئازادەکان هەر وا لە چاوەڕوانیدا بمێننەوە. لێرەدا بوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستان، «کۆڕی بەڕێوەبەریی پەروەردەو فێرکردنی سەرانسەری کوردستان»ی پێک هێنا.

لە ڕێگەی ئەم کۆڕەوە، کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزبی دێموکرات، سەرپەرشتیی قوتابخانەکان و کار و باری پەروەردەو فێرکردنی گرتە ئەستۆ. حیزبی دێموکرات لەم مەیدانەدا سەرکەوتنی بەرچاوی وەدەست هێناو خزمەتی باشی بە پەرەپێدانی زمان و فەرهەنگی کوردی و وەڕێخستنی قوتابخانەکان کرد سەدان لاوی چالاک و دڵپاک بەدەم

بانگەوازی کۆڕی پەروەردەو فێرکردنەوە هاتن و بە ناوی مامۆستایانی شۆڕش» دەرگای قوتابخانەکانیان لە سەرانسەری ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستاندا کردنەوە.

هاوینی ١٣٦٠ی هەتاوی (١٩٨١ی زایینی)و بە شوێن پەسندکرانی گەڵاڵەی فێرکردن و بارهێنانی کوردستان لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، بە مەبەستی خەبات دژی نەزانی و نەخوێندەواری و پەرەپێدانی زانست و زانیاری لە بەشە ڕزگارکراوەکانی کوردستاندا، چەندین خولی پێگەیاندنی «مامۆستای شۆڕش» لە لایەن بەڕێوەبەریی کۆڕی پەروەردەوە، پێک هات.

بەم جۆرە لە ساڵی خوێندنی ١٣٦٠ - ١٣٦١ (١٩٨١ - ١٩٨٢)دا، کۆڕی پەروەردەو فێرکردنی سەرانسەریی کوردستان سەدان قوتابخانەی لە شارۆچکەو گوندەکانی ناوچە ئازادکراوەکاندا کردەوەو سیاسەتی داخستنی قوتابخانەو نەخوێندەوار هێشتنەوەی خەڵکی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوەی پووچەڵ کردەوە.

کتێبەکانی خوێندنی کە لە یەکەمساڵی خوێندندا، کەڵکیان لێ وەرگیراوە، هەر ئەو کتێبانە بوون کە لە شارو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمدا خوێندراون. دیارە کۆڕی پەروەردەو فێرکردن هەر بۆ ئەم ساڵەش، فێربوونی خوێندنەوەو نووسینی

کوردیی، وەکوو دەرسێک لە بەرنامەی کاری مامۆستاکانی شۆڕشدا داناوە. لە یەکەم خولی پێگەیاندنی مامۆستایانی شۆڕشیشدا، وانەیەکی تایبەت بۆ ڕاهێنانی مامۆستایان لەگەڵ خوێندنەوە و نووسینی کوردیدا گونجاندوە. مامۆستایانی شۆڕش لە ساڵی خوێندنی ١٣٦٠ - ١٣٦١ بە یارمەتیی ئەو وانەیە و نامیلکەیەکی تایبەتی، کە لە هێندێک ناوچە بۆ ئەم مەبەستە ئامادە کرابوو، وێڕای وتنەوەی دەرسەکانی دیکە بە قوتابیان، فێری خوێندنەوە و نووسین بە زمانی کوردییان دەکردن. لە بارەی شێوەی وتنەوەی کتێبەکانی خوێندن بە قوتابیان، لەگەڵ ئەوەی کتێبەکان هی «وزارت یٚموزش و پرورش جمهوری اسلامی ایران» بوون و بە زمانی فارسی نووسرابوون، بەڵام لەبەر ئەوەی مامۆستاکان و قوتابییەکانیش کورد بوون و خوێندن بە زمانی زگماکی یەکێک لە ئاواتە لەمێژینەکان بوو، هەر بۆیە شیکردنەوەی وانەکان لە لایەن مامۆستاو وڵامدانەوە لە لایەن قوتابیان، بە زمانی کوردی بووە.

## هاوکاریی خەڵک لە گەڵ کۆڕی پەروەردە:

«خەڵکی گوندەکانی کوردستانیش بە دانی یارمەتی و دابین کردنی بژیوو بەڕێوەچوونی مامۆستایانی شۆڕش، ئەرکی نیشتمانپەروەری و نەتەوەخوازی و ئینسانیی خۆیان بۆ ڕاماڵینی نەخوێندەواری لە کوردستان دا دڵسۆزانەو بەرپرسانە بەڕێوە برد. هەزاران کیژو کوڕ و لاو و پیری نەخوێندەواری کوردستان بە ڕۆژ و بە شەو بەرەو قوتابخانەکان وەری کەوتن و لە ژێر سێبەری دار و ئەشکەوت و کونەتەیارە و کەپر و دەوار و مزگەوت و کۆنە قوتابخانەکان دا، بۆ خوێندن بە زمانی زگماکی خۆیان ئاوردوویان بۆ سەنگەری ڕووناکی دەبرد.

تەنانەت گەلێک گوندو شوێن کە لە نیزامی دوو هەزارو پێنسەد ساڵەی شاهەنشاهیی ئێراندا قەت خاوەنی فێرگەو قوتابخانە نەبوون، قوتابخانەی شۆڕشیان لێ کرانەوە.

پشتیوانیی خەڵکی کوردستان لە کرانەوەی قوتابخانەکان و خوێندن بە کوردی بێ وێنە بوو. بەڕاستی هەموو پێشمەرگەکانی کوردستان، ئەوانەی نەخوێندەوار بوون، وێڕای تفەنگی سەر شانیان و فیشەکدانی قەدیان و توورەکە نانی کۆڵیان، کتێبی خوێندنی کوردیشیان لە کۆڵەپشتی دا بوو».

بۆ ساڵی خوێندنی ١٣٦١ - ١٣٦٢، ژمارەی قوتابیان و ژمارەی قوتابخانەکانیش زیادیان کرد. لە گەڵ ئەوەی هێرشی ئەرتەش و سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە بەردەوام بوو و لەگەڵ هەر هێرشێکدا، ژمارەیەکی دیکە گوند و ناوچە دەکەوتنە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، بەڵام پێشوازیی خەڵک لە کۆڕی پەروەردە و خوێندن بە زمانی کوردی و بایەخدان بە خوێندنی منداڵان و گەورەساڵان لە پەرەگرتندا بوو. خولی نوێ بۆ پەروەردە کردنی مامۆستای نوێ و هەروەها بۆ پتر پێگەیاندنی مامۆستایانی پێشوو کرانەوە.

## مامۆستایانی شۆڕش:

ئەو کەسانەی لە قوتابخانەکانی ناوچەی ژێردەسەڵاتی پێشمەرگەدا بە کوردی وانەیان دەکوتەوە، پێیان دەگوترا«مامۆستایانی شۆڕش»، کە زۆربەیان کادرو پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوون و شانبەشانی بەڕێوەبردنی ئەرکی پێشمەرگایەتی، کاری مامۆستایەتیشیان دەکرد. لە زۆر شوێن هێندێ فەقێ و مامۆستای ئایینییش، وەک مامۆستای شۆڕش دەرسیان دەگوتەوە.

لە سەرەتای ساڵی خوێندنی ١٣٦١ - ١٣٦٢دا کتێبی «خوێندنی زمانی کوردی» کە حیزبی دێموکرات لە وڵاتی لوبنان چاپیکردبوو، گەیشتە دەست مامۆستایان و قوتابیانی ناوچە ئازادەکان. وەک لەمەو پێش باسکرا، کۆڕی پەروەردە لە نەبوونی کتێبەکانی خوێندن بە زمانی کوردی، کەڵکی لە کتێبەکانی وەزارەتی پەروەردەو فێرکردنی ئێران وەردەگرت، بەڵام کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان تەنانەت نەیاندەهێشت کتێبی فارسی بگاتە دەستی قوتابییە کوردیخوێنەکان و بە هەموو تواناوە پێشیان بە هاتنی دەگرت.

### کتێبەکانی کۆڕی پەروەردەو فێرکردن:

کۆڕی پەروەردە، بەرەبەرە کتێبی دیکەی خوێندنی بە زمانی کوردی ئامادە کردن. ئەم کتێبانە بریتی بوون لە:













١- خوێندنی زمانی کوردی (١)، بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتایی
٢- زانستی ئەزموونی بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتایی
٣- ئەژمێر بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتایی
٤- خوێندنی کوردی بۆ پۆلی دووەمی سەرەتایی

٥- زانستی ئەزموونی بۆ پۆلی دووەمی سەرەتایی

٦- ئەژمێر بۆ پۆلی دووەمی سەرەتایی

٧- ژیان و خەبات(١) فێربوونی خوێندنەوەو نووسین، تایبەتی گەورەساڵان

٨- «ڕێنوێنی مامۆستا» (بۆ کتێبی «ژیان و خەبات»، فێرکردنی خوێندنەوەو نووسینی کوردی بە شێوەی داهێنەر»)

چوار کتێبی یەکەم لەم کتێبە ناوبراوانە، ساڵی ١٣٦١ (١٩٨٢) یان لە سەر نووسراوە،واتە لەم ساڵە دا چاپ بوون. پێشەکیی ئەژمێر و زانستی ئەزموونی بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتایی لە مانگی ڕەزبەری ئەو ساڵەدا (یەکەم مانگی کرانەوەی قوتابخانەکان) نووسراون. پێشەکیی «خوێندنەوەی کوردی» و «زانستی ئەزموونی» بۆ پۆلی دووهەمی سەرەتاییش لە مانگی ڕەشەمەی ١٣٦١ دا نووسراون.

**کتێبی ئەژمێر بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتایی، وەرگێڕدراوی کتێبی «حساب»ی فارسیی پۆلی یەکەمە.**

**کتێبی «زانستی ئەزموونی» بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتاییش وەرگێڕدراوی کتێبی «علوم»ی پۆلی یەکەمی فارسییە، کە کراوە بە کوردی.**

کتێبیی «ئەژمێر» و «زانستی ئەزموونی» بۆ پۆلی دووهەمی سەرەتاییش، وەرگێردراوی کتێبی «حساب» و «علوم»ی پۆلی دووهەم بە زمانی فارسین. کاری وێنەکێشان و خۆشنووسیی «زانستی ئەزموون» بۆ پۆلی دووهەمیش سەلاح وەهاب پوور(سامرەند) و عومەر ئەورامی (ئاسۆ) کردوویانە. کتێبی «ئەژمێر» بۆ پۆلی ٢ی سەرەتایی مێژووی پووشپەڕی ١٣٦٨ (١٩٨٩)ی لە سەرە و هیچ ئاماژەیەکیش بەوە نەکراوە کە بۆچی چاپی ئەم کتێبە لەگەڵ کتێبەکانی تردا نەبووە.

**دوو کتێبەکەی تر (ژیان و خەبات و ڕێنوێنی مامۆستا)، ساڵی ١٣٦٣ (١٩٨٤) چاپکراون.**

# کۆمەڵە




## دامەزرانی «کۆمیسیۆنی فێرکردن و بارهێنانی کۆمەڵە»

ساڵی خویندنی ١٣٥٩ - ١٣٦٠ ی هەتاوی (١٩٨٠ - ١٩٨١ی زایینی) خوێندنگاکانی شارو ناوچە ئازادەکان لە لایەن حکوومەتەوە داخران. لەوسەروبەندەدا لە بۆکان، «جەمعییەتی دیموکراتیکی موعەلیمانی تێکۆشەر بۆ داکۆکی لە مافی فەرهەنگییان» بۆ داکۆکی لە مافی ئەو مامۆستایانە کە بە بۆنەی تێکۆشانی سیاسییەوە لە لایەن حکوومەتەوە لە سەر کار دەرکرابوون، پێکهات. ئەم کۆمەڵەیە، پاییزی ١٣٥٩(بۆ ساڵی خوێندنی ١٣٥٩ - ١٣٦٠)

خوێندنگەکانی بۆکانی کردەوە دواتر(سەرەتای پاییزی ١٣٦٠) کە حکوومەت بۆکانی گرتەوە، کارنامەی ئەو ساڵە، کە «جەمعییەت» دابووی بە منداڵان، قەبووڵی کرد.»

دوای گیرانەوەی بۆکان، ئەندامانی جەمعییەت لە شار هاتنەدەر. بەڕێوەبەرێتیی «جەمعییەت» تا ماوەیەک لە دێی «ئاجیکەند» بوو. هەندێک مەدرەسەی لە ناوچەکانی سەقز، بانە، بۆکان، مەهاباد و سەردشت کردەوە. لە هاوینی ١٣٦١(١٩٨٢) کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵە، بڕیاری دا «کۆمیسیۆنی فێرکردن و بارهێنانی کۆمەڵە» پێک بهێنێت.

کۆمیسیۆنی فێرکردن و بارهێنانی کۆمەڵە لە ژمارەیەک لە ئاواییەکانی سەردەشت، بانە، مەهاباد، بۆکان و سەقز، سەرجەم نزیکەی ٦٠ تا ٧٠ خوێندنگەی کردەوە.

### * خولەکانی پێگەیاندنی مامۆستا:

یەکەم خولی ڕاهێنان بۆ ئەو کچ و کوڕە لاوانەی دەیانەویست وەک مامۆستا لە خوێندنگەکانی سەر بەم کۆمیسیۆنە خزمەت بکەن، هاوینی ١٩٨٢ لە دێی ئاجیکەند، بە بەشداریی ١٨ کەس (ژن و پیاو) پێکهات.

خولی دووهەمی ڕاهێنانی مامۆستایان هەر ئەو هاوینە لە ئاوایی سیسێر لە ناوچەی سەردەشت بەڕێوە چوو. خولی سێهەمی ڕاهێنانی مامۆستایان، لە نیوەڕاستی پاییزی ١٩٨٢دا، بە بەشداریی نزیکەی ٢٠ کەس کە لە ناوچەکانی سەقز و بۆکان و مەهابادەوە هاتبوون، لە هاچیدەرێ، پێکهات.

لەو ٣خولەدا، کە بۆ ڕاهێنانی مامۆستایانی کۆمیسیۆنی ناوبراو پێکهاتن، چۆنیەتی وتنەوەی وانەی کوردی، شێوازی بارهێنان و مێژووی بزووتنەوەکانی کورد، وەک وانە دەگوترانەوە.

### چۆنیەتیی ئامادەکرانی کتێبەکانی کۆمیسیۆنی فێرکردن و بارهێنان:

ئەو کتێبانەی کۆمیسیۆنی فێرکردن و بارهێنانی کۆمەڵە بۆ خوێندن لە قوتابخانەدا کەڵکی لێوەردەگرتن، هەر بۆخۆی ئامادە و چاپی کردبوون. بۆ دانانی کتێبەکانی خوێندن، نزیکەی ٢٠ مامۆستایەک لەژێر ناوی» هیئت تدوین کتابهای درسی» (دەستەی دانانی کتێبەکانی خوێندن)دا ڕاسپێردرابوون. ئەم دەستەیە بە چەند گرووپ دابەش ببوون:

١- گرووپی خوێندنی کوردی، کە لە سەر ساغکردنەوەی ڕێنووسی کوردی کاریدەکرد و کتێبی خوێندنی کوردیی بۆ پۆلی یەکەم، دووهەم و سێهەمی سەرەتایی دەنووسی.

٢- گرووپی گەورەساڵان، کە کتێبی خوێندنی بۆ گەورە ساڵانی نەخوێندەوار دەنووسی. گرووپەکە دوو کتێبی بۆ ئاستی یەکەم و، دووهەمی فێرکردنی گەورەساڵان، بە فارسی نووسی.

٣- گرووپی سێهەمیش دابەش ببووە سەر٣ گرووپی زانستی، ماتماتیک و کۆمەڵایەتی کە دەبوو لە سەر نووسینی پێوەندیدار بە هەر بووارێک بۆ قۆناغی سەرەتایی کار بکەن.

**کۆمەڵێک لەوکەسانەی لە دانانی کتێبەکانی خوێندنی ئەم کۆمیسیونەدا بەشدار بوون، بریتی بوون لە:**

**١- ڕەحیمی تلووعیفەڕ(خەڵکی بۆکان)،**

٢- ڕەشاد مستەفا سوڵتانی (خەڵکی مەریوان )،

٣- حامید (خەڵکی خوراسان)،

٤- ناسر حیسامی(خەڵکی مەهاباد)،

٥- شەهلا ئێلخانیزادە(خەڵکی بۆکان)،

٦- محەممەد میسری (خەڵکی مەهاباد)،

٧- عەتا خولّقی (خەڵکی سنە)،

٨- شەهلا دانیشفەر (خەڵکی تاران)،

٩- نادری قازی ناسراو بە ئازاد(خەڵکی مەهاباد).

کۆمیسیۆنی فێرکردن و بارهێنانی کۆمەڵە، بۆشێوازی ڕاهێنان و دارشتنی وانەکان ئەو شێوازەی ڕەچاو دەکرد کە لە پێڕەوی خوێندنی ئێراندا باو بووە. لە کۆبوونەوەکانی دەستەی دانانی کتێبی دەرسیدا، هێڵی گشتیی نووسینی کتێبەکان و چوارچێوەی هەر وانەیەک دیاریدەکرا، هەر کەس گەڵاڵەی وانەیەکی ئامادە دەکرد، دووایی لە کۆبوونەوەی دەستەی نووسیندا، گەڵاڵەکە قسەی لە بارەوە دەکرا و دوای گونجاندنی تێبینییەکان پەسند دەکرا. کتێبی «ئەلفو بێ» بۆ پۆلی یەکەم زۆربەی هەرە زۆری وانەکانی بەهاوبەشیی هەر دوو ئەندامانی دەستەی دانانی کتێبەکانی خوێندن ئامادە دەکرا.

کتێبی» ئەلفوبێ» بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتایی، پێشتر ئەوکاتەی» جەمعییەتی موعەلیمان» هێشتا لە نێو شار(بۆکان) بوو، ئامادە و تەنانەت چاپیش کرا. بەڵام لەنێوشار بەجێما و لە نێوچوو.

## کتێبەکانی کومیسیۆنی فێرکردن وبارهێنانی کۆمەڵە بۆ خوێندن:

بۆ خوێندن لە قوتابخانەکاندا، کۆمیسیۆنی فێرکردن و بارهێنانی کۆمەڵە سێ کتێبی لە ژێر ئەم ناوانەی خوارەوەدا ئامادەو چاپ کردن:

١- «ئەلف و بێ» (١) بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتایی، ساڵی ١٣٦٢ چاپ و بڵاو بووەتەوە.
٢- «خوێندنەوەی کوردی» (٢) بۆ پۆلی دووهەمی سەرەتایی، ساڵی ١٣٦٢ چاپ و بڵاو بووەتەوە.
٣- «خوێندنەوی کوردی» (٣) بۆ پۆلی سێهەمی سەرەتایی، ساڵی ١٣٦٢ چاپ و بڵاو بووەتەوە.
٤- ڕێنووس زبان کردی، کە بە زمانی فارسی و بە مەبەستی فێرکردنی خوێندنەوە و نووسینی زمانی کوردی دانراوە. ئەم نامیلکەیە بۆ کەسانێکە کە زمانی فارسی دەزانن و لە ڕێگای بەراوردی پیتەکانی هەر دوو زمانەکەوە، فێری خوێندنەوەو

نووسینی کوردی دەبن.

«کتێبەکانی پۆلی یەکەم و دووهەم و سێهەمیش سەرەتا لە چاپخانەی کۆمەڵە بە ڕەش و سپی و دوواتر لە عێراق بە چاپێکی باش چاپکران. چاپی دووهەمی ئەم سێ کتێبە لە ساڵی ١٣٧٢ (١٩٩٣)دا بووە.

جگە لەم کتێبانەی ئاماژەیان پێ کرا، لە پێڕەوی فێرکردنی ئەم کۆمیسیۆنەدا، چەندین کتێبی دیکە هەبوون. لە پۆلی دووهەمی سەرەتاییدا، کتێبەکانی «عولووم» و «ژمارەو پێوان» و، لە پۆلی سێهەمی سەرەتاییشدا، جگە لە «عولووم» و «ژمارەو پێوان»، کتێبی «زانستی کۆمەڵایەتی»یش لە قوتابخانەدا خوێندراون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی مارچی ٢٠١٢

## کاریگەریی خوێندن بە زمانی دایک لە سەر زمانی نەتەوە




### پەرە ئەستاندن، بووژانەوە و بەهێزبوونی زمان:

خوێندن بە زمانی زگماکی، هەروا کە کاریگەریی لە بە هێزکردنی ناسنامەی نەتەوەییدا هەیە، لە سەر خودی زمانەکەش کاریگەریی جۆراوجۆری هەیە و لە کۆمەڵێک ڕووەوە دەبێتە هۆی گەشە کردنی. دەتوانین کاریگەریی ئاکامەکانی خوێندن بە زمانی زگماکی لە سەر ئەو زمانە، بەم جۆرە پۆلین بکەین:

#### ١- پێشگیری لە فەوتان و لەنێو چوون

زمان سامانێکی کولتوورییە و ئەم سامانە هەر موڵکی ئەو نەتەوەیە یان ئەو کەسانە نییە کە بەو زمانە قسەدەکەن، بەڵکوو سامانە کولتوورییەکە هی سەرجەم مرۆڤایەتییە. کاتێک زمانێک لە نێو دەچێت، دەسکەوتێک و داهێنانێک، کە کۆمەڵێک مرۆڤ لە درێژایی مێژووییەکدا بەرهەمیان هێناوە و، هەڵگری هەزاران نەریت و بیرەوەری و ئەزموونی سەردەمە جۆراوجۆرەکانی ئەو کۆمەڵە مرۆڤەیە، لە نێو دەچێت.

ئەم تێگەیشتنە دروستەیە کە وڵاتانی دیموکراتیکی جیهانی گەیاندووەتە ئەم قۆناغە کە هەموو ساڵێ بەشێکی زۆر لە پارە و سامانی وڵاتەکەیان بۆ پێشگیری لە فەوتانی ئەو زمانانە بەکار بێنن، کە کەوتوونە نێو چوارچێوە و جوگرافیای ئەوان. هێندێک لەو زمانانە ژمارەی ئاخێوەرانیان لە چەند هەزار کەس تێناپەڕێت، بەڵام هەوڵی زیندووڕاگرتنیان دەدەن. چونکە بە سامانێکی کولتوورییان دەزانن. جەوهەری نەتەوەیەک و ڕیشەی هەموو ڕابردووەکەی، ئیستا و داهاتووی، زمانی زگماکییە. لە سەر ئەم بناغەیەیە کە نەتەوەکان لە درێژایی مێژوودا، زیاتر لە هەر شتێکی دیکە، پارێزگارییان لە زمانی

خۆیان کردوە. (١)

کاتێک زمانێک پێی دەخوێندرێت و بەفەرمی لە سیستەمی خوێندندا کەڵکی لێوەردەگیرێت، مەترسیی فەوتان و مردنی لە سەر لادەچێت، چونکە ئەمە بەمانای بەفەرمی ناسرانیەتی و، گرنگی بایەخی زمانەکە هەم لای ئەو خەڵکەی قسەی پێدە کەن، هەم لای دەسەڵات، زیاتر دەبێت.(٢)

زمانێک کە پێی بخوێندرێت، پێویستی بە کتێبی خوێندن بەو زمانە هەیە، مامۆستای تایبەت بۆ وتنەوەی وانە بەم زمانەی پێویستە. بەم هۆیەوە کە بوارەکانی خوێندن جۆراوجۆر و جیاوازن، زمانەکە هەوڵ دەدات لە هەموو ئەو بوارانەدا وەڵامدەربێت و لە هەناوی خۆیدا وشەو زاراوەی گونجاو بۆ بوارە جۆراوجۆرەکان بەرهەم بهێنێت. لە لایەکی دیکەوە، زمانێک کە پێی دەخویندرێت دەبێت لە باری ئابوورییەوە پشتی بگیرێت و کۆمەڵێک پێداویستی بۆ دابین بکرێت. ئەمانە هەموویان دەبنە هۆی بەردەوامی و گەشەکردن و بەرەوپێشچوون. جگە لەمەش هەر ئەوەکە نەوە دوای نەوە منداڵانێک فێردەبن بەم زمانە بخوێنن، بخوێننەوە و بنووسن، دەبێتە هۆی ئەوە هۆگری بەو زمانە بچێتە نێو هەست و بیر و بیرەوەری و نەست و هۆشی ئەو کەسانەی بەم زمانە خوێندوویانە و دەخوێنن. ئەمانەش باشترین دەستەبەرن بۆ پەرەگرتنی زمانەکە و بووژانەوە و بەرەوپێشچوونی.

## ٢- باشتر خۆناسین و بەدەستهێنانی توانایی و دەوڵەمەندی:

تا ئەو کاتەی زمانێک ئەدەبیاتی نووسراوی نەبێت و پێی نەخوێندرێت، بەو جۆرەی پێویستە ناکەوێتە بەرسەرنجی شارەزایانی بواری زمان و لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا لێی ناکۆڵرێتەوە .فێربوونی زمانێک و خوێندنی ئەو زمانە، پێویستی بەناسینی ئەلفوبێی ئەو زمانە، ناسینی فۆنیمەکان و فۆنۆلۆژیی زمانەکە، ئاگاداری لە زاراوە جیاوازەکان و وشە هاوواتاکان لەو زاراوانەدا و کۆمەڵێک پرسی دیکەی بە دووادا دێت. خوێندن بە زمانێک ئەگەر لەلایەکەوە، ئامادە کردنی کتێب و مامۆستای تایبەت بەم زمانەی پێویستە،

لەلایەکی دیکەوە لێکۆڵینەوەی ئاکادیمی لەبارەی فۆنۆلۆژی، مۆرفۆرلۆژی یان ڕێنووس و ڕێزمان و ڕەچەڵەکی زمانەکە و کاریگەریی زمانەکانی دەوروبەر لە سەر ئەو زمانەی پێویستە. کۆکردنەوەی ئەدەبیاتی زارەکی و تاوتوێکردن و تیشک خستنە سەریان لە ڕووانگەی جۆراوجۆرەوە، کۆکردنەوەی وشەو زاراوەی دیالێکتە جیاوازەکان و پێکهێنانی وشەدان لەوان و چارەسەر دۆزینەوە بۆ کەموکورتییەکانی ئەم زمانەی پێویستە. لە ئاکامی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانەدا و لە سایەی خۆناسین و پەیبردن بە کەموکورتی و پێداویستییەکان، پرسی دۆزینەوەی ڕێگاچارە بۆ زاڵبوون بەسەر ناتەواوی و لاوازییەکان و

خۆگونجاندن لەگەڵ نیازەکانی سەردەم، دەبێتە خەمی مشوورخۆران و دڵسۆزان و شارەزایانی زمانەکە و بەم جۆرە زمان ئامادەیی و توانای چوونە پێشی لەگەڵ سەردەم و گۆڕانەکانیدا تێدا پێکدێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٦ی فێبریوێری ٢٠١٢

---

## بار و دۆخی خوێندن لە نێو منداڵانی نەتەوە نافارسەکاندا




بە گوێرەی خشتەیەک کە لەسەر بناغەی ئامارەکانی ڕێکخراوی بەرنامە و بودجەی ئێران ئامادە کراوە، لە پلەبەندیی هەلومەرجی خوێندنی پارێزگاکانی ئێراندا، ئەو پارێزگایانەی دانیشتووانیان فارسن، پلەی یەکەم تا پێنجەمیان لەو خشتەیە دا هەیە. ئەو پارێزگایانەش کە دانیشتووانیان فارس نین و بە زمانی خۆیان ناخوێنن، کەوتوونە خوارەوەی خشتەکە.

ئازەربایجان، کە لە دواساڵەکانی دەسەڵاتدارەتیی ڕەزاشا دا، لەباری خوێندنەوە پلەی چوارەمی هەبوو و لەدوای تاران، فارس و سمنان بوو، لە دواساڵەکانی حکوومەتی حەمەڕەزا شای پەهلەوی دا کەوتە نێوەندی خشتەکە، بەڵام بەهۆی درێژەدرانی سیاسەتی زمانیی ڕێژیمی پەهلەوی لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، لە دوای شۆڕشی ئێران، نەک هەر دابەزین و داکشانی خوێندن و خوێندەواری لە ئازەربایجان (لە هەر دوو پارێزگە) چارەسەر نەکرا، بەڵکوو پتر بەرەوخوارەوەی خشتەکە چوو.

«ساڵی ١٣٦٥ (١٩٨٦) ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات لە نێو ٢٤ پارێزگەدا، بۆ پلەی بیستەم و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا بۆ پلەی بیست و دووهەم داکشا.

ساڵی ١٣٧٥ (١٩٩٦) لە نێو ٢٦پارێزگەدا، ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات پلەی نۆزدەهەم، زەنجان پلەی ٢١ و، ئەردەبیل پلەی بیست و دووهەم و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا پلەی بیست و چوارەمیان هەبوو. وەک لەم خشتەیەدا بەدیدەکرێت لە نێو سێزدە پارێزگەی ئاستی یەکەمدا، ١٠ پارێزگە، زمانی سەرەکیی دانیشتووانیان فارسییە. بەڵام لە ١٢ پارێزگە لەو ١٣ پارێزگەیە کە ئاستەکەیان لە خوارێیە، زمانی زۆربەی هەرەزۆری دانیشتووانیان، تورکی،

کوردی، لۆڕی و عەرەبییە»..

ئاکامەکانی لێکۆڵینەوەکان نیشاندەدەن کە لە نێوان نەخوێندەواری و دەستهەڵگرتن لە خوێندن لە نێو نەتەوە نافارسەکانی ئێراندا و بێبەشی لە خوێندن بە زمانی زگماکی پێوەندیی ڕاستەوخۆ هەیە. هەر بە پێی ئەم لێکۆڵینەوانە، شوێنەوارە ڕەوانییەکانی بێبەشی منداڵ لە خوێندن بە زمانی دایک بە تایبەتی لە سەرەتای چوون بۆ قوتابخانەدا، کاریگەرییان لە سەر کەسایەتیی ئەو دەبێت و دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی بڕوا بە خۆ بوونی. بەم هۆیەشەوە کە زمانەکە هی خۆی نییەو بە سەریدا زاڵ نییە، ناتوانێت وەک منداڵێک کە خوێندنەکە بە زمانی ئەوانە، لە چالاکییە جۆراوجۆرەکانی پێوەندیدار بە خوێندن، پێشبڕکێیان لە گەڵ بکات. ئەم بارە بەرەو دوورکەوتنەوە لە خوێندن و قوتابخانە، پاڵی پێوەدەنێت.

«مارک لاتایمر، بەڕێوەبەری گشتیی گرووپی کەمایەتییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، پێ لەسەر ئەم مەسەلەیە دادەگرێت کە هۆی نەخوێندەواریی دەیان میلیۆن منداڵ بۆ هەڵاواردنی نەتەوەیی لە وڵاتەکانیاندا و بێبەش مانەوە لە خوێندن بە زمانی زگماکی دەگەڕێتەوە.»

«لە پارێزگای خوزستان(کە زۆربەی دانیشتووانی عەرەبن)، نزیکەی ٣٣%ی قوتابییانی قۆناغی سەرەتایی و، ٥٠%ی قۆناغی ناوەندی و ٧٠%ی قوتابییانی قۆناغی ئامادەیی، دەست لە خوێندن هەڵدەگرن. ژمارەی خوێندکارانی عەرەبزمان لە زانستگەکانی ئێران زۆر کەمە و بە بەراورد لە گەڵ ئامادەبوونی خوێندکارانی فارس لە زانستگەکان دا، هەر بۆ باسکردن نابێت.»

**داتاکان لە ئازەربایجانیش هەر ڕاستیی ئەم قسەیە دەسەلمێنن:**

«ئازەربایجانی باشوور لە بارەی ژمارەی نەخوێندەوارانەوە پلەی بیستەمی لە ئاست وڵات دا هەیە. نەخوێندەواری بۆ خۆی بەرهەمی کۆمەڵێک نابەرابەری و هەڵاواردنی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوورییە لە کۆمەڵدا و هەر بۆ خۆشی دەبێتە هۆی سەرچاوەی کۆمەڵێک گیروگرفتی کۆمەڵایەتی و ئابووری»

زمانی فارسی، کە منداڵانی ئێران، لە ڕۆژی یەکەمی چوون بۆ قوتابخانەوە، ناچار دەکرێن پێی بخوێنن، زمانی ٣٠%ی قوتابییانی ئێرانە. سەدی ٧٠ی قوتابییانی سەراسەری وڵات، لە نەتەوە نافارسەکانن.واتە لە ماڵەوە بە زمانێک قسە دەکەن و لە قوتابخانە بە زمانێکی دیکە قسە دەکەن و دەخوێنن. ئەم دوو زمانبوونە بووە بە هۆی دابەزینی ئاستی فێربوون و چالاکیی قوتابییە نافارسەکان.

## سەرچاوەکان:

- دو مقاله علمی و تحقیقی در زمینه لزوم آموزش به زبان مادری، مقاله اول،مرکز مطالعات وفاق اسلامی وابسته به انجمن اسلامی دانشجویان دانشکده فنی ـ دانشگاه تبریز،
- یووسف عەزیزیی بەنی ترۆف، ٢ی ڕەشەممەی ١٣٨٨، وتوویژ لەگەڵ ماڵپەڕی (roozonline)
- بەیاننامەی دەستەی بەڕێوەبەری بزووتنەوەی فیدراڵی دیموکراتی ئازەربایجان بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکەوە، ١٨ - ٢ - ٢٠١٠، ماڵپەڕی «عصر نو»
یونس شاملی، کودک آزاری در نظام آموزشی ایران، ماڵپەڕی «اخبار روز»

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٦ی فێبریوێری ٢٠١٢

## ئەرکە هەنووکەییەکانی ئۆگران و دلسۆزانی زمانەکەمان لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا




لە هەلومەرجی ئێستادا، کە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی گوردستان، دەسەڵاتێکی سیاسی و نەتەوەیی تایبەت بە خۆی نییە و هەوڵدان بۆ فێربوون و فێرکردنی خوێندنەوە و نووسینی کوردی، فەرهەنگنووسی و لێکۆڵینەوە لە بارەی زمانی کوردییەوە، بە هۆی تاکە ڕووناکبیر و دڵسۆزەکانی ئەو نەتەوەیە و هۆگرانی زمانەکە بە بێ پشتگیریی دەسەڵات و دامەزراوێکی دەوڵەتی بەڕێوە دەچێت پێویستە کۆمەڵێک خاڵ لەبەرچاو بگیرێن. گرنگترینیان، بریتین لە:

١- بەردەوامبوون لەسەر ئەو هەوڵە پیرۆزانە کە چەندین ساڵە بە نیازی پاراستن و خزمەتی زمانی کوردی ئەنجام دەدرێن. گرنگترینی ئەم هەوڵانە، ئاشنا کردنی نەوە نوێیەکانی کوردستان بە ئەلفوبێ و ڕێنووسی کوردی و هاندانیان بۆ خوێندنەوە و نووسین بە زمانی کوردییە. بەم فێرکردنە سەرەتاییە پردێکی پێوەندی لە نێوان خوێندەواری کورد و چاپەمەنی و ئەدەبیاتی نووسراوی کوردی پێکدێت و لەگەڵ زیاتر ڕۆچوونی خوێنەری کورد بەنێو ئەدەبیاتی کوردیدا، پتر هۆگری زمانی نەتەوەکەی دەبێت.

لەم نێوەدا جێگای خۆشحاڵییە، کە فێرکردنی ئەلفوبێی لاتینیش کەوتووەتە بەر سەرنجی فێرکاران و مامۆستایانی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لە ڕێگای فێربوونی ئەم ئەلفوبێیەوە، خوێنەری کورد دەتوانێت لەمەودوا ئەو بەشە لە چاپەمەنیی کورد کە بە ئەلفوبێی لاتینی نووسراون، بخوێنێتەوە. بۆ نووسەری کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ئەم توانایە درووست دەبێت، کە هەر نەبێت پوختە یان هەڵبژاردەیەک لە بەرهەمەکانی بە ئەلفوبێی لاتینی بڵاو بکاتەوە، تا ئەو بەشە لە خوێنەرانی کورد کە ناتوانن بە ئەلفوبێی عەرەبی، بخوێننەوە، لە بەرهەمی نووسەرانی ئەو بەشەی کوردستان، کەڵک وەربگرن.

٢- بایەخدان بە کاری زانستی لە پێوەندی لەگەڵ زمانی کوردیدا، ئەمە پتر ڕووی لەو توێژە لە زانایان و ڕووناکبیرانی کوردی ڕۆژهەلاتی کوردستان یان بەشەکانی دیکەی ئێرانە، کە لە بواری زمانەوانیدا پسپۆڕن. توێژینەوە لەبارەی زار و شێوەزار و گۆڤەرە جۆراوجۆرەکانی کوردی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و ئێران و کۆکردنەوەی وشە و زاراوە (موستەلەحات)ی ئەوان و پێکهێنانی وشەدانی زمانی کوردی، دەتوانێت بەشێک لەم کارە زانستییانە بێت. هەروەها بەستنی کۆڕو کۆبوونەوە و سیمیناری زانستی لە بارەی لایەنە جۆراوجۆرەکانی زمانی کوردی و ئاڵوگۆڕی بیروڕا و گەلاڵە و پەسەند کردنی ڕاسپاردە و پێشنیار و بڕیاری بەکەڵک لەم پێوەندییە دا بایەخی خۆی هەیە. دیارە ئەم جۆرە کارانە، تێچوویان هەیە، بەو هۆیەشەوە، کە دامو دەستگا دەوڵەتییەکان، بە دەگمەن ڕووی خۆش بەم جۆرە هەنگاوانە نیشان دەدەن، جێی خۆیەتی خەڵک، بەتایبەتی کەسانی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر، کە لەباری داراییەوە دەسترۆیشتوون، هاوکاریی پێویست بکەن.

٣- دوورکەوتنەوە لە دەمارگرژیی ناوچەیی و خۆبواردن لە کاروباری زمانەوانی بە ئاراستەی قوربانیکردنی بەرژەوەندی زمانێک لە پێناوی بایەخدان بە شێوەزار یان گۆڤەرێکی تایبەت. دەکرێت بڵێین لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و لەنێو کوردەکانی ئێراندا، زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی جێگای خۆی کردووەتەوە و لە هەموو شارو ناوچەکان سەرەڕای جیاوازیی شێوەزار و گۆڤەرەکان، پێی دەنووسرێت. بەردەوامبوون لەسەر ئەم ڕێچکەیە و کار بە ئاراستەی هاتنە کایەی زمانی ستانداردی کوردی، ئەرکێکی پێویستە. ئەمەش بە واتای غافڵبوون نییە لەو شێوەزار و گۆڤەرانە نیە کە ئامادەیی و ڕەنگدانەوەیەکی ئەوتۆیان لە زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو دا نییە. دەبێت شانبەشانی بایەخدان بە نووسین بە زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو، بۆ کۆکردنەوەی ئەدەبیاتی زارەکیی ئەو شێوەزار و گۆڤەرانە و بڵاوکردنەوەیان، کۆکردنەوەی وشەکانی ئەوان و دەوڵەمەند کردنی وشەدانی زمانی کوردی بە هۆیانەوە و ئەنجامدانی توێژینەوەی زمانەوانی لە بارەیانەوە بە ئەرکی خۆیان بزانن.

٤- ئێستا کە نەتەوەکەمان لەو بەشەی نیشتمانەکەیدا خاوەنی قەوارەی ڕامیاری و دەسەڵاتی نەتەوەیی خۆی نییە و لەو دەستگا و دامەزراوانە بێبەشە، کە دڵسۆزان و خزمەتکارانی زمانی کوردی بە یارمەتیی ئەوان بتوانن بەرنامەو پرۆژەکانیان جێبەجێبکەن، دەکرێت بە هۆی تێکنۆلۆژیای پێشکەوتووی گەیاندن و بڵاوکردنەوەوە، تا ڕادەیەک قەرەبووی ئەم نەبوونییانە بکرێتەوە. کەڵکوەرگرتن لە پێگە و ماڵپەڕە ئینتەرنێتییەکان و بڵاوکردنەوەی نووسین و توێژینەوە و فەرهەنگ لە ڕێگای ئەوانەوە، لە نەبوونی گۆڤار و ڕۆژنامە و دەستگای چاپ و پەخش لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا، دەکرێت ڕێگایەکی زۆر باش بۆ دەستڕاگەیشتن بە خوێنەری کورد بێت.

٥- لە سەرووی هەموو ئەو هەوڵانەوە، خەبات لە پێناوی بە فەرمیناسرانی زمانی کوردی و بەدەستهێنانی مافی خوێندن بەو زمانە لە قوتابخانەکانی کوردستاندا. بۆ ئەم مەبەستە لە لایەک گشتگیر کردنی ئەم خواستە لە ئاستی ڕۆژهەلاتی کوردستاندا پێویستە، بە جۆرێک کە نەک هەموو توێژی ڕووناکبیر و فەرهەنگی، بەڵکوو تێکڕای خەڵک داوای بکەن. لە

لایەکی دیکەوە، جێی خۆیەتی بۆ هێنانە گۆڕی جیددیتری داوای خوێندن بە زمانی دایک،

لە گەڵ چالاکان و دامەزراوە کولتوورییەکانی نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێران، هاوهەنگاوی و هاوکاری هەبێت. بە تایبەتی لەمبارەیەوە جێی خۆیەتی کەڵکی پێویست لە رۆژی جیهانیی زمانی دایک وەربگیرێت و ئەم ڕۆژە بکرێت بە دەرفەتێک بۆ دەربڕین و نواندنی ویستی لەمێژینەی خوێندن بە زمانی دایک.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٦ی فێبریوێری ٢٠١٢

## ئەگەر زمانێک پێی بخوێندرێ




کاتێک زمانێک لە قوتابخانە دا پێی دەخوێندرێت، جگە لەوەی یارمەتیی بەهێز بوونی شوناسی نەتەوەیی لە نێو ئاخێڤەرانی زمانەکە دا دەکا، بوار بۆ دروستبوونی زمانی ستانداردیش دەڕەخسێنیت.با بزانین چۆن؟

### زمان و شوناسی نەتەوەیی:

زمان یەکێک لە بنچینە سەرەکییەکانی پێکهاتەی نەتەوەیە و بە بۆچوونی زۆر کەسی خاوەنڕا لەم بوارەدا، زمان لە هەموو بنچینەکانی دیکەی نەتەوە گرنگترە. «یەکێک لە گرنگترین ناسنامەکانی نەتەوە زمانەکەیەتی، بۆیە ئەگەر باس لە پایەکانی هەر نەتەوەیەک یان بە نەتەوەبوونی هەر کۆمەڵێکی مرۆیی دیاریکراو بکرێت، ئەوا لە پێشەنگی تایبەتمەندییەکانیدا باس لە زمان دەکرێت. هەر ئەوەشە وایکردوە کە زۆر لە نەتەوەکان بە ناوی زمانەکانیانەوە ناو ببرێن... جا هەر کاتێک نەتەوەی ژێردەست بتوانێت زمانەکەی بپارێزێت و لە بۆتەی زمانی

داگیرکەرەکەیدا نەتوێتەوە، ئەوا ئەو نەتەوەیە زیندووە و بە زیندوویی دەمێنێتەوە.»(١)ئەم قسەیە لەبارەی نەتەوەی کوردء زمانی کوردییەوە، پتر ڕاستە.

زمان لە ڕووانگەی ناسیۆنالیستییەوە، وەک ئامرازێکی گرنگی پرۆژەی نەتەوەڕۆنان و دەوڵەت ڕۆنان چاوی لێدەکرێت. هەر بۆیە ناسیۆنالیزمی فارس کە بە دەسەلات دەگا زمانەکانی دیکە قەدەغە دەکات.(٢) ئەوە کە شۆرشی مەشرووتە لە دەستووری خۆیدا بۆ یەکەمجار بە شێوەی فەرمی و یاسایی باس لە «نەتەوەی ئێران»لە سەر بنەمای زمان و کولتووری فارسی دەکات و حاشا لەزمان و کولتووری نەتەوەکانی دیکەی ئێران دەکات،لەم عەقڵییەتەوە سەرچاوە دەگرێت کە پرۆژەی

بە نەتەوە کردنی «ئێران»، واتە دروستکردنی نەتەوەیەک بە ناوی «نەتەوەی ئێران»،بەر لە هەر هۆکارێکی دیکە پشت بە زمان دەبەستێت.ئەو نەتەوە خەیاڵییەی ناسیۆنالیستە فارسەکان و شۆڤێنیستەکانی ئێران، لە زەینی خۆیاندا دروستیان کردوە، زمانی فارسیی کردوە بە توخمێکی سەرەکی لە شوناسەکەی، دیارە لە سەر حیسابی حاشا کردن لە زمانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران!نموونەیەکی دیکە لە رۆڵی گرنگی زمان لە بە هێزکردنی شوناسی نەتەوەیی، زمانی عیبرییە. «پێش دامەزرانی دەوڵەتی ئیسراییل زمانێکی یەکگرتوو بە ناوی زمانی عیبری هەر نەبوو، زمانی عیبرییان زیندوو کردەوە. زۆربەی هەرە زۆری جوولەکەکان بە زمانێک قسەیان دەکرد بە ناوی یەدیش.یەدیش بە قەولی ئینگلیزییەکان تێکەڵاوێکی بیژووی ئاڵمانی و زمانە سلاڤیەکان بوو.» (٣) بەمجۆرە زمانی عیبری، یەک لەو هۆکارانەیە کە جوولەکەکانی پێکەوە بەستووەتەوە.

لێرەدا، ڕەوایە وەک تاکێکی کورد ئەم پرسیارە لەخۆمان بکەین بۆ دەبێت نەتەوەیەکی وەک نەتەوەی کورد کە نەتەوە بوونی خۆی لە درێژایی مێژوودا سەلماندوە و زمانەکەی خۆی پاراستوە، زمانەکەی بۆ بە هێزکردنی هاوپێوەندیی نەتەوەیی و شوناسی نەتەوەیی، بەکار نەهێنێت؟

**بووارڕەخساندن بۆ درووستبوونی زمانی ستاندارد:**

زۆر لە زمانەوانان و شارەزایانی بواری زمان، پەروەردە و فێرکردن و خوێندن لە قوتابخانەدا بە یەکێک لە بەستێنەکانی دروست کردنی زمانی ستاندارد، ناو دەبەن.

خوێندن بە زمانی دایک و بەردەوامبوون لە سەری لە قۆناغەکانی دواتری خوێندندا، وادەکات کە زمانەکە پەرە بستێنێت و گەشە بکات، لەئاکامدا لە ڕێگەی کۆمەڵێک هۆکاری بابەتییەوە یەکێک لە زارەکانی ئەو زمانە ڕێچکەی بە ستانداردبوون دەگرێت. «سیستەمی خوێندن و پەروەردە یەکێک لەو بووارە گرنگانەیە کە زمانی ستاندارد پەرە پێ دەدات و بەهێزی دەکات و دەیچەسپێنێت.» (٤)دیارە ئەم حوکمە ئەوکاتە ڕاستە کە خوێندن بە زمانێک، پشت بەیەک دیالێکت ببەستێت، ئەگینا ئەگەر خوێندن بە چەند یا چەندین دیالێکتی جیاواز بێت، ئەمە نەک هەر کۆمەک بەدروستبوونی زمانی ستاندارد ناکات، بەڵکوو بەزیانی پێکهاتنی زمانی ستاندارد دەشکێتەوە و دیالێکتەکانی زمانەکە لێک دوور دەخاتەوە. ئەزموونی خوێندن بەزمانی کوردی لە کوردستانی عێراق لە پێشوودا، پێمان دەڵێت خوێندن و پەروەردە دەتوانێت یارمەتیی پێکهاتنی زمانی ستاندارد بدەن.

« لە کوردستانی عێراقدا، لەو ڕۆژەوە کە مافی خوێندن بەزمانی کوردی لەدەستووری عێراقدا چەسپیوە، هەریەک شێوە

کراوەتە زمانی خوێندن و ئەمەیش نەوەیەکی خوێندەواری دروستکرد، کە لە زۆر ڕووەوە یەکگرتوو بوون. ئەنجامێکی گرنگی دیکەی ئەوسیستەمە ئەوە بوو کە هەستی خۆبەکورد زانین، واتە هۆشیاریی نەتەوایەتیی لای مرۆڤی کورد بەهێز کرد.» (٥)

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لەوچەندساڵەدا کە لە سێبەری جووڵانەوەی کورددا خوێندن بە زمانی کوردی هەبوو، هەردوو ئەزموونەکە (کۆڕی پەروەردە و فێرکردن و کۆمیسیۆنی فێرکردن و بارهێنان) لە جیاتی خوێندن بە چەند دیالێکتی جیاواز، خوێندن بە زمانی ئەدەبیی یەکگرتوویان ڕەچاو کرد.

ئەمەش بە گوێرەی خۆی کاریگەریی لە سەر قەبووڵکردنی ئەو زمانە وەک زمانی ستانداردی کوردی لە نێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نەوەکانی دووای ئەوکاتدا هەبوو.

دیارە ئەگەر ڕۆژێک کورد و نەتەوەنافارسەکانی دیکەی ئێران دەرەتانی خوێندن بەزمانی خۆیان بۆ پێک بێت،

یەکێک لەو گرفتانەی بەرەڕووی کورد دەبێتەوە، هەڵبژاردنی دیالێکتکی تایبەت بۆ خوێندنە. شتێکی سروشتییە ئەو هێزو دەسەڵاتانەی هەموو کات دژی ڕێگەدان بە خوێندن بەم زمانە بوون، لە جیاوازیی دیالێکت و زاراوەکانی ئەم زمانانە بۆ مەبەستە شۆڤێنیستییەکانی خویان بۆ وێنە چاندنی تۆوی ناکۆکی لە نێوان ئاخێوەرانی زمانێک، کەڵک وەردەگرن.

لە داهاتووشدا دوورنییە پشتگیریی سیاسەتی خوێندن بە چەند دیالێکتی جیاواز بکەن، بۆ ئەوەی زمانی هەرکام لەو نەتەوانە لە جیاتی ئاڵقەی یەکگرتن بێت، ببێتە هەوێنی لیکترازان و دابڕانیان.

«بەو هۆیەوە کە بە شێوەیەکی گشتی ئەم تێگەیشتنە هەیە کە زمانی نەتەوەیی یەکێک لە کۆڵەکەکانی شوناسی نەتەوەییە، بە ناچار دەوڵەتان و گرووپە نەتەوەپەروەرەکانی هەر کۆمەڵێک ناتوانن لە ئاست بارودۆخی زمانی نەتەوەیی بێخەم بن.» (٦)

لایەنە بەرپرس و پێوەندیدارەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نابێت لە ئاست داهاتووی زمانی کوردی بێخەم بن و دەبێت لە ئێستاوە هەوڵەکانی پێوەندیدار بە پەرەپێدانی زمانی کوردی، بەو ئاسۆیە دا بەرن، کە لەگەڵ بەرژەوەندی نەتەوەیی کورد دا بگونجێت. پێویستە هەنگاوەکان لە خزمەت درووستکردنی زمانی ستاندارد دا بن.ئەمەش پێویستی بە بەرنامەڕێژیی زمانیی هەیە. لەبەر ڕووناکایی بەرنامەڕێژییەکی زمانیدایە کە سەرەڕای بوونی ئەلفوبێی جیاواز و جۆراوجۆریی دیالێکتەکان سەرلێشێواوی، پێک نایە و ئامانجی سەرەکی پشتگوێ ناخرێت. بۆیە لەسەر کورد و هەر نەتەوەیەکی وەک

کوردە بەدووربینییەوە بۆ ئەم پرسە بچێت و خوێندن و پەروەردە لە خزمەت پەرەپێدانی زمانی ستانداردا بەکار بهێنێت. چونکە:

«ئەگەر باوەڕمان بەوە هەبێت کە کورد یەک نەتەوەیە و بەرەو هەموو چەشنە یەکگرتنێک دەڕوات و چاکەی کۆمەڵانی زەحمەتکێشی کوردیش لەو یەکگرتنەدایە، دەبێت باوەڕمان بەوەش هەبێت کە زمانی ئەدەبی یەکگرتووش دێتە کایەوە و هەموو کورد وای لێدێت بە زمانێک بنووسێت و بخوێنێت و یەک زمان لەکاروباری ڕەسمیدا بەکار بهێنێت.

کە باوەڕمان بەم ڕاستی یەش بوو، دەبێت بە جۆرێک بنووسین و هەوڵ بدەین، کە لەگەڵ ڕێرەو و سەرەنجامی مێژوودا بێت، دەبێت ببێتە هەوڵدەری دروستبوونی زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو.» (٧)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٦ی فێبریوێری ٢٠١٢

## مافی بەکار بردنی زمان لە دامەزراوە دەوڵەتی و فەرمییەکان و ناوەندەکانی خوێندندا:

### بەیاننامەی جیهانیی مافە زمانییەکان:

### وەرگێڕان لە فارسییەوە

**ماددەی ١٥**: هەموو حەشیمەتە زمانییەکان مافیان هەیە، کە زمانەکانیان لەسەر زەویی پێشینانی خۆیاندا بە فەرمی بەکار بهێنن

١- هەموو حەشیمەتە زمانییەکان مافی ئەوەیان هەیە، کە هەموو بەڵگەنامە کارگێڕی، کەسێتی و دەوڵەتییەکانیان بە زمانی خۆیان بێت.

**ماددەی ٢٣**: فێرکردن و خوێندن لە هەر سەرزەوییەکدا، دەبێت لە خزمەت پاراستن و پەرەپێدانی زمانی ئەو حەشیمەتە زمانییەدابێت، کە لەوێ دەژین.

فێرکردن و خوێندن دەبێت لە خزمەت بڵاوبوونەوە و جۆراوجۆریی زمانی و کولتووری و پێوەندیی هارمۆنییانەی نێوان حەشیمەتە زمانییە جۆراوجۆرەکانی سەرانسەری جیهاندا بێت.

**ماددەی ٢٤**: هەموو حەشیمەتە زمانییەکان، مافی ئەوەیان هەیە لەمەڕ کەڵکوەرگرتن لە زمانەکەیان لە هەموو ئاستێکی خوێندن (باخچەی منداڵان، سەرەتایی، ناوەندی، ئامادەیی، زانستگا و خوێندنی گەورەساڵان) لەسەر زەویی خۆیاندا، بڕیار بدەن.

**ماددەی ٢٩**:

١- هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە بە زمانی تایبەتیی سەرزەویی خۆی، فێر بێت و بخوێنێت.

٢- ئەم مافە، مافی فێربوونی زارەکی و بە نووسینی زمانێکی دیکە، کە تاک لەوانەیە وەک زمانی پێوەندی لەگەڵ حەشیمەتە زمانییەکانی دیکە بەکاری بێنێت، زەوت ناکات.

## جاڕنامە (چارتێر)ی ئورووپا بۆ زمانە ناوچەیی و کەمایەتییەکان:

**ماددەی ٨: پەروەردەو فێرکردن**

١- لەبەشی پەروەردەو فێرکردندا، لایەنەکان پابەند دەبن لەو ناوچانەدا کە ئەم زمانانە کاریانپێدەکرێت، بە لەبەرچاوگرتنی هەڵکەوتی تایبەتیی هەرکام لە زمانەکان و بەبێ زیانگەیاندن بە فێربوونی زمان یان زمانەکانی وڵات:

**ا) یەک:** پەروەردەی منداڵان لە قۆناغی بەر لە قوتابخانە (باخچەی منداڵان) بە زمانەکانی پێوەندیدار بەو ناوچانە یان کەمایەتییە نەتەوییەکان بێت یان،

**دوو:** بەشێکی گرنگ لە پەروەردەی منداڵان لە قۆناغی بەر لە قوتابخانە(باخچەی ساوایان) بە زمانگەلی ناوچەیی و کەمایەتییە نەتەوییەکان بێت یان،

**سێ:** «یەکێک لەم دوو خاڵەی لە ژێر بەندەکانی یەک و دووی ئەم بەندە دا ناویان براوە، دەبێ لانیکەم سەبارەت بەو قوتابیانە بەڕێوە ببرێن کە دایک وباوکیان خوازیارن و قوتابییەکانیش لە رووی چەندیەتیەوە بە رادەی پێویست گەیشتبن،»

**چوار:** ئەگەر هاتوو ئۆرگانە دەوڵەتییەکان هیچ بەرپرسایەتییەکی ڕاستەوخۆیان لە پێوەندی لەگەڵ فێرکردنی بەر لە قوتابخانەدا لە ئەستۆ نەبوو، لانیکەم پشتیوانی لەم هەنگاوانە دەکەن، کە لە بەندەکانی یەک تا سێی ئەم ماددەیەدا هاتوون. یان هانی ئۆرگانە بەرپرسەکان بۆ جێبەجێکردنیان دەدەن.

**ب) یەک:** فێرکردن لە قۆناغی سەرەتاییدا بە زمانەکانی ناوچەکان یان کەمایەتییە نەتەوەییەکان پێشکەش دەکرێت یان

**دوو:** بەشێکی گرینگ لە فێرکردن لە قۆناغی سەرەتایی بەزمانە ناوچەیییەکان و کەمایەتییەکان پێشکەش دەکرێت یان

**سێ:** خوێندنی زمانە ناوچەیییەکان و کەمایەتییە نەتەوەییەکان دەخەنە ڕیزی بەرنامەی خوێندنی قوتابخانە سەرەتاییەکان یان

**چوار:** ئێوەرۆکی لانیکەم یەکێک لەم سێ بەندەی سەرەوە لە بارەی ئەو قوتابیانە جێبەجێ بکەن، کە دایکو بابیان داوای دەکەن و ژمارەی قوتابییەکانیش بەشی ئەم مەبەستە دەکات،

**پ) یەک:** فێرکردن لە قۆناغی دووهەمی خوێندن (لە پۆلی پێنجی سەرەتاییەوە تا وەرگرتنی دیپلۆم) بە زمانەکانی ئەو ناوچانە یان کەمایەتییەکان پێشکەش دەکرێت یان

**دوو**: بەشێکی گرنگ لە فێرکردنی قۆناغی دووهەمی خوێندن بە زمانەکانی ناوچەکان و کەمایەتییە نەتەوەییەکان پێشکەش دەکرێت یان

**سێ**: خوێندنی زمانە ناوچەییەکان و کەمایەتییە نەتەوەییەکان دەخرێتە ڕیزی بەرنامەی خوێندنی قوتابخانەکانی قۆناغی دووهەمی خوێندن یان

**چوار**: لانیکەم یەکێک لەو هەنگاوانەی لە بەندەکانی یەک تا سێ دا هاتووە لە بارەی ئەو قوتابیانە بەڕێوە دەبەن، کە دایک وبابیان داوای ( خوێندن بەو زمانە لەو ئاستەیاندا بۆ) دەکەن و قوتابییەکانیش لە ڕووی چەندییەوە بەشی ئەم مەبەستە دەکەن.

ئەم مافانەی لەم چەند بەندەدا هاتوون، لە قۆناغەکانی دیکەشدا(خوێندنی تیکنیکی و پیشەیی، خوێندنی زانکۆو خوێندنگە بەرزەکان، خوێندنی گەورە سالآن) هەر بەو شێوەیە دووپات دەبنەوە.

**ج)** پێداویستییەکانی فێرکردن و خوێندنی وانەی مێژووو فەرهەنگ، کە پێویستە بە زمانە ناوچەییە کەمایەتییە نەتەوەییەکان بێت، دابیندەکەن.

**خ)** پێداویستییەکانی پێگەیاندن و پەرەپێدانی ڕاهێنانی مامۆستایان، کە بۆ جێبەجێکردنی نێوەرۆکی بەندەکانی ئەلف تا ح پێویستن و لایەنەکانی ڕێککەوتن قبووڵیانکردوە، دابین دەکەن.

**د)** یەک یان چەند ئۆرگانی چاوەدێر بە مەبەستی چاوەدێریی ئەو هەنگاوانە، کە بۆ بنیاتنان و پەرەپێدانی فێرکردنی زمانە ناوچەییەکان و کەمایەتییەکان دەنرێن، هەروەها بۆ چاوەدێری بەسەر ڕادەی پێشکەوتنەکان لەم بوارەدا، پێک دەهێنرێن. ئەم ئۆرگان یا ئۆرگانانە دەبێت بە ڕێکوپێکی ڕاپۆرتەکانی خۆیان بدەنەوە و بڵاویان بکەنەوە.

## بەیاننامەی مافەکانی تاکەکانی سەر بە کەمایەتییە نەتەوەیی، ڕەگەزی، ئایینی و زمانییەکان

**ماددەی چوار**:

١- نەتەوەکانی ئەندام، هەموو هەنگاوێکی پێویست هەڵ دەگرن بۆ دڵنیایی تاکەکانی سەر بە کەمایەتییەکان لە بەڕێوەچوونی مافە مرۆییەکانیان و ئازادییە بنەڕەتییەکان و یەکسانی لە بەرامبەر قانووندا بە بێ هیچ چەشنە ستەم و جیاوازیدانانێک.

٢- نەتەوەکانی ئەندام، هەنگاوی پێویست بە مەبەستی پێکهێنانی هەلومەرجی لەبار بۆ تاکەکانی سەر بە کەمایەتییەکان

هەڵدەگرن، تا بتوانن لە تایبەتمەندییەکانی خۆیان و کولتوورو زمان، ئایین و جلوبەرگی خۆیان گوزارشت بکەن، تەنیا لەو جێگایانە نەبێت کەلەگەڵ یاساکانی وڵات یان ستاندارده نێونەتەوەییەکان لە ناتەباییدان.

٣- نەتەوەکانی ئەندام، ئەگەر بۆیان دەست بدات، دەبێت هەنگاوی پێویست هەڵبگرن بۆ ئەوەی تاکەکانی سەر بە کەمایەتییەکان دەرەتانی پێویستیان بە مەبەستی فێربوونی زمانی زگماکی و هەبوونی یاسا و ڕێوشوێن بە زمانی زگماکیی خۆیان هەبێت.

٤- نەتەوەکانی ئەندام، ئەگەر بۆیان بگونجێت، دەبێت پێویستییەکانی خوێندن بەزمانی دایک دابین بکەن وهاندەر بن بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لە سەر مێژوو، نەریتەکان و ئەو زمان و کەلتوورانەی لە نێو سنوورەکانی ئەو کەمایەتییانەدا هەن.

www.ostomaan.org سەرچاوە: . اعلامیه جهانی حقوق زبانی، ترجمه: علی ددەبیگلو

- بیانیه حقوق افراد متعلق به اقلیتهای ملی، نژادی، مذهبی و زبانی (مصوب مجمع عمومی سازمان ملل متحد، پەسند کراوی ١٨ی دیسامبری ١٩٩٢، سایت ایران امروز
http://iran-emrooz.net

لە ژمارە ٥٧٧ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی فێبریوێری ٢٠١٢

## خوێندن بە زمانی زگماکی، داننانە بە بوونی میللەتێک



**وتووێژ لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە**

لە خزمەت مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە داین بۆ ئەوەی چەند پرسیارێکی لە بارەی خوێندن بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی لەو دەورەیەدا کە حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەرانسەری کوردستان ئەرکی خوێندن بە زمانی کوردییان لە کوردستان بەڕێوە دەبرد، لێ بکەین.

**پرسیار**: مامۆستا ئەگەر ئیجازەت لە سەر بێ پێمان خۆشە لەوەوە دەست پێ کە بکەین فکرەی خوێندن بە کوردی و کرانەوی خوێندنگەکان بە زمانی کوردی لە حیزبی دێموکرات دا چۆن دروست بوو؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: ئەوە کە لەو مەرحەلەیدا خوێندنگە بە کوردی بێ بە ئیبتکارێک دانانرێ، چونکە لە دەورانی زۆر کۆنترەوە لە عێراق بە کوردی خوێندراوە و لە دەورانی جمهووریی کوردستان دا بە کوردی خوێندراوە، کەوابێ ئەمە ئەلفوبێ بوو. بەڵام با بێینە سەر ئەوەی کە بزانین چۆن بوو ئەو فکرە کرایەوە. لە سەرەتاکانی کە باس کرا لە دەفتەر سیاسیدا باس لەوەی کرا کە ئێمە (من دەفتەر سیاسی نەبووم ئەو وەختی) بێین بە کوردی بخوێنین. چونکە ئەو وەختی لە ئێران کتێب بە کوردی نەبوو، دەبوو سیستمی کوردستانی باشوور وەربگرین. بەڵام دەفتەری سیاسی هاتبووە سەر ئەو باوەڕە کە. دیسانەکە وەک زۆر شتی دیکە نەخشی ئەساسی هی شەهید دوکتور بوو کە . دەبێ سەعی بکەین بۆ خۆمان موتەناسب لەگەڵ شەرایەتی کوردستانی ڕۆژهەڵات (کوردستانی ئێران) کتێب دابنێین. هەر لە ئەوەڵەوە لە ڕۆژەکان یان بڵێین لە حەفتەو مانگەکانی سەرەتای دوای سەرکەوتنی ئینقلاب ئەو فکرە هاتە گۆڕێ و تەرتیب درا کە جەمعێک بۆ ئەو مەسەلەیە لە مامۆستایان و لەوانە کە تەجروبەیان هەیە و دەزانن کۆببنەوە بۆ دانانی کتێبی کوردی.

**پرسیار:** لەو بارەوە هیچ پێتان وا نەبوو کە مەسەلەکە دەبێ لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی باس بکرێ یا ئەسلەن ئەوە لە بەر چاو نەگیرا؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** نەخەیر ئوسوولەن ئێمە لە زۆر شتدا ئەو نەزەرەمان هەبوو کە باشترە ئێمە کارەکانمان بکەین، لەو پێیە دا دەوڵەتی مەرکەزی لە موقابیل ئەمری واقیع دا دابنێین، نە وەک ئێمە داوا بکەین و [چاوەڕوان بین] داخوا دەوڵەتی مەرکەزی موافقەت دەکا یان نا. پێموایە کارێکی زۆر باش بوو چونکە ئێمە ئەگەر داوامان کردبا ئێستاشی لەگەڵ بێ موافقەتەکە هەر نەدەهاتەوە. بۆیە ئەسڵەن بیر لەوە نەکراوە، هەر وەکوو بۆ ئامادەکردنەکەشی و بۆ چاپکردنەکەشی و بۆ دایر کردنەکەشی هیچ وەخت پرس بە دەوڵەتی مەرکەزی نەکرا. دیارە لە سەتحێکی پایینتر دا ئێمە لە نێو حیزب دا دەستمان پێ کرد بە ئامووزشی کوردی. ئەو وەختی فێرکردنی کوردی زیاتر بۆ گەورەسالان بوو، بۆ خوێندەوارەکان بوو، ئەوانە کە خوێندەوارییان هەیە نەک بۆ سەرەتایی. ئەوەمان هەر لە دەورانی ئینقلاب دا دەست پێ کرد. یانی هێشتا مابووی دەوڵەتی شا بڕووخێ، من بۆ خۆم لە مەهاباد بووم جزوەیەکی چکۆلەم نووسیبوو. چەند دەورەمان کردنەوە لە ئەوەڵەوە ئەمن بەشدار بووم و چەند کەسێکیش کە بۆ خۆیان موعەللیم بوون و شارەزا بوون لە هەموو شتێکدا لە من شارەزاتر بوون، بەڵام رەنگە بە کوردی نووسینیان نەزانیبا. ئەوانە بەشدار بوون لە پاشانیش بۆ پێشمەرگەو ئەندامانی حیزبی دەستمان پێ کرد بۆ ئەوەی فێری خوێندنەوە و نووسینی کوردییان بکەین. بەڵام ئەمەیان بۆ فێرکردنی سەرەتایی نەبوو. بۆ ئەو کەسانە بوو کە خوێندەواریی باشیان هەبوو. تەنانەت دیپلۆمیان هەبوو، حەتا هی وا هەبوو لیسانسیشی هەبوو.

**پرسیار:** مامۆستا! ئەو کەسانەی راسپێردران لە فکری ئامادەکردنی کتێبی دەرسی دا بن یان بە گشتی لە فکری وەڕێخستنی مەدرەسەکان دا بوون کێ بوون؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** بە داخەوە زۆر چاکم لە بیر نیە، بەڵام ئەوانەی کە ئەمن لە بیرمن کاک رەسووڵ ئاریا کە دوایەش بۆ ماوەیەک بوو بە مەسئوولی کۆڕی پەروەردە و فێرکردن، کاک ئەحمەد کاکە مەمی بوو، کاک ئەحمەدی قازی بوو، لە بەشێکی دا کاک قەسیم سەوجە بوو، ئەمنیان وەکوو کەسێک کە لە کوردی دەزانم دەگەڵ بووم، لە مامۆستا هێمن بۆ یەک دوو جەلەسە ئیستفادە کرا.

**پرسیار:** لە باری رێنووس و رێزمانەوە چ شتێک رەچاو دەکرا؟ مەسەلەن ئایا هەوڵ دەدرا وشەی زاراوەکانی دیکەی تێکەڵاو بێ یا مەسەلەن لە باری رێنووسەوە ئەوەی لە کوردستانی عێراق باو بوو، یانی تێبینی و شت چ بوون لەو بارەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** ئەوندەی من بزانم لەوەدا هێندێک شت ئوسوولەن بە فکردا نەدەهات. وەکوو ئەوە با بڵێین وشە لە

زاراوەکانی دیکە وەربگرین. وەک ئەوە کە بڵێین کوردی ئێران و کوردی عێراق پێکەوە هەماهەنگییەکیان هەبێ. ئەوەی کە لەوێ دا مەدی نەزەر بوو تەنیا ئەوە بوو سیستمی دەرسییەکە وا تەنزیم بکرێ کە دوو شتی تێدا ڕەعایەت بکرێ، یەکیان ئەوە کە لە سیستمی فێرکردنەکەدا وا بێ کە لە هەر دەرسێکدا تەنیا یەک حەرفی تازە بێ، کە پێموایە لە یەک دەرسیشدا هەڵە کراوە، لە یەک دەرسدا حەرفێکی نەخوێندراو هاتوە بێ ئەوەی هەست پێ بکەن. ئەوی دیکەش ئەوە بوو کە ئەو دەرسانە ئەو باسانەی کە دێن، هەم لە فکری منداڵ نزیک بن هەمیش ئەو تەزادە کە ئیحتماڵەن لە بەینی شارو دێدا هەیە ئەوەش لە بەر چاو بگیرێ. یەعنی سیستمەکە بۆ هەمووانە، زیاتر بۆ منداڵی دێیشە، بۆیە نابێ شتێکی وا بێنی منداڵ هەر نەیدیوە. یەعنی من پێموایە ئەو وەختی ئەگەر تۆ باسی تەلەڤیزیۆنت بۆ منداڵێک بکردبایە، منداڵ لە تەلەڤیزیۆن حاڵی نەدەبوون چونکە نەیدیبوو لە دێهاتی. ئەو، بەرقی نەدیبوو تا تەلەڤیزیۆنێ ببینێ، یەخچاڵی نەدیبوو، یەعنی ئەوە لە نەزەر دەگیرا کە دەبێ شتێکی وا بێ لە فکرو لە موحیتی ژیانی منداڵەکان بێگانە نەبێ. ئەو دوو شتەم لە بیرە کە ڕەعایەت دەکرا.

**پرسیار**: مامۆستا! ئەگەر سەرنجێک لە کتێبەکە دەدەی بڕێکیش حەتا لە باری مەتن و مەوزوعاتێک کە باسی دەکا زۆرتر هی ئەو بەشەی کوردستانە، جا نازانم لە بەر ئەوەیە کە مامۆستاکان خەڵکی ئەو ناوچەیە بوون و یا ئەسڵەن ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەو حیزب ئەو ناوچانە بوون کە زۆرتر ناوەندی کوردستان بوون؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: عەرزم کردی ئەوە لە نەزەر نەدەگیرا کە بڵێین لە سنەشی تێدا بێ، یا لە ورمێشی تێدا بێ، هەر ئەوە لەبەر چاو دەگیرا کە ئەوەڵەن لە حەرفێک زیاتر لە دەرسدا تازە نەبێ، دووهەم لە ئەفکاری منداڵەکە نزیک بێ. ئیدی هەوڵ بۆ ئەوەی کە پەل بهاوێ بۆ ئەم ناوچەو ئەو ناوچەیەی تێدا نەبوو. لە جێشدا بۆ ئەوەی زمانێک بیێتە زمانی خوێندن و نووسین ئەوە وانیە کە تۆ مۆنتاژێک بکەی و هەر لۆغەتەی لە جێیەکی بێنی. بەڵێ دەبێ لۆغەتان بێنی، بەڵام ئەو وەختەی کە لەم لەهجەیەدا نیتە، دەبێ لە لەهجەکانی دیکە بێنین.

**پرسیار**: مامۆستا! کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەرانسەری کوردستان لە کام یەک لە شارو ناوچەکاندا توانی قوتابخانە بکاتەوە و منداڵان فێری خوێندن و نووسین بکا؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: ئەوەندەی من بزانم لەم چەند شارە دا، کە لە مەهابادەوە دەستی پێ کرد، بۆکان هەبوو، سەردەشت هەبوو، پیرانشار هەبوو، نەغەدە هەبوو، شنۆ هەبوو، سەقز زۆر موتمەئین نیم کە خوێندنی کوردی تێدا دائیر کرا یان نا.

**پرسیار**: پاوەو هەورامان چی؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: پێموایە خوێندنی کوردی تێدا دائیر نەکرا، یا ئەگەر بووبێ من لە بیرم نیە.

**پرسیار**: کۆڕی پەروەردە و فێرکردن چ ساڵێک دامەزرا؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: ساڵی ٥٩ کۆڕ دامەزرا، بەڵام کتێبەکە، ساڵی ٦٠ هاتەوە.

**پرسیار**: یانی ساڵێک بە بێ کتێب! ئەی ئەو ساڵە (ساڵی ٥٩) لە رووی چییەوە دەرسیان دەگوتەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: لە رووی کتێبی فارسی، دەرسی کوردییشیان هەبوو (ئاموزشی ئەلفوبێ).

**پرسیار**: یانی خوێندنەکە رەواڵی قەدیم هەر بە پێی کتێبە دەرسەکانی ئێران بوو. بەڵام شەرحی دەرس بە کوردی؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: بۆ خۆت دەزانی حەتا ئەگەر کتێبەکەش چاپ بوو، ئەو وەختیش تەنیا خوێندنی کوردی هەبوو لە مەدرەسەکاندا، ئەوی دیکە هەر بە فارسی دەخوێندرا. هەم کلاسەکانی دیکە، هەم دەرسەکانی دیکەی کلاسی ئەوەڵ هەر فارسییەکەو لە سیستمی کۆن ئیستفادە دەکرا.

**پرسیار**: مامۆستا هیچ ئامارێکت لە زێهن دا هەیە ئێمە بە گشتی چەند مەدرەسەمان هەبوو؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: ئێستا لە زێهنمدا نیە، بەڵام پێموایە چاپ کراوە. دەبێ موراجعە بکەی بە "کوردستان"، "کوردستان" تێیدایە کە ئێمە چەند مەدرەسەمان هەبووە، چەند موعەللیممان هەبووە و چەند قوتابییمان هەبووە.

**پرسیار**: مامۆستا! ئێمە کۆڕی پەروەردەمان هەبوو کە بۆ خوێندەوار کردنی منداڵانیش بەرنامەی هەبوو، بۆ گەورەساڵانیش. چ جیاوازییەک هەبوو لە خوێندنی ئەو دوو بەشەدا؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: جیاوازییەکەی فەقەت متونی دەرسی بوو. کە مەتنە دەرسییەکان ئیدی ئەوە بوون کە دەگەڵ فکری گەورەساڵان پتر دەهاتنەوە، دەرسەکان درێژتر بوون، مەفهوومەکانیان فەرقیان هەبوو. ئەگینا پێموابێ لە سیستمی ئاموزشە دەرسییەکەی و ئەلفباییەکەیدا فەرقێک نەبوو.

**پرسیار**: ئەدی بۆ گەورەسالان وا دانەنرابوو کە گەورەساڵەکە خوێندەوارییەکی هەیە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: نەخێر، ئەوە مەربووت بە گەورەسالان، گەورەسالانی نەخوێندەوار بوو. ئەوە لە نەزەر نەگیرا بوو، ئەوە هەر وەک مەرحەلەی پێشێ عەرزم کردی هەر بۆ فێرکردنیان بوو. ئەگینا گەورەسالانی خوێندەوار ئەوەیان پێویست نەبوو. مەسەلەن زۆر کەسم دەدی بە جەلەسەیەک، دوو جەلەسە فێر دەبوون. ئەوانەی کە قابلییەتیان زۆر بوو. بەڵام مەبەست لە خوێندنی گەورەسالان ئەوانە بوون کە نەخوێندەوار بوون.

**پرسیار**: ئەو هەنگاوەی کە حیزب یا بڵێین کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی کوردستان نای، یانی چەند ساڵێک بەڕێوەبردنی قوتابخانەکان، خوێندن بە کوردی و لە باری ئامووزشییەوە، لە باری سیاسییەوە، لە باری فەرهەنگییەوە چ تەئسیرێکی هەبووە؟ چونکە ماوەکە بەداخەوە هەموو سێ ـ چوار ساڵێک بوو، زۆر نەبوو!

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: لەگەڵ ئەوەی کە ماوەکە کورت بوو، بەڵام کەلێنێکی یەکجار زۆر گەورەی پڕ کردەوە، چونکە ئەو وەختی [ڕێژیم] گەمارۆیەکی هەمە لایەنەی خستبووە سەر کوردستان. مەبەستم کوردستان مەناتقی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەیە. بە هەر حاڵ لە شارەکان کە بە دەستی دەوڵەتەوە بوو خوێندن و بێهداشت و .. دائیر بوو. بەڵام ئەو هەوڵی دابوو کە کوردستان لە هەموو شتێک بێبەش بکا. ئەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان زۆر بە ناقیسییش بووبێ توانیبووی کە مەدرەسە دائیر بکاتەوە پێش ئەوەی کتێبی کوردییش دابنێ، توانیبووی دەگەڵ هەموو سەرەتایی بوونەکەی لە هەر مەنتەقەیەک شتێک بە ناوی کۆمەگی دەرمانی دائیر بکا، تەئسیرێکی یەکجار زۆری هەبوو لە سەر رۆحیەی خەڵک. حەتا دەکرێ بڵێین بە بێ موبالغە، قەدری حیزب و بزووتنەوەشی لە پێش چاوی خەڵکی بردبووە سەرێ، چونکە خەڵک پێی وابوو ئەوە حیزب وەکوو حکوومەتێک دەتوانێ عەمەل بکاو دەتوانێ ئێحتیاجاتی خەڵکی جواب بداتەوە. پێموایە کارێکی یەکجار زۆر گەورە بوو و بەتایبەتی کە حیزب بوارەکانی ژیانی هەموو لەبەر چاو گرت. هەموویان ئیبتداییین، هەموویان عەیبیان هەبووە، حەتا ئەگەر ئێستا بۆ خۆمانی بێنین عەیبیان لێ دەگرین. بەڵام هەر ئەوە کە حیزب قەوانینی دانا بۆ ئیدارەی وڵات، مەسەلەن قانوونی سزادانی گشتی بخەیتە بەر دەست قانوونزانێک، رەنگە هەزار عەیبی لێ بگرێ، بەڵام هەر بیرکردنەوە لەوە کە دەگەڵ ئەو هەموو شەڕە سەختەی بە ملمانەوە بوو، حیزب بیر لەوە بکاتەوە دەبێ ئیدارەی وڵات بکا، دەبێ قەوانینی هەبێ، دەبێ رابیتەی نێوان کۆمەڵانی خەڵک، چین و توێژە جۆراوجۆرەکان تەنزیم بکا، بە مەسایلی جونحە و جینایەت و ئەوە رابگات، ئەوە نیشانەی فکری وەسیعی ئەو حیزبەو رێبەرایەتیی ئەو بزووتنەوەیە بوو.

**پرسیار**: مامۆستا! لە بارەی شتێکی دیکەشەوە پێموابێ تەئسیری هەبووە. لەگەڵ ئەوەی کە داواو نیازی خوێندن بە کوردی هەمیشە هەبووە لە نێو میللەتەکەمان دا، بەڵام ئەو نەسلەی کە لە مەدرەسەکانی کۆڕی پەروەردە و فێرکردن خوێندویە یا ئەو

مامۆستایانەی کە کۆڕی پەروەردە و فێرکردن کاری خوێندنی کوردیی پێ کردن، دوایە ئەگەر نەشبووبن بە پێشمەرگە لەو جامعەیە دا بوون بە ئینسانی ڕووناکبیر، بوون بە ئینسانی خوێندەوار، شاعیر، تەئسیریان هەبووە لە سەر ئەوەی کە ئەو ڕەوتە درێژە بدەن. ئەگەرچی بە شێوەیەکی ناڕەسمی و بە بێ ئەوەی جمهووریی ئیسلامی بیهەوێ.

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** دیارە بەشێک لەوانە هەر بۆ خۆیان لە پێشدا هەبوون وەکوو شەخسیەتی فەرهەنگی و ئاموزشی و پەروەرشی هەبوون، بەڵام ئەوانە بەشێکیان بوون. بەشێکیش ئەوانە بوون کە لە بەر دەستی ئەواندا پێ گەیشتن، کە دوایە هەموو جۆرە کەسێکیان تێدا هەڵکەوت: تێکۆشەری گەورەیان تێدا هەڵکەوت، شاعیری گەورەیان تێدا هەڵکەوت، موعەللیمیان تێدا هەڵکەوت، مەسەلەن کاک ئەحمەدی کاکە مەمی کە پێشتریش هەر موعەللیم بوو، بەڵام ئێستا لە دەرەوەش ئەوە بۆتە مامۆستای دەرسی کوردی و کتێبی کوردی داناوەو یەعنی ئەو ڕەچەیەی کە لەوێ گرتوویەتە پێشێ وردە وردە تەرەقی پێداوەو هەر وا لە سەری ڕۆیشتوە.

**پرسیار:** مامۆستا! هەر ئێستاش فێرکردنی خوێندنەوەو نووسینی کوردی لە کوردستانی ئێران هەر هەیە. بە شێوەی جۆراوجۆر، بڵێین هێندێک ناوەند، هێندێک کۆڕو کۆمەڵی ئەدەبی دەیکەن، جەنابت ئەو هەوڵانە چۆن هەڵ دەسەنگێنی؟ یان وەک بزانی لە چ ناوچەیەک لە چ مەنتەقەیەک زۆرترن ئەوانە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** پێموایە جارێ لە پێش دا دەبێ ئەوە بڵێینەوە ئەوەی کە ئێستا هەیە، لەو چەند ساڵەی ئەخیردا یا دەتوانین بڵێین لەو چەند دە ساڵی ئەخیردا لە ڕاستی دا تازە نیە. دیارە ٢٠ ساڵێکە هەیە. بەو شێوەی نیە کە لە ئیبتدایی را منداڵان دەرس بخوێنن، لە واقعدا خوێندنەوەو نووسینی کوردییان فێر دەکەن، تەنانەت بە هەر دوو شێوە خەتیش. پێموایە هەوڵێکی زۆر بەجێیە چونکە عەیبێکی گەورە دەبێ تێکۆشەرانی کورد ئەوانەی کە حەتا بە شێوەی جۆراوجۆرو هەر کەسە لە سەنگەری خۆی موبارزە دەکا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی میللەتی کورد بەڵام نەزانن زمانەکەی خۆیان بنووسن. پێموایە شتێکی زۆر بەجێیە، بەڵام ئەوەندەی من بزانم بە شێوەی بەربڵاو تەنیا هێندێک شاری گرتۆتەوە، پێموابێ "سۆما" لە مەهاباد دامەزرا، پاشان لە بۆکان زیاتر لە مەهاباد گەشەی کرد هەر چەند بناغەکەی لە مەهاباد دامەزرا، بەڵام لە بۆکان پتر گەشەی کرد، بەرەو سەقزو بانەش ڕۆیشتوە. ئەوەی لە سنەو لەویش موهیمتر لە کرماشان بووە هەر ئەوە دەزانم کە هەبووە، بەڵام ئایا لەو سیستمەی "سۆما" کەڵکیان وەرگرتوە یان بۆ خۆیان سیستمی دیکەیان داناوە بۆ فێرکردنی خوێندن و نووسینی کوردی لانیکەم ئەمن ئاگادارییەکی ئەوتۆم لە سەری نیە. کە دیارە زۆرم پێخۆشە کە هەر لەو سیستمەی "سۆما" ئیستفادەیان کردبێ بۆ ئەوەی تا حەدێکی مومکین لێک نزیک بێ ئەو شێوە نووسین و شێوە ڕێنووس و ڕێزمانە. چونکە بەداخەوە ئێستایشی لەگەڵ بێ لە باشووری کوردستان دوای نزیک بە سەد ساڵ خوێندن دیسانەکە ئەو شێوە نووسین و خوێندنەوە یەکی هەر نەگرتوە و هەر کەسەو هەر ناوچە بە جۆرێک دەنووسن و بە جۆرێک

دەخوێننەوە، مەبەستم لە ناوچە ناوچەی بەرین نیە، ناوچەی چووک بە گەڕەک یا حەتا بە ڕۆژنامە یا حەتا بە نووسەری یەک ڕۆژنامە لەگەڵ نووسەرێکی دیکەی هەمان ڕۆژنامە.

**پرسیار**: مامۆستا! لە قانوونی ئەساسیی جمهووریی ئیسلامی دا ئەسڵێک هەیە، ئەسلی پازدە کە باسی ئازاد بوونی خوێندن بە زمانی قەومە ئێرانییەکان لە پەنا زمانی فارسی دا دەکا. جارێ هەر ئەوە کە لە قانوونی ئەساسی دا هاتوە چۆنی هەڵدەسەنگێنی؟ پاشان ئەوە کە سەرەڕای ئەو هەموو داوایەی کە دەکرێ، کورد دەیکا، ئازەربایجانی دەیکا، بەڵام ئەوە ئەسڵە بەڕێوە ناچێ، بۆ چی دەگەڕێتەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: لە راستی دا مەسەلەیەکی کوردی هەیە دەڵێن: "لەوەندە قوڕەی ئەوەندە تۆزە هەستێ هەر باشە" یا دەڵێ "لە نێو هەموو تاریکایی دنیایە دا شوعلەی شەمێک هەر دیارە"، ئەوە بۆ خۆی شتێکی باشە. بەڵام ئەو ئەسڵە یا ئەسڵی نۆزدە هیچ قیمەتێکی [...] ئیجباری و ئیجراییان نیە. ئەمن پێموایە قانوونەکە، (ئەو بەندی ١٥) جێبەجێ کراوە. چونکە خۆ ئەو ناڵێ ئامووزش و پەروەرش دائیر دەکەم بۆ ئەوانە. دەڵێ ئازادە هەر کەس پێی خۆشە بۆ خۆی لە ماڵی خۆی بەوە بخوێنێ، دەڵێ ئازادە. لەحاڵێکدا ئەمە بە مەعنای بە رسمی ناسینی حەقی ئامووزش و پەروەرشی ئەو میللییەتانە بە زمانی خۆیان نیە. بە رەسمی ناسین ئەوەیە دەوڵەت مەدرەسەی بۆ دابمەزرێنی، مامۆستای بۆ تەربیەت بکا، کتێبی بۆ چاپ بکا، حوقووقی مامۆستایەکان بدا. کوللی شتەکە وەکوو بۆ سیستمی خوێندنی فارسی چۆنە بۆ ئەوانەش بیکا. لە حاڵێکدا نە قانوونەکە ئەوەی کردوە، یانی نە قانوونی ئەساسی ئەوەی تێدایە، نە بە عەمەلیش دەوڵەت هەنگاوی هەڵێناوە. کەوابێ لە راستیدا تەنیا ئەوەندەیە کە ئاوڕدانەوە بەوە، باسی ئەوە، ئێعترافێکە لە قانوونی ئەساسیدا بە جۆراوجۆریی کۆمەڵی ئێران، لەوە زیاتر بەش بە حاڵی خۆم بایەخێکی تێدا نابینم، چونکی دەوڵەت هیچ تەعەهودێکی وە ئەستۆ نەگرتوە بەرامبەر بە زمانە غەیرە فارسەکان.

**پرسیار**: مامۆستا ئەگەر قانوونەکەش دەوڵەتی مولزەم نەکردبێ، بەڵام خۆت دەزانی ئەو داوایە هەیەو موڕەتەب فشاری بۆ دێ، یانی هۆی جێبەجێ نەکردنەکەی دەبێ چی بێ؟ ئایا بەڕاستی زمانی فارسی بەوە زەرەر دەکا کە بە زمانەکانی دیکە بخوێندرێ، بە قەولی ئەوان ئەمنییەتی وڵات و نازانم ئەوە دەشێوێ، بۆ؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: من پێموایە ئەگەر لەو روانگەیەوە بۆی بچین کە فەرهەنگی ئێرانی (کەمێکی لێک جودا بکەینەوە لەگەل فەرهەنگی فارسی ـ ئەوە بەشێک لە شووێنیستە فارسەکانن دەیانهەوێ بڵێن فەرهەنگی ئێرانی یەعنی فەرهەنگی فارسی) بەڵام ئەگەر باسی فەرهەنگی ئێرانی بکەین بە هیچ جۆر دایربوونی مەدرەسە بە زمانەکانی دیکە، فەرهەنگی ئێرانی فەقیر ناکا، بەڵکوو دەوڵەمەندی دەکا. بەڵام ئەگەر بێینە سەر ئەوە کە فەرهەنگی ئێرانی بە مەعنای فارسی

بزانین، دیسانەکە بۆ ئەویش زەرەری نیە یا ئەگەر زەرەری بوو چ قەیدی هەیە؟ خۆ ناکرێ قازانجی فەرهەنگێک لە سەر ئەساسی زیان گەیاندن بە فەرهەنگێکی دیکە تەئمین بکرێ چ جای ئەوەی بە جارێ ئەو فەرهەنگەی دیکە لە بەرچاو نەگیرێ و ون بکرێ و حەقی بفەوتێ. باشە زەرەری پێ دەگا، با پێی بگا، خۆ ئەو زمانانە نایانهەوێ زەرەر بەوی بگەیەنن، دەیانهەوێ بۆ خۆیان بخوێنن و بۆ خۆیان هەبن. کەوابێ ئەوە بە هیچ جۆر موقەددەس نیە کە لە بەر خاتری ئەوەی زمانی فارسی هەر پێش کەوێ دەبێ کوردو ئازەربایجانی و میللەتانی دیکە بە زمانی خۆیان نەخوێنن. وەکوو ئەوەیە بڵێن ئینگلیزی ئێستا زمانێکی دەسەڵاتدار لە دنیادا، نابێ بە زمانەکانی دیکە بخوێندرێ چونکە زۆر کەس فێری ئینگلیزی نابن!

**پرسیار**: **مامۆستا! خوێندن بە زمانی زگماکی وەکوو مافێکی ڕەوا کە دانی پێدانراوەو لە زۆر قانوونی دنیادا هاتوە، بێبەشی لەو مافەی چ تەئسیرێکی هەیە لە سەر تاک و هەروەها لە سەر نەتەوەیەک و لە سەر زمانەکەی و، بەرخوردار بوون لەو مافەی چ قازانجێک دەگەیەنێ بە زمانەکە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: هەژار یا هێمن شتێکی هەیە کە دەڵێ "خوێندن ئەگەر بە زمانی خۆم بێ زووی دەکەم ڕەوان". پێش هەموو شتێکی وەکوو حەقی فێربوون بۆ منداڵان، لە تەمەنی منداڵیدا، فەرقێکی یەکجار زۆر هەیە لە بەینی منداڵێک کە دەچێتە مەدرەسەی بە زمانەکەی خۆی بخوێنێ، یا بە زمانێکی بێگانە. چونکە کە بە زمانەکەی خۆی دەخوێنێ دەزانین کە لە سەر تەختە سیا یا لە کتێبە دەرسییەکان دا، عادەتەن کتێبی ئەوەڵی ئیبتدایی باسی هەر شتێک دەکرێ عەکسەکەشی لەگەڵە. کەوابوو منداڵ کە دەچێ بۆ مەدرەسەی لە ئەوەڵ ڕۆژەکان و حەفتەو مانگەکان دا، ئەگەر بە زمانی خۆی بخوێنێ دەنگەکە بۆ وی ئاشنایە، مەعنای شتەکەی بۆ ئاشنایە، وێنەکەی بۆ ئاشنایە، تەنیا شتێکی کە بۆی ئاشنا نیە نووسینی ئەو ناوەیە. بەڵام ئەگەر زمانەکە زمانێکی غەیری خۆیەتی ـ با نەڵێین زمانی بێگانە، چونکە مادام هی وڵاتێکە ڕەنگە لە باری سیاسییەوە دروست نەبێ بە بێگانەی ناوبەرین. مادام ئێمە دەڵێین هەموومان لە یەک وڵات داین و ئێرانیین ـ بەڵام هەموویان نائاشنان ئیلا وێنەکە نەبێ. دەبێ دەنگەکە فێربێ، تەلەفوزەکە فێربێ، نووسینەکە فێربێ، و هەموو شتەکان فێربێ و کارەکەی یەکجار زۆر بە زەحمەت ترە لەو حاڵە دا مەعلوومە ڕوشدو پێشکەوتنەکەی وەدوا دەکەوێ. حەتا ئەگەر لە بەر زەکاوەتی زۆری وەدواش نەکەوێ لانیکەمی ئەوەیە کە قورساییەکی زۆر زیاتر دەبێ تەحەمول بکا. یانی وەکوو خەڵفێکی ناسکە کە زۆر بە شلکی لە واقعدا ئەزییەتی دەدرێ و وەکوو کورد دەڵێ دەگەچلێ. بۆیە بە باوەڕی من بەخۆڕایی نەگوتراوە کە ئەو حەقە وەکوو حەقێکی موسەللەمە بۆ هەموو میللییەتەکان هەیە کە بە زمانی خۆیان بخوێنن.

**پرسیار**: **مامۆستا! ئەدی لە سەر خودی زمانەکە و لە سەر خودی میللەتەکە چ تەئسیرێکی هەیە، ئەگەر پێی نەنووسرێ و پێی نەخوێندرێ؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: هەر لە جێدا خوێندن بە زمانی زگماکی بمانهەوێ و نەمانهەوێ بێ ئەوەی ئێعلام بکرێ، ئێعترافە بە مەوجودییەتی ئەو میللەتە. هەر ئەوە بۆ خۆی تەئسیرێکی زۆری هەیە، جگە لەوەش کە بە بێ شک لە بەر ئەوەی خوێندنی ئینسانەکان، منداڵەکان ئاسانترە لە بەر ئەوەی بە زمانی خۆی دەخوێنێ و زمانەکەی و فەرهەنگەکەی و ئەدەبەکەی و تاریخەکەی گوستەرش پەیدا دەکاو بڵاو دەبێتەوەو پەرە دەستێنێ، دیسانەکە خزمەتێکی زۆر بە بەرەوپێشچوونی کوللی نەتەوەکە دەکا.

**پرسیار**: دیارە بە وڵات فەرق دەکا، بەڵام چۆن لە نێو چەند زمانان دا کە لە وڵاتێکدا هەن یەکیان زاڵ دەبێ بە سەر ئەوانی دیکەداو، هەڵدەبژێردرێ وەکوو زمانی ڕەسمی و زمانی خوێندن و نووسین و، ئەوانی دیکە فەرامۆش دەکرێن؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: من پێموایە ئەوەش دوو ڕەوتی هەیە کە عادەتەن زیاتر ڕەوتی یەکەمیانە. ئەویش ئەوەیە کە تاریخ وای دێنێ، هەلومەرجی تاریخی، هەلومەرجی دەسەڵات، هەلومەرجی ئابووری وا دەکا کە یەکێک لەو زمانانە ئەولەوییەت پەیدا دەکا، تەسەلوت پەیدا دەکا بە جۆرێک لە جۆران وە پێش دەکەوێ. ئەوی دیکە ئەوەیە ئەگەر وا فەرز بکەین نەخێر هیچیان لە پێش هیچیانەوە نین، وەختێکی چەند میللەت لە وڵاتێکی دا دەژین ناکرێ هەموویان هەموو زمانەکان فێربن، دەبێ یەکێکیان بکەنە زمانی موشتەرەکی هەمووان بۆ لێک حاڵیبوون. لەو حاڵەتەدا دەبێ ئەو میللەتەی کە لە هەمووان پترە زمانەکەی وان بکرێ [بە زمانی هاوبەش]، بە دەلیلی ئەوەی کە وادانێین وڵاتەکە ٢٠ میلیۆن جەمعیەتی هەیە، ١٠ میلیۆنی یەک زمانە، ٧ میلیۆنی زمانێکی دیکەیەو ٣ میلیۆنی زمانێکی دیکە، ئەگەر قەرار بێ زمانی ئەو میللەتەی بکەین بە زمانی هەمووان کە یەک میلیۆن جەمعییەتی هەیە دەبێ ١٩ میلیۆن زمانێکی غەیری زمانی دایکی خۆی فێربێ. بەڵام ئەگەر ئەوەی ١٠ میلیۆنییەکە بکەینە زمانی هەمووان، تەنیا ١٠ میلیۆن دەبێ زمانێکی غەیری زمانی زگماکیی خۆی فێربێ. ئەوەی کە مەربوتە بە ئێران دەزانین کە لە واقعدا هەر دووکیانی تێدا هەن، هەم تاریخ وای هێناوە، هەمیش لە ئێراندا لە سەر یەک فارس بە تەنیا زیاتر لە هەمووان نین بەڵام گەورەترین میللیەتە. ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە زمانی فارسی ئەو شانسەی بۆ هاتۆتە پێشێ کە لە تاریخ دا (ئێستا) زۆر زیرەکتر بوون یا زۆرتر خزمەتیان پێ کردوە [نازانم]، لە تاریخ دا چەند دەورە سیلسلە پاشای ئێرانی غەیرە فارس بوون، غەزنەوییەکان، سەلجوقییەکان، سەفەوییەکان، زەندییەکان، ساسانییەکان ئەوانە هەموو غەیرە فارسن بەڵام هەموویان زمانی دەرباریان، زمانی ڕەسمییان فارسی بووە. تەنانەت زمانی دەرباری ئیمپراتوری عوسمانی، فارسی بووە. زمان لە عێراقی عەرەبی، ماوەیەکی زۆر فارسی بووە. هەر لە دەورانی منداڵی من دا لە واقعدا ڕووناکبیرانی ئەو وەختی لە عێراقیش و تەنانەت لە بەشێکی زۆری ئێران فارسییان دەزانی. یانی ڕەخساوە کە ببێتە زمانی حاکم، زمانی گەورە، زمانی ئەوەی کە فارس پێی دەڵێ بەرتەر لە مەنتەقەدا.

**ئەم بابەتە لە پاشکۆی رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٥٢٩، تایبەت بە رۆژی جیهانیی زمانی زگماکی بڵاوبۆتەوە.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی فێبریوێری ٢٠١٠**

## خزمەتەکانی کۆڕی پەروەردەو فێرکردن بە خوێندن بە زمانی کوردی




یەکێک لە چاوەڕوانییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شۆڕشی ئێران و دەسەڵاتی سیاسیی دوای سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە، دابین بوونی مافە نەتەوایەتییەکانی بوو کە لە مێژ ساڵ بوو خەباتی بۆ دەکرد. گومانیشی تێدانیە بەرەسمی ناسرانی زمانی کوردی و خوێندن بەم زمانە لە قوتابخانەکاندا لە ریزی پێشەوەی ویست و داخوازەکانی ئەم گەلەدا، هەر لە کۆنەوە بووە ."هێشتا بنکەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شارەکان بوون کە حیزبی دیموکرات کەوتە فکری دانانی کتێبی دەرسی بە زمانی کوردی. بە تایبەتی چونکە هیوایەکی هەرچەند زۆر کەمیش بەوە هەبوو کە ڕێژیم مافی خوێندن بە زمانی زگماکی بۆ منداڵانی کورد بەرەسمی بناسێ. بەڵام کاتێک دەوڵەت، کوردستانی خستە ژێر گەمارۆی ئابووری و مەدرەسەکانی لادێی داخستن و نەخۆشخانە و دەرمانگاکانی (کە هەر لە جێش دا زۆر کەم بوون) بێ دوکتور و دەرمان هێشتنەوە، ئەرکی حیزب قورستر بووو بیرکردنەوەی خێرا لە وەڕێ خستنی قوتابخانەکانی لادێ و هێندێ نەخۆشخانە و دەرمانگا بۆ چارەسەری نەخۆش و بریندارەکان پێویستییەکی زیاتری پەیدا کرد".(١)

کۆمیتەیەکی سەرانسەری کە پێشتر بۆ دانانی کتێبی دەرسی ڕاسپێردرابوو، بەرلە دەرچوونی فەرمانی جیهادی خومەینی لە دژی خەڵکی کوردستان لە گەلاوێژی ١٩٧٩ دا، هێندێک کۆبوونەوەی کردبوو و پێشنووسی کتێبێکی دەرسیی ئامادە کردبوو.(٢) بەڵام بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕ لە کوردستان و ڕووداوەکانی دواتر، لە ساڵی خوێندنی ١٣٥٩ - ١٣٥٨ دا، پرسی خوێندن بە زمانی کوردی لە قوتابخانەکانی کوردستان دوا کەوت.

## دامەزرانی کۆڕی پەروەردەو فێرکردنی کوردستان



ساڵی خوێندنی ١٣٦٠ - ١٣٥٩ (١٩٨١ - ١٩٨٠)، لە دوای دەورەی دووهەمی هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان دەستی پێ کرد. ئەم شارو ناوچەو گوندانەی لە ژێر کونترۆڵی ڕێکخراوە سیاسییەکان و هێزی پێشمەرگە دابوون، لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە گەمارۆیەکی هەمە لایەنەیان خرایە سەر. قوتابخانەکان لەم شوێنانە داخرابوون، مامۆستاو قوتابی بێ مووچەو کتێب لە ماڵی خۆیان، بە نیگەرانییەوە چاوەڕوانی کرانەوەی دەرووبەک بوون و ئەم کاتە بەنرخانەی دەبوو لە سەر پۆل بە فێرکردن و فێربوونەوە تێپەڕیان کردبا، بە فیڕۆ دەچوو. هومێد بە ڕێککەوتن لە نێوان دەوڵەتی ناوەندی و هێزە سیاسییەکانی کوردستان نەمابوو. نەش دەکرا منداڵانی ناوچە ئازادەکان هەر وا لە چاوەڕوانیدا بمێننەوە. لێرەدا بوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بەرپرسایەتیی یەکەمی لە بەڕێوەبردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدا هەبوو، "کۆڕی بەڕێوەبەریی پەروەردەو فێرکردنی سەرانسەری کوردستان"ی پێک هێنا.(٣)

لە ڕێگەی ئەم کۆڕەوە، کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزبی دێموکرات سەرپەرشتیی قوتابخانەکان و کارو باری پەروەردەو فێرکردنی گرتە ئەستۆ. "حیزبی دێموکرات لەم مەیدانەدا سەرکەوتنی بەرچاوی وەدەست هێناو خزمەتی باشی بە پەرەپێدانی زمان و فەرهەنگی کوردی و وەڕێخستنی قوتابخانەکان کرد.(٤)

سەدان لاوی چالاک و دڵپاک بەدەم بانگەوازی کۆڕی پەروەردەو فێرکردنەوە هاتن و بە ناوی "مامۆستاکانی شۆڕش" دەرگای قوتابخانەکانیان لە سەرانسەری ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان دا کردەوە.(٥)

هاوینی ١٣٦٠ی هەتاوی (١٩٨١ی زایینی)و بە شوێن پەسندکرانی گەڵاڵەی فێرکردن و بارهێنانی کوردستان لە کۆبوونەوەی پووشپەڕی هەمان ساڵی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا، بە مەبەستی خەبات دژی نەزانی و بێسەوادی و

پەرەپێدانی عیلم و زانست لە بەشە رزگارکراوەکانی کوردستان دا، لە لایەن بەڕێوەبەریی کۆڕی پەروەردەوە چەندین خوولی پێگەیاندنی "مامۆستای شۆڕش" پێک هات. هەتا ١٥ی خەرمانان ژمارەی ئەو کەسانەی کلاسەکانی ١٥ رۆژەی بارهێنانی مامۆستایانیان بە سەر کەوتوویی تێپەڕ کرد بریتی بوون لە:

* بانە: ١٦ کەس.
* بۆکان: ٥٠ کەس.
* مەهاباد: ٧٣ کەس.
* سەردەشت :٩٠ کەس.
* پیرانشار: ٦٤ کەس،
* شنۆ: ٩٠ کەس.
* نەغەدە: ٢٥ کەس
* سەرجەم: ٤٠٨ کەس لە یەکەم نۆبەت دا دەورەی مامۆستایەتیی شۆڕشیان دیت).(٦)

بەم جۆرە لە ساڵی خوێندنی ١٣٦١ - ١٣٦٠ (١٩٨٢ - ١٩٨١)دا، کۆڕی پەروەردەو فێرکردنی سەرانسەریی کوردستان سەدان قوتابخانەی لە شارۆچکەو گوندەکانی ناوچە ئازادکراوەکان کردەوەو سیاسەتی داخستنی قوتابخانەو نەخوێندەوار هێشتنەوەی خەڵکی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوەی پووچەڵ کردەوە.

کتێبە دەرسیەکان کە لەم ساڵەدا کەڵکیان لێ وەرگیراوە، هەر ئەو کتێبانە بوون کە لە شارو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی رێژیم دا خوێندراون. دیارە کۆڕی پەروەردەو فێرکردن هەر بۆ ئەم ساڵەش، فێربوونی خوێندنەوەو نووسینی کوردیی وەکوو دەرسێک لە بەرنامەی کاری مامۆستاکانی شۆڕش دا دانا. لە یەکەم خوولی پێگەیاندنی مامۆستایانی شۆڕشیش دا، دەرسێکی تایبەت بۆ راهێنانی مامۆستایان لەگەڵ خوێندنەوەو نووسینی کوردی گونجاند. مامۆستایانی شۆڕش لە ساڵی خوێندنی ١٣٦١ - ١٣٦٠ بە یارمەتیی ئەو دەرسەو نامیلکەیەکی تایبەتی کە لە هێندێک ناوچە بۆ ئەم مەبەستە ئامادە کرابوو، وێڕای وتنەوەی دەرسەکانی دیکە بە قوتابیان، فێری خوێندنەوەو نووسین بە زمانی کوردییان دەکردن. لە بارەی شێوەی وتنەوەی کتێبە دەرسییەکان بە قوتابیان لەگەڵ ئەوەی کتێبەکان هی "وزارت ئاموزش و پرورش جمهوری اسلامی ایران" بوون و بە زمانی فارسی نووسرابوون، بەڵام چونکە هەم مامۆستاکان و هەم قوتابیان کورد بوون و خوێندن بە زمانی زگماکی یەکێک لە ئاواتە لەمێژینەکان بوو، شەرح کردنی وانەکان لە لایەن مامۆستاو وڵامدانەوە لە لایەن قوتابیان، بە زمانی کوردی بوو.

بەم جۆرە لە دوای کۆماری کوردستان، "بۆ یەکەم جار منداڵانی کورد، بە کوردی دەرسیان خوێند. مامۆستاو قوتابخانە لە سەنگەری فەرهەنگی دا، لەبەرامبەر هێرشی دوژمن راوەستان و لە ژێر بارانەی گوللەبارانی هەوایی و زەوینی دا، کۆڵیان نەداو بەم جۆرە خزمەتێکی باشیان بە زمان و ئەدەبیاتی کوردی کرد."(٧)

"خەڵکی گوندەکانی کوردستانیش بە دانی یارمەتی و دابین کردنی بژیوو بەڕێوەچوونی مامۆستایانی شۆڕش، ئەرکی نیشتمانپەروەری و نەتەوەخوازی و ئینسانیی خۆیان بۆ ڕامالینی نەخوێندەواری لە کوردستان دا دڵسۆزانەو بەرپرسانە بەڕێوە برد. هەزاران کیژو کوڕو لاو و پیری نەخوێندەواری کوردستان بە ڕۆژو بە شەو بەرەو قوتابخانەکان وەرێکەوتن و لە ژێر سێبەری دارو ئەشکەوت و کونەتەیارەو کەپرو دەوارو مزگەوت و کۆنە قوتابخانەکان دا، بۆ خوێندن بە زمانی زگماکی خۆیان ئاوردوویان بۆ سەنگەری رووناکی دەبرد.

تەنانەت لە گەلێک گوندو شوێن دا کە لە نیزامی دوو هەزارو پێنسەد ساڵەی نیزامی شاهەنشاهیی ئێران قەت خاوەنی فێرگەو قوتابخانە نەبوون، قوتابخانەی شۆڕشیان لە چەشنی خۆیدا لێ کرانەوە.

پشتیوانیی خەڵکی کوردستان لەو حەرەکەتە پیرۆزە بێ وێنە بوو. بەڕاستی هەموو پێشمەرگەکانی کوردستان، ئەوانەی نەخوێندەوار بوون، وێڕای تفەنگی سەر شانیان و فیشەکدانی قەدیان و توورەکە نانی کۆڵیان، کتێبی خوێندنی کوردیشیان لە کۆڵەپشتی دا بوو".(٨)

بۆ ساڵی خوێندنی ١٣٦٢ - ١٣٦١، ژمارەی قوتابیان و ژمارەی قوتابخانەکانیش زیادی کرد. لە گەڵ ئەوەی هێرشی ئەرتەش و سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە بەردەوام بوو و لەگەڵ هەر هێرشێک دا، ژمارەیەکی دیکە گوندو ناوچە دەکەوتنە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، بەڵام پیشوازیی خەڵک لە کۆڕی پەروەردەو خوێندن بە زمانی کوردی و بایەخدان بە خوێندنی منداڵان و گەورە ساڵان لە پەرەگرتن دا بوو. خوولی تازە بۆ پەروەردە کردنی مامۆستای نوێ و هەروەها بۆ پتر پێگەیاندنی مامۆستایانی پێشوو کرانەوە.

مامۆستایانی شۆڕش، زۆربەیان کادرو پێشمەرگەی حیزب بوون و شانبەشانی بەڕێوەبردنی ئەرکی پێشمەرگایەتی، کاری مامۆستایەتیشیان دەکرد. لە زۆر شوێن هێندێ فەقێ و مامۆستای ئایینیش وەک مامۆستای شۆڕش دەرسیان دەگوتەوە. "لەو خوولانەدا کەکۆڕی پەروەردە بۆ پێگەیاندنی مامۆستای شۆڕش کردبوونیەوە [چۆنیەتیی فێرکردنی خوێندنەوە و نووسینی] کوردی، دەروونناسی، شێوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ قوتابی، کۆمەڵناسی، شێوەی وتنەوەی وانەی بیرکاری، هەڵسوکەوت لەگەڵ گوندنشینەکان، خۆ بە دوور گرتن لە بەکار هێنانی وشەی کوردیی داتاشراو، روونکردنەوە لە سەر هەڵسوکەوت و

سیاسەتەکانی ڕێژیمەکان بە مەبەستی تواندنەوەی گەلی کورد و لەنێوبردنی زمانی زگماکی، وەک دەرس بە مامۆستایان دەگوترانەوە". یەکێکی دیکە لە مادەکانی ئەم خوولانە، چۆنیەتیی وتنەوەی کتێبی "خوێندنی زمانی کوردی" بوو کە لە سەر مێتۆدی "باغچەبان" دارێژرابوو.(٩)

لە سەرەتای ساڵی خوێندنی ١٣٦٢ - ١٣٦١ کتێبی "خوێندنی زمانی کوردی" کە حیزبی دێموکرات لە وڵاتی لوبنان چاپی کردبوو، گەیشتە دەست مامۆستایان و قوتابیانی ناوچە ئازادەکان. کۆڕی پەروەردە لە نەبوونی کتێبە دەرسییەکان بە زمانی کوردی، کەڵکی لە کتێبەکانی وەزارەتی پەروەردەو فێرکردنی ئێران وەردەگرت. بەڵام "ئاخوندە[دەسەڵاتدارە]کان تەنانەت نەیاندەهێشت کتێبی فارسی بگاتە دەستی قوتابی یە کوردی خوێنەکان و بە هەموو تواناوە پێشیان بە هاتنی دەگرت".(١٠)

**کۆڕی پەروەردە، بەرەبەرە کتێبی دەرسیی دیکەی بە زمانی کوردی ئامادە کردن. ئەم کتێبانە بریتی بوون لە:**

١- "زانستی ئەزموونی" بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتایی
٢- "ئەژمێر" بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتایی
٣- "خوێندنی کوردی" بۆ پۆلی دووەمی سەرەتایی
٤- "زانستی ئەزموونی" بۆ پۆلی دووەمی سەرەتایی
٥- "ئەژمێر" بۆ پۆلی دووەمی سەرەتایی
٦- "ژیان و خەبات(١)" فێربوونی خوێندنەوەو نووسین، تایبەتی گەورەساڵان
٧- "ڕێنوێنی مامۆستا" (بۆ کتێبی "ژیان و خەبات"، فێرکردنی خوێندنەوەو نووسینی کوردی بە شێوەی داهێنەر")

چوار کتێبی یەکەم لەم کتێبە ناوبراوانە، ساڵی ١٣٦١ (١٩٨٢) یان لە سەر نووسراوە. پێشەکیی ئەژمێرو زانستی ئەزموونی بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتایی لە مانگی ڕەزبەری هەمان ساڵدا (یەکەم مانگی کرانەوەی قوتابخانەکان) نووسراون. پێشەکیی "خوێندنەوەی کوردی" و "زانستی ئەزموونی" بۆ پۆلی دووهەمی سەرەتاییش لە مانگی ڕەشەمەی ١٣٦١ دا نووسراون.

کتێبی ئەژمێر بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتایی، وەرگێڕدراوی کتێبی "حساب"ی فارسیی پۆلی یەکەمە.

کتێبی "زانستی ئەزموونی" بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتاییش وەرگێڕدراوی کتێبی "علوم"ی پۆلی یەکەمی فارسی یە کە کراوە بە کوردی. ئەحمەدی کاکە مەمی ئەم دوو کتێبەی کردوون بە کوردی و، سەلاح وەهاب پوور و عومەر ئەورامی کاری وێنەکێشان و خۆشنووسیی ئەم دوو کتێبەیان کردوە.(١١)

کتێبیی "ئەژمێر" و "زانستی ئەزموونی" بۆ پۆلی دووهەمی سەرەتاییش، وەرگێڕدراوی کتێبی "حساب" و "علوم"ی پۆلی دووهەم بە زمانی فارسین. کاری وێنەکێشان و خۆشنووسیی "زانستی ئەزموون" بۆ پۆلی دووهەم هەر دوو کەسەکەی پێشوو سەلاح وەهاب پوور(سامڕەند) و عومەر ئەورامی (ئاسۆ) کردوویانە. کتێبی "ئەژمێر" بۆ پۆلی ٢ی سەرەتایی تاریخی پووشپەڕی ١٣٦٨ (١٩٨٩)ی لە سەرەو هیچ ئاماژەیەکیش بەوە نەکراوە کە بۆچی چاپی ئەم کتێبە لەگەڵ کتێبەکانی تردا نەبووە.

دوو کتێبەکەی تر (ژیان و خەبات و ڕێنوێنی مامۆستا)، ساڵی ١٣٦٣ (١٩٨٤) چاپ کراون.

سەرچاوەکانی ئەم وتارە لە ئەرشیڤی "کوردستانگدا پارێزراون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی فێبریوێری ٢٠١٠

---

## زمانی خوێندن لە سەردەمی جمهووریی کوردستان دا

گەشە کردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، هەموو کات بایەخ دان بە زمانی کوردیی بەدواوە بووە. لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش، دوای خەرمانانی ١٣٢٠ و لاوازبوونی دەسەڵاتی رێژیمی پاشایەتی لە کوردستان کە گەشەکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی لێ کەوتەوە، جارێکی دیکە دەرەتان بۆ بووژانەوەی زمانی کوردی پێک هات. پێشوازیی ئۆگرانی زمان و ئەدەبیاتی کوردی لە گۆڤاری "نیشتمان"ی کۆمەڵەی ژێکاف، تامەزرۆیی خەڵکی کوردستان بۆ خوێندنەوە بە زمانێک نیشان دەدا کە دوو دەیە بوو بە توندی سەرکوت کرابوو.

بایەخدان بە زمانی کوردی لەلایەن بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لەو سەردەمەدا بە رادەیەک بوو کە لە یەکەم بەیاننامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا، گرنگییەکی تایبەتی بە زمانی کوردی درا. لە بەندی دووهەمی ئەم بەیاننامەیەدا داوای مافی خوێندن بە زمانی زگماکی کراوەو گوتراوە تەواوی کاروباری ئیدارەکان لە کوردستان دەبێ بەهۆی زمانی کوردییەوە بێ.(١)

ئەمە بەم مانایە بوو دامەزرێنەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەیانزانی "زمان نیشانەی هەرە گرینگ و هەرە ئەساسیی فەرهەنگی هەموو نەتەوەیەکەو بە بە رەسمی ناسینی زمانی کوردی رێگا خۆش دەکرێ بۆ ئەوە هەم گەلی کورد بە مافی خۆی بگا و هەم بۆ پەرەپێدانی فەرهەنگی نەتەوەییش هەلومەرجێکی لەبار پێک بێ".(٢)

دوای ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٢ی رێبەندانی ١٣٢٤، جمهووریی کوردستان بە سەرۆکایەتیی پێشەوا قازی محەممەد دامەزراند، ئەم کۆمارە ئاواتێکی لەمێژینەی نەتەوەی کورد لەم بەشەی نیشتمانەکەی هێنایە دی: زمانی کوردی کرا بە زمانی رەسمی، کرا بە زمانی خوێندن و نووسین و لە ئیدارەکان دا کاری پێ کرا. تەنانەت خوتبەی رۆژانی جومعەش کرا بە کوردی. لە رێگای رۆژنامەی "کوردستان"ی زمانحاڵی کۆمارەوە، لەسەر ئەمری پێشەوا داوا لە خەڵکی مەهاباد کرا "هەر کەسێک کوڕو کچی هەبێ کە عومری ئیقتیزای خوێندن بکا، دەبێ بینێرێتە مەدرەسە" و راشگەیەندرا کە لەمەودوا خوێندن لە مەدرەسەکان بە کوردی دەبێ: (٣)

جمهووریی کوردستان باوەشی بۆ ئەو کوردانە کردەوە کە لە بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە بۆ خزمەتی کۆمارو ئەم بەشە ئازادەی نیشتمانەکەیان روویان کردبووە مەهاباد. لەم نێوەدا مامۆستایانێک کە ئەزموون و پسپۆریی وانە وتنەوە بە زمانی

کوردییان لە باشووری کوردستان هەبوو، کەلکی زۆریان لێ وەرگیرا. خوێندن بە زمانی کوردی، سنووری پایتەختی بەزاند و شارەکانی دیکە بەتایبەتی شاری بۆکانیشی گرتەوە.

**ئارچیبالد ڕۆژڤێڵت لە بارەی دەرس وتنەوەی ئەو ڕۆژانەی مامۆستایان لە قوتابخانەکاندا دەنووسێ:**

"سەرەتا مامۆستایانی کورد ناچار بوون لە پۆلەکانی دەرس گوتنەوەدا فارسی بەزار بۆ خوێندکاران وەرگێڕن. بەڵام پێش رووخانی کۆمار کتێبی فێرکردنی زمانی کوردی بۆ خوێندنی سەرەتایی چاپ کرابوون..... تەنانەت خولی ئێواران کرابوّوە بۆ لەناوبردنی نەخوێندەواری بۆ بە ساڵاچووەکان و، زمانی کوردیش بوو بە زمانی خوێندن."(٤)

دەسەڵاتی تازە دامەزراوی کورد، هەروا کە خوێندن بە زمانی زگماکی بە مافی بێ ئەم لاو ئەولای ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی دەزانی، لە دابینکردنی ئەم مافە بۆ کەمایەتییە نەتەوەیی یەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆمار غافڵ نەبوو.

لە ٣ی بانەمەڕی ١٣٢٥ (٢٣ی ئاوریلی ١٩٤٦) لە شاری تەورێز پەیمانێکی دۆستایەتی و هاوکاری لە نێوان کۆماری کوردستان و حکوومەتی میللیی ئازەربایجان دا لەلایەن دوو هەیئەتی رەسمییەوە بە سەرۆکایەتیی پێشەوا قازی و جەعفەری پیشەرەوی مۆر کرا. لە بەندی ٦ی ئەو پەیماننامە ٧ بەندییە دا هاتوە:

"حکومەتی میللیی ئازەربایجان بۆ پێشخستنی زمان و فەرهەنگی نەتەوەیی ئەو کوردانە کە لە خاکی ئازەربایجاندا دەژین و حکوومەتی میللیی کوردستانیش بۆ پێشخستنی زمان و فەرهەنگی نەتەوەیی ئەو ئازەربایجانییانەی کە لە خاکی کوردستاندا دەژین، بە پێی توانا هەوڵ دەدەن."(٥)

..... هاوکات لەگەڵ دامەزرانی قوتابخانە و بەڕێوە بردنی گەلێک چالاکیی دیکەی فەرهەنگی لە مەهاباد، قوتابخانە بۆ منداڵانی جوولەکەی نیشتەجێی ئەم شارەش دەستەبەرکرا. بۆ ئەوەی زمانی زگماکیی خۆیان فێربن و لە هەموو قۆناغەکانی فێرکاری و پەروەردەییدا لەگەڵ قوتابییانی دیکەی نیشتمان یەکسان و بێجیاوازی بن."(٦)

بە رووخانی کۆماری کوردستان چرای هومێدی کوردان لەم بەشەی نیشتمانەکەیان کوژایەوە. جارێکی دیکە رۆژگارێکی رەش لە مێژووی کورددا دەستی پێ کردەوە. نەک هەر کۆتایی بە خوێندن بە زمانی کوردی هات، بەڵکوو نووسین بە کوردی و چاپەمەنیی کوردی قاچاغ بوونەوە. پەهلەویی دووهەمیش وەک باوکی سیاسەتی زاڵکردنی زمانی فارسی و سەپاندنی وەک تاقە زمانی خوێندن لە ئێراندا درێژەدا. "سەپاندنی زمانی فارسی لە لایەن حکوومەتی پەهلەوییەوە بەسەر تەواوی

ناوچەکانی ئێراندا، جیاکردنەوەی زمانی خویندن لە زمانی زۆرایەتیی خەڵک، سەپاندنی زمانی سێیەکی خەڵکی ئێران بەسەر دوولەسێی خەڵکی وڵات بوو.... وڵات بەهۆی راسیسم و دواکەوتوویی ڕێژیمی شایەتیی پەهلەوییەوە، بە تایبەتی بە هۆی دابڕانی دوولەسێی حەشیمەت لە دایک و زمانی دایکیان، نوقمی بەرەودواگەڕانەوەیەکی سەرسوڕهێنەر بوو کە نموونەکەی لە سەردەمی ئیستادا، لە هیچ وڵاتێکدا ناتوانین بەدی بکەین."(٧)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی فێبریوێری ٢٠١٠

## ڕۆژێک بۆ وەدەنگهاتن لە ستەم و سەرکوتی زمانی

**٢١ی فێوریە، لە مێژ ساڵە بە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک ناودێر کراوە.**

بۆ ئەو نەتەوەو مرۆڤانەی بە دوور لە هەر چەشنە بەربەستو سەرکوتێک بە زمانی خۆیان دەدوێن، دەخوێننو دەنووسن، ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک، ڕۆژی جێژنو شادینواندنو شانازیکردن بە زمانەکەیانە. بۆ ئەو نەتەوەو مرۆڤانەش کە زمانەکەیان بەڕەسمی نەناسراوەو ناتوانن بە زمانی خۆیان بنووسن، بخوێننو لە داموو دەزگای ڕەسمیو دەوڵەتیو زانستی دا پێی بدوێن، ئەم ڕۆژە، واتاو ڕۆڵیکی دیکەی هەیە. بۆ ئەوان ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک، ڕۆژی بەداخبوون لە چارەنووسی خۆیانو زمانەکەیان، ڕۆژی وەبیرهێنانەوەی بێمافیو ستەملێکراوییەکانیانو، ڕۆژی دەنگهەڵبڕین دژی هەڵاواردنو بەجێمان لە کاروانی پێشکەوتنو ئازادژیانە.

بەم پێیە، بۆ نەتەوەکانی ئێران کە فارسزمان نینو هەتا ئێستاش لە سەرەتاییترین مافە نەتەوەییەکانیان، یەک لەوان مافی بەڕەسمی ناسرانی زمانەکەیان بێبەشن، ڕۆژی ٢١ی فێوریەی هەر ساڵێک، یانی ڕۆژی نوێبوونەوەو

دووپاتبوونەوەی ئەم پرسیارەیە کە ئەم بێبەشیو بێمافییە هەتا کەی؟ تاڵیی بەڕەوڕوو بوونەوە لە گەڵ ئەم پرسیارە لەوە دایە کە بزانین و ببینین ڕێژیمە دەسەڵاتدارەکانی ئێران، خاوەنی هەر سیستەمو ناوەرۆکێک بن، لە ئاست پرسی مافە نەتەوەییو زمانیەکانی نەتەوەکانی ئێران، هەر یەک سیاسەتو ڕوانین وگوتاریان هەیە. چ ڕێژیمی شایەتیی هەڵگری ئیددیعای میراتی شارستانیەتی چەند هەزارساڵە لە سەر کار بێ، چ نیزامی ئیسلامیی بە ڕواڵەت لایەنگری عەدلی ئیلاهی، بەشی نەتەوەکانی ئێران هەر ئەوەیە کە ئەگەر داوای بە ڕەسمی ناسرانی مافە نەتەوەییەکانیان بکەن، لە گەڵ سەرکوت بەرەوڕوو دەبن.

ئێران، سەرەڕای ئەو هەمووە پێهەڵگوتنەی شۆڤێنییە ڕەنگاورەنگەکانی بە شارستانیەتو مێژووی وڵاتەکەو پێشەنگایەتیی ئێرانییەکان، لە ڕووبەڕووبوونەوەو چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەییو زمانیدا، لە دواوەی هەموو وڵاتانی دراوسێی خۆشییەتی. هەموو وڵاتانی دراوسێی ئێران کە لەوانیش دا، نەتەوەو زمانی جیاواز پێکەوە دەژین، ملیان بۆ بەرەسمی ناسینی زمانە جۆراوجۆرەکانی وڵاتەکەیانو قبووڵی مافەکانی تایبەت بە هەر زمانێک ڕاکێشاوە.

لەم بارەیەوە دەتوانین عێراق، پاکستان و ئەفغانستان بە نموونە بێنینەوە. لە عێراق، دوو زمانی کوردیو عەرەبی، هەر دوویان وەک زمانی ڕەسمی لە ئاستی هەموو عێراقدا ناسراون و زمانەکانی تورکمانیو ئاشوورییش لە شوێن و ناوچەی ژیانی ئەو کەمایەتییە نەتەوەییانەدا، ڕەسمیەتیان هەیە. لە پاکستان، دوو زمانی ئۆردووو ئینگلیسی، زمانی ڕەسمیو سەرانسەرین و زمانەکانی پەنجابی، بەلووچی، پەشتوون، سیندیو سرائیکی لە ئاستی ناوچەکان دا، بەرەسمی ناسراون.

لە ئەفغانستان زمانەکانی دەریو پەشتوون هەر دوویان لە ئاستی وڵاتدا، زمانی ڕەسمین و کۆمەڵێک زمانی دیکەش لە ئاستی هەرێمو ئەیالەتەکان دا، بە رەسمی ناسراون. وڵاتێکی دیاری دیکەی ناوچە کە دراوسێی ئێرانیشەو نەتەوەو زمانی جۆراوجۆری تێدایەو ساڵانێکی زۆر وەک ئێران سیاسەتی زاڵکردنی یەک زمان بە سەر زمانەکانی دیکەداو سەرکوتکردنی نەتەوەو زمانەکانی دیکەی بەڕێوە بردوە، وڵاتی تورکیایە. بەڵام تورکیاش ڕێگای چاوخشاندنەوە بەو سیاسەتە لەمێژینەیەی گرتووەتە بەرو چاوەڕوان دەکرێ ئەم کێشە دێرینەیە بە سەرنجدان بە ڕێوشوێنەکانی پەیماننامەکانی یەکیەتیی ئورووپا کە تورکیە لە مێژە هەوڵی پەیوەستبوون بەوانی هەیە، چارەسەربکا.

ڕێژیمی ئێران، لە ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ کێشەی لەمێژینەی سەرکوتی نەتەوەییو زمانی لە نێو ئەو وڵاتەکەیدا، کە بەردەوام سەرچاوەی ناکۆکیو شەڕو ئاڵۆزیی نێوان نەتەوە بندەستەکان و دەسەڵاتی ئەو وڵاتە بووە، هەتا ئێستاش هەر لە سەر سیاسەتی ئینکارو هەڵخەڵەتاندن و خۆبواردن دەڕوا. تەنیا لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکاندا بەربژێرەکانی سەربەو ڕێژیمە سووکە ئاوڕێک لەو کێشەیە دەدەنەوە، ئەویش نەک بۆ گەڕان بە دوای چارەسەرو دابینکردنی ویستی لە مێژینەی نەتەوە بندەستەکان و ئاخێوەرانی زمانەکانی دیکە، بەڵکوو بۆ ڕاکێشانی دەنگدەرانی سەر بەو نەتەوانە بۆ سەر سندووقەکانی دەنگو بۆ وەرگرتنی دەنگەکانیان بە قازانجی سەرکەوتنی خۆیان. ئەوە کە دەنگدەرانی سەر بەو نەتەوانە، ئاوڕدانەوەو بایەخدانی بەربژێرەکانی هەڵبژاردنی سەرکۆماریو پارلمانی لە پرسە نەتەوەییو زمانییەکان، دەکەن بە مەرجو پێوەرێک بۆ هەڵویستی خۆیان لە هەڵبژاردنەکاندا، شتێکی دروستو لە جێی خۆی دایە. بەڵام ئەوە کە دوای هەڵبژاردنەکان، هەم ئەوانەی بەم ناوە دەنگی خەڵکیان وەرگرتووە هەم ئەو دەنگدەرانەی بە نیازی پێکهێنانی گۆڕان لە سیاسەتی نەتەوەییو زمانیی دەسەلاتی وڵات دەنگیان داوە، بەڵێن و چاوەڕوانیی خۆیان لە بیر دەبەنەوە، شیاوی توندترین ڕەخنەن. سەرکۆمار، نوێنەرانی مەجلیس و هەر کەسێک لە هەر ناوەندێکی قانووندانان و سیاسەتدانان و بەڕێوەبەرێتیی وڵاتدا، ئەگەر پێشتر هیچ دروشم و بەڵێنێکیشیان لە بارەی پرسێکی گرنگی وەک سەرکوتو هەلاواردنی نەتەوەییو زمانی نەدابێ، لە ئاست کێشەو گرفتە لەمێژینەکان و داواڕەواکانی خەڵکی وڵاتدا، هەر بەرپرسیارن. بەڵام ئەگەر کاربەدەستەکە، وەک سەرکۆماری ئێستا بە بەڵێنی دابینکردنی بەشێک لە مافە پشتگوێخراوەکان، زۆرترین دەنگی لە نێو نەتەوە بندەستەکانی ئێراندا کۆ کردبێتەوە، بەرپرسیارەتیەکەی لە ئاست پرسی نەتەوەییو زمانی، زۆر زیاترو، هەر بەم پێیە لە

بیربردنەوەو خۆلێبواردنیشی، شتێکی زۆر قورس دەبێ.

-------

سەپاندنی بێبەشی لە مافی نەتەوەیی و، سەرکوتو هەڵاواردنی نەتەوەیی و زمانی بە سەر خەڵکدا، ئەگەر بۆ دەسەڵاتداران، مایەی نەنگو شوورەیین و مەحکوومن، قەبووڵکردنیشیان بە تایبەت لە لایەن ئەو خەڵکەی بەرەوڕووی ئەو جۆرە بێبەشی و ستەمو هەڵاواردنانە دەبنەوە، شیاوی لۆمەو ڕەخنەیە. ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک، دەتوانێو پێویستە بکرێتە دەرفەتیک بۆ نا گوتنەوە بە قبووڵی سووکایەتی بە زمانو شوناسی نەتەوەییمان.

لە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکدا، پیرۆزبایی لە هەموو ئەوانە دەکەین کە ڕێز لە زمانەکەی خۆیانو زمانە جیاوازەکان دەگرن. سڵاو بۆ ئەوانە دەنێرین کە لە ئاست سەرکوتو هەڵاواردنی نەتەوەیی و زمانی لە ئاستی ئێراندا، بێدەنگ و بێهەلویست نین. دەسخۆشی و پیزانینیشمان بۆ هەموو ئەو کەسانە هەیە کە لە سەختترین هەلومەرجەکانیشدا، ساتێک لە پاراستنو خزمەتی زمانی کوردی غافڵ نین.

لە ژمارە ٦٧٤ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٤ی فێبریوێری ٢٠١٦

## پرسی خوێندن بە زمانی دایک لە ئێران دا بەسەرهاتی تاڵی چاوەڕوانییەکی ڕەوا!

٢ ساڵی دیکە چل ساڵی تەواو بە سەر سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانو هاتنە سەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا ڕادەبرێ. گەلی کورد لە کوردستانی ئێران کە ڕابردوویەکی دوورو درێژی لە خەبات لە گەڵ ڕێژیمی پاشایەتیدا هەبوو، چالاکانە لە سۆڕشی سەرانسەریی گەلانی ئێران دا بەشدار بوو، چونکە دەیەویست بە گۆڕانی ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی، کۆتایی بە بێبەشی لە مافە نەتەوایەتییەکانی بێ‌و لە سەر خاکو نیشتمانی خۆیو لە چوارچێوەی ئێراندا مافی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی بدرێتەوە بە خۆی، جارێکی دیکە وەک سەردەمی کۆماری کوردستان زمانی کوردی لە کوردستان ببێتەوە بە زمانی ڕەسمیو لە قوتابخانەکان پێی بخوێندرێو لە ئیدارەو دامەزراوە ڕەسمییەکانی ئەو ناوچەیە قسەی پێ بکرێ‌و کۆمەڵێک مافی دیکە کە لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان لەم گەلە ئەستێندرابۆوە، بۆی بگەڕێندرێنەوە. هەر لە ژێر ڕووناکایی ئەم ڕابردووە پڕ لە خەباتو قوربانیدانەو هەر وەها لەژێر کاریگەریی ئەم چاوەڕوانییەش دابوو کە حیزبی دیموکرات بە تایبەتیو گەلی کورد بە گشتی لە ڕۆژی یەکەمی هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی، داخوازەکانی خۆیان بە ڕوونی هێنایە گۆڕێ‌و وەبیر

دەسەڵاتدارانی تازەیان هێنایەوە کە ناتوانن دەست لەم مافانەیان هەڵ بگرنو چاوپۆشیان لێ بکەن. چونکە بە بێ وەدیهاتنی ئەم مافانەو مانەوەیان لە بێبەشیو لە ژێر سەرکوتی نەتەوەیی دا شۆڕش ئاکامو مانایەکی نەدەبوو.

بناغەکانی کۆماری ئیسلامی لە هەلومەرجێکدا پێک هاتنو دامەزراوەکانی لە بارودۆخێک دا بنیات نران کە بەشێکی بەرچاوی خەڵکی ئێران کە شۆڕشیان کردبوو، لە سەر داواو چاوەڕوانییەکانی خۆیان پێداگر بوونو بە شێوەی جۆراوجۆر ئەم پێداگرییەی خۆیان نیشان دەدایەوە. کۆنترۆڵی کەشوهەوا سیاسیی ئێران لە دوو ساڵی یەکەمی هاتنە سەرکاری ئاخوندەکاندا، هێشتا بە تەواوی نەکەوتبووە دەستی دەسەڵاتدارانی نوێ. حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانو ڕۆژنامەو بلاوکراوەی ئازاد، سەرەڕای پێناخۆشبوونی تاقمی بە دەسەلات گەیشتوو، هەبوونو وەک دەڵێن : ئەمری واقیع" بوون. لە کوردستانیش جگە لە پێداگری لە سەر داواو چاوەڕوانییە لە مێژینەکان، خەڵک لە دەوری حیزبی دیموکراتو هێزە سیاسییەکانی دیکە کۆ بوونەوەو پشتیوانیی هەموو لایەنەیان لێ دەکردن بۆ ئەوەی لە ڕێگای وتوویژو دانوستانەوە بێ یا لەڕێگای خۆڕاگریو بەرگری کردن لە خۆیان، ئەم مافانەیان بە دەسەڵاتی تازە بسەلمێنن. پێکهاتەی یەکەم مەجلیسەکان یا دەورەی یەکەمی مەجلیسەکانی دامەزرێنەران(کە ناوی نرا خوبرەگان)و مەجلیسی شوورای میللی( کە ئەویش ناوی مەجلیسی شوورای ئیسلامی لێ نرا) بە جۆرێک بوون، کە هێشتا مەجالێکو مەیدانێک بۆ هێنانەوە گۆڕی چاوەڕوانییەکانی خەڵکی

شۆڕشکردوو، مابۆوە. لە ژێر کەشوهەوایەکی سیاسی و شۆڕشگێڕانەی لەم چەشنەدا کاتێک یاسای بنەرەتیی وڵات(دەستوور)ی ئێران دارێژراو پەسند کرا، کۆمەڵێک لە مافەکانی خەڵک لە بواری جۆراوجۆر دا، دیارە بە کلکو گوێکراوی نیوەچڵی، لەو دەستوورەدا رەنگیان دایەوەو دانیان پێدانرا. ویستی خوێندن بە زمانی پێکهاتە نەتەوەییە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی ئێران لە قوتابخانەکان یەک لەو مافانە بوو کە بە جۆرێک لە جۆرەکان لە ئەسلی ١٥ی دەستووری ئێران دا ڕەنگی دایەوە.

چارەنووسی ئەم ویستەی نەتەوەی کوردو نەتەوە نافارسەکانی دیکەی ئێران، لە زۆر بارەوە شیاوی هەڵوێستە لە سەر کردنە. خودی ویستی خوێندنی گەلێک، نەتەوەیەکو پێکهاتەیەکی نەتەوەیی‌و زمانیی چەند میلیۆنی بە زمانی خۆی، بەشێکی کەم‌و بچووکە لە کۆی مافە سیاسی‌و نەتەوەییەکانیان. بە تایبەتی ئەگەر لەوەش ورد بینەوە کە ئەو مافە لە چاوەڕوانیی "بە رەسمی ناسران"و" مافی خوێندن بەو زمانانە لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا" بووە بە " ئازادبوونی خوێندنی ئەدەبیاتی ئەو زمانانە لە تەنیشت زمانی فارسی لە قوتابخانەکاندا"! ئەو کات پتر هەست بە بچووکی‌و کلکو گوێکرانی مافەکە دەکەین. بەو حاڵەش پاشی تێپەڕینی نزیکەی ٤٠ ساڵ بە سەر تەمەنی کۆماری ئیسلامی‌و پەسندکرانی دەستووری نوێدا، نەک هەر ئەم ئەسلە جێبەجێ نەکراوەو بەڕێوە نەچووە، بەڵکوو هەتا ئێستاش هەر کاندیدایەکی سەرکۆماری‌و هەربەربژێرێکی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی کە بیانهەوێ دەنگی نەتەوە نافارسەکانی ئێران بۆ لای خۆیان رابکێشن، ئەم ئەسلەیان وەبیر دێتەوەو بە بەڵێنی جێبەجێکردنەکەی، بازاڕگەرمییەک لە جەنگەی ململانێی هەڵبژاردندا بۆ خۆیان وەڕێ دەخەن. ناخۆشتر لەم گاڵتەکردنە بە هەستو عەقڵی خەڵکیش ئەوەیە هەر کە بازاڕی هەڵبژاردن کۆ کرایەوەو کەریان لە جۆگەی "چاوەڕوانییە قەومییەکان"ی دەنگدەری نەتەوە نافارسەکانی ئێران پەڕییەوە، یا بەڵێنەکەی خۆیان لە بیر دەبەنەوەو هەتا سەروبەندی هەڵبژاردنێکی دیکە، ئاوڕێکیشی لێ نادەنەوە، یا ئەگەر لە توێی هێماو ئیشارەیەکیش دا، باسی" پێویستیی خوێندنی زمانو ئەدەبیاتی قەومیەتەکانی ئێران لە قوتابخانەکان دا "کرد، دەسبەجێ نافەرهەنگستانو کۆمەڵێک ناوەندو دامەزراوەی دیکە دێنە سەر خەتو مەترسیی "شێوانی ئەمنیەتی نەتەوەیی" و لاوازبوونی زمانی فارسی وەک هەودای برایی‌و پێکەوە بەستنەوەی نەتەوە سەردەستو بندەستەکانی ئێران و "ئەنجامە خراپەکان"ی دیکە جێبەجێکردنی ئەسلە ٤٠ سال پشتگوێخراوەکەیان، وەبیر دێننەوە. بە جۆرێک دیکەن بە هاتوهاوارو وەها داواکارانو لایەنگرانی ئەم جۆرە ویستو داوایانە دەدەنە بەر پەلامار، کە لە ترسی تاوانبارکران بە خەیانەتی سیاسی‌و ئەمنیەتی، سەریان بەرنەوە نێو قاپێلکی خۆیانو قسەکەیان دەجێی خۆی بکەنەوە!

زۆر تاڵە کە دەبینین دوای نزیکەی ٤٠ ساڵ هەوڵدانو بە دواداچوونی دڵسۆزانی زمانی زگماکی‌و نەتەوەیی لە نێو نەتەوەکانی کورد، تورک، بەلووچ، عەرەبو هتدی ئێرانو دوای ئەو هەمووە کایەی سیاسی‌و "گەمەی هەڵبژاردن"ی دەسەڵاتداران بەو ئەسلەی دەستووری ئێران، سەرئەنجام کێوی دابینکردنی چاوەڕوانییەکی ڕەوای نەتەوە نافارسەکانی ئێران،

لە سەردەمی کلیلە گۆیا سێحراوییەکەی حەسەن ڕۆحانی دا ترەکیو جرجە مشکێکی بوو، بەڵام چ جۆرە جرجە مشکێک؟! لەو ناوچانەی ئێران کە خەڵکی نافارسیان لێ دەژین، لە هێندێک قوتابخانە، دەکرێ قوتابیان بە دڵخوازی خۆیان لە تەنیشت دەرسو خوێندنی ڕۆژانەی خۆیان، ئەدەبیاتی یەکێک لەو ٣ زمانە(عەرەبی، ئینگلیزیو زمانی دایکیان) بخوێنن!! ئێستا وای دادەنێین حکوومەت کتێبو مامۆستاشی لە ڕادەو ئاستی ئەم بڕیارەدا بۆ خوازیاران دابین کرد، ئایا لەم جۆرە بە دەنگەوەهاتنی ویستێکی لەمێژینەو مافێکی ڕەوای کۆمەڵێک نەتەوەی چەند میلیۆنیی ئێران، بۆ خۆی گەورەترین بێڕێزی بە هەستو شوعوورو مافەکانی ئەوان نیە؟! ئەمە نەک جێگای پێزانینو دەسخۆشی نیە بەڵکوو شایانی ئەوەیە بە ڕاشکاوی بە حەسەن ڕۆحانیو ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بگوترێ مافی زمانیو نەتەوەیی ئێمە شتێکی زۆر لەوە گەورەترە. نە بەو هەمووە ماندوو کردنو لە چاوەڕوانیدا هێشتنەوەمان دەست لە مافی ڕەوای خۆمان هەڵ دەگرین، نە بەوجۆرە "کردنەوەی قفڵ"و ئەم چەشنە بە دەنگەوەهاتنە شەرمێونانەیەتان، چاومان دەنووسێ.

لە ژمارە ٦٩٨ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٨ی فێبریوێری ٢٠١٧

## کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەرانسەریی کوردستان"



### بەڕیوایەتی ئەمر حەمە ڕەسووڵ حەسەنپوور

### لە ئەرشیفی خۆمەوە (١٠)

یەکێک لەو شتە گرنگانەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان و لە ماوەی دەسەڵاتداریی کۆمار و دواتر لە هەرهەلومەرجێک دا کە دەستی ڕۆیشتووە خەمی لێ خواردوە، بایەخدان بە زمانی کوردی و خزمەتکردنی بووە. وەڕێخستنی خوێندن بە زمانی کوردی و پشتگیری و هاندانی فێرکردنی خوێندنەوە و نووسین بەو زمانە، بۆ ئەم حیزبە ئەرکێکی هەمیشەیی بووە.

دوای شەڕداسەپاندنی ڕێژیمی خومەینی بە سەر خەڵکی کوردستاندا و گەمارۆی هەمەلایەنەی شار و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە کە داخستنی قوتابخانەکان و خۆ بێخاوەنکردنڕێژیمی تازە لە مامۆستایان و قوتابییانی ئەو ناوچانەشی گرتەوە، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، "کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەرانسەریی کوردستان"ی پێک هێنا و، هەرەوەزێکی گەورە و هەر لەو کاتە دا بە نرخی بۆ وەڕێخستنەوەی قوتابخانەکان و خوێندن بە زمانی کوردی لەو قوتابخانانەدا دەست پێکرد. چەندین خولی پەروەردەی مامۆستایانی شۆڕشی پێک هێنا و چەندین کتێبی دەرسیی بە زمانی کوردی چاپ کرد. دیارە کۆمەڵەش لە ناوچەی بۆکان و چەند ناوچەی دیکە هەنگاوێکی لەو چەشنەی نا (کە بە بەراوەرد لە گەڵ هی حیزبی دیموکرات، زۆر بەرتەسکتر بوو). من لە نامەی ماستەری خۆم"خوێندن بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی

کوردستان" کە ساڵی ٢٠١٠ ئامادە و پێشکەشم کرد، وردتر باسی ئەو هەوڵانەم کردوە.




ئەمڕۆ بە دەرفەتی دەزانم دەسخەتێکی نەمر مامۆستا حەمە ڕەسووڵ حەسەنپوور کە یەکێک لە کەسایەتییە شوێندانەرەکانی کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەرانسەری بوو، بڵاو بکەمەوە. ئەو دەسخەتەی کاک حەمەرەسووی زیندەیاد، وڵامدانەوەن بە کۆمەڵێک پرسیاری ئەز لە بارەی کاروباری کۆڕی پەروەردە و فێرکردن کە کاتی خۆی لە تویژینەوەکەی خۆم دا، سوودم لێ وەرگرتوون. دیارە لە ئیستاوە تا ڕۆژی ٢١ی فیوریە کە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکە، بە دەرفەتی دەزانم کۆمەڵێک لەو جۆرە زانیاری و دەسخەت و دۆکیۆمێنتانە بڵاو بکەمەوە. داوای لێبووردنیش دەکەم کە ناتوانم سەرلەنوێ بەڵگە نامەکان تایپ بکەمەوە. چونکە جگە لەوەی بارودۆخی جەستەییم یارمەتیم نادا، لە ڕاستی دا ئەوەندەش کاتی بە تاڵم نیە.

هەر بۆ نموونە بڕواننە ئاماری ساڵی ١٣٦١ - ١٣٦٢(١٩٨٢ - ١٩٨٣ی زایینی) و پاش وردبوونەوە لە ژمارەی قوتابخانە و مامۆستا و قوتابییانی ئەو ساڵە، لای خۆتان هەڵوێستەیەک بکەن لەسەر شوێنەوارە درێژخایەنەکانی خوێندن بە زمانی کوردی لە سەر ئەو قوتابییانە و خەڵک بە گشتی. بزانن زۆر لەو کەسانەی دواتر لە نێو حیزبی دیموکرات و تەنانەت لە نیوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بوون بەکەسە دیارەکانی بواری ئەدەب و ڕۆشنبیری، گەرای کوردایەتی و شوناسخوازی و هۆگری بەزمانەکەی خۆیان هەر لەو قوتابخانانە، لەلای مامۆستایانی شۆڕش و لە فەڕ و بەرەکەتی ئەو کتێبە کوردییانەی قوتابخانەکانی شۆڕش چووە نێو هەست و نەست و مێشکەوە. ئەمەش دەیسەلمێنێ ئەو شتەی پیی دەوترێ "نەتەوەسازی"، لە ڕێڕەوی کار و کردەوەی لەم چەشنە بنیاتنەردا، لە مێژە دەستی پێ کردوە وشتێکی تازە نیە.



**ئەم یادکردنەوەیەم لە پێشدا پێشکەش بێ بە گیانی کاک حەمەرەسووڵ حەسەنپوور کە مامۆستایەتی و کتێب و قوتابخانە و خوێندن و پێگەیاندن، گەورەترین و گرنگترین دڵخۆشی و شانازی و سەرمایەکانی ئەو لە ماوەی نزیک بە ٦٠ ساڵ تێکۆشانی لە ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتدا بوون، هەروەها بە خاتوونی خۆڕاگر و سەربەرز هوما خانم، هاوسەر و گەورەترین پشتیوانی ڕەوانشاد کاک حەمەرەسووڵ لە سەختەڕێی خەبات لە هەر دوو سەردەمی ڕێژیمی شایەتی و ڕێژیمی ئاخوندەکان دا.**

**لە داهاتووش دا لەم بارەیەوە بابەت و بەڵگەم دەبێ کە پێشکەشتانی بکەم:**

**زۆر بەڕێز کاک قادر وریا**

**وێرای سڵاو!**

**داوات کرد بوو هێندێ زانیاریت لە سەر مامۆستایانی شۆڕش و قوتابخانەکانی سەر بە کۆڕی پەروەردە بۆ بنووسم، ئەوە لە خوارەوە تا ئەو جێیەی ئاگادارم هێندێ شتت عەرز دەکەم:**

**١- کتێبی ژیان و خەبات دوو بەرگ بوو، بەڵام بەرگی دووهەمیان کە لە لایەن خوالێخۆشبوو (طه عتیقی) یەوە ئامادە کرا بوو بە هۆی کەمووکووڕی کەڵکی لێوەرنەگیرا.**

٢- کتێبی خوێندنی زمانی کوردی "ڕێنوێنی مامۆستا "ی نەبوو، مامۆستاکان بە ئیبتکاری خۆیان وانەکەیان دەگوتەوە و زۆریش تێیدا سەرکەوتوو بوون.

٣- ساڵی خوێندنی (٦١ - ١٣٦١) لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان قوتابخانەکانی شۆڕش لە سەر داواکاری حیزب بە تایبەت لە شاروچکە و گوندەکاندا (ئەو جێیانەی لە ژێر کۆنترۆڵی هێزی پێشمەرگە دابوون)، کرا بوونەوە. (ئاماری ئەو ساڵە هاوپێچی ئەم نووسراوەیە).

٤- پێش ئەوەی کتێبە کوردییەکان بگەنە دەست مامۆستایان (تەنیا خوێندنی کوردی بۆ پۆلی یەکەم گەیشتبوو). باقی کتێبەکان تا پۆلی سێهەمی (راهنمایی) هی (ئاموزش و پرورش)ی ڕێژیم بوون و مامۆستاکان بە کوردی لە سەر پۆلەکان وەریان دەگێڕایەوە دەیانگوتەوە.

٥- ئەو ناوچە و گوندانەی کۆڕی پەروەردە قوتابخانەی تێدا کردبوونەوە لەگەڵ ئامارەکەیاندا هاوپێچی ئەم نووسراوەیە.

٦- ئەو خولانەی کۆڕی پەروەردە بۆ پێگەیاندنی مامۆستای شۆڕش کردبوونیەوە وانەکانی: (کوردی، دەروونناسی، شێوەی هەڵسووکەوت لەگەڵ قوتابی، کۆمەڵناسی، شێوەی وتنەوەی دەرسی بیرکاری، هەڵسووکەوت لەگەڵ گوندنشینەکان، خۆ بە دوور گرتن لە بەکار هێنانی وشەی کوردی داتاشراو، ڕوونکردنەوە لە سەر هەڵسووکەوت و سیاسەتی ڕێژیمەکان سەبارەت بە تواندنەوەی گەلی کورد و لە نێو بردنی ئاسەواری زمانی زگماکی گەلی کورد و ... بوون.

٧- تا ساڵی ١٣٦٨ زۆربەی کتێبەکانی تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی کران بە کوردی و لە لایەن حیزبەوە چاپکران و دران بە قوتابییان و مامۆستایان.

٨- کتێبی ئەلف و بێ کوردی کە بۆ پۆلی یەکەم دانرا بوو تەنیا خاڵێکی لاوازی کە تێیدا بوو ئەوە بوو کە بە پێی سیلسیلە مەراتیبی پیتەکان دانەبەزیبوو و پاش و پێشی پیتەکان بەرچاو بوو ئەگینا لە بوارەکانی دیکە دا باشبوو، (یەکەم جار لە وڵاتی لوبنان چاپکرا).

٩- ئاماری ساڵی خوێندنی ٦٢ - ١٣٦١ لەگەڵ ئەم نامەیە دایە، ژمارەی خولەکانی مامۆستایان زۆر بوون. یەکەم خول لە گوندی دێگەی ناوچەی سەردەشت کرایەوە. پاشان هەر لە سەردەشت لە دێی مووسالان و لە ناوچەکانی دیکەش کرانەوە بەڵام هەموویانم لەبیر نییە.

١٠- هەروەک باسکرا لەزۆربەی ئەو ناوچانەی لە ژێر کۆنترۆڵی هێزی پێشمەرگە دا بوون کۆڕی پەروەردە تێکۆشانی هەبوو (لە ئامارەکە دا بە ڕوونی ئەمە دەردەکەوێ). لە ناوچەی سنە کاک دوکتۆر خەلیقی (کە تازە هاتبۆ ڕیزی حیزبەوە) هەوڵ و ماندوو بوونی زۆری نواند، هەروەها لە ناوچەی مەریوان کاک عەلی مێهرپەروەر هەوڵی زۆری بۆ کردنەوەی قوتابخانەکان داوە. ئەندامانی کۆڕی پەروەردەی سەرانسەری کوردستان لە سەرەتاوە بریتی بوو: لە (کەماڵ خالدی، محمد قادری "شنۆ"، خۆم "سەردەشت"، پاشان عومەری امیر خضری).

شەهید غەفووری هەمزەیی لە ناوچەی بانە بۆ کردنەوەی مەدرەسەکان هەوڵی زۆری دا و کتێبی دەرسی بۆ کۆڕ پەیدا کرد.

سوپاس

حەمەرەسووڵ حەسەنپوور

١٢ - ١١ - ١٣٨٨

**تێبینی**:

لە خاڵی ٣ی نامەکەتدا باسی گەمارۆی ڕێژیم لە سەر کوردستان دەکەی (ساڵی خوێندنی ٦٠ - ٥٩) ئەو کات خوێندن هەبوو و ئێستا کۆڕی پەروەردە پێک نەهاتبوو، بەڵام زۆر گەرم و گوڕ نەبوو و حکوومەتی بوو.

١- ڕۆژی ١٢ی پووشپەری ١٣٥٩ حیزب لە بەیاننامەیەکدا داخستنی (آموزش و پرورش)ی ئەستانی کوردستانی (بێجگە لە سارەکانی قروە و بیجار)ی مەحکووم کرد بوو.

٢- ڕێکەوتی ٧ی خەرمانانی ١٣٥٩ لە ژێر ناوی (فراخوان حزب دمکرات کردستان ایران بمناسبت نزدیک شدن سال تحصیلی ٦٠ - ١٣٥٩) بڵاو کردەوە و لەوێدا داوا لە خەڵکی کوردستان کرابوو لە ڕێگای پێکهێنانی شۆڕاکان خەرجی پەروەردە و فێرکردنی گەلیی دابین بکەن ...

٣- ڕێکەوتی ڕۆژی یەکەمی ڕەزبەری ١٣٦٠ حیزب لە ژێر ناوی "ئاگاداری دەسفتەری سیاسی ح.د.ک.ا ) بە بۆنەی سەرەتای ساڵی تازەی خوێندنی بڵاو کردبۆوە و لەوێدا لە کۆتاییەکەیدا نووسرا بوو:" هیوادارین لە ساڵی داهاتوودا بتوانین کلاسەکانی دەرسی لە هەلوومەرجێکی باشتر و لە بارتردا ئامادە بکەین ...

## ئاماری تەرتیبی مامۆستا و قوتابیانی سەر بە کۆڕی پەروەردە بۆ ساڵی خوێندنی ٦٣ - ١٣٦١

| ریز | ناوی ناوچەکان | ڕادەی قوتابخانە | پۆل | قوتابی | مامۆستا | قوتابخانە | پۆل | قوتابی | مامۆستا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ناوچەی ورمێ | ١١ | ١ تا ٥ | ١٣٥ | ١٣ | ٥ | ١ تا ٣ | ٦٥ | ٥ |
| ٢ | ناوچەی شنۆ | ١٩ | ١ تا ٥ | ٢١٥ | ١٩ | ٣ | ١ تا ٣ | ٧٥ | ٦ |
| ٣ | ناوچەی نەغەدە | ٦ | ١ تا ٥ | ٧٥ | ٨ | ١ | ١ تا ٣ | ٤٥ | ٣ |
| ٤ | ناوچەی پیرانشار | ٢١ | ١ تا ٥ | ٣٨٠ | ١٨ | ٨ | ١ تا ٣ | ٦٨ | ٩ |
| ٥ | ناوچەی سەردەشت | ٢٥ | ١ تا ٥ | ٣٤٥ | ١٩ | ٥ | ١ تا ٣ | ٥٧ | ٧ |
| ٦ | ناوچەی مەهاباد | ٣٥ | ١ تا ٥ | ٤٢٥ | ١٦ | ٧ | ١ تا ٣ | ٧٤ | ٨ |
| ٧ | ناوچەی بانە | ١٤ | ١ تا ٥ | ١٥٢ | ١٩ | ٣ | ١ تا ٣ | ٦٨ | ٦ |
| ٨ | ناوچەی سەقز | ١٧ | ١ تا ٥ | ١٢٦ | ١٤ | ٣ | ١ تا ٣ | ٤٥ | ٤ |
| ٩ | ناوچەی هەوشار | ٧ | ١ تا ٥ | ٩٦ | ٤ | ١ | ١ تا ٣ | ١٨ | ٣ |
| ١٠ | ناوچەی مەریوان | ١٩ | ١ تا ٥ | ٢٥٦ | ١٤ | ٤ | ١ تا ٣ | ٣٤ | ٣ |
| ١١ | ناوچەی کامیاران | ٧ | ١ تا ٥ | ٩٥ | ٥ | ١ | ١ تا ٣ | ٣٥ | ٢ |
| ١٢ | ناوچەی دیواندەرە | ٥ | ١ تا ٥ | ٦٨ | ٤ | ١ | ١ تا ٣ | ٢٥ | ٢ |
| ١٣ | ناوچەی سنە | ١٩ | ١ تا ٥ | ٣٢٥ | ٢٢ | ٩ | ١ تا ٣ | ١٠٩ | ١١ |
| ١٤ | ناوچەی بۆکان | ٢١ | ١ تا ٥ | ٢٢٠ | ١٦ | ٧ | ١ تا ٣ | ٧٤ | ٨ |
| | کۆی گشتی | ٢٢٦ | | ٢٩٠٣ | ٢٠٢ | ٦٢ | | ٨١٠ | ٦٣ |

**تێبینی:**

١- مامۆستاکان زۆربەیان کادر یان پێشمەرگەی حیزب بوون و لەگەڵ بەڕێوەبردنی ئەرکی پێشمەرگایەتیدا کاری مامۆستاییشیان لە سەر شان بوو. لە زۆر شوێن هێندێ فەقێ و مامۆستای ئایینیش دەرسیان دەگوتەوە.

٢- قوتابییەکان بێجگە لە منداڵان م پێشمەرگەی نەخوێندەوار و بنەماڵە و خەڵکی ئاوایی‌یەکان بوون.

٣- مامۆستای ئەوتۆ هەبوون کە دەرسی سەرەتایی و (ڕاهنمایی) شیان دەگوتەوە.



کۆڕی پەروەردە (کە ئەو کات لە ژێر ناوی کۆڕی پەروەردە و بارهێنان) دا کاری دەکرد، پاشان ناوی (بارهێنان) لە لایەن هێندێ دۆستی ڕواڵەتی کرابوو بە (بارلێنان)، ئەوە بوو حیزب کردی بە، کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەرانسەری کوردستان و بەڕەسمی لەڕۆژی یەکەمی ڕەزبەری ۱۳۶۰دا دەستی بەکار کرد. لەهاوێنی ۱۳۶۱دا ئامادەکاری زۆری بۆ کردنەوەی مەدرەسەکان لە لایەن کۆڕی پەروەردەوە لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان کرا و ڕۆژی ۱ی ڕەزبەری ئەو ساڵە بە سرووەدی نەتەوایەتی: "ئەی ڕەقیب" کاری مەدرەسەکانی سۆڕش دەستی پێکرد، لە هێندێ مەدرەسەی دەوروبەری شارەکان کە لە لایەن (آموزش و پرورش)ی حکوومەت بەڕێوە دەچوون منداڵان بە بێ گوێدان بە ڕاسپاردەی حکوومەت بەرگی کوردییان دەپۆشی و سرووەدی ئەی ڕەقیب یان دەخوێندەوە و پاسان حکوومەت پێشی پێگرتن.

## نووسینەی دەقی نامەکان: ماڵپەری گیارەنگ

دەقی نامەکان بە دەست خەتی ڕەوانشاد کاک حەمەڕەسووڵ حەسەنپوور لە خوارەوە وەک خۆیان داندراونەوە و هیوادارین کە خوێنەران کەڵک لەم ئامار و زانیاریانە وەر بگرن.

نووسینەوە: حەمەڕەسووڵ کەریمی

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ۱۰ی جانێوێری ۲۰۱۹

## هەڤپەیڤین لە گەڵ بەڕێز ڕەسووڵ ئاریا

**(یەکێک لە بەڕێوەبەرانی کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەرانسەریی کوردستان)**





١ Friday, February 12, 2010 9:01 AM

-کتێبی "ژیان و خەبات هەر بەرگێک بوو یان دوو؟ چونکە لەسەر بەرگی ئەم کتێبەی تایبەت بە فێربوونی خوێندنەوەو نووسینی گەورە ساڵان (ساڵی ١٣٦٣) چاپ بووەو نووسراوە: "ژیان و خەبات" (١)؟

ئەوکات تازە بەرگی یەکەمی گەڵاڵە کرابوو نە دوو بەرگ.

٢. ئایا هەروا کە "ژیان و خەبات" کتێبی "ڕێنوێنی ماموستا" ی هەبوو، کتێبی خوێندنی زمانی کوردی (١) (تایبەت بە منداڵان) یش کتێبی "ڕێنوێنی ماموستا" ی هەبوو؟




**لە ئەرشیڤی خۆمەوە(١٣)**

**ئەم وتووێژەش، ساڵی ٢٠١٠ بە مەبەستی سوود وەرگرتن لە زانیارییەکانی بەڕێز کاک ڕەسووڵ ئاریا یەکێک لە بەڕێوەبەرانی کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەرانسەریی کوردستان، بۆ ئامادەکردنی نامەی ماستەری خۆم لە سەر "خوێندن بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان" کراوە. ئەم بابەتەش دەخەمە بەر سەرنجی هۆگرانی پرسی خوێندن بە زمانی کوردی. سپاس بۆ بەڕیز کاک حەمەرەسووڵ کەریمی کە زەحمەتی دووبارە تایپکردنەوەی کێشا. دەتوانن لە سایتی گیارەنگیش ئەم بابەتە بخوێننەوە:**

**پرسیار: کتێبی ژیان و خەبات هەر بەرگێک بوو یان دوو؟ چونکە لە سەر بەرگی ئەم کتێبەی تایبەت بە فێربوونی خوێندنەوە و نووسینی گەورە ساڵان (ساڵی ١٣٦٣) چاپ بووە نووسراوە: "ژیان و خەبات" (١)؟**

**وەڵام: کتێبی ژیان و خەبات تا ئەو جێگایەی من لە بیرمە خانمی مریەمی ئەردەهاڵی کە خۆی فارسی زمانە و کوردیشی نە دەزانی بە یارمەتی خانمی پەروین حەسەنخاڵی کە لە دەفتەری سیاسی دانیشتبوون نوسراو و بۆ نەزەر لە سەردان ناردیانە کۆڕی سەراسەری بۆ نەزەر لە سەردان. دواى ئەوەی ئەوکات کوڕ چاوی پێداخشاندوە بڕیار درا کە بۆ دەسپێک لە هیچ**

باشترە بڕیار درا کە پەسند بکرێ. من لە بیرمە کە گرفتی عەسڵی بە رای من ئەوە بوو کە مریەم خانم لە نەزریاتی سیمینی باغچەبان بۆ دابەشکردنی زمانی کوردی کەڵکی وەرگرتبوو کە بە نەزەری من (ڕەسووڵ ئاریا) غەڵەت بوو. بۆ وێنە نووسیبووی لە کوردیسا وەک فارسی وشەی بێ بزوێن نیە! بەڵام من چەند وشەی بێ بزوێنم لە کۆبوونەوەدا باسکرد کە تەنانەت ئەندامانی کۆڕیش سەریان سوڕما. وشەکانی وەک کزن، بزن کە لە موکریاندا من دەمزانی کە بزوێن ناگرن. بەڵام بە هۆی ئەوەی کە نەماندەزانی ئەو دیاردەیە لە ناو دیالێکتەکانی دیکەشدا هەیە یا نا، شتەکە پیویستی بە لێکۆڵینەوەی زۆرتر هەبوو کە شتەکەمان زۆر زەق نەکردەوە.

ئەو کات تازە بەرگی یەکەمی گەڵاڵە کرا بوو نە دوو بەرگ.

**پرسیار**: ئایا هەروا کە "ژیان و خەبات" کتێبی "ڕێنوێنی مامۆستا"ی هەبوو، کتێبی خوێندنی زمانی کوردی (١)، (تایبەت بە منداڵان) یش کتێبی "ڕێنوێنی مامۆستا" ی هەبوو؟

**وەڵام**: نا ڕێنوێنی بۆ گوتنەوەی وانەکان نەبوو. بەڵام کەسانێک کە وەک مامۆستای شۆڕش وەردەگیران هەر وا بە گوترەکاری نەبوو. لەکاتی پشوودانی هاوین و بەر لەوەی مامۆستا وەرگیرابا، دەبوو بەشداری دەورەکانی تایبەتی کردبا. لەو کورشانەدا: ئەندامانی کۆڕ کە زۆربەیان پسپۆڕێ شێوازی وانەگوتنەوە، دەروونناسی، ماتەماتیک، سرووشتناسی، فیزیک، شیمی، تەبیعی و ئەدەبیات بوون، مامۆستاکانیان ڕادەهێنا کە تا رادەیەکی زۆر کەم و کوڕیەکانی کەم دەکردەوە.

**پرسیار**: ساڵی خسوێندنی ١٣٦٠ - ١٣٥٩ کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی گەمارۆی خستبووە سەر ناوچە ئازادەکانی کوردستان، ئایا خوێندن لە ناوچە ئازادەکان هەبوو؟ لە کام ناوچە هەبوو؟ لە چ ئاستێک دا هەبوو (سەرەتایی، ناوەندی و....)؟

**وەڵام**: ڕێژیم لە ساری مەهاباد و ناوچەی موکریان و زۆربەی ناوچەکانی کە دەسەڵاتی بە سەریدا نەبوو، دەستووری داخستنی قوتابخانەکانی دەرکرد. لە ساری مەهاباد مامۆستاکانی هەموو دەورەکان خۆیان تەرخان کرد کە بێ وەرگرتنی مووچە حازرن دەرس بڵێن ئەو بڕیارەش لە ئەنجوومەنی (کۆڕی) فەرهەنگیانەوە دەرکرا و قوتابخانەکانیش کرانەوە. لە دێهاتەکانیش کە هیزە سیاسییەکان مەجبوور بە دامەزراندنی کۆڕی پەروەردە و فێرکردن بوون. ناوچەی موکریان کە من خۆم بەشداری بووم، اوچەکانی دیکە نازانم.

**پرسیار**: پێش ئەوەی کتێبەکانی "کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەراسەری کوردستان" بگەنە دەست مامۆستایان، خوێندنی

**کوردی و زانستەکانی دیکە (زانستی ئەزموون، بیرکاری و....) بە هۆی (بە یارمەتی) چ جۆرە کتێبێک تەدریس دەکران؟**

**وەڵام**: کتێبی کوردییەک کە تایبەتی راهاتن بە کوردی بوو. هەر ئەو کاتی کە تازە ڕێژیم رووخا بوو، ژنێمە هەر لە ئەنجوومەنی فەرهەنگیدا لە مەهاباد خەریکی ڕێک و پێک کردنی ئەو کتێبە بووین و تەنانەت هاتە هانامان و کاتێکی باش بوو کە کەوتینە تەنگانە کەڵکی لێ وەرگیرا. لە سارەکاندا هەروەک رابردوو لە پۆلی ٢ بۆ سەرەوە لە کتێبە فارسییەکان کەڵکمان وەردەگرت. بەڵام لە پلی ١ کوردییەک لە جێگای فارسی ١ دەخوێندرا. دەمان ویست ساڵ بە ساڵ تا کلاسی ٤ بە کاوەخۆ کوردی جێنشینی فارسی بکەین و لە ساڵی ٥ وە فارسیش بخوێندرێ.

**پرسیار**: تکایە ئەو ناوچانە و ئەو گوندانەی کە کۆڕی پەروەردە، قوتابخانەی لێ کردبوونەوە، وێرای ژمارەی تەقریبی قوتابیانیان، ناوبەرە؟

**وەڵام**: من بە تەواوی ناتوانم وەڵامی بدەمەوە، من کە کۆڕم تەحویل دا تەقریبەن کۆڕ هاتبوە لای گەلاڵێ و کۆنفرانسی ئاڵ و گۆڕ لەوێ پێکهات و مەسئولی بەشی ماڵی کۆڕ کاک ئەمیری قادری بوو کە بەداخەوە فەوتی کردووە. بەڵام ئەو سوێنانەی من لە بیرم بێ و بەڕیوەبەرم بۆ کۆڕ دیاری کرد بێ و بیرم یارمەتیم بکا بۆت دەنووسم. ناوچەی سنە (کاک ئەمیر پاساخانی) ناوچەی مەهاباد (حوسێن ڕەحمانی) ناوچەی سەردەشت (خواڵێخۆشبوو مەلا محەممەد، محەممەد قادری) ناوچەی بۆکان، نەغەدە، پیرانشار، دیواندەرە، ساین قەلا، سەقز و کامیاران، بانە و مەریوان و ڕەنگە زۆری تریش بێ کە بەداخەوە نەمتوانی ناوی مەسئولی کۆڕەکان لە ناو () بنووسم.

**پرسیار**: لەو کلاسە تایبەتییانەدا کە کۆڕی پەروەردە بۆ پێگەیاندنی مامۆستا پێکی دێنان، چ ئامووزشێک دەردا؟

**وەڵام**: هەروەک لە سەرەوە باسم کرد، ئەندامانی کۆڕ هەموویان هەڵبژاردە و شیاوی ئەو کارە بوون کە یەکیان فەوق لیسانسی وانەگوتنەوە بوو، دووهەمی لیسانسی ڕیازی و دەورەی یەکساڵەی تەربیەت موعلیمی دیتبوو کە شێوازی وانە گوتنەوە، ڕەوانناسی مناڵ خوێند بوو، ٣ هەیان لیسانسی ریازی ٤ لیسانسی تەبیعی ٥ لیسانسی علوم اجتماعی، هەر کام لەوانە بۆ راهێنان و بەرز کردنەوەی زانستی مامۆستایانی شۆڕش وانەکانی تایبەت بە بواری خۆیان (شێوازی دەرس گوتن، ڕوانناسی مناڵ، ڕیازی، شیمی، فیزیک، تەبیعی، ئەدەبیات و ئابووری) دەرس دەگوترا و بە تایبەت لە کاتی پێویستدا لە پسپۆڕانی ناو حیزب و کوردستان و ناو شارەکان کەڵکمان وەردەگرت. بە تایبەت لە بیرمە بۆ کورشی هاوینی لە گاگەش بۆ گوتنەوەی ڕێزمانی کوردی لە حیزب یارمەتیمان وەرگرت.

**پرسیار**: کۆڕی پەروەردە تەینا کتێبەکانی پۆلی یەکەم و دووەمی سەرەتایی و کتێبی "ژیان و خەبات" ی ئامادەو چاپ کرد. ئەدی خوێندن له پۆلەکانی سێهەم و چوارەم و پێنجەم دا چۆن بوو؟ کتێبەکان ئایا هەمان کتێبەکانی "آموزش و پرورش" ی ئێران بوون؟ شەرحی دەرس به کوردی یان به فارسی بوو؟

**وەڵام**: بەڵێ وابوو.

**پرسیار**: ئێستا کە ئاوڕ له سەردەمی مامۆستایەتی خۆت دەدەیەوە، له سەر شێوازی ئەو کاتی خوێندن به کوردی به تایبەتی له پۆلی یەکەم دا چ تێبینییەکت هەیە؟ (مەبەستم له فێرکردنی ئەلفوبێ و ڕێنووس به گوێری کتێبەکانی ئەو کاتە). خاڵە لاواز و بەهێزەکانی کتێبی ئامادەکراو یا کتێبە ئامادەکراوەکان چ بوون؟

**وەڵام**: نه ئێستا و نه ئەوکات له ئەلفوبێی ناو کتێبەکان ڕازی بووم ، کوردی یەکێک له زمانە پڕ دەنگەکانی تاقانەی دنیایە کە من له دانشگای سئێد دەرسێکم هەڵبژارد کە تایبەت به دەنگەکان بوو، بۆ وێنە ئوساتدەکەی من دەیتوانی دەنگی ئا بە ٥ شێوە دەربڕێ تەنیا من وەک کورد دەمتوانی لاسایی بکەمەوە و ٣ یا ٤ دەمەلاسکە بکەم، کە ئەوە خۆی سرنج ڕاکێشە. ئەروانە کوردەکان چۆن خەریکن کە دەنگەکان هەڵپەرتێون یا بیانسڕننەوە.

دەیانەوێ بڵێن ع ـ غ ـ ح ـ خ ... کورد پێویستی پێی نییە، نازانن کە دەنگەکان چ پلەیەکیان هەیە. کورد ٢ جۆر ل: ڵ ـ ر:ڕ هەیە بە هەمان شێوە دوو جۆر ک هەیە وەک کارت و کێرد کە کاف له موکریاندا وەک یەک نایەنەوە یان دوو جۆر گاف هەیە وەک گێڕ و گڕ، گورگ، کێبوردی تایبەت به کوردی نییە، لایان وایە ئەوە موشکلی فرە دەنگی زمانی کوردیيە. هیوام وایە کە کورد و کوردی زاناکان دەنگە نزراوەکانی ناو کوردی ببیننەوە و نە هێڵن لەوە زیاتر سەر و گوێلاکی بشکێ.

نه کتێبی ای کوردی کە خۆشم بۆ نووسینی کۆڵە سوچێکم به دەست بوو به دڵمە نه کتێبەکانی ئێستا، کتێب بۆ مناڵان و قوناخەکانی تەمەن، دەبێ شیاوی وێنەی سرووشتی ناوچەی ژیان، هەڵس و کەوتی ڕەوتی مێژوو و کولتوریسەردەم و بابەت، جوڵێنەری هەست و بزوێنی تاقگەی هێز، گەمەی دابەزینی مەبەست بێ.

دڕۆشانەوەی جەوهەری زانست بێ له بنەرەتەوە یانی له پۆلی ١ تا ئاخر هەمووی پێگەی هەڵێنجاو بێ له سرووشت بۆ تێگەیشتن و پێگەیشتن، کە ئەوە ڕەچاو ناکرێ و زۆرتر فاتیحایە خوێندنە بۆ ڕووحانەتی زانست و عیلم.

**پرسیار**: ئەگەر لە سەر ڕووبەری ناوچەی تێکۆشانی کوڕی پەروەردە، ژمارەی مامۆستایان و قوتابخانەکان و قوتابییەکان، ژمارەی دەورەکانی پێگەیاندنی مامۆستا و لە ئاستی کوردستانیش دا، زانیاریت هەیە بۆم بنووسە.

**وەڵام**: ئەوەم تا ئەو رادەی دەمزانی وەڵام دایەوە.

**پرسیار**: ئایا لە ناوچەکانی دیکە (جگە لە موکریان) کوڕی پەروەردە، تێکۆسانی هەبوو؟ (مەبەستم لە سەقز بۆ خوارەوەیە: سەقز، سنە، مەریوان، دیواندەرە، سنە کامیاران و هەورامان و....)

**وەڵام**: بەڵێ تەنانەت ناوی بەرپوەبەری کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سنە لە ناو پەرانتیزدا نووسراوە یانی کاک ئەمیر پاشاخانی بوو.

نووسینەوە: حەمەرەسووڵ کەریمی

سەرچاوە" ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٥ی جانیۆیری ٢٠١٩

---

# وەڕێخستنی خوێندن بە زمانی کوردی لە لایەن کۆمەڵەوە

## لە هەڤپەیڤینێک لەگەڵ بەڕێز ناسر حیسامی دا




### لە ئەرشیڤی خۆمەوە(١٢)

٩ ساڵ لەمەوبەر کە خەریکی نووسینی نامەی ماستەری خۆم لە ژێر ناوی "خوێندن بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان" بووم، پێوەندیم بە کۆمەڵێک کەسی پێوەندیدار بە خوێندنی زمانی کوردییەوە گرت. یەک لەو کەسانە بەڕێز کاک ناسر حیسامی بوو کە کاتی خۆی ئەندامی "کۆمیسیۆنی فێرکردن و بارهێنانی کۆمەڵە" و لە پێشەنگانی وەڕێخستنی خوێندن بە کوردی لە لایەن کۆمەڵەوە بووە. من لە توێژینەوەکەی خۆم دا جگە لەو وڵامانەی کاک ناسر بە پرسیارەکانم، لە بیرەوەرییەکانی ئەویش لەو پێوەندییە دا کە لە وێبلاگەکەی خۆی بڵاوی کردوونەوە، سوودم وەرگرتوە. بەڵام دیارە نەمدەتوانی هەموو ئەو وتوێژانەی کردبوومن و هەموو ئەو زانیارییانەی وەدەستم هێنابوون، لە توێژینەوەکەم دا بگونجێنم.

لە مێژ بوو لە دەرفەتێک دەگەڕام بۆ بڵاو کردنەوەیان بۆ ئەوەی بیانخەمە بەر سەرنجی هۆگران و خوازیارانی زانیاری لە بارەی حەرەکەتی پیرۆز و جێی شانازیی خوێندن بە زمانی کوردی لە ناوچە ئازادەکانی پارێزراو بە هۆی پێشمەرگەوە. سپاسی کاک ناسر دەکەم کە فایلی وۆردی ئەم هەڤپەیڤینەی لای خۆی پاراستبوو و زەحمەتی دووبارە تایپکردنەوەی لە کۆڵ کردمەوە.(سەرنجراکێش ئەوەیە ئەمشەو کە ئەم بابەتەم بۆ بڵاوکردنەوە ئامادە دەکرد، دیتم ڕێک ٩ ساڵ لەمەوبەر لەم تاریخە دا ١٤ - ١ - ٢٠١٠، کاک ناسر ئەم وڵامانەی بۆ ناردوومەوە!):

کاک قادر وریای بەڕێز! سڵاوێکی گەرم. وەڵامی پرسیارەکان کە بۆ ئێوەم ناردبوو، بۆ کاک ڕەشادی مستەفا سوڵتانیشم ناردبوو. لە کۆتایی نووسراوەکەدا، کاک ڕەشدا چەند تێبینیی خۆی نووسیوە. ئەوە دیسان وەڵام و پرسیارەکانت بە تێبینییەکانی کاک ڕەشادیشەوە بۆ دەنێرم. من نووسیبووم، کتێبەکان بە چاپی ڕەنگی لە عێراق چاپ کران. کاک ڕەشاد دەڵێ لە عێراق چاپ نەکران و لە ئاڵمان چاپ کران. ئەوەم بە تەواوی لە بیر نییە. ڕەنگە هەروابێ کە کاک ڕەشاد نووسیویەتی. تکایە لە کۆتاییدا، تێبینییەکانی کاک ڕەشاد چاو لێ بکە.

برات ناسر

----------------------------------------

**پرسیار**: فکرەی خوێندن لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە، لەنێو کۆمەڵە دا چۆن دروست بوو؟

**وەڵام**: وەکوو فیکر، تێکۆشەرانی سیاسیی چەپ، هەر لە زووترەوە، بایەخیان بە چۆنیەتیی پەروەردەکردنی خوێندکاران دەدا. زۆر لە تێکۆشەرانی چەپ هەوڵیان دەدا ببنە مامۆستای خوێندنگە بە تایبەت لە ئاواییەکان و گەڕەکە هەژارنشینەکانی شارەکان. لەم بابەتەوە، ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی ناسراوی کۆمەڵە کە مامۆستای خوێندنگەکان بوون، لە سەردەمی شادا و دواتر لە سەروبەندی ڕاپەڕیندا، بەوە بەنێو بانگ بوون کە هەوڵ دەدەن بۆ کارکردنی دڵسۆزانە لە نێو خوێندنگەکان و بۆ فێرکردن و پەروەردەکردنی خوێندکاران. بەڵام لە سەردەمی دەسەڵاتی پێشمەرگەدا، ئەو کارە کاتێک بە شێوەی سەرەکی چووە قۆناغی جێبەجێکردن کە لە شاری بۆکان و ئاوایەکانی ناوچەکە، ساڵی خوێندنی ١٣٦٠ی هەتاوی، حکوومەت خوێندنگەکانی داخست. "جەمعییەتی دیموکراتیکی موعەلیمانی تێکۆشەر بۆ داکۆکی لە مافی فەرهەنگییان" کە لەو سەروبەندە دا بۆ داکۆکی لە مافی ئەو موعەلیمانە پێکهاتبوو کە بە بۆنەی تێکۆسانی سیاسی "پاکسازی" کرابوون و حکوومەت لە خوێندنگەکان دەری کردبوون، بڕیاری دا خوێندنگەکانی بۆکان بکاتەوە. ئەندامانی جەمعییەت، بە شێوەی سەرەکی لایەنگری کۆمەڵە بوون، بەڵام کەسانی سەربەخۆ و ناحیزبی و هەروەها لایەنگر و ئەندامی حیزبەکانی دیکەش، لەوانە حیزبی دێموکراتی کوردستان و چریکە فیداییەکان و هیدیکەش هەبوون کە ئەندامی "جەمعیەت" بوون. جەمعییەتەکە، پاییزی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی خوێندنگەکانی بۆکانی کردەوە.

**پرسیار**: کۆمیسیۆنی فێرکردن و بارهێنانی کۆمەڵە چ ساڵێک و، چۆن دامەزرا؟

**وەڵام**: پاییزی ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی دامەزرا. شاری بۆکان پاییزی پێشتر، گیرابووەوە. ئەندامانی "جەمعییەت" دوای

ئەوەی لە بۆکان هاتنەدەر، تا ڕادەیەکی زۆر، بڵاو بوونەوە. ئەوانەی حیزبی بوون، هەرکەس لە گەڵ حیزبی خۆی، چوونە شوێن و ناوچەی جۆراوجۆر. بەڕێوەبەرێتیی "جەمعییەت" تا ماوەیەک لە ئاجیکەند بوو. هەندێک مەدرەسەی لە ناوچەکانی سەقز، بانە، بۆکان، مهاباد و سەردەشت کردەوە. "جەمعییەتی دیموکراتیک" بەشێکی گەورەی مەیدانی کاری خۆی کە داکۆکی لە مافی فەرهەنگییان بوو لە دەست دابوو. ئەندامەکانی زۆربەیان، لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی حیزبەکان کەوتبوون. پاییزی ١٣٦١ی هەتاوی، ناوەندیی کۆمەڵە بڕیاری دا "کۆمیسیۆنی فێرکردن و بارهێنانی کۆمەڵە" پێک بهێنرێ.

**پرسیار**: کتێبە دەرسییەکان چۆن ئامادە کران؟ نێوەرۆکی کتێبە دەرسییەکان لەبەر ڕووناکایی چ ئامانجێک دا، داڕێژران؟ دەستەی ئامادەکار چ کەسانێک بوون؟ ئەرکیان چ بوو؟

**وەڵام**: پێشتر کاتێک هێشتا لە بۆکان بووین، کتێبێکی "ئەلفوبێ" بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتایی ئامادەکرابوو، بەڵام پێم وایە چاپ نەکرا. لە ئاجیکەند، ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایان لە بنکەی ناوەندیی "جەمعییەت" کۆبوونەوە و دەستەیەک بۆ نووسینی کتێبەدەرسییەکان دانرا. پێی دەگوترا "هیئت تدوین کتابهای درسی". ئەندامەکانی زیاتر لە بیست کەس بوون. بە چەندگرووپ دابەش بوون:

١- گرووپی خوێندنی کوردی: دەبوو کار لەسەر ساغکردنەوەی ڕێنووسی کوردی بکا و کتێبی خوێندنی کوردی بنووسێ. بۆ پۆلی یەکەم، دووهەم و سێهەمی سەرەتایی کتێبی خوێندنی کوردیی نووسی.
٢- گرووپی گەورەساڵان: دەبوو کتێبی دەرسی بۆ گەورەساڵانی نەخوێندەوار بنووسێ. بڕیار درا کتێبەکانی فێرکردنی گەورەساڵان بە فارسی بنووسرێن. گرووپەکە دوو کتێبی بۆ ئاستی یەکەم و دووهەمی فێرکردنی گەورەساڵان، بە فارسی نووسی.
٣- سێ گورووپی زانستی، ماتماتیک و کۆمەڵایەتی: دەبوو کار بکەن لە سەر نووسینی کتێبی پەیوەندیدار بە هەر بوارێک بۆ قۆناغی سەرەتایی.

ژمارەیەک لە ئەندامانی دەستەی نووسین، ئێستا لە شارن و ناتوانم ناویان بێنم. چەند کەسمان کە لە "جەمعییەتی موعەلیمان" ئەندامی دەستەی نووسینی کتێبە دەرسییەکان بووین و دواتر لە کۆمیسیۆنی فێرکردن و بارهێنانی کۆمەڵەشدا کارەکەمان درێژە پێدا، ئەوانە بووین:

ڕەحیمی تلووعیفەڕ، ڕەشادی مستەفا سوڵتانی، هاوکارێکی دیکە و من. دوو کەسی دیکەش لە دەستەی نووسینی جەمعییەت

بوون و نەهاتنە دەستەی نوسینی کۆمیسیۆن کە بریتی بوون لە کەسیک کە بە ناوی (حەمید) دەماننناسی، پێم وایە خەڵکی خوراسان و ئەندامی ڕێکخراوی چریکە فیداییەکان بوو. هەروەها خانمی شەهلا ئیلخانیزادە.

**لە کۆمیسیۆنی فێرکردن و بارهێنانی کۆمەڵە، ئەم کەسانە ئەندامی دەستەی نووسینی کتێبە دەرسییەکان بوون:**

محەممەدی میسری (خەڵکی مهاباد)، عەتای خوڵقی (سنە)، شەهلا دانیشفەڕ (تاران)، ڕەشادی مستەفا سوڵتانی (مەریوان)، نادری قازی ناسراو بە ئازاد (مهاباد)، ڕەحیمی تلووعیفەڕ (بۆکان)، (...) خەڵکی ناوچەی موکوریان و، هەروەها من.

عەتا و شەهلا بەشێوەی سەرەکی وانەی کتێبی فارسی بۆ گەورەساڵانیان دەنووسی، بەڵام لە کۆبوونەوەی دەستەی نووسیندا لەسەر ناوەرۆکی وانە کوردییەکانیش بەشداربوون. ڕەحیم، بە تایبەتی شارەزای شێوەی داڕشتنی وانەی پۆلی یەکەم بوو.

لە کۆبوونەوەکاندا، هێڵی گشتیی نووسینی کتێبەکان و چوارچێوەی هەر وانەیەک دیاری دەکرا و، هەرکەس گەڵاڵەی وانەیەکی ئامادە دەکرد. دوایی لە کۆبوونەوەی دەستەی نووسیندا، گەڵاڵەکە قسەی لەسەر دەکرا و دوای دەکارکردنی تێبینییەکان پەسند دەکرا. کتێبی "ئەلفوبێ" بۆ پۆلی یەکەم، زۆربەی هەرەزۆری وانەکانی، بە هەموومان لە کوبوونەوەی دەستەدا کارمان لەسەر دەکردن.

بۆ ناوەرۆکی دەرسەکان هەوڵمان ئەوە بوو ڕوخساری کۆمەڵگای کوردستان وەک کۆمەڵگایەکی شاری بەرچاو بخرێ، یەکسانیی ژن و پیاو لەبەرچاو بگیرێ، ئایین لە خوێندن و پەروەردە جیا بکرێتەوە، ژیانی چینە ژێردەست و چەوساوەکان وجیاوازیی چینایەتی بناسێنرێ و، هەروەها کوردستان وەک وڵاتێکی داگیرکراو و دابەشکراو پێناسە بکرێ.

**پرسیار**: کۆمیسیۆنی فێرکردن و بارهێنانی کۆمەڵە، کام یەک لەم دوو ئەزموونەی لە کاری خۆی دا زیاتر وەبەرچاو گرتبوو: ئەزموونی خوێندن بە کوردی لە کوردستانی عێراق یا خوێندن بە منداڵان لە نیزامی ئامووزشیی ئێران دا؟

**وەڵام**: بۆ شێوازی ڕاهێنان و داڕشتنی دەرسەکان، ئەو شێوازە ڕەچاو دەکرا کە لە سیستمی خوێندنی ئێراندا باو بوو، بەڵام بۆ هەڵبژاردنی بابەتەکان و ناوەرۆکی کتێبەکان، لە سەرچاوەی جۆراوجۆرمان دەڕوانی و لەوانەش کتێبەکانی خوێندن لە کوردستانی عێراق.

**پرسیار**: ئەم کتێبانەی کۆمیسیۆنی فێرکردن و بارهێنانی کۆمەڵە چاپی کردوون، نیشان دەدەن کە کۆمیسیۆنی زیاتر خوێندەوار کردنی منداڵانی مەبەست بووە. ئەی بۆ خوێندەوارکردنی گەورەساڵان، کۆمیسیۆن چ بەرنامەیەکی هەبوو؟

**وەڵام**: بۆ خوێندەوارکردنی گەورەساڵان، دوو کتێب نووسران، بەڵام بە فارسی. لێکدانەوەکە ئەوە بوو کە بۆ گەورەساڵان زیاتر ئەوە بەکار دێ بۆ پەیوەندیگرتن لە گەڵ کۆمەڵگای ئێران، ڕۆژنامەخوێندنەوە، کار پەیدا کردن و ...هتد.

**پرسیار**: ئەو شارو ناوچانەی کۆمیسیۆنی فێرکردن و بارهێنانی کۆمەڵە، قوتابخانەی تێدا کردبووەنەوە، کامانە بوون؟

**وەڵام**: ژمارەیەک لە ئاواییەکانی سەردەشت، بانە، مهاباد، بۆکان و سەقز.

**پرسیار**: هیچ ئامارو ئەرقامێکتان لەبارەی ژمارەی قوتابییەکان و قوتابخانەکان هەیە (ئەوانەی کۆمیسیۆنی فێرکردن و بارهێنانی کۆمەڵە بەڕێوەی دەبردن)؟

**وەڵام**: نا. بەداخەوە، من لە لام نییە. وام لە بیرە لە نێوان ٦٠ هەتا ٧٠ خوێندنگە بوون.

**پرسیار**: ئایا هیچ هەماهەنگی و هاوفکرییەک لەگەڵ حیزبی دێموکرات لە پێوەندی لەگەڵ کردنەوەی قوتابخانەکان و خوێندەوار کردنی منداڵان لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدا هەبوو؟ ئەگەر نەبوو، هۆیەکەی چ بوو؟

**وەڵام**: بۆ کردنەوەی خوێندنگەکانی بۆکان، ئەو هاوئاهەنگییە هەبوو. دواتر، هەندێک گرفت هاتە پێش و، خوێندنگەیەک بەو مامۆستایانە سپێردرا کە لایەنگر و ئەندامی حیزبی دیموکرات بوون. لە ئاواییەکان، نا! بە داخەوە ئەو هاوئاهەنگییە نەبوو. لە هەندێک جێگا، لەسەر ئەوە کە کۆمەڵە یان حیزبی دیموکرات خوێندنگە بکاتەوە، نێوان ناخۆشیش دەهاتە پێش. لە هەندێک ئاوایی هەرتک لا بە جیا خوێندنگەیان هەبوو. هۆی ئەو نارێکی و ناتەباییەش بە بڕوای من ئەوە بوو کە ململانێی حیزبەکان لەسەر دەسەڵات هەتا هات پەرەی گرت و، پێویستیی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگاکە و داهاتووی ئەو پەروەردەکردنە چووە ژێر سێبەری ململانێی دەسەڵات و، کردنەوەی خوێندنگەکانیش، بەم جۆرە بوو بە بەشێک لە ململانێی کۆمەلە و حیزبی دیموکرات.

**پرسیار**: هەزینەی چاپی کتێب و وەڕێخستنی قوتابخانەکان و خوێندن بە کوردی لە ناوچەی نفووزی کۆمەڵە، چۆن دابین دەکرا؟ یارمەتیی خەڵک لەم نیوەدا لە چ ئاستێک دا بوو؟

**وەڵام**: مامۆستاکان پێشمەرگانە کاریان دەکرد و، خەرجیان هەر نان و جلوبەرگ بوو، وەک هەر پێشمەرگەیەکی دیکە. خوێندنگەکان، زۆربەیان، پێشتریش ئاوەدان بوون و ئاوەدانکردنەوەیان خەرجێکی وای نەدەویست. سووتەمەنی و خەرجی قەڵەم و کتێب، خەڵکی ئاواییەکان و، خانەوادەی خوێندکاران خۆیان دابینیان دەکرد. کتێبەکانی پۆلی یەکەم و دووهەم و سێهەمیش سەرەتا لە چاپخانەی کۆمەڵە بە ڕەش و سپی و دواتر لە عێراق بە چاپێکی باش، چاپ کران. خەڵک لە زۆر جێگە، بە دڵگەرمی پێشوازییان لە کردنەوەی خوێندنگەکان دەکرد و، خەرجی دابینکردنی سووتەمەنی و قەڵەم و دەفتەری خوێندکارانیان دەگرتە ئەستۆ.

**پرسیار**: ئێستا کە ئاوڕ لەم هەوڵە دەدەیەوە، چۆنی هەڵدەسەنگێنی؟ هەر لە شێوازی فێرکردن تا نێوەرۆکی کتێبەکان و هتد؟

**وەڵام**: پێم وایە یەکێک لە کارە هەرە بەنرخەکانی دەورەی ئەمدواییەی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردستانە، بە تایبەتی لەبەر ئەوەی سەلماندبووی خوێندن لە کوردستانی ئازاد دەبێ بە کوردی بێ.
شێوازی فێرکردن و ناوەرۆکی کتێبەکان، گەرچی لە چاو ڕابوردوو باشتر بوون و پەیوەندێکی زیاتریان لە گەڵ ژیانی خەڵکی کوردستان هەبوو، بەڵام بێ عەیبیش نەبوون. گرفتەکە ئەوە بوو کە بە هۆی هەلومەرجی بزووتنەوەکە و کۆمەڵگاکە، حیزبەکان نەیانتوانی لە هێزی فیکری و توانایی هەموو ڕووناکبیران وپسپۆڕانی کۆمەڵگاکە بۆ نووسینی کتێبەکان و بناغەدانانی شێوازێکی نوێی پەروەردە و فێرکردن کەڵک وەرگرن. کارەکە، وەک زۆر کاری دیکەی ئەو سەردەمە، پێشمەرگانە کرا، دوایەش چووەبەر سێبەری هەندێک شتی دیکە لە ڕوانینی حیزبەکاندا. هەڵبەت گرفتی سەرەکی ئەوە بوو کە ناوچەکان داگیر کرانەوە، بەڵام پێش ئەوەش، ململانێی دەسەڵاتی کۆمەڵە و دێموکرات و سەرەتاکانی شەڕی ناوخۆ، وردەوردە جێگەیان بە کاری فێرکردن و بارهێنان لە ناوچە ئازادەکان لێژ کردبوو.

١٤ - ١ - ٢٠١٠

-------------------------

**سەرنجەکانی کاک رەشاد مستەفا سوڵتانی لە سەر وەلامەکانی کاک ناسر حیسامی:**

**کاک ناسری هێژا و خۆشەویست!**

**سلاو و رۆژ باش.**

من نمتوانی هەڵە، یان کەم و کورێک لە وەلامەکاندا پەیدا کەم. وڵامەکان لە بار و گونجاون. بەڵام پێم وایە ئەمانە لە قەلەم داکەوتبون و وەک پێشنیار بەراوردی بکەن.

* چونکوو ئەم مەتڵەبە چاپ دەکرێت، باشترە بنوسری ئاوایی ئاجیکەند.

* ئەلفوبێ پۆلی یەکەمی سەرەتایی چاپیش کرا، بەڵام لە بۆکان بە جێ ما و لە ناو چوو. تەنانەت نوسخەیەکی نەگەیشتە دەستی کۆمەڵە. من وام لە بیرە ،ئێتر خۆتان خاوەن مەتڵەبن.

* تکایە لە وتارەکەدا، لە باتی وشەی "من" بنوسرێ ناسر حیسامی. من نیگەران دەبم ڕەنگە ناوەکەت لە بیر

بچێت. با قسەیەکیش بۆ دز بکەین. زەحمەتی هەرە زۆری نوسینەکان لە سەر شانی تۆ کەوتبوو. ئەگەر چی من لە کتێبی کاک فوئاد ئاماژەی تەواوم پیکردووە. لەو کۆبونەوانەدا، تەوازوعی جەنابتان هەرگیز لە بیر ناکرێت.

* کتێبەکانی پۆلی یەکەم، دووهەم و سێهەمیش سەرەتا کۆمەڵە بە ڕەش و سپی و دواتر بە یارمەتی لایەنگرێکی دلسۆزی کۆمەڵە لە وڵاتی ئاڵمان بە ڕەنگی سوور و رەش چاپ کران. تا ئێستا نەمبیستوە لە بەغداد چاپ کرابن.

سپاس بۆ روونکردنەوەکانت و ئێتر خۆشیتان

ڕەشاد

٩ - ٢ - ٢٠١٠*

**(*) دیارە بە سەرنجدان بە تاریخی وەڵامەکانی کاک ناسر حیسامی دەبێ کاک ڕەشاد مانگی ٩ی مانگی ١ ئەو نامەیەی بۆ کاک ناسر ناردبێت نەک ٩ی مانگی ٢. (قادر وریا)**

وەڵامەکانی کاک ناسر حیسامی بۆ پرسیارەکانم

کاک قادر وریای بەڕێز! ئەوە وەڵامی پرسیارەکانت بۆ دەنێرمەوە. ئەگەر پرسیاری دیکەت لا دروست بوو، ئاگادارم بکە. ئەو پرسیار و وەڵامانە بۆ یەکدوو هاوکاری دیکەش دەنێرم بزانم چی لێ زیاد دەکەن.

برات ناسر

**١. فکرەی خوێندن لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە، لەنێو کۆمەڵە دا چۆن دروست بوو؟**

وەکوو فیکر، تێکۆشەرانی سیاسیی چەپ، هەر لە زووترەوە، بایەخیان بە چۆنیەتیی پەروەردەکردنی خوێندکاران دەدا. زۆر لە تێکۆشەرانی چەپ هەوڵیان دەدا ببنە مامۆستای خوێندنگە بە تایبەت لە ئاواییەکان و گەڕەکە هەژارنشینەکانی شارەکان. لەم بابەتەوە، ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی ناسراوی کۆمەڵە کە مامۆستای خوێندنگەکان بوون، لە سەردەمی شادا و دواتر لە سەروبەندی ڕاپەڕیندا، بەوە بەناوبانگ بوون کە هەوڵ دەدەن بۆ کارکردنی دڵسۆزانە لە نێو خوێندنگەکان و بۆ فێرکردن و پەروەردەکردنی خوێندکاران. بەڵام لە سەردەمی دەسەڵاتی پێشمەرگەدا، ئەو کارە کاتێک بە شێوەی سەرەکی چووە قۆناغی جێبەجێکردن کە لە شاری بۆکان و ئاوایەکانی ناوچەکە، ساڵی خوێندنی ١٣٦٠ی هەتاوی، حکوومەت خوێندنگەکانی داخست. "جەمعییەتی دیموکراتیکی موعەلیمانی تێکۆشەر بۆ داکۆکی لە مافی فەرهەنگییان" کە لەو سەروبەندە دا بۆ داکۆکی لە مافی ئەو موعەلیمانە پێکهاتبوو کە بە بۆنەی تێکۆسانی سیاسی "پاکسازی" کرابوون و حکوومەت لە خوێندنگەکان دەری

خانەوادەی خوێندکاران خۆیان دابینیان دەکرد. کتێبەکانی پۆلی یەکەم و دووهەم و سێهەمیش سەرەتا لە چاپخانەی کۆمەڵە بە ڕەش و سپی و دواتر لە عیراق بە چاپێکی باش، چاپ کران. خەڵک لە زۆر جێگە، بە دڵگەرمی پێشوازییان لە کردنەوەی خوێندنگەکان دەکرد و، خەرجی دابینکردنی سووتەمەنی و قەڵەم و دەفتەری خوێندکارانیان دەگرتە ئەستۆ.

**١٠ . ئێستا کە ئاوڕ لەم هەوڵە دەدەیەوە، چۆنی هەڵدەسەنگێنی؟ هەر لە شێوازی فێرکردن تا نێوەرۆکی کتێبەکان و هتد؟**

پێم وایە یەکێک لە کارە هەرە بەنرخەکانی دەورەی ئەمدواییەی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردستانە، بە تایبەتی لەبەر ئەوەی سەلماندبووی خوێندن لە کوردستانی ئازاد دەبێ بە کوردی بێ.

شێوازی فێرکردن و ناوەرۆکی کتێبەکان، گەرچی لە چاو ڕابوردوو باشتر بوون و پەیوەندیکی زیاتریان لە گەل ژیانی خەڵکی کوردستان هەبوو، بەڵام بێ عەیبیش نەبوون. گرفتەکە ئەوە بوو کە بە هۆی هەلومەرجی بزووتنەوەکە و کۆمەڵگاکە، حیزبەکان نەیانتوانی لە هێزی فیکری و توانایی هەموو ڕووناکبیران وپسپۆڕانی کۆمەڵگاکە بۆ نووسینی کتێبەکان و بناغەدانانی شێوازێکی نوێی پەروەردە و فێرکردن کەڵک وەرگرن. کارەکە، وەک زۆر کاری دیکەی ئەو سەردەمە، پێشمەرگانە کرا، دوایەش چووەبەر سێبەری هەندێک شتی دیکە لە ڕوانینی حیزبەکاندا. هەڵبەت گرفتی سەرەکی ئەوە بوو کە ناوچەکان داگیر کرانەوە، بەڵام پێش ئەوەش، ململانێی دەسەڵاتی کۆمەڵە و دیموکرات و سەرەتاکانی شەڕی ناوخۆ، وردەوردە جێگەیان بە کاری فێرکردن و بارهێنان لە ناوچە ئازادەکان لێژ کردبوو.

٢٠١٠/١/١٤

١

زۆر بەڕێز کاک قادر وریا

وێڕای سڵاو!

٤



| ژ | ناوی ناوچەکان | ژمارەی قوتابخانە | پۆل | قوتابی | کۆڕ | قوتابخانە | پۆل | قوتابی | مامۆستا | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | سەرەتایی | | | | ڕاهنمایی | | | | |
| ١ | ناوچەی ورمێ | ١١ | ٥١٥ | ١٣٥ | ١٣ | ٥ | ٣٤٦ | ٦٥ | ٥ | |
| ٢ | « شنۆ | ١٩ | « | ٢١٥ | ١٩ | ٣ | « | ٧٥ | ٦ | |
| ٣ | « نەغەدە | ٦ | « | ٧٥ | ٨ | ١ | « | ٤٥ | ٣ | |
| ٤ | « پیرانشار | ٢١ | « | ٣٨٠ | ١٨ | ٨ | « | ٦٨ | ٩ | |
| ٥ | « سەردەشت | ٢٥ | « | ٣٤٥ | ١٩ | ٥ | « | ٥٧ | ٧ | |
| ٦ | مەهاباد | ٣٥ | « | ٤٢٥ | ١٦ | ٧ | « | ٧٤ | ٨ | |
| ٧ | « بانە | ١٤ | « | ١٥٢ | ١٩ | ٣ | « | ٦٨ | ٦ | |
| ٨ | « سەقز | ١٧ | « | ١٢٦ | ١٤ | ٣ | « | ٤٥ | ٤ | |
| ٩ | « هەوشار | ٧ | « | ٩٦ | ٤ | ١ | « | ١٨ | ٣ | |
| ١٠ | « مەریوان | ١٩ | « | ٢٥٦ | ١٤ | ٤ | « | ٣٤ | ٣ | |
| ١١ | « کامیاران | ٧ | « | ٩٥ | ٥ | ١ | « | ٣٥ | ٢ | |
| ١٢ | « دیواندەرە | ٥ | « | ٦٨ | ٤ | ١ | « | ٢٥ | ٢ | |
| ١٣ | « سنە | ١٩ | « | ٣٢٥ | ٢٣ | ٩ | « | ١٠٩ | ١١ | |
| ١٤ | « بۆکان | ٢١ | « | ٢٢٠ | ١٦ | ٧ | « | ٧٤ | ٨ | |
| | کۆی گشتی | ٢٢٦ | | ٢٩٠٣ | ٢٠٢ | ٦٢ | | ٨١٠ | ٦٣ | |

تێبینی:





| | | | | | ڕاهنمایی | | | | | سەرەتایی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕیز | ناوی ناوچەکان | ڕادەی قوتابخانە | پۆل | قوتابی | مامۆستا | قوتابخانە | پۆل | قوتابی | مامۆستا | تێبینی |
| ١ | ناوچەی ورمێ | ١١ | ١ تا ٥ | ١٣٥ | ١٣ | ٥ | ١ تا ٣ | ٦٥ | ٥ | |
| ٢ | ناوچەی شنۆ | ١٩ | ١ تا ٥ | ٢١٥ | ١٩ | ٣ | ١ تا ٣ | ٧٥ | ٦ | |
| ٣ | ناوچەی نەغەدە | ٦ | ١ تا ٥ | ٧٥ | ٨ | ١ | ١ تا ٣ | ٤٥ | ٣ | |
| ٤ | ناوچەی پیرانشار | ٢١ | ١ تا ٥ | ٣٨٠ | ١٨ | ٨ | ١ تا ٣ | ٦٨ | ٩ | |
| ٥ | ناوچەی سەردەشت | ٢٥ | ١ تا ٥ | ٣٤٥ | ١٩ | ٥ | ١ تا ٣ | ٥٧ | ٧ | |
| ٦ | ناوچەی مەهاباد | ٣٥ | ١ تا ٥ | ٤٢٥ | ١٦ | ٧ | ١ تا ٣ | ٧٤ | ٨ | |
| ٧ | ناوچەی بانە | ١٤ | ١ تا ٥ | ١٥٢ | ١٩ | ٣ | ١ تا ٣ | ٦٨ | ٦ | |
| ٨ | ناوچەی سەقز | ١٧ | ١ تا ٥ | ١٢٦ | ١٤ | ٣ | ١ تا ٣ | ٤٥ | ٤ | |
| ٩ | ناوچەی هەوشار | ٧ | ١ تا ٥ | ٩٦ | ٤ | ١ | ١ تا ٣ | ١٨ | ٣ | |
| ١٠ | ناوچەی مەریوان | ١٩ | ١ تا ٥ | ٢٥٦ | ١٤ | ٤ | ١ تا ٣ | ٣٤ | ٣ | |
| ١١ | ناوچەی کامیاران | ٧ | ١ تا ٥ | ٩٥ | ٥ | ١ | ١ تا ٣ | ٣٥ | ٢ | |
| ١٢ | ناوچەی دیواندەرە | ٥ | ١ تا ٥ | ٦٨ | ٤ | ١ | ١ تا ٣ | ٢٥ | ٢ | |
| ١٣ | ناوچەی سنە | ١٩ | ١ تا ٥ | ٣٢٥ | ٢٢ | ٩ | ١ تا ٣ | ١٠٩ | ١١ | |
| ١٤ | ناوچەی بۆکان | ٢١ | ١ تا ٥ | ٢٢٠ | ١٦ | ٧ | ١ تا ٣ | ٧٤ | ٨ | |
| | کۆی گشتی | ٢٢٦ | | ٢٩٠٣ | ٢٠٢ | ٦٢ | | ٨١٠ | ٦٣ | |

**نووسینەوە: حەمەرەسووڵ کەریمی**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٤ی جانێوێری ٢٠١٩**

## وتووێژ لە گەڵ مامۆستایانی شۆڕش خالید گەردی و شوعلە قادری



لە بارەی خوێندنی کوردی لە قوتابخانەکانی کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەرانسەریی کوردستان

قادر وریا . لە ئەرشیڤی خۆمەوە (١٤)

ساڵی ٢٠١٠ بە مەبەستی سوود وەرگرتن لە زانیارییەکانی مامۆستایانی شۆڕش لە بارەی خوێندنی کوردی لە قوتابخانەکانی کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەرانسەریی کوردستان و ، دەوڵەمەندکردنی نامەی ماستەری خۆم "خوێندن بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان" بە هۆی زانیارییەکانیان، پێوەندیم بە ژمارەیەک لە مامۆستایانی شۆڕشەوە گرت. ژن و مێردی خۆ تەرخانکردوو بۆ خزمەت لە قوتابخانەکانی شۆڕش، بەڕێزان خالید گەردی و شوعلە قادری، دوو لەو مامۆستایانە بوون. لێرەدا دەقی پرسیارەکانی خۆم و ولامە هاوبەشەکانی ئەو دوو مامۆستایە دەخەمە بەر سەرنجی هۆگرانی پرسی خوێندن بە زمانی کوردی لە رۆژهەلاتی کوردستان. سپاس بۆ بەڕیز کاک حەمەرەسووڵ کەریمی کە زەحمەتی دووبارە تایپکردنەوەی ئەم بابەتەشی کێشا. دەتوانن لە سایتی گیارەنگیش ئەم بابەتە بخوێننەوە:

---

### وەڵامی پرسیارەکانی مامۆستایان: خالید گەردی و شوعلەقادری

سڵاو کاک قادر وریای بەرێز و خۆشەویست!

ئەوە وەڵامی پرسیارەکانتمان ناردەوە. هیوادارین کە جێگای ڕەزامەندیی بەڕێزتان بن.

**پرسیار**: کتێبی ژیان و خەبات هەر بەرگێک بوو یان دوو ؟ چونکە لە سەر بەرگی ئەم کتێبەی تایبەت بە فێربوونی خوێندنەوە و نووسینی گەورە ساڵان (ساڵی ١٣٦٣) چاپ بووە نووسراوە: "ژیان و خەبات" (١)؟

**وەڵام**: دوو بەرگ بوو.

**پرسیار**: ئایا هەروا کە "ژیان و خەبات" کتێبی "ڕێنوێنی مامۆستا"ی هەبوو ، کتێبی خوێندنی زمانی کوردی (١)، (تایبەت بە منداڵان) یش کتێبی "ڕێنوێنی مامۆستا" ی هەبوو؟

**وەڵام**: بەڵێ هەیبوو.



**پرسیار**: ساڵی خوێندنی ١٣٦٠ - ١٣٥٩ کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی گەمارۆی خستبووە سەر ناوچە ئازادەکانی کوردستان، ئایا خوێندن لە ناوچە ئازادەکان هەبوو؟ لە کام ناوچە هەبوو؟ لە چ ئاستێک دا هەبوو (سەرەتایی، ناوەندی و ....)؟

**وەڵام**: بەڵێ هەبوو، لە هەموو ناوچە ئازادکراوەکان هەبوو، وەک پیرانشار (ناوچەکانی پیران، لاجان، نەڵێن، بەری مێرگان و گەدە). دیارە لە ناوچەکانی مەهاباد، بۆکان، ورمێ، شنۆ، نەغەدە، سەردەشت و هەورامان کەم و زۆر مەدرەسە و مامۆستامان هەبوو. دیارە لە زۆر جێگا بۆ دەرس گوتنەوە لە ماڵان و جارجار لە مزگەوتەکانیش کەڵک وەرگیراوە و دەرسی تێدا گوتراوەتەوە.

لەو کاتیدا تەنیا دەرسی سەرەتایی دەگوترایەوە.

**پرسیار**: پێش ئەوەی کتێبەکانی "کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەراسەری کوردستان" بگەنە دەست مامۆستایان، خوێندنی کوردی و زانستەکانی دیکە (زانستی ئەزموون ، بیرکاری و ...) بە هۆی ( بە یارمەتی) چ جۆرە کتێبێک تەدریس دەکران؟

**وەڵام**: کتێبەکانی فارسیی نیزامی شاهەنشاهی

**پرسیار**: تکایە ئەو ناوچانە و ئەو گوندانەی کە کۆڕی پەروەردە، قوتابخانەی لێ کردبوونەوە، وێرای ژمارەی تەقریبی قوتابیانیان، ناوبەرە؟

**وەڵام**: ئەگەر ئارشیڤی کۆڕی پەروەردە مابێ ڕەنگە وەڵامی درووستر لای ئەوان بێ، بەڵام لام وابێ نزیک بە ١٠٠٠ قوتابی هەبوو.

**پرسیار**: لەو کلاسە تایبەتییانەدا کە کۆڕی پەروەردە بۆ پێگەیاندنی مامۆستا پێکی دێنان، چ ئامووزشێک دەدرا؟

**وەڵام**: ئاموزشی شێوازی دەرس گوتنەوە.



**پرسیار**: کۆڕی پەروەردە تەنیا کتێبەکانی پۆلی یەکەم و دووەمی سەرەتایی و کتێبی "ژیان و خەبات " ی ئامادەو چاپ کرد. ئەدی خوێندن لە پۆلەکانی سێهەم و چوارەم و پێنجەم دا چۆن بوو؟ کتێبەکان ئایا هەمان کتێبەکانی "آموزش و پرورش" ی ئێران بوون؟ شەرحی دەرس بە کوردی یان بە فارسی بوو؟

**وەڵام**: لەو پۆلانەدا کتێبی ئاموزش و پەروەرشی ئێرانی دەگوترانەوە، بەڵام بە کوردی شەرح دەکران.

**پرسیار**: ئێستا کە ئاوڕ لە سەردەمی مامۆستایەتی خۆتان دەدەنەوە، لە سەر شێوازی ئەو کاتی خوێندن بە کوردی بە تایبەتی لە پۆلی یەکەم دا، چ تێبینییەکتان هەیە؟ (مەبەستم لە فێرکردنی ئەلفوبێ و ڕێنووس بە گوێری کتێبەکانی ئەو کاتە). خاڵە لاواز و بەهێزەکانی کتێبی ئامادەکراو یا کتێبە ئامادەکراوەکان چ بوون؟

**وەڵام**: ئێمە پێمان وایە کتێبی کوردی پۆلی یەکەمی سەرەتایی کە کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەراسەری دەری دەکرد، بە شاهیدی مامۆستا عێراقییەکانیش کە لەگەڵ ئێمە کاریان دەکرد، لە زۆر بارەوە کتێبی خۆمان تەئید کراوە و زۆر هاسانتر منداڵ فێری دەبێ، بە تایبەتی ئەگەر بە گوێری ڕێنوێنییەکەی کار بکرێ.

**پرسیار**: ئەگەر لە سەر ڕووبەری ناوچەی تێکۆشانی کوڕی پەروەردە، ژمارەی مامۆستایان و قوتابخانەکان و قوتابییەکان، ژمارەی دەورەکانی پێگەیاندنی مامۆستا و لە ئاستی کوردستانیش دا، زانیاریت هەیە بۆم بنووسە.

**وەڵام**: لە ساڵی ۱۳۵۹ را هەموو ساڵێک لە هاوینان دا کلاسی (بازاموزی) مان هەبوو. دەتوانین بە تەقریبی بڵێین نزیک بە ۱۰۰ مامۆستا و ۱۰۰۰ قوتابی هەبوو، بەڵام ناتوانین بڵێین کە چەند قوتابخانەمان هەبووە، دیارە ئەگەر ئارشیوی کوڕی پەروەردەمان هەبێ ئەو باشتر.

**پرسیار**: ئایا لە ناوچەکانی دیکە (جگە لە موکریان) کوڕی پەروەردە، تێکۆشانی هەبوو؟ (مەبەستم لە سەقز بۆ خوارەوەیە: سەقز، سنە، مەریوان، دیواندەرە، سنە کامیاران و هەورامان و...)

**وەڵام**: لە هەورامان هەمان بوو، دەرسی سەرەتایی و ناوەندیشی لێ دەگوترایەوە، ئێمە بۆ خۆمان لەوێ دەرسی سەرەتایی و ناوەندیمان دەرس داوە.

**دیارە ئەگەر دەتهەوێ بە درووستی لە باسو خواستی کۆڕی پەروەردە ئاگادار بی یان دەبێ لە ئارشیوی کۆڕ یان ئەگەر وەگیر کەون زانیاری لەم بەڕێزانەی خوارەوە وەربگری:**

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ۱ | کەماڵ خالیدی | ٤ | ڕەحیم ئەمیری | ۷ | حەمەرەسووڵ حەسەنپوور | ۱۱ | جەعفەر مەنگوری |
| ۲ | جەماڵ شەریفی | ٥ | هاشم ڕۆستەمی | ۸ | مستەفا موسەوی | ۱۲ | عەبدوڵلا ڕەحیمی |
| ۳ | ئەحمەد کاکەمەمی | ٦ | دوکتور خەلیقی | ۱۰ | سەکینە حوسێنی | ۱۳ | ئەبووبەکر لاوچاک |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٤ | سەیفوور بزموونە | ١٥ | مستەفا دادار | ١٦ | محەممەد ئەحمەدیان | ١٧ | محەممەد ئەحمەدی |
| ١٨ | نەسرین حەدداد | ١٩ | مامۆستا عەزیم | ٢٠ | گەلاوێژ حەسەنزادە | ٢١ | شوعلە قادری |
| ٢٢ | عەزیز ڕەمەزانی | ٢٣ | گەلاوێژ قادری | ٢٤ | کەریم سۆفیزادە | ٢٥ | حەمەعەلی سۆفیزادە |
| ٢٦ | ساڵح نەڵۆسی | ٢٧ | سوهەیل حەدداد | ٢٨ | قادر محەممەدگوڵ | ٢٩ | مەجید سوڵتانپوور |
| ٣٠ | قاسم قارەمانی | ٣١ | سالم غەفووری | ٣٢ | پەیمان محەممەدگوڵ | ٣٣ | مستەفا مەعرووفی |
| ٣٤ | سولێمان نیکنام | ٣٥ | کەژاڵ عەیزی | ٣٦ | سەلاح مێهرپەروەر | ٣٧ | کامران قازی |
| ٣٨ | مستەفا قەلاتی | ٣٩ | ڕەحمان سنەیی | ٤٠ | ئاڵماسی سەید نەجمە | ٤١ | ڕووناک مێهرپەروەر |
| ٤٢ | پەروین بزموونە | ٤٣ | فەریدە قادری | ٤٤ | قەسیم خان نەرزیوە | ٤٥ | محەممەد سوفیزادە |
| ٤٦ | خالید گەردی | ٤٧ | جەماڵ شەریفی | ٤٨ | سەید ئەبووبەکر تورەجی | ٤٩ | باسیت عەزیزی |
| ٥٠ | مامۆستا قادر کۆمیتەی سەردەشت | | | ٥١ | کەماڵ حوسێنی برای سەکینە حوسێنی | | |
| ٥٢ | هیوا بێتووشی کۆمیتەی سەردەشی ئەندامی کۆڕ | | | | | | |

براگیان هەتا ئێرە جارێ هەر ئەو ناوانەمان لەبیر مابوو

لەگەڵ سوپاس خالید و شوعلە

٥- ٢ - ٢٠١٠

نووسینەوە: حەمەرەسووڵ کەریمی

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٧ی جانێوێری ٢٠١٩

# وەڵامەکانی مامۆستا لاوچاک لە بارەی خوێندنی کوردی



**وڵامەکانی مامۆستا لاوچاک لە بارەی خوێندنی کوردی لە لایەن کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەرانسەریی کوردستان**

**ئاماژە:** مامۆستا ئەبوو لاوچاک، خەڵکی ئاوایی "سەوزی"ی ناوچەی چۆمی مەجید خان، یەکێک لەو لاوانە بوو کە لە ڕێگای خۆ تەرخانکردن بۆ وانەوتنەوە لە قوتابخانەکانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش، قۆڵی خزمەت بە خەڵکی کوردستانیان هەڵماڵی. لە خوارەوە وڵامەکانی ئەو مامۆستایەی شۆڕش بە پرسیارەکانی قادر وریا لە لە بارەی خوێندنی کوردی لە لایەن کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەرانسەریی کوردستانەوە، دەخوێننەوە. ئامانج لەم وتوویژەش سوود وەرگرتن لە ڕوونکردنەوەکانی مامۆستایانی شۆڕش لە توێژینەوەیەکی زانستی لە ژێر ناوی "خوێندنی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان" دا بوو کە ساڵی ٢٠١٠ ئەنجام درا.

**. کتێبی ژیان و خەبات هەر بەرگێک بوو یان دوو ؟ چونکە لە سەر بەرگی ئەم کتێبەی تایبەت بە فێربوونی خوێندنەوە و نووسینی گەورە ساڵان (ساڵی ١٣٦٣) چاپ بووە نووسراوە: "ژیان و خەبات" (١)؟ تەنیا یەک بەرگ بوو.**



**پرسیار**: ئایا هەروا کە "ژیان و خەبات" کتێبی " ڕێنوێنی مامۆستا"ی هەبوو ، کتێبی خوێندنی زمانی کوردی (١) ، (تایبەت بە منداڵان) یش کتێبی "ڕێنوێنی مامۆستا" ی هەبوو؟

**وەڵام**: نەخێر، هەرچەند بڕیار درابوو بنووسرێ بەڵام بە دەستپێکردنی هێرشی نیزامی بۆ سەر کوردستان و گواستنەوە لە شار بۆ شاخ ئەو فورسەتە لە دەست چوو. شیاوی باسە کتێبی پۆلی یەکەمی سەرەتایی کاتی خۆی لە لوبنان بە هۆی فەلەستینییەکان چاپ کرا.



**پرسیار**: ساڵی خوێندنی ١٣٦٠ - ١٣٥٩ کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی گەمارۆی خستبووە سەر ناوچە ئازادەکانی کوردستان، ئایا خوێندن لە ناوچە ئازادەکان هەبوو؟ لە کام ناوچە هەبوو؟ لە چ ئاستێک دا هەبوو ( سەرەتایی، ناوەندی و ....)؟

**وەڵام**: لە ساڵی ١٣٥٩ لە ناوەندی کوردستان هێندێک قوتابخانە کرانەوە بەڵام لە ساڵی ١٣٦٠ دا سەر بانگەوازی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە ڕێگای ڕادیۆوە لە زۆربەی هەرە زۆری ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان کلاسی تایبەتی بۆ پەروەردە و پێگەیاندنی مامۆستایان پێکهات بە تایبەتی لە ناوچەکانی مەهاباد، بۆکان، سەردەشت و پیرانشار ...

**پرسیار**: پێش ئەوەی کتێبەکانی "کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەراسەری کوردستان" بگەنە دەست مامۆستایان، خوێندنی کوردی و زانستەکانی دیکە (زانستی ئەزموون ، بیرکاری و ...) بە هۆی (بە یارمەتی) چ جۆرە کتێبێک تەدریس دەکران؟

**وەڵام**: ئێمە پێش ئەوەی ئەو کتێبانەمان پێ بگا شتێکی ئەستاندارد و یەک جۆرمان لەبەر دەست نەبوو، بەڵکوو لە هەر ناوچەیەی بە شێوەیەک ئەو ئەرکە جێبەجێ دەکرا وەک هێنانی کتێب لە باشووری کوردستان و یان کار کردن لەسەر ڕێنووسی کوردی بوو بە تایبەت ناساندنی پیتەکانی کوردی و سازکردنی وشەو ڕستە و لەو بابەتانە بوون.

**پرسیار**: تکایە ئەو ناوچانە و ئەو گوندانەی کە کۆڕی پەروەردە، قوتابخانەی لێ کردبوونەوە، وێرای ژمارەی تەقریبی قوتابیانیان، ناوبەرە؟

**وەڵام**: ڕەنگە ناوبردنی هەموو ئەو گوند و ناوچانەی کە قوتابخانەکانی شۆڕشیان لێکرابوونەوە ئاوا ئاسان نەبێ. بەڵام لە ساڵی ١٣٦٠ ، ١٣٦٤ لە شیمال هەتا جنووبی کوردستان قوتابخانە کرانەوە. لەو قوتابخانانە دا نیزیک بە ٨٠٠ مامۆستا و ٥٠٠٠ قوتابی بەشدار بوون.

**پرسیار**: لەو کلاسە تایبەتییانەدا کە کۆڕی پەروەردە بۆ پێگەیاندنی مامۆستا پێکی دێنان، چ ئامووزشێک دەدرا؟

**وەڵام**: ڕێزمانی کوردی، شێوەی وانە گوتنەوە و هەڵسوکەوت لەگەڵ قوتابی، فەلسەفە، پەرەستاندن (تکامل)، مێژووی حیزب و جووڵانەوەی کورد و ئەخلاقی شۆڕشگێری.

**پرسیار**: کۆڕی پەروەردە تەنیا کتێبەکانی پۆلی یەکەم و دووەمی سەرەتایی و کتێبی " ژیان و خەبات " ی ئامادەو چاپ کرد. ئەدی خوێندن لە پۆلەکانی سێهەم و چوارەم و پێنجەم دا چۆن بوو؟ کتێبەکان ئایا هەمان کتێبەکانی "آموزش و پرورش" ی ئێران بوون؟ شەرحی دەرس بە کوردی یان بە فارسی بوو؟

**وەڵام**: لە پۆلی سێهەم بۆ سەرتر وێرای ڕێنووسی زمانی کوردی کتێبەکانی (آموزش و پرورش)ی ئێرانیش بە کوردی دەگوترانەوە. ئەڵبەت بابەتەکان گوڵچین دەکران و هێندێکیان وەلادەنران.

- ئەوەی ڕاست بێ ئێستا ئەو کتێبەمان لەبەر دەست دانییە کە وردتر لە جاران کەم و کورپییەکانی دەستنیشان کەین، بەڵام شیکردنەوە و ڕاهێنان لەسەر ڕێنووسی کوردی و ناساندنی پیتەکان، شتێکی گەلێک بە سوود بوون.

**پرسیار**: ئایا لە ناوچەکانی دیکە (جگە لە موکریان) کوڕی پەروەردە، تێکۆسانی هەبوو؟ (مەبەستم لە سەقز بۆ خوارەوەیە: سەقز، سنە، مەریوان، دیواندەرە، سنە کامیاران و هەورامان و ...)

**وەڵام**: بەڵێ. لە هەموو ئەو ناوچانە تێکۆشان هەبوو تەنانەت چەندین ساڵ لە لایەن کوڕی پەروەردە و فێرکردنەوە ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستایان ناوەندی کوردستان بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە پیرۆزە ڕەوانەی شیمالی کوردستان کران.

لەگەڵ ڕێز و سڵاو هیوادارم جێگای ڕەزامەندی بەرێزتان بێ.

به سوپاسەوە

لاوچاك

٣ - ٢ - ٢٠١٠

نووسینەوە: حەمەرەسووڵ کەریمی

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٣٠ی جانیوێری ٢٠١٩

---

## وەڵامەکانی مامۆستا گەلاوێژ حەسەنزادە



**قادر وریا لە ئارشیوی خۆمەوە(١٦).**

**وەڵامەکانی مامۆستا گەلاوێژ حەسەنزادە بە پرسیارەکانی قادر وریا لە بارەی کۆڕی پەروەردە و فێر کردنی کوردستان گەلاوێژ حەسەن زادە، نزیک بە ٣٠ساڵ ڕابردوو و ئەزموونی وانەوتنەوە و تێکۆشان وەک مامۆستایەکی شۆڕشی لە قوتابخانەکانی کۆڕی پەروەردە و فێر کردنی کوردستان هەیە. جگە لە مامۆستایەتی لە گوندەکانی کوردستان، نزیک بە ٢٥ ساڵیش لە قوتابخانەکانی "نیشتمان" و "ئازادی" و "ڕۆژهەلات" کە تایبەت بوون بە خوێندنی بنەماڵەکانی سەر بە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب، کاری مامۆستایەتیی کردووە. گەلاوێژ خانم یەکێک بوو لەو مامۆستایانەی ساڵی ٢٠١٠، بۆ دەوڵەمەند کردنی توێژینەوەکەم لە بارەی "خوێندنی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان" کۆمەڵێک پرسیارم ڕووبەڕوو کردەوە. ئەمەش دەقی وڵامەکانی:**

**پرسیار: کتێبی ژیان و خەبات هەر بەرگێک بوو یان دوو ؟ چونکە لە سەر بەرگی ئەم کتێبەی تایبەت بە فێربوونی خوێندنەوە و نووسینی گەورە ساڵان (ساڵی ١٣٦٣) چاپ بووە نووسراوە: " ژیان و خەبات" (١)؟**

**وەڵام: کتێبی ژیان و خەبات قەرار بوو لە دوو بەرگ دا چاپ ببێ. بەرگی دووهەمی نووسراش بەڵام چاپ نەکرا.**

**پرسیار: ئایا هەروا کە "ژیان و خەبات" کتێبی "ڕێنوێنی مامۆستا"ی هەبوو، کتێبی خوێندنی زمانی کوردی (١)، (تایبەت بە منداڵان) یش کتێبی "ڕێنوێنی مامۆستا" ی هەبوو؟**

**وەڵام**: کتێبی خوێندنی زمانی کوردی بۆ منداڵان ڕێنوێنی مامۆستای لەگەڵ نەبوو، بەڵام دەورەی تایبەتی بۆ مامۆستاکانی شۆڕش دانرابوو تا لە چۆنیەتی دەرس دانی ئەو کتێبەدا ڕێنوێنی بکرێن.

**پرسیار**: ساڵی خوێندنی ١٣٦٠ ـ ١٣٥٩ کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی گەمارۆی خستبووە سەر ناوچە ئازادەکانی کوردستان، ئایا خوێندن لە ناوچە ئازادەکان هەبوو؟ لە کام ناوچە هەبوو؟ لە چ ئاستێک دا هەبوو (سەرەتایی، ناوەندی و ....)؟

**وەڵام**: قوتابخانەکانی شۆڕش تا ئەو وەختەی لە ناوچە ئازادەکانی کوردستان بووین تەنیا دەورەی سەرەتاییان هەبوو. دوای ئەوە دەفتەری سیاسی گوێزرایەوە بۆ ئەو دیوی سنوور، قوتابخانەکانی شۆڕش دەورەی راهنماییشیان هەبوو و بۆ ماوەیەکی کورتیش ساڵی یەکی نەزەری لە قوتابخانەی نیشتمان لە ئێندزێ تەدریس دەکرا.

**پرسیار**: پێش ئەوەی کتێبەکانی "کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەراسەری کوردستان" بگەنە دەست مامۆستایان، خوێندنی کوردی و زانستەکانی دیکە (زانستی ئەزموون ، بیرکاری و...) بە هۆی (بە یارمەتی) چ جۆرە کتێبێک
تەدریس دەکران؟

**وەڵام**: پێش ئەو وەختە فارسی دەخوێندرا و کوردی تەنیا لە ڕووی هێندێک نامیلکەوە دەخوێندرا.

**پرسیار**: تکایە ئەو ناوچانە و ئەو گوندانەی کە کۆڕی پەروەردە، قوتابخانەی لێ کردبوونەوە، وێرای ژمارەی تەقریبی قوتابییانیان، ناوبەرە؟

**وەڵام**: لەو ناوچە ئازادانەی کوردستانی ئێران دا خوێندن هەبوو: سەردەشت، بانە، پیرانشار، مەهاباد، شنۆ، نەغەدە و بۆکان و هتد. جگە لە موکریان لە ناوچەی دیکەش کۆڕی پەروەردە تێکۆشانی هەبوو، بەڵام کەمتر. لە هەورامان، نۆدشە و پاوە هەبوو. ڕاپۆرتی کۆنگرەی شەش، لاپەرەی ٤٢،(دەڵێ) پێش هێرشی ئەمساڵ ٢٥٠ مەدرەسە و هەشت هەزار ساگرد(هەبوو). تەنیا لە ناوچەی مەهاباد زیاتر لە ١٤٠ قوتابخانەی شۆڕش هەبوو (ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگری پێنج لاپەرەی ٦٥).

**پرسیار**: لەو کلاسە تایبەتییانەدا کە کۆڕی پەروەردە بۆ پێگەیاندنی مامۆستا پێکی دێنان، چ ئامووزشێک دەدرا؟

**وەڵام**: گرینگترین بابەت کە دەگوترایەوە ئەلفوویێ کوردی بوو و کلاسی یەک گرینگیەکی زۆرتری پێدەدرا. هەروەها هەندێک بابەتی دیکەش وەک ڕەوانشناسیی منداڵ و بە گشتی پێداگۆژی یان زانستی پەروەردەش هەبوو.

**پرسیار**: کۆڕی پەروەردە تەنیا کتێبەکانی پۆلی یەکەم و دووەمی سەرەتایی و کتێبی "ژیان و خەبات"ی ئامادەو چاپ کرد. ئەدی خوێندن لە پۆلەکانی سێھەم و چوارەم و پێنجەم دا چۆن بوو؟ کتێبەکان ئایا ھەمان کتێبەکانی "آموزش و پرورش"ی ئێران بوون؟ شەرحی دەرس بە کوردی یان بە فارسی بوو؟

**وەڵام**: بە فارسی بوو و لە ڕووی کتێبەکانی ئاموزش و پەروەرشی ئێرانەوە بوو.

**پرسیار**: مێتۆدی ئەو کات کە بە ڕەوشی باخچەبان ناسراو بوو بریتی بوو لە فێرکردنی منداڵان لە ڕێگای کەرت و دەنگ و سەرکەوتووترە. دەکرێ بڵێین کە ھەم کتێبی کلاسی یەکی خوێندنی زمانی کوردی و ھەم سیستمی دەرس گوتنەوەی ئەو کتێبە کە لە بەراورد لەگەڵ کلاسەکانی سەرتردا بە بەرھەمتر و سەرکەوتووتر بوو. بۆ نموونە کتێبی کلاسی دوو زۆر سەخت بوو و ئەو دەمی بۆ خۆمان دەمانگووت کە ھێندێک مەتنی بۆ دانشگا دەبوو. لە چاپیشیدا کتێبەکانی کلاسەکانی سەرو کەموکوریان بە تایبەتی لە وێنەکاندا ھەبوو.
ئایا لە ناوچەکانی دیکە (جگە لە موکریان) کوڕی پەروەردە، تێکۆشانی ھەبوو؟ (مەبەستم لە سەقز بۆ خوارەوەیە: سەقز، سنە، مەریوان، دیواندەرە، سنە کامیاران و ھەورامان و...)

**وەڵام**: موکریان ناوەندی سەرەکیی چالاکی و تێکۆشانی کۆڕی پەروەردە بوو. بەڵام لە ناوچەی دیکەی کوردستانیش ئەگەرچی بە پلەیەکی کەمتر بەڵام قوتابخانەی شۆڕشمان ھەبوو لەو پەیوەندییەدا دەکرێ بە تایبەت ئیشارە بە ناوچەی ھەورامان بکەین.

نووسینەوە: حەمەرەسووڵ کەریمی

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٣ی فێبویوێری ٢٠١٩

## مامۆستایان گۆران ئەمیری و مستەفا ئەمیری لە بارەی کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی کوردستانەوە دەدوێن:

**لە ئەرشیفی خۆمەوە(١٧)**

ساڵی ٢٠١٠، بەو هۆیەوە دەمزانی کە کاک گۆران ئەمیری یەکێک لە ئەندامانی بەڕێوەبەریی کۆری پەروەردە و فێرکردنی سەرانسەریی کوردستان بووە، چەند پرسیارێکم لە بارەی کاروباری ئەو کۆڕە بۆ رەوانە کرد. دیار بوو کاک گۆران، کاک مستەفای برای کە ئەویش پێشینەی مامۆستایەتیی شۆڕشی هەبوو، لە جیاتی خۆی بۆ وڵامدانەوە راسپاردبوو. لەم کورتە نامەیە دا کە ئەو کات بۆی ناردووم، ناوی کاک رەسووڵ(دەبێ مەبەستی کاک رەسووڵ ئاریا بووبێ)یشی هێنابوو. کە دیارە من پرسیاری پێوەندیدارم بۆ ئەویش ناردبوو کە بە خۆشیەوە هەر ئەو کات کۆمەڵە وڵامێکی پڕ لە زانیاریی باشی دامەوە. وڵامەکانی کاک رەسووڵ ئاریام لە ڕۆژانی رابردوو دا، بڵاو کردەوە. ئەمڕۆش وڵامەکانی کاک مستەفا ئەمیری دەخەمە بەر سەرنجتان کە هەڵبەت وەکالەتی کاک گۆران ئەمیریشی هەیە.

------------

کاک قادری ڕێزدار سڵاو!

من بۆ خۆم بە ڕاست پڕ کارم. هەرچی هێنام و بردم بۆم نەدەکرا زوو وەلامت بدەمەوە. ناچار بووم دەست بە دامێنی خاوێنی کاک مستەفا و کاک ڕەسووڵ بم، جا خۆیان و خوایان، پێموایە دوای هەڵگرتنی هەڵە و پەڵە شتێکی لێ دەست دەکەوێ.

بەریزەوە: گۆران

---------------

**پرسیار**: کتێبی ژیان و خەبات هەر بەرگێک بوو یان دوو ؟ چونکە لە سەر بەرگی ئەم کتێبەی تایبەت بە فێربوونی خوێندنەوە و نووسینی گەورە ساڵان (ساڵی ١٣٦٣) چاپ بووە نووسراوە: "ژیان و خەبات" (١)؟

**وەڵام:** هەر بەرگێک بوو.

**پرسیار:** ئایا هەروا کە "ژیان و خەبات" کتێبی "ڕێنوێنی مامۆستا"ی هەبوو، کتێبی خوێندنی زمانی کوردی (١)، (تایبەت بە منداڵان) یش کتێبی "ڕێنوێنی مامۆستا" ی هەبوو؟

**وەڵام:** نەخێر نەیبوو، خەریک بوون چاپی بکەن بەڵام بە هۆی گوازتنەوەی شۆڕش لە شار بۆ شاخ ئەم ئەرکە وەپشت گوێ خرا.

**پرسیار:** ساڵی خوێندنی ١٣٦٠ ـ ١٣٥٩ کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی گەمارۆی خستبووە سەر ناوچە ئازادەکانی کوردستان، ئایا خوێندن لە ناوچە ئازادەکان هەبوو؟ لە کام ناوچە هەبوو؟ لە چ ئاستێک دا هەبوو (سەرەتایی، ناوەندی و...)؟

**وەڵام:** ساڵی ١٣٥٩ لە ناوچەی موکریان هێندێک مەدرەسە کرانەوە، بەڵام ساڵی ١٣٦٠ حیزب ڕەسمەن بۆ هۆی ڕادیۆ کوردستان ڕایگەیاند کە لە هەموو ناوچەکانی کوردستان دەبێ ئەم کارە بکردرێت.

**پرسیار:** پێش ئەوەی کتێبەکانی "کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەراسەری کوردستان" بگەنە دەست مامۆستایان، خوێندنی کوردی و زانستەکانی دیکە (زانستی ئەزموون، بیرکاری و...) بە هۆی (بە یارمەتی) چ جۆرە کتێبێک تەدریس دەکران؟

**وەڵام:** لە هەر ناوچەیەک بە شێوەیەک بوو. هێندێک لە باشووری کوردستان را کتێبیان هێنابوو. یان مامۆستایان بۆ خۆیان ئەم شتەیان دەگوتەوە کە ئەزموونیان تێیدا هەبوو کە لە دەورەی مامۆستایەتی دا فێری ببوون.

**پرسیار:** تکایە ئەو ناوچانە و ئەو گوندانەی کە کۆڕی پەروەردە، قوتابخانەی لێ کردبوونەوە، وێڕای ژمارەی تەقریبی قوتابیانیان، ناوبەرە؟

**وەڵام:** ئەم ناوچانە زۆر بوون، شیمال، جنووب و ناوەند، ئەوەندەی من بزانم تەنیا لە ناوەند لە شارەکانی مەهاباد، سەقز، بۆکان، بانە سەردەشت و شنۆ کۆڕی پەروەردە مەدرەسەی دانابوو، تەقریبەن ٥ تا ٦ هەزار قوتابی هەبوو.

**پرسیار:** لەو کلاسە تایبەتییانەدا کە کۆڕی پەروەردە بۆ پێگەیاندنی مامۆستا پێکی دێنان، چ ئامووزشێک دەدرا؟

**وەڵام**: تەکامول و ئەخلاقی شۆڕشگێرانە، ڕێنووسی کوردی و فەلسەفە.

**پرسیار**: کۆڕی پەروەردە تەنیا کتێبەکانی پۆلی یەکەم و دووەمی سەرەتایی و کتێبی "ژیان و خەبات" ی ئامادەو چاپ کرد. ئەدی خوێندن لە پۆلەکانی سێهەم و چوارەم و پێنجەم دا چۆن بوو؟ کتێبەکان ئایا هەمان کتێبەکانی "آموزش و پرورش" ی ئێران بوون؟ شەرحی دەرس بە کوردی یان بە فارسی بوو؟

**وەڵام**: بەڵێ هەمان کتێبەکانی ئێران دەگوترانەوە. بەڵام بە کوردی ئەو سوێنانەی پیویست با سانسۆر دەکرا.

**پرسیار**: ئێستا کە ئاوڕ لە سەردەمی مامۆستایەتی خۆتان دەدەنەوە، لە سەر شێوازی ئەو کاتی خوێندن بە کوردی بە تایبەتی لە پۆلی یەکەم دا، چ تێبینییەکتان هەیە؟ (مەبەستم لە فێرکردنی ئەلفوبێ و ڕێنووس بە گوێری کتێبەکانی ئەو کاتە). خاڵە لاواز و بەهیزەکانی کتێبی ئامادەکراو یا کتێبە ئامادەکراوەکان چ بوون؟

**وەڵام**: سەرەرای موشکلاتێکی زۆر بەڵام ڕێنوێنی زمانی کوردی شتێکی زۆر بە کەڵک بوو. دەکرێ بڵێین لەم ماوەیە بۆ قوتابتان هەبوو. ڕاندوومانی کاری مامۆستایان لە سەرەوە بوو، وانە گوتنەوە لەسەر پیتی کوردی کەڵکێکی زۆری هەبوو، بەداخەوە چوونکە کتێبەکانم لەبەر دەست نین ناتوانم لە سەر خاڵە لاوازەکان بدوێم، تەنیا دەڵێم ئەم کتێبانە لەبەر ئەوەی بە کوردی بوون زۆر زۆر بە قازانج و بە کەڵک بوون.

**پرسیار**: ئەگەر لە سەر ڕووبەری ناوچەی تێکۆشانی کوڕی پەروەردە، ژمارەی مامۆستایان و قوتابخانەکان و قوتابییەکان، ژمارەی دەورەکانی پێگەیاندنی مامۆستا و لە ئاستی کوردستانیش دا، زانیاریت هەیە بۆم بنووسە.

**وەڵام**: کۆڕی پەروەردە لە هەموو کوردستان دا تێکۆشانی هەبوو نیزیک بە ٨٠٠ مامۆستا و ٦٠٠٠ قوتابی هەبوو، ژمارەی دەورەکان زۆر بوون، من تەنیا دەتوانم بە چەند دانە لە ناوچەی مەهاباد وەک لاچین، کولیجە و کامەمە ئیشارە بکەم.

**پرسیار**: ئایا لە ناوچەکانی دیکە (جگە لە موکریان) کوڕی پەروەردە، تێکۆسانی هەبوو؟ (مەبەستم لە سەقز بۆ خوارەوەیە: سەقز، سنە، مەریوان، دیواندەرە، سنە کامیاران و هەورامان و...).

**وەڵام**: بەڵێ هەبوو، تەنانەت کۆڕ لە ناوەند را بە شێوەی تیم ماۆستای بۆ ناوچەی شیمال بۆ دەرس گوتنەوە بەڕێ

دەکرد.

برات مستەفا ئەمیری

١٢ - ٢ - ٢٠١٠

نووسینەوە: حەمەرەسووڵ کەریمی

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٦ی فێبویوێری ٢٠١٩

---

## فێرکردنی زمانی دایک لە خزمەت بە هێزکردنی شوناسی نەتەوەییدا

### زمانی دایک، زمانی نەتەوەیی

زمانی دایک بۆ ئێمەی کوردستانی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات، زمانی کوردییە. واتە زمانی دایک بۆ ئێمە، زمانی نەتەوەییمانە. چونکە تێکەڵاوی و ژیانی هاوبەش پێکەوە نان لەنێو خەڵکی ئێمە لە گەڵ ژن و پیاو لە زمان و نەتەوەکانی دیکە، بە هۆی کولتووری، ئایینی و هتد ئەوەندە زۆر نییە و زمانی دایکی لە سەتا ٩٠- ئەگەر نەڵێم زیاتر-ی ئێمە زمانی نەتەوکەمان واتە زمانی کوردییە.

### خوێندن بە زمانی دایک

مەبەست لە خوێندن بە زمانی دایک، بە فەرمی ناسرانی زمانێک یا چەند زمانی دیاریکراو لە لایەن دەسەڵاتی وڵات و، ملدان و هاوکاری کردنی دام و دەزگا فەرمییەکانی وڵات بە ئامانجی بەڕێوەچوونی سیستەمی پەروەردە و فێرکردن واتە خوێندن بەو زمانانە، لە جۆغرافیا یا هەرێم و ناوچەی دیاریکراو دایە.

ئەگەرقبووڵ بکرێ کوردی ببێتە زمانی خوێندن، پێویستە کتێبی خوێندن بە کوردی هەبێ، مامۆستای کورد یا کوردیزان وانە بڵێنەوە، وانە گوتنەوە بە کوردی دەبێ، تێچووی خوێندنەکەش لە دابینکردنی قوتابخانەوە هەتا دەگاتە چاپی کتێب و ڕاهێنانی مامۆستا، حکوومەت لێی بەرپرسیار دەبێ. نەک هەر لە قۆناغی سەرەتایی بەڵکوو لە قۆناغی ناوەندی و زانکۆشدا ئەوە بەردەوام دەبێ. ئەم خوێندنە، شتێک نابێ لە دەرەوەی سیستەمی پەروەردەی وڵات، بەڵکوو بەشێک دەبێ لە سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی وڵات. بۆ ئەوەش پردێکی پێوەندی هەبێ بۆ لێک تێگەیشتن لە نێوان ئاخێوەری ئەو زمانە و خەڵکی ئەو هەرێم و ناوچانەی بەو زمانە دەخوێنن، لە گەڵ دام و دەزگای حکوومەتی، پەروەردەیی و زانستیی سەرانسەری وڵات و هەر وەها لە گەڵ خەڵکی بەشەکانی دیکەی ئەو وڵاتە کە زمانێکی دیکەیان هەیە، عادەتەن زمانێک کە پێشتر لەو وڵاتە وەک زمانی هاوبەش بەکار هاتووە، یا تاکە زمانی فەرمی بووە، لە پەنا زمانی خەڵکی ناوچەکە دەخوێندرێ. دیارە پرسی چەند زمانی و بە فەرمی ناسینیان یەک جۆر چارەسەری نییە و، بە پێی وڵات و سیستەمی سیاسی، مۆدێلی جیاوازیش هەیە.

**خوێندن بە زمانێک باشترین جۆری بە فەرمی ناسینی زمانێکە، چونکە:**

* زمانەکە لە ڕووی زانستی و پەروەردەییەوە گەشە دەکا، ناچارە خۆی ئەرکدار بکا کە وەڵامدەری پێداویستییە زانستیی و فێرکارییەکان بێ. کە خوێندن بە کوردی بوو، زمان پەل دەکێشی بۆ هەموو بوارەکان وەک ئەدەبیات، زانستە کۆمەڵایەتییەکان بۆ نموونە مێژوو، جۆگرافیا، زمانەوانی و هتد، هەر وەها زانستەکانی وەک زیندەوەرناسی بیرکاری، کیمیا، فیزیا، ئەندازیاری، بیناسازی، کۆمپیوتێر و هتد.

* پێگە و جێگەی زمان لای ئاخێوەری زمانەکە دەچێتە سەر. چونکە دەبینێ وەک زمانەکانی دیکە پێی دەخوێندرێ و بڕوانامە بەو زمانە ئیعتیباری هەیە. ئەو بڕوایەی لە لا دروست دەبێ کە گرنگیی زانستی و سیاسیی لە زمانەکانی دیکە کەمتر نییە.

* بەو هۆیەوە کە زمانەکە پێی دەخوێندرێ، دەچێتە نێو هەموو چینێک و لای هەموو تاکێک. نەک هەر لە ڕووی زانستی و فێرکارییەوە دەوڵەمەند دەبێ و گەشە دەکا، بەڵکوو لە ڕووی چەندایەتییشەوە، لە ڕووی ژمارەی ئەو کەسانەی ناچار دەبن بەردەوام لە گەڵ ئەو زمانەدا بژین، پەرە دەستێنێ.

* خوێندن بە زمانێک لە دەسپێکی چوونە قوتابخانەوە، لە ڕووی دەروونی و عاتفییەوە، بەستراوەیی و هۆگری و سۆزداری بەرامبەر ئەو زمانە و خەڵکێک کە بەو زمانە قسە دەکەن، لەو کەسەدا کە پێی دەخوێنێ دروست دەکەن. واتە بە شێوەیەکی نەرم و بەرە بەرە، خۆشەویستیی زمانەکە و هۆگری بەو سەرزەوییەی زمانەکە هی ئەوێیە و خەڵکێک کە بەم زمانە قسە دەکەن، لە هەست و نەستی خوێندەوارەکەدا دەچێنێ.

دیارە ئەم خاڵە ئەرێنیانە لایەنی نەتەوەیی و شوناسخوازانەیان هەیە. بەڵام لە ڕووی زانستی و پەروەردەییشەوە، خوێندن بە زمانی دایک دەبێتە هۆی خێراتربوونی پرۆسەی وەرگرتن و فێربوون لای فێرخواز، کەمبوونەوەی خۆدزینەوە لە چوون بۆ قوتابخانە و دەستهەڵگرتن لە خوێندن، هەر وەها زیاتربوونی ژمارەی دەرچووان و چوونەسەری ڕاندومانی خوێندن و فێرکردن.

**بەردەوامیی بێبەشیی نەتەوەی کورد لە مافی خوێندن بە زمانەکەیان و ئەرکمان:**

لە دوو پارچەی کوردستان، ڕۆژهەڵات و باکووری کوردستان، خوێندن بە زمانی کوردی، هەر وا قەدەغەیە. لەو دوو بەشەی

کوردستان، منداڵی کورد لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا لەو مافە بێبەشە کە بە زمانی خۆی بخوێنێ. ئەمەش لە کاتێک دایە کە هیچ بڕیارنامە و پەسندکراوێکی نێودەوڵەتی، ڕەوایی بەو بێبەشکردنە نادەن و بە پێچەوانەوە، پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان، ئەم مافە (خوێندن بە زمانی دایک و لە بازنەیەکی گەورەتردا، خوێندنی نەتەوەیەک یا کەمایەتییەکی نەتەوەیی بە زمانەکەی خۆی)، بە مافێکی مرۆیی و سەرچاوەگرتوو لە پەسندکراوە نێودەوڵەتییەکان دەزانن. دیارە ئەم بێبەشکردنە لە سیاسەتێکی شۆڤێنیستی و ڕەگەزپەرستانەی دەسەڵات و ڕێژیمی سیاسیی ئەو وڵاتانەوە سەرچاوە دەگرێ کە کوردستانیان بە سەر خۆیان دا دابەش کردوە.

دیارە وەنەبێ ئەو ڕێژیمانە هەر تەنیا مافی خوێندن بە زمانی کوردییان بە ڕەسمی نەناسیبێ، هەر لە جێدا ئەمەیان قبووڵ نیە کە کوردیش نەتەوەیەکە و ئەو مافەی هەیە لە سەرنیشتمانەکەی خۆی - تەنانەت لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەی بەسەریدا دابەش کراوە - خۆی بەڕێوە ببا، حکوومەتی ناوچەیی خۆی هەبێ، کاروباری خۆبەڕێوەبردنی بە زمانی خەڵکی ناوچەکە بێ و هتد. جا دیارە کاتێک مافی ئەوەی پێ ڕەوا نەبینن کە شار و ناوچە و خەڵکی خۆی بەڕێوە ببا، لە دەسەڵاتە گشتی و سەرانسەرییەکەشدا، ڕێگای هاوبەشیکردن و گرتنە دەستی پۆستی سەرەکی پێ نادەن. ئێران و تورکیە ئەگەر لە زۆر شتیشدا لێک جیاواز بن، لەوەدا وەک یەکن کە حاشا لە بوونی نەتەوەی دیکە لە وڵاتەکەیاندا دەکەن. لە ڕوانگەی ڕێژیمەکانی ئەو دوو وڵاتەوە، ئێران وڵاتی نەتەوەیەکە بە ناوی ئێران کە زمانەکەی فارسییە. تورکیەش وڵاتی نەتەوەی تورکە کە زمانەکەی تورکییە!

لە عێراق هەر لە کۆنەوە مافی خوێندن بە زمانی کوردی هەبووە، واتە لە سەردەمی ڕێژیمی شایەتییەوە، دواتر لەگەڵ ئەو هەمووە سیاسەتی دڕندانەش کە حکوومەتی بەعس بەرامبەر بە کوردستان و نەتەوەی کورد هەیبوو، بەڵام مافی خوێندن بە زمانی کوردی هەر مایەوە. لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩٠ و پێکهاتنی حکوومەت و پارلمانی کوردستان، زمانی کوردی دەرەتانی ئەوەی بۆ پێک هات کە لە هەموو بوارەکاندا، کاری پێ بکرێ و گەشە بکا و وەک زمانی سەرەکیی دەسەڵات و دام و دەزگای ڕەسمی، زۆرترین پێشکەوتن بە خۆیەوە ببینێ.

دیارە لە سووریەش لەو کاتەوە کە ئەو وڵاتە هاتووەتە سەر نەخشەی سیاسیی جیهان، هەر عەقڵیەتێکی لەو چەشنە زاڵ بووە: سووریە، وڵاتێکی عەرەبییە و یەک نەتەوەی لێ دەژی و یەک زمانی هەیە ئەویش زمانی عەرەبییە! تەنیا لەم ساڵانەی دواییدا،کە بە هۆی شەڕی نێوخۆیی لە سووریە، دەستی حکوومەت لە ناوچە کوردییەکان کورت بووەتەوە و هێزی کوردی ڕۆژاڤای کوردستان بەڕێوە دەبەن، دەرفەت بۆ منداڵانی کورد ڕەخساوە بە زمانی خۆیان بخوێنن.

## ئایا گۆڕانێک بە ڕێگاوەیە؟

**لە ماوەی ٧٥ ساڵی ڕابردوودا حکوومەتەکان لە ئێران و تورکیە چ ئالوگۆڕێکیان لەم بارەیەوە لە سیاسەتی خۆیاندا پێک هێناوە؟**

لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە لایەن حکوومەتەوە گۆڕانێک بە سەر ئەم بێبەشیەی نەتەوەکان لە خوێندن بە زمانی خۆیاندا پێک نەهاتووە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییش لە سەر هەمان سیاسەتی ڕێژیمی پێشوو دەڕوا کە دژایەتییە لەگەڵ مافی نەتەوەیی کورد و نەتەوەکانی دیکە. دژایەتییە لەگەڵ خوێندن بە زمانەکانی دیکە جگە لە زمانی فارسی. تەنیا ئالوگۆڕێک کە لە دوای هاتنە سەرکاری ئەو ڕێژیمە پێک هاتووە لەم بارەیەوە ئەوەیە کە ساڵی ١٩٧٩ کە بۆ یەکەم جار یاسای بنەڕەتی یا دەستووری ئەم نیزامە نوێیە (کۆماری ئیسلامی) پەسند کرا، ئەسلێکی تێدا گونجا (ئەسلی ١٥ی قانوونی ئەساسی)، کە دەڵێ: «زمان و خەتتی ڕەسمی و هاوبەشی خەڵکی ئێران زمانی فارسییە. بەڵگەنامەکان، نامەنووسین، دەقە ڕەسمییەکان و کتێبی دەرسی بەو زمان و خەتتەن. بەڵام خوێندنی زمانە خۆجێیی (محلی) و قەومییەکان لە چاپەمەنی و ڕاگەیەنە گشتیەکان و خوێندنی ئەدەبیاتی ئەوان لە قوتابخانە لە تەنیشت زمانی فارسییەوە ئازادە.»(*)

لە باکووری کوردستانیش گۆڕانێک کە دەبێ ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە لەم ساڵانەی دواییدا (١٠ ساڵی ڕابردوو)، وشەی کورد کە جاران بەکارهێنانی وشەکەش قەدەغە بوو، ئێستا قەدەغەی لە سەر هەڵگیراوە، ڕێگەی چاپی کتێبی کوردی دراوە، تەلەڤیزیۆنی حکوومەتی بەرنامەی بە زمانی کوردی هەیە. بەڵام نە تەنیا دان بەوە دانەنراوە کە کورد نەتەوەی دووهەمە لەو وڵاتە و مافەکانیشی بە فەرمی نەناسراوە، خوێندن بە زمانی کوردییش هەر وا قەدەغەیە.

## چی بکەین بۆ ئەوەی لە ئامانجی خوێندن بە زمانی کوردی دوور نەکەوینەوە؟

ئەم پرسیارە کۆمەڵێک پرسیاری دیکە بە دوای خۆیدا دێنێ. بۆ وێنە مەبەستمان منداڵانی کورد لە کوردستانە یا دەرەوەی وڵات؟ ئەگەرنێوخۆی کوردستانمان مەبەستە کە لەوێ منداڵی کورد مافی بێ ئەم لاو ئەو لای خۆیەتی بە زمانی دایکی بخوێنێ، وەک دەبینین ئێستا لە دوو پارچەی کوردستان لەو مافە بێبەشە و بە کردەوە ناتوانێ بەو زمانە بخوێنێ. ئەدی وەک کورد لە هەر بەشێکی کوردستان بۆ گەیشتن بەو مافە چ بکەین؟ هەتا بەو مافە دەگەین، چ ئەرکێکی پێویست هەیە، ئێستا لێی غافڵ نەبین و ئەنجامی بدەین؟ لەم بارەیەوە بۆ بنەماڵە کوردەکان لە دەرەوەی کوردستان، لە پێوەندی لە گەڵ منداڵ و زمانەکەیان چ ئەرکێک دیاری دەکەین؟ بە سەدان هەزار کورد لە دەرەوەی کوردستان، لە هەندەران، یا هەرلە

تورکیە و ئێران و عێراق و سووریە، بەڵام دوور لە کوردستان دەژین. بە سەرنجدان بە دوورکەوتنەوەیان لە کۆمەڵی کوردی و تێکەڵاوییان لە گەڵ زمانی دیکە و ناچاربوونیان بە خوێندن و قسەکردن بە زمانی دیکە، ئەوانیش مەترسیی تایبەت بە خۆیان لە سەرە کە لە بیرچوونەوەی بەرەبەرەی زمانەکەیانە.

## لە نێوخۆی کوردستان، بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

### ئەلف: خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانمان، وەکوو بەستەیەکی گشتی

بۆ بەڕەسمی ناسرانی ئەو مافانە لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە پێویستە لە سەرخەبات بەردەوام و تەنانەت شێلگیرتر بین. دیارە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، بە تایبەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕۆژی یەکەمی دامەزرانیەوە هەتا ئێستا، بە فەرمی ناسرانی زمانی کوردی و بەکارهاتنی لە خوێندن و کارو باری حکوومەتی و بەڕێوەبەری لە کوردستان، لە بەرنامەیدا هەبووە. ئەگەر لە قۆناغێک یا چەند قۆناغێکیشدا بۆ خۆی دەسەڵاتی بەدەست بووبێ، لە سەر ڕێککەوتن و بە فەرمی ناسین و دانپێدانانی حکوومەتی ناوەندی، ڕانەوەستاوە و بۆ خۆی ئەم مافەی بە کردەوە جێبەجێ کردوە. وەک سەردەمی کۆماری کوردستان و سەردەمی دوای هاتنەسەر کاری کۆماری ئیسلامی کە خوێندن بە زمانی کوردیی وەڕێ خست.

### ب: داوای مافی خوێندن بە زمانی کوردی وەک داوایەکی دیاریکراو

بەو هۆیەوە کە: ١) لە نێو نەتەوەکانی دیکەش، ئەم داوایە هەیە، ٢) دەستووری ئێران و ئەسلی ١٥ی قانوونی ئەساسی، مەجالێکن بۆ بەدواداچوونی ئەو داوایە، و ٣) ئەم داوایە پتر نێوەرۆکێکی حقووقی و کولتووریی هەیە تا سیاسی، پێویستە بە شێوەی «مەوریدی»یش خەباتی بۆ بکرێ. بە تایبەتی بۆ خەباتی مەدەنی و پارلمانی، ئەم داوایە دەتوانێ داواکارییەکی گونجاو بێ.

### ج: فێرکردنی خوێندنەوە و نووسین بە زمانی کوردی

کارێک کە بە خۆشییەوە چەندین ساڵە لە شارو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستی پێکردوە و بەهەزاران کەس لەم ڕێگایەوە فێری کوردی خوێندنەوە و کوردی نووسین بوون و بە زمان و ئەدەبیاتی کوردییەوە گرێ دراون. ئەمانە بە هیممەتی چالاکانی فەرهەنگی و کەسانی دلسۆزی زمان و ئەدەبیاتی کوردی و بە پشتیوانیی خەڵک و بە بێ یارمەتیی حکوومەتی کراون. هەم لاوەکانی لە زۆر شتی خراپ گێڕاوەتەوە، هەم فێری خوێندنەوە و نووسینی زمانەکەی خۆی کردوون، هەم گیان

و باوەڕ و هۆگریی نەتەوەیی لە نێودا دروست کردوون. ئەمەش ئەگەرچی خوێندن بە زمانی کوردی نییە، بەڵام جۆرێکە لە خۆبەخاوەن کردن لە زمانەکە و ئامادەیی پێکهێنان بۆ خوێندن بە زمانی کوردی لە یەکەم دەرفەتدا.

## ئەرکی زمانیی بنەماڵە کوردەکانی دوور لە کوردستان

ئەو منداڵە کوردانەی دوور لە کوردستان گەورە دەبن، ئەگەر لە کۆمەڵ و وڵاتێکی ئازادیش بژین، پتر لە منداڵانی کوردستانی بندەست و بێبەش لە مافی نەتەوەیی و خوێندن بە زمانی دایک، لە ڕووی زمانەوە مەترسییان لە سەرە. منداڵانی کوردستان ئەگەر بەزمانی خۆشیان نەتوانن بخوێنن، چونکە لە نێو نەتەوەیەکی لە حاڵی خەباتدا گەورە دەبن، بەو هۆیەوە کە ڕۆژانە سووکایەتی بە زمانەکەیان و بە شوناسەکەیان دەکرێ، هەستی توند پێوەنووسان بە شوناسی خۆیان تێدا پێک دێ و بەردەوام سۆز و هۆگرییان بۆ زمانەکەیان زیاد دەبێ. لانیکەم ڕۆژانە قسەی پێ دەکەن هەم لە ماڵەوە، هەم لە نێو کۆمەڵ. بەڵام منداڵی بنەماڵەی دوورکەوتووە لە کوردستان، دۆخێکی جیاوازیان هەیە. جگە لەوەی کەمنداڵەکەیان بە زمانێکی دیکە دەخوێنێ، لە دەرەوەی ماڵ ناچارن بە زمانێکی دیکە قسە بکەن. بەرە بەرە کە کۆڕ و کۆمەڵی کوردی دادەبڕێن. ئەوانەی لە ئورووپا و ئەمریکا و کانادا و ئوسترالیان، لە ماڵەوەش کەمتر ئەندامانی بنەماڵە دەتوانن بە یەکەوە بن. بەرە بەرە لە مۆسیقا و گۆرانیی کوردی و بەرنامەی تەلەڤیزیۆنی کوردی دوور دەکەونەوە. ساڵ بە ساڵ لە ئەلفوبێی کوردی و نووسین و خوێندەوەی کوردی پتر نامۆ دەبن. ئەوەشمان لەبیر بێ منداڵی ئەم ڕۆژگارە ئەوەندەی حەزی لە تەنیایی و کات بەسەربردن لە گەڵ موبایل و ئایپادەکەیەتی، ئەوەندە حەزی لە دانیشتن لای دایک و باب و میوان نییە. بەم جۆرە ئەگەر لەم وەزعە بێخەم بین دوای ماوەیەک دەبینین منداڵانی کورد لە دەرەوەی وڵات بە تەواوی لە زمانەکەی خۆیان دادەبڕێن. ئەمە کێشەیەکە کە من بە داخەوە مشوورخواردنێکی جیددی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی نابینم.

## دەتوانین چ بکەین؟

### ئەلف: سوود وەرگرتن لە ماف و ئیمکانی خوێندنی زمانی دایک کە لە وڵاتانی ڕۆژاوایی هەیە

زۆر لەو وڵاتانە مافی خوێندنی زمانی دایکیان بۆ منداڵانی گرووپە زمانی و نەتەوەییە جیاوازەکان بە ڕەسمی ناسیوە و ئامادەن تێچووی ئەم خوێندنە دابین بکەن. بەڵام خۆ ئەو وڵاتە بە زۆر ئەم مافەت بە سەر داناسەپێنێ. بنەماڵە کوردەکان دەبێ بۆ خۆیان لە ئاست داهاتووی زمانەکەیان و نامۆنەبوونی منداڵەکانیان لەگەڵ زمانی نەتەوەکەیان، هەست بە بەرپرسایەتی بکەن. بەدواداچوون بکەن، داوای مامۆستا و قوتابخانە بکەن بۆ ئەوەی لەڕۆژانێکی دیاریکراوی حەوتوودا، منداڵەکانیان فێری خوێندنەوە و نووسین بە زمانی کوردی بن.

### ب: دانەبڕان لە کۆڕو کۆمەڵی کوردی و بنەماڵە کوردەکان

بۆ ئەوەی منداڵی کورد حەز و هۆگریی قسەکردن بە زمانی دایکی و فێربوونی خوێندن و نووسین بەو زمانەی تێدا بمێنێ، پێویستە ئەو بۆنە و بوارانەی ئەو بەو زمانە و ئاخێوەرانی ئەو زمانە دەبەستنەوە بۆی پێک بهێنرێ. جێژن و بۆنە کولتوورییە کوردییەکانی وەک نەورۆز و ٢ی ڕێبەندان کە بە بەشداریی بنەماڵە کوردەکان پێک دێ، زەماوەند و بەرنامەی هونەریی جۆراوجۆر، هاتوچۆ و تێکەڵاویی بنەماڵە کوردەکان، سەفەر بۆ کوردستان، قسەکردن بە زمانی کوردی لە ماڵەوە، هەر یەک لەمانە دەتوانن ئەو منداڵانە تا ڕادەیەک لە بازنەی زمانی کوردی دا بێڵنەوە.

### ج: پێکهێنانی خۆشەویستیی زمان و شوناسی نەتەوەیی لە منداڵان و مێرمنداڵاندا ئەرکە لە سەر دایک و باب و گەورەکان.

هۆگری و خۆشەویستیی نەتەوە و نیشتمانی کورد و زمان و کولتووری کوردی لە منداڵان و مێرمنداڵانیاندا بە هێز بکەن. ئەمەش بەشێکی لە ڕێگای هەڵسوکەوتی ڕۆژانە و ئەو پێوەندییە تایبەتیەی لە نێوانیاندا هەیە، دەکرێ. خۆبواردنی گەورەکان لە زێدەڕۆیی لە سەر قامکدانان لە کەموکووڕی و دیاردە نەرێنییەکانی دەسەڵاتی کوردی و حیزبی کوردی و کۆمەڵگەی کوردییش دەتوانێ ڕێگایەکی دیکە بێ بۆ زیان نەگەیاندن بەو خۆشەویستی و هۆگرییە.

***

(*) اصل پانزدهم (١٥) قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران:

زبان و خط رسمی و مشترک مردم ایران فارسی است. اسناد و مکاتبات و متون رسمی و کتب درسی باید با این زبان و خط باشد ولی استفاده از زبانهای محلی و قومی در مطبوعات و رسانه‌های گروهی و تدریس ادبیات آنها در مدارس، در کنار زبان فارسی آزاد است.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١٩

## بەرپەرچدانەوەی ڕوانگەیەکی شۆڤێنیستی لەبارەی "سیاسەتی زمان"ەوە

### پێشەکی:

هەڵسوکەوتی سیاسیی دەوڵەتان لە گەڵ زمان، مێژووەکەی بۆ پێش سەدەی بیستیش دەگەڕێتەوە، بەڵام بەکارهێنانی چەمکی "سیاسەتی زمان" یا سیاسەتی زمانی" بۆ ئەو سیاسەت و ڕێوشوێنانەی دەوڵەتان و ناوەندەکانی بڕیار لە بارەی زمان یا زمانەکانی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیان هەیانە، لە سەدەی ٢٠دا، داکەوت.

لە ئێران، وا دێتە بەرچاو گۆڤاری "یادگار" بە سەرنووسەریی "عباس اقبال آشتیانی" لە یەکەم چاپەمەنییەکان بێ کە چەمکی "سیاسەتی زمان "یان بەکار هێناوە، واتە ڕچەشکێن بووە لەوەدا کە لەژێر ناوی ئەو چەمکە واتە "سیاست زبان" لە چۆنیەتیی سیاسەتی دەوڵەتی ناوەندیی ئێران بەرامبەر بە زمانەکانی وڵات بدوێ. ئەم گۆڤارە لە ژمارەی شەشەم، ساڵی دووهەم، ڕێبەندانی ١٣٢٤(ژانویە، فێوریەی ١٩٤٦)، سەروتارەکەی خۆی لەژێر ناوی "سیاست زبان" بۆ باس لە سیاسەتی زمان لە ئێراندا تەرخان کردووە. "یادگار" لەو گۆڤار و چاپەمەنییانەی ئێران بووە کە داکۆکییان کردوە لە "ناسیۆنالیزمی ئێرانی" و "دەوڵەت - نەتەوەی ئێران" کە بناغەکەی لەسەر پێناسەکردنی ئێران وەک وڵاتی یەک نەتەوە کە زمانەکەی فارسییە، دامەزراوە.

هەر لەو سەردەمدا حەوتوونامەیەک لە تاران لە ژێر ناوی "کوهستان" بە زمانی فارسی دەرچووە (شێعر و بابەتی ئەدەبییشی بە کوردی تا ڕادەیەک تێدا بڵاو کراوەتەوە). سەرنووسەری "کوهستان" کوردێک بە ناوی دوکتور ئیسماعیل ئەردەڵان، خەڵکی سنە بووە. ئەم حەوتوونامەیە هاوکات لەگەڵ تێکۆشانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان و دواتر پێکهاتنی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان، بڵاو بووەتەوە. سەروتار و بابەتەکان و لاپەڕەکانی ئەو حەوتوونامەیە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە "کوهستان" تریبۆن و سەنگەری بەرگری لە خەڵکی کوردستان و لەقاوەدەری ستەم و پیلانی کاربەدەستان و دامودەزگا دەوڵەتییەکان لەدژی خەڵکی کوردستان بووە. بەرگریی لە مێژوو و ئەدەبیاتی کوردی کردووە و، لە هەر ژمارەیەکدا بەشێکی بەرچاوی لاپەرەکانی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردووە. لە پێوەندی لەگەڵ کۆماری کوردستانیشدا، بە گوتەی دوکتور عەبدوڵڵا مەردوخ، "بە تاقی تەنیا ئەرکی بەرگری لەو کۆمارە جوانەمەرگەی لە بەرامبەر ڕۆژنامە کۆنەپەرستەکانی ئەو سەردەمەی گرتبووە ئەستۆ".

سەروتاری گۆڤاری "یادگار" لە بارەی سیاسەتی زمان لە ئێراندا، کە لە ڕوانگەیەکی شۆڤینیستیانە نووسراوە، دەکەوێتە بەر ڕەخنە و بەرپەرچدانەوەی بەجێی سەرنووسەری "کوهستان". لۆژیکی "عباس اقبال آشتیانی" ئەفشار، سەرنووسەری گۆڤاری "یادگار"، ئەوەیە کە زمانەکانی دیکەی ئێران، زمان نین و لەهجەن و، پێویستە هەموویان پشتگوێ و پەراوێز بخرێن بۆ ئەوەی لە هێز و توانای زمانی فارسی کەم نەبێتەوە و ئەو زمانە توانای پاریزگاری لە شکۆ و مەزنایەتیی ئێرانی لە ئاستی ناوچە و جیهاندا هەبێ. ناوبراو داوای بەڕەسمی ناسین و خوێندن بەو زمانانە گرێ دەداتەوە بە دنەدانی بێگانەکان. لۆژیکی سەرنووسەری "کوهستان"، ڕێک بەپێچەوانەیە و، پێی وایە سیاسەتێک دەتوانێ مەزنایەتی و یەکپارچەیی ئێران بپارێزێ و ئەو وڵاتە بکا بە ڕووگەی نەتەوەکانی دیکە لە وڵاتانی دراوسێ، کە زمانە نافارسییەکانی ئێران بەڕەسمی بناسێ و ڕێگە بدا ئەو زمانانە لە قوتابخانە پێیان بخوێندرێ و هتد.

**ئەوەی لە درێژەی ئەم بابەتەدا دەیخوێننەوە، هەڵبژاردەیەک لە هەر دووی ئەم نووسینانەیە کە کردوومن بە کوردی و، دەیخەمە بەر سەرنجی خوێنەران:**

### سیاسەتی زمان بە گوێرەی ڕوانگە و ویستی سەرنووسەری گۆڤاری "یادگار:"

#### سەرنووسەری "یادگار" دوای پێشەکییەک لە بارەی گرنگیی زمان بۆ وڵاتێکی وەک ئێران دەنووسێ:

..."بە پێی ئەم پێشەکییە ئەگەر مەملەکەتی ئێمەش بیهەوێ زیندوو بمێنێتەوە و، لە مەیدانی خەباتی سیاسەتی زماندا، لانیکەم بتوانێ بەرگری لە خۆی بکا، دەبێ سیاسەتێکی زمانی هەبێ و بۆ ئەم کارەش نەخشەیەکی ژیرانە دابڕێژێ و بە ئیرادەیەکی پتەو، تێکەڵ بە تەدبیر و دووربینییەوە، بەڕێوەی ببا، بۆ ئەوەی لەم مەیدانەدا نەشکێ، چونکە ئەگەر خوانەخواستە لەم قۆناغەدا بشکێ و زمانێکی دیکە لە ئێران بە سەر زمانی فارسیدا زاڵ بێت، فاتیحا بۆ ئێران و ئێرانی دەنێردرێ. مەترسییەکی گەورە کە ئەمڕۆ هەڕەشە لە زمانی فارسی دەکا، بێجگە لە مەبەستە ئیستیعمارییەکانی دەوڵەتە قازانجپەرستە زێدەخوازەکانی ئورووپایی کە هەرکات بیانەوێ بەهۆی هێزی لە ڕادەبەدەری ئەوان و لاوازیی ماددیی ئێمە، لەوانەیە وڵاتی ئێمە دابگرێ و بە زۆروزۆرداری، زمانی خۆیان بە سەر ئێمەدا بسەپێنن، دنەدانی ئەو دەوڵەتانە بە مەبەستی زیندووکردنەوەی لەهجە خۆجێییەکان وەک زمانی ڕەسمی و گرنگیدان بە زمانی کەمایەتییەکان لە بەرامبەر زمانی ڕەسمیی دەوڵەتی کە هەم زمانی زۆرایەتیی خەڵکە و هەم زمانێکە کە بەشێک لە بەرزترین هزر و زەوقەکانی جۆری مرۆڤی پێ داڕێژراوە. هەر ئەو کارەی کە لە ئەفغانستان بە دنەدانی تورکانی عوسمانی بۆ قوتکردنەوەی لەهجەی "پەشتوو" لە بەرامبەر زمانی فارسی کردیان و ئێستاش لە سەری بەردەوامن، هەر ئەو کارەش کە لە کوردستان و ئازەربایجان بە مەبەستی ڕەسمییەتدان بە کوردی و تورکی کردوویانە، هەموویان یەک شتن و زۆرتر بە مەبەستی پچڕاندنی هۆگری

حاشالێنەکراوی ئەو قەومە ئێرانییانە لەگەڵ برا فارسیزمانەکانیانە کە پێکەوە لەژێر ئاڵای دەوڵەتی ناوەندیی ئێراندا دەژین. لە بەڕێوەبردنی سیاسەتی زمان و کردەوەی پێوەندیداردا، دەوڵەت دەبێ دوو ڕەهەندی لە بەرچاو بێ: یەکەم دەرەکی و دووهەم نێوخۆیی.

لە بڵاوکردنەوەی زمانی فارسی لە دەرەوەی ئێران، دەوڵەت دەبێ ڕاست ئەو نەخشەیەی بێگانەکان بۆ بڵاوکردنەوەی زمانی خۆیان لە وڵاتی ئێمە جێبەجێی دەکەن، بگرێتە بەر. لەو پێوەندییەشدا دەبێ زیاتر ئەو وڵاتانەمان مەبەست بێ کە پێشتر بەشێک بوون لە ئێران و هەتا ئەمڕۆش بەشێکی گرنگ لە خەڵکەکەیان بە زمانی فارسی قسە دەکەن و هۆگریی دەروونی و ڕەگەزیی خۆیان بە ئێرانیان پاراستووە، لە پاش ئەوان وڵاتانی ئیسلامی کە خەڵکەکەیان ڕۆژگارێکی دوورودرێژ لەگەڵ ئێرانییەکان پێوەندییان هەبووە و لەژێر سێبەری جۆرێک حکوومەت و جۆرێک شارستانەتی و ڕێوشوێندا ژیاون و، لە ڕاستیدا ئەندامی یەک بنەماڵەی گەورە بوون"....

نووسەر پاش ئاماژە بەو وڵاتانەی (تورکیە و قەفقازیە و تورکستان) کە ئەلفوبێی لاتینیان هەڵبژاردوە و بەم جۆرە لە نووسینی فارسی بە ئەلفوبێی عەرەبی دایانبڕیون، هەر بۆیەش کارکردن بۆ پەرەپێدانی زمانی فارسی لەنێویاندا، زەحمەتە، دەپرژێتە سەر عیراق و ئەفغانستان و بەلووچستان و هیندوستان و تەنانەت تەبەت و پاشان مەملەکەتەکانی شام و لوبنان و میسر و حیجاز کە سەرەڕای ئەوەی زمانیان عەرەبییە، هۆگریی دینی و مێژوییان لەگەڵ ئێرانییەکاندا هەیە و کۆمەڵێک لە زانایانی ئەوان فارسی دەزانن یا مەزهەبیان شیعەیە، هەر بۆیە کارکردن لەنێویاندا زۆر هاسانە. "دەوڵەت دەبێ بە هۆی مەئموورانی سیاسی و مەئموورانی دیکە کە تایبەتی دەبێ بۆ ئەو مەبەستە ڕەوانە بکرێن، هەوڵ بدا زمانی فارسییان لەنێودا بڵاو بکاتەوە، خەڵک بۆ فێربوونی ئەو زمانە بە شێوەی تایبەت هان بدا، گۆڤاری جوان و هەرزان بە زمانی فارسی بخاتە بەردەستیان، کتێبی فارسی بە چاپێکی شاز، بۆ فرۆش یا بەخۆڕایی ڕەوانەی ئەو وڵاتانە بکا، مامۆستا و ڕۆژنامەنووس و زانا و هەڵکەوتەیان ڕابکێشێ بۆ نێو ئێران و لە بەرامبەردا هەر لەو جۆرە کەسانەش بنێرێ بۆ نێو ئەوان و، بەردەوام لە گەڵ ئەو مەملەکەتانە لە پێوەندیی کەلتووری و ئەدەبیدا بێ".

عەبباس ئیقباڵ ئاشتیانی، سەرنووسەری "یادگار"، دواتر دێتە سەر ڕەهەندی نێوخۆیی سیاسەتی زمانیی پێشنیارکراوی خۆی بۆ دەوڵەت. خاڵی جێگەی سەرنج لەو باسەیدا، جگە لە بە "لەهجە" ناوبردنی زمانەکانی کوردی و تورکی و بەلووچی و تاوانبارکردنیان بەوە کە ئەدەبیاتێکی ئەوتۆیان نییە، جیاوازی دادەنێ لە نێوان ئەو زمانانەی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران بەفەرمی ناسراون و پێیان دەخوێندرێ، ئەو زمانانەش کە لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانیش هەر وەک ئێران لەژێر سەرکوتدان و بە ڕەسمی نەناسراون و ڕێگەیان پێ نادرێ پێیان بخوێندرێ. لەو بارەیەوە دەڵێ: "ئەو زمان و لەهجانەی لە ئێران باون و هەر کامێکیان کەم و زۆر ئاخێوەریان هەیە، هێندێک لەهجەی ئێرانییان تێدایە وەک تەبەری و گیلەکی و

لوڕی و کوردی. و هتد. لقێکی دیکە زمانە نائێرانییەکانن وەک تورکی و عەرەبی. لەهجەکانی لقی یەکەم چونکە هیچکامیان ئەدەبیاتێکی موعتەبەریان نییە و هیچ کاتیش زمانی دەوڵەتێکی بەهێز نەبوون و ئەمڕۆش لە دەرەوەی ئێران دەوڵەتێکی بەهێز نییە کە زمانە ڕەسمییەکەی یەکێک لەو لەهجانە بێ، دەوڵەت ناتوانێ سیاسەتێکی تایبەت بەوانی هەبێ. تەنیا دەبێ وریای ئەو پڕۆپاگەندە خراپە بێ کە لە دەرەوە لەنێو کوردەکاندا دەکرێ، بۆ ئەوەی نەهێڵێ ژمارەیەک بەناو توێژەری قینلەدڵ کە بە شاردنەوە و گۆڕینی ڕاستییە مێژووییەکان تێدەکۆشن و ئیددیعا دەکەن کە کورد و لوڕ نەتەوەیەکی تایبەتن و لە ڕووی ڕەگەزەوە لەگەڵ ئێرانییەکان جیاوازن و هتد، مێشکی  برایانی کوردمان تیکدەن و لە پێناوی گەیشتن بەو نیازە شوومانەی هەیانە، لەم سۆنگەیەوە، گرفتی سیاسیمان بۆ پێک بێنن.

بەڵام لە بارەی دوو زمانی عەرەبی و تورکی کە لە بەشێکی مەملەکەتی ئێمە ئێرانییەکاندا باون و لە منداڵییەوە پێیان دەئاخفن و هەردوویان لە دەرەوە بە میلیۆنان ئاخێوەریان هەیە و زمانی دەوڵەتی بەهێز بوون و هەن و، لە دەرەوەی ئێران هەموو ڕۆژێ کتێب و ڕۆژنامە بەو زمانانە چاپ دەبێ و دەنگوباس و گوتاریان لەم سەر بۆ ئەو سەری دنیا پێ بڵاو دەبێتەوە، سیاسەتی دەوڵەت دەبێ زۆر ژیرانە بێ و پێویستە هەموو جۆرە پارێز و مشوورخواردنێکی لەگەلدا بێ... نابێ بێ ئینساف بین. منداڵی ئازەربایجانی هەر لەو کاتەدا کە ئێرانییە و، نیشتمانی خۆشەویستی خۆی، ئێران و شانازییەکان و بەرهەمەکانی خۆش دەوێن، چونکە لە ژینگەیەکی تورکزماندا لەدایک بووە و هەر لە کاتی لەدایکبوونەوە بێجگە لە تورکی هیچی دیکەی نەبیستووە، چ گوناهێکی کردووە ئەگەر فارسی نەزانێ و هەموو کات تورکی، بەو هۆیەوە کە باشتر لێی تێدەگا و هاسانتر قسەی پێ دەکا، بخاتە پێش زمانی فارسی؟ ئەمڕۆ نەفەرێکی ئازەربایجانی بۆ بیستنی هەواڵ و دەنگوباسی گشتیی دنیا و زانیاری وەرگرتن، سروشتییە گوێ دەداتە ڕادیۆ باکۆ یا ئانکارا. لە ئاکامدا هەر پڕۆپاگەندەیەکی لەم دوو ڕادیۆیەی گوێ لێ بێ، کەم و زۆر دەکەوێتە ژێر کاریگەرییان. کەمتر گوێ لە ڕادیۆ تاران دەگرن کە بەدبەختانە هەم لاوازە و هەم  بەرنامەیەکی تایبەتی بۆ ئەم جۆرە مەبەستانە نییە. بۆ ئاخێوەرانی زمانی عەرەبییش لە خوزستان و بەحرەین و دورگەکانی خەلیج لە پێیەندی لەگەڵ ڕادیۆی بەغدادا، دۆخەکە هەر بەم جۆرەیە.

بەو هۆیەوە کە لە ئێران زمانەکانی تورکی و عەرەبی ناتوانین بە هاسانی وەلا بنێین، هەر لە جیدا وەک گوتمان دەستبردن بۆ کارێکی وا هیچ بەرژەوەندییەکی تێدا نییە، دەوڵەت دەبێ بەو پەڕی شەهامەتەوە ڕێگە بدا بە خەڵکی ئازەربایجان و ئەو ناوچانەی زۆرینەی خەڵکەکەیان بە عەرەبی قسە دەکەن، لە قوتابخانەکانیان هەتا تەمەنێکی دیاریکراو، بە زمانی خۆجێی خۆیان بخوێنن. دواتر لە قۆناغی ناوەندی و بەرزتر بە فارسی دەرسیان پێ بڵێن.... هەوڵ بدەن منداڵانی ئێرانی کە بەهۆی ڕووداوە مێژووییەکان ناچار کراون بە عەرەبی یا تورکی بدوێن، بە گیانێکی ئێرانی پەروەردەیان بکەن وەهر کە گەیشتنە تەمەنی باڵغبوون، لە چەنگی پڕۆپاگەندەی هاوزمانانی خۆیان دەریان بێنن و وەها

هەڵسوکەوت بکەن کە خەڵک بەرەبەرە منداڵی خۆیان ناچار بکەن واز لەو زمانانە بینن و وردە وردە ئاوی ڕۆیشتوو بگەڕێننەوە نێو جۆگەی".

**بەرپەرچدانەوەی بۆچوونەکانی سەرنووسەری گۆڤاری "یادگار" لە لایەن حەوتوونامەی "کوهستان"ەوە:**

وێدەچێ یەکەم بەکارهاتنی چەمکی "سیاسەتی زمانی"لە چاپەمەنیی سەر بە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتیش، هەر ئەو وڵامە بێ کە سەرنووسەری حەوتوونامەی "کوهستان" دوکتور ئیسمەعیل ئەردەڵان، بەم نووسینەی گۆڤاری "یادگار"ی داوەتەوە. دوکتور ئەردەڵان لە سەروتاری ژمارە ٤٥، ساڵی یەکەم، دووشەمە ١٥ی ڕیبەندانی ١٣٢٤(فێوریەی ١٩٤٦)ی حەوتوونامەی "کوهستان"، هەر لەژێر سەردێڕی "سیاست زبان" بەرپەرچی هێندێک لە بۆچوونەکانی مەحموود ئەفشاری دەداتەوە و دەڵێ:

"لەوانەیە بەڕیزی سەبارەت بە هۆگرییەکی زۆر کە بە برایانی کوردی ئێرانیی خۆی هەیەتی، نەیویستووە مەسەلەکە بەو جۆرە کە شیاو بووە، شی بکاتەوە، لەوانەشە ئەگەر زیاتر چووبایە نێو باسەکە، ناچار بوایە حەق بە وانیش بدا هەر وەک برایانی ئازەربایجانی کە "هەموو کات تورکی" (بەو هۆیەوە کە باشتر لیی تێ دەگەن و هاسانتر قسەی پێ دەکەن) لە فارسی بە گرنگتر بزانن، یا وەک "ئاخێوەرانی زمانی عەرەبی لە خوزستان و بەحرەین و دوورگەکانی خەلیج"، مافی پێ دەدان و ڕەزامەندیی دەفەرموو "لە قوتابخانە هەتا تەمەنێکی دیاریکراو، بە زمانی خۆجێی خۆیان، منداڵانیان فێر بکەن".

لەو سەروتارەی "کوهستان"دا هەروەها هاتووە: "زۆر جێگەی داخە کاتێک یەکێک لە زاناکانی وڵات دەست دەداتە قەڵەم و دەیەوێ لەبارەی پرسێکی گرینگ ڕێنوێنی بدا، لە حاشاکردن لە ڕاستییە ڕوونەکانەوە دەست پێ دەکا و، لەبارەی پرسێکی ئاشکرای وەک ئەدەبیاتی کورد وەک بابایەکی بێخەبەر بیروڕا دەردەبڕێ. بۆ ئیعتیباری ئەدەبیات و زمانی کوردی بەڵگەی زۆر هەن. مێژوونامە، دیوانی شاعیران و کتێبی جۆراوجۆر زۆرن، بەڵام بۆ ئەوەی کاکی نووسەر زەحمەتی گەڕان لەنێو کتێبخانەکانی نەکەوێتە بەر، بگەڕێتەوە سەر ژمارەی ڕابردووی ڕۆژنامەکان و، ئەم ژمارەیەی ئێستاش و بابەتی "چاوخشاندن بە شێعر و ئەدەبیاتی کوردیدا " بخوێنێتەوە کە نووسەرەکەی ژنێکی فەرانسەییە و وێشدەچێ بێلایەن بێت (چونکە ناکرێ بڵێی داوای سەربەخۆیی کوردی کردووە)، بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بۆت دەرکەوێ ئەدەبیاتی کوردی هەرنەبێ کەمێک ئیعتیباری هەیە.

بەڵام ئەوە کە "دەوڵەت ناتوانێ سیاسەتێکی تایبەتی لەو بارەوە هەبێ" بە بڕوای ئێمە ئەم بیروڕایە لە حاشاکردن لە ئەدەبیاتی کوردی، خراپترە. بەپێچەوانەوە ئێمە لەو بڕوایە داین کە دەوڵەت دەبێ لەم بارەیەوە سیاسەتێکی دیاریکراوی

هەبێ. سیاسەتێکی هەبێ کە بە چاوی کراوە، بە ڕوانینی ورد لە دەوروبەر و لەملاوئەو لا و، بە ئاگاداری لە ڕەوتی ڕووداوەکانی ڕۆژ دیاری کرابێ.

ئەمڕۆ لە بەشی ڕۆژاوای ئێران ژمارەیەکی زۆر بە زمانی کوردی دەپەیڤن. ئەو زمانەیان خۆش دەوێ، لەوانەشە ئەم خۆشەویستییە بەهۆی ئەو گوشاری زۆرەی بۆ بەرتەسککردنەوەی زمانەکەیان دەخرێتە سەریان، چەند قات زیادی کردبێ. ئێوە بە هیچ هێزێک ناتوانن ئەم هۆگرییەیان لێ بستێننەوە. ئەو شاعیرەی بە کوردی شێعر دەڵێ، ئەگەر بخرێتە کونجی زیندان، ئەوجار ستەمەکانی ئێوە دەخاتە تویێ شێعرەکانی، ئەگەر بشیبەنە بن سێدارە، بە شێعرێکی کوردی دەچێتە پێشوازی مردن.

ئەتۆ نابێ لەبیرت بچێ کە لەو ناوچانەی سەرسنووری ڕۆژاوای ئێرانی ئێمە ، خەڵکێک هەن کە لەگەڵ دانیشتووانی ئەو دیوی سنوور، لە هەر بارێکەوە هاوخوێن، هاوڕەگەز و هاوزمانن. ئەوانیش کوردن و تەنانەت هێندێکیان سەر بە یەک بنەماڵە، یەک تایفە یا یەک هۆزن. ئەوانە خۆیان لە یەکتر بەجیا نازانن، بێ ئەوەی یەکتریان دیتبێ، یەکتریان خۆش دەوێ و خۆیان بە برای یەکتر دەزانن. ئەوان ڕاستە بە ڕواڵەت گوێڕایەڵی دەوڵەتێکی دیکەن و بە خەڵکی مەملەکەت یا وڵاتانێکی دیکە ناو دەبرێن، بەڵام لە دەروونیاندا کوردن و خوێنی کورد لە دەمارەکانیاندا دێت و دەچێ.

پێوەنووسان بەوە کە کوردی لەهجەیە، لقێکی فارسییە، ئەدەبیاتێکی موعتەبەری نییە و هتد، قسەی منداڵانەن. ئەوانەی من و تۆ و کەسانی وەک ئێمە بێچارەیان دەسخەڕۆ کردووە، بەو بێخەبەری و ترسەی ئێمە گاڵتەیان دێ. ئەم قسە منداڵانانە بێجگە لە پڕکردنەوەی لاپەرەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، بێجگە لە دڵی خۆ پێخۆشکردن یا باشتر بڵێم فریودانی خۆمان، بە کەلکی هیچی دیکە نایەن. دەبێ ترس وەلا بنێین، دەبێ ڕاستییەکە بڵێین ئەگەر چی تاڵ بێ، چونکە هەتا ددان بە ڕاستیدا نەنێین، ڕێگای دروست نادۆزینەوە.

لە ڕووس دەترسین، لە ئینگلیس دەترسین، لە ئەمریکا دەترسین، لە تورکیە و عێراقیش بترسێین و، لە خۆشمان هەر بترسێین، ئەدی کە وایە بۆ زیندووین؟ بۆچی هەمیشە دەبێ بیرمان بچووک بێ؟ بۆ چی بەردەوام لەوە بترسین کە کوردستانمان لە دەست دەربچێ... بۆچی ناڵێین با ئێرانێکی گەورە بنیات بنێین؟... ئەمڕۆ ئەگەر دەبیستن کە لە هێندێک ناوچەی کوردستان، خەڵک خودموختارییان دەوێ، لۆمەیان مەکەن، چونکە ئەوان لەو حکوومەتانە وەزاڵە هاتوون، هەرچی هاوار دەکەن کەس گوێ لە هاواریان ناگرێ. تا کەنگێ تەحەممول بکەن، چاوەڕێی چی بن؟ چاوەڕوانی ئەوە کە دانیشمەندێک ڕاست بێتەوە و پێشنیار بکا چونکە دەوڵەتێکی بەهێز بە ناوی تورکیە لە جیهاندا هەیە، با

ئازەربایجانییەکان لە قوتابخانەی سەرەتاییدا تورکی بخوێنن؛ چونکە کوردیش، دەوڵەتێکی بەهێزی کوردی لەپشت نییە، دەوڵەت ناتوانێ سیاسەتێکی لە ئاست ئەوان هەبێ؟ واتای ئەم پێشنیارە چییە؟ واتە کوردەکان! ئەگەر دەتانەوێ منداڵانتان لانیکەم لە قوتابخانەی سەرەتایی بە کوردی بخوێنن، دەبێ هەوڵ بدەن دەوڵەتێکی بەهێزی کورد پشتیوانتان بێ. هەر ئەو دەلیلەی کە تۆ بۆ ڕێگەپێدانی خوێندن بە زمانی تورکی دەیهێنییەوە و دەڵێی لەبەر ئەوەی زمانی ڕەسمیی دەوڵەتێکی بەهێزە، پێشنیارەکەی خۆت ڕەت دەکاتەوە، سانسۆرەکەشت بۆ ئەوەی لەسەر سنوورەکان پێش بەو کتێب و گۆڤارانە بگرن کە پرۆپاگەندەی دژی ئێرانیان تێدایە، ناگاتە هیچ کوێ و، زۆری پێ ناچێ بیروباوەڕی پان تورانیزم ئازەربایجان دەخاتە ژێر کاریگەریی خۆی و ئاکام و ئەنجامەکەشی چاوەڕوانکراوە...

ئێستا با بزانین مەترسیی ئازادبوونی زمانی کوردی بۆ مەملەکەتی ئێمە چ دەبێ؟ بەو هۆیەوە کە کوردستانێکی سەربەخۆ نییە، خوێندن بە زمانی کوردی نابێتە مەترسیی دابڕانی بەشێک لە مەملەکەت، بەڵکوو بەپێچەوانەوە، تەبلیغی زمانی کوردی لە کوردستانی ئێران، بمانەوێ و نەمانەوێ دەبێتە هۆی ڕاکێشانی سەرنجی کوردانی دیکەی جیهان و ئەگەر ئەم بانگەشەیە، سیاسەتێکی ڕیفۆرمخوازانەی لەو ناوچانە لە گەڵدابێ، دوور نییە هەوڵی پێکهێنانی ئێرانێکی گەورە بگاتە ئاکام. چونکە ئەگەر ئێرانێکی بەهێز هەبێ و کوردستانێکی سەربەخۆ نەبێ، هێچ گومانی تێدا نییە کوردانی جیهان بەر لە قبووڵکردنی شارومەندێتیی هەر دەوڵەتێکی دیکە: تورک یا عەرەب دەیانەوێ لەژێر ئاڵای ئێرانێکی گەورەدا بژین.
با لە لایەکەی دیکە ئەو مەسەلەیەش ورد بینەوە. وای دادەنێین کوردستانێکی سەربەخۆ پێک دێ. ئەو کوردستانە بەو هۆیەوە کە دەوڵەتێکی ساوایە، هەموو هۆش و بیری بۆ بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی کاروباری نێوخۆیی خۆی تەرخان دەکا و ماوەیەک دەخایەنێ تا ببێتە دەوڵەتێکی بەهێز و بۆ وێنە وەک ئێستای دەوڵەتی تورکیەی لێ بێت. لە بارودۆخێکی ئاوادا ئێران باشترین هەلی بۆ هەڵ دەکەوێ بۆ ڕاکێشانی سەرنجی ئەو دەوڵەتە نوێیە و، وەک دەوڵەتێکی هاوڕەگەز دەتوانێ پێوەندییەکی زۆر دۆستانەی لەگەڵی هەبێ، چونکە هاوخوێنی و هاوپێوەندیی مێژوویی و بوونی چەند میلیۆن کورد لە ئێران، ڕێوشوێنی دۆستایەتییەکە پتەو دەکا. هەر بەم هۆیانەوە کوردستانی سەربەخۆ نەک زیان بە ئێران ناگەیەنێ، بە قازانجیش دەبێ"....

**سەرچاوەکان**:

گۆڤاری "یادگار"، ساڵی دووهەم، ژمارە شەشەم، ڕێبەندانی ١٣٢٤، ژانویە - فێوریەی ١٩٤٦
"نامە هفتگی کوهستان"، ژمارە ٤٥ (١٧ی ڕەشەمەی ١٣٢٣- ١٢ی ڕەشەمەی ١٣٢٥)، لە لایەن بنکەی ژین چاپ کراوەتەوە، ٢٠١٠

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی نۆڤەمبەری ٢٠٢١

## هەڵوێستەیەک لە سەر نێوەرۆکی کتێبی: زمانی کوردی لە ئێران، دانپێدانانی سنووردار و چاوەدێریکراو"

**ئاماژە**: "زمانی کوردی لە ئێران، دانپێدانانی سنووردار و چاوەدێریکراو"، کتێبێکە لە نووسینی پرۆفیسۆر د.جەعفەر شێخولئیسلامی. عەبدولخالق یەعقووبی لە ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی. ساڵی ٢٠١٨، لە هەولێر لە لایەن ئەکادیمیای کوردی، چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

ئەم کتێبە لێکۆڵینەوەیەکە بە هەر دوو زمانی ئینگلیزی و کوردی. لە ڕاستیدا توێژەر لێکۆڵینەوەکەی ساڵی ٢٠١١ بە زمانی ئینگلیزی بۆ ژمارەیەکی تایبەت بە زمانی کوردیی گۆڤاری زانستی نێونەتەوەیی کۆمەڵناسیی زمان(IJSL)نووسیوە. وەرگێڕاوی کوردییەکەی لە ٢٠١٨ وێڕای ئینگلیسییەکە، لە توێی کتێبێکی ١٢٠ لاپەڕیدا بڵاو بووەتەوە.

### نێوئاخنی کتێبەکە لەم بابەتانە پێک هاتووە:

- پێشەکیی نووسەر و پوختەی لێکۆڵینەوەکە
- بابەتە تیۆریکەکان
- زمانی کوردی لە ئێران
- سیاسەتی زمانیی ئێران: ڕەزاشا ١٩٤١ - ١٩٢٥، محەممەد ڕەزاشا ١٩٤١ - ١٩٧٩، کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ١٩٧٩وە، بەکارهێنانی زمانی کوردی لە میدیا، پەروەردە
- مژار و ئەنجام.

### هەڵوێستەیەک لە سەر پێشەکیی نووسەر بۆ وەرگێڕاوی کوردیی توێژینەوەکە:

لە پێشەکیی کتێبەکەدا، توێژەر ئاماژە بە هێندێک ئاڵوگۆڕی هەر چەند بچووک بەڵام ئەرێنی لە ئێران لە پێوەندی لەگەڵ زمانی کوردیدا دەکا، وەک کرانەوەی خولێکی بەکالۆریای زمان و ئەدەبیاتی کوردی لە ٢٠١٥ لە زانکۆی کوردستان و پێشوازیی ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکاران بۆ بەشداری لەم خولەدا. لە درێژەی ئەو باسەدا و بە سەرنجدان بەو ڕاستییە کە چاوەڕوان ناکرێ ڕێژیمی ئێران مل بۆ داوای خوێندن بە زمانی کوردی کەچ بکا، توێژەر کۆمەڵێک پێشنیاری خستووەتە بەر

سەرنجی هۆگران و دڵسۆزانی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. د.جەعفەر ئەوەندە دەرفەتەش (کرانەوەی جاروبارەی خولی بەکالۆریای زمان و ئەدەبی کوردی، یا خوێندنی چەند یەکەیەکی زمان و ئەدەبیاتی کوردی لە ئاستی ناوەندی و زانکۆدا) بە گرنگ دەزانێ: "ڕەنگە چارە هەر ئەوە بێ کە ئەوەندەی دەکرێ جارێ زمانی کوردی بچێتە نێو فێرگە و زانکۆکانەوە. واتە ڕەنگە ئەمە هەنگاوێکی بەسوود بێ کە جارێ لانی کەم بوونی زمانەکە وەکوو وانەیەک، یا چەند وانە، بۆ نموونە وانەیەک لەسەر ڕێزمان و بابەتە زمانییەکانی کوردی و وانەیەکیش لەسەر ئەدەبی کوردی) لە فێرگەکانی کوردستان بگوترێتەوە. بەو مەرجەی کە ئەو وانانە دڵسۆزانە ولێزانانە بگوترێنەوە، دەتوانن هەم ئاستی زمانەکە ببەنەسەر و هەم لە لای ئاخێوەرانی زمانەکەشەوە خۆشەویستتری بکەن." (لاپەڕی ١٣)

خۆشەویستتر کردنی زمانەکە لای ئاخێوەرانی بە تایبەتی منداڵانی ئەو نەتەوەیەی کە لە خوێندن بە زمانی خۆیان بێبەش کراون، هەر وەها دروستکردنی ئەو باوەڕە کە زمانەکەی ئەوانیش هیچی لە زمانەکانی دیکە کەمتر نییە و دەتوانێ زمانی پەروەردە و فێرکردن بێت، لەو خاڵانەن کە توێژەر وەبیر ئاخێوەرانی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان دێنێتەوە. هاوکات پێویستە نوخبەی نەتەوەی باڵادەستیش دیالۆگی لەگەڵ بکرێ و تێبگەیەندرێ کە خوێندنی نەتەوە نافارسەکان، نەک هەر شتێکی خراپ نییە بەڵکوو لە زۆر بارەوە بە قازانجە. بە تایبەتی بۆ پتەوکردنی یەکگرتوویی وڵات و پێکەوەمانەوەی بەئاشتیی پێکهاتە جیاواز و جۆراوجۆرەکانیان. "دەمڕاستەکانی زمانی باڵادەست پێیان وایە کە دانی مافی زمانی دەبێتە هۆی لێکهەڵوەشانەوەی وڵاتێک. نازانن کە دانی مافی زمانی بە باسکەکان و کاتالۆنەکان لە سپانیا و، بە کۆبەکییەکان لە کەنەدا، بە وێلزییەکان لە ئینگلیستان، جووڵانەوەی جیاوازیخوازیی لەنێو ئەو کەمینانەدا نەک بەهێز نەکردووە، بەڵکوو کزی کردووە." (لاپەڕی ١٤)

زیندوو ڕاگرتنی پرسی داوای خوێندن بە زمانی دایک لە ئێران بە تایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک (٢١ی فێوریە) و بەشداریی چالاکانەی چالاکانی کولتووریی سێ نەتەوەی تورک (ئازەری)، کورد و بەلووچ کە نووسەری کتێبی "زمانی کوردی لە ئێران، دانپێدانانی سنووردار و چاوەدێریکراو"، ئاماژەی پێ کردووە، گۆڕانێکی جێگەی هیوایە. "ئەمە بۆ خۆی زۆر باشە. لە لایەکەوە بابەتەکە لەنێو خودی ئاخێوەرانی زمانە کەم دەسەڵاتەکانەوە، وەکوو کوردی و ئازەری، بە زەقیی سەرهەڵدەداتەوە. لەلایەکی دیکەوە، نووسەر و ڕووناکبیرانی فارس دێنە نێو گفتوگۆکان و لەسەر بابەتەکە گفتوگۆ دەکەن. واتە، بۆنەکە بۆ لە ئارادا هێشتنەوەی بابەتەکە و درێژەدانی گوتارەکە کاریگەرە." (لاپەڕی ١٥)

خاڵێکی جێگەی سەرنج کە توێژەر لەم پێشەکییەدا ڕوونی دەکاتەوە، نیگەرانی و خراپحاڵیبوونی فارسزمانەکان و لایەنگرانی زاڵبوون و باڵادەستیی زمانی فارسی لە ئێران لە ئاکامەکانی پەروەردە و خوێندنی چەند زمانە لە ئێراندایە."

دەستڕاگەیشتن بە زمانی یەکەم بۆ هەموو مەبەستەکان مافێکی ئینسانییە. هەروەها دەستڕاگەیشتن بە زمانی "نەتەوەیی" و هاوبەشی وڵاتێکیش مافێکی ئینسانی و زمانییە. ئەمە بەو واتایەیە کە دەستڕاگەیشتن بە مافی زمانی زگماکی یان یەکەم، نابێ بە واتای دوورەپەرێزی لە زمانی وڵاتێک بێ، وەکوو زمانی فارسی لە ئێران. بێبەشکردنی منداڵی کورد لە زمانی فارسی بێبەشکردنیانە لە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە وڵاتێکدا کە فارسی زاڵە." (لاپەرەکانی ١٧ و ١٨)

لە کۆتایی ئەم پێشەکییەدا، پرسیارێک وروژێندراوە. وڵامێک کە توێژەر بەو پرسیارەی داوەتەوە، یارمەتیدەرە بۆ ئەو کەسانەی خەریکی نووسین و توێژینەوە لەبارەی سیاسەت و پلانی زمانی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانن. پرسیارەکە ئەمەیە: "ئایا هەر ئەوە کە لە وڵاتێکی وەکوو ئێران خوێندن بە زمانی کوردی ڕێگا بدرێ، هەموو شت ڕاست و دروست دەردەچێ؟" توێژەر دوای ئاماژە بەو هەمووە چەرمەسەری و قوربانیدانەی کورد لە پێناوی زمانەکەی، وریایی دەدا ئەگەر ڕۆژێک دەروویەکی نەختێک ڕووناک بۆ خوێندنی زمانی کوردی و خوێندن بەو زمانە بکرێتەوە، پێویستە لە سەرەتاوە هەنگاوەکان شێلگیرانە و بە زانیارییەوە هەڵبگیرێن. لەم بارەیەوە دەڵێ: "بۆ ئەوە کە سیستەمێکی سەرکەوتوو بۆ خوێندن بە زمانی دایک بێتە ئاراوە، پێویستە زۆر لایەن وەکوو ئەکتەرەکان (منداڵ، بنەماڵە، جڤات، نەتەوە، وڵات و هتد)، پرۆگرامەکان، یاساکان و بوارە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لەبەرچاو بگیرێن." (لاپەڕی ١٩) توێژەر بۆ هەر یەک لەم ئەکتەرانە کۆمەڵێک بیرۆکە و ئەرکی خستووەتە ڕوو کە پێویستە لە ئەگەری هاتنە کایەی دەرفەتێکی ئەوتۆدا، جێبەجێی بکەن و بخرێنە چوارچێوەی بەرنامە و پلانیان.

### لەبارەی کرۆک و نێوەرۆکی توێژینەوەکە:

توێژینەوە لە سەرەتادا لە دەلاقەیەکی تیۆریکەوە دەڕوانێتە جۆری گەڵاڵەبوونی سیاسەتی زمانی لە ئێران. نێوەرۆکی سیاسەتی زمانی لە ئێران، پێوەندیی ڕاستەوخۆی هەیە بە پێکهاتنی دەوڵەتی نوێ لە ئێران و ئەو ئایدۆلۆژی و ناسیۆنالیزمەی دەوڵەت- نەتەوەی ئێرانی لەسەر بنیات نراوە. دەوڵەت نەتەوەی ئێرانیش کە لە سەدەی بیستەمدا سەری هەڵدا "وەک زۆربەی دەوڵەت-نەتەوەکانی ئەو سەدەیە، پرۆژەگەلی نەتەوەچێکەریی خۆیان لە پرۆژە گەلی وڵاتانی ئەورووپییەوە وەرگرت بە تایبەتی فەرەنسە، لە بەر ئەوەی فەرەنسە وەک یەک لە یەکەم پرۆژەگەلی نەتەوەچێکەری سەرکەوتووی مودێرن لە قەڵەم دەدرێ کە تێیدا پرۆسەی یەکپارچەسازی بە "هێوری و بێ گیروگرفت" چووەتە پێش."(لاپەڕی ٣١)

لە سەدەی بیستەم، زمانەکانی کاتالان و باسک لە ماوەی دەسەڵاتی فرانکۆ لە ئیسپانیا قەدەغە کران، و کوردی لە تورکیە بۆ ماوەی نزیکەی سەدەیەک ڕێ پێنەدراو بوو. ئێرانیش زمانگەلی کەمینەکانی قەدەغە کرد، یەک لەوان کوردی، لانیکەم لە

ماوەی دەسەڵاتداریی ڕەزاشادا، ١٩٢٥- ١٩٤١" (لاپەڕی ٣٢).

لە چوارچێوەی ئەو باسە تیۆرییەدا، ڕاوبۆچوونی کۆمەڵێک لە زمانەوانە بە ناوبانگەکان لە بارەی سیاسەتی تاکزمانی و ئامانجەکانی، هەروەها ڕۆڵی سیستەمی پەروەردە و سیاسەتی زمانیی بەکارهاتوو لەو سیستەمە لە جێگیرکردنی ئایدۆلۆژی سیستەمی سیاسیی وڵاتدا دەخوێنینەوە. بۆ نموونە ئەم بۆچوونەی "سکۆتناب کانگاس": " لە وڵاتێکی فرەزماندا، داسەپاندنی یەک زمان بە سەر تەواوی خەڵکدا و بە قیمەتی وەپەراوێز خستنی زمانەکانیتر بە واتای شەرعییەتدانە بە دەسەڵاتێکی سیاسیی تایبەت، شێوازێکی دیاریکراوی چاوەدێری و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی، و ڕێگایەکی ئایدۆلۆجیکی بە کۆمەڵاتیکردنی جەماوەر کە دەبێتە هۆی ملکەچکردنیان بۆ، کەموزۆر، تاکە یەک شێوازی تێڕوانین، تێگەیشتن، و شرۆڤەکردنی جیهان، تاکە یەک شێوازی تێروانین لە خۆیان و ئەوانیتر، و هەر بۆیە پێملبوون بە ناسنامەیەکی یەکسان و هاوبەش، واتە ناسنامەی گرووپی بالادەس [ و خاوەن دەسەڵاتی سیاسی. ] یەک لە شێوازە کاریگەرەکانی تواندنەوە و یەکدەستکردنەوە" پەروەردەی ڕەسمی بووە." (لاپەڕی ٣٤)

توێژەر، بەشێکی سەرەکیی توێژینەوەکەی بۆ باس لە سیاسەتی زمانی لە ئێران لە دوو سەردەمی جیاوازدا تەرخان کردووە. سەردەمی ڕێژیمی شایەتی و دەسەڵاتدارێتیی ڕەزا شا و دواتر کوڕەکەی. هەروەها سیاسەتی زمانی لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران. خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە نەک هەر بە گۆڕانی دەسەڵاتداران، تەنانەت بە گۆڕانی ڕێژیمە سیاسییەکانیش، جەوهەری سیاسەتی سەرکوتکەرانەی تاکزمانی لە ئێران نەگۆڕاوە. دیارە ئەوە بەو مانایە نییە کە لە نێوان سیاسەتی زمانی لەو دوو سەردەمە سیاسییە جیاوازەدا، هیچ جیاوازییەک پێک نەهاتوە. بۆ وێنە حەمەرەزاشا "هەر چەند تواندنەوەی زاڵمانەی کەمینەکانی، بە کوردیشەوە کەم کردەوە، بەڵام فارساندن وەک سیاسەتی سەرەکیی حکوومەتی ناوەندی و دامودەزگا خۆجێیی و ناوچەییەکان مایەوە، هەر لە دامودەزگای سەربازییەوە بگرە تا دەگاتە پەروەردە." (لاپەڕی ٤٢)

لە سەردەمی دەسەڵاتدارێتیی حەمە ڕەزاشا، کرانەوەیەک بە ڕووی زمانی کوردی و زمانە نافارسییەکانی دیکەش لە هێندێک بواردا هەبووە وەک ڕێگەدان بە بڵاوبوونەوەی چەند گۆڤار یا چاپی هێندێک کتێب و هتد. بە وتەی توێژەر (د.جەعفەر شێخولئیسلامی) ئەم لادانە چ پەیوەندییەکی بە گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە سیاسەتی دەوڵەتدا نەبوو، بەڵکوو پتر حاسڵی گۆڕانی کۆمەڵایەتی- سیاسیی ئەو سەردەمە بوو. زمانی کوردی هەر وەک زاراوەیەکی زمانی فارسی دەهاتە ئەژمار. لە فێرگەکان پێی نەدەخوێندرا، تەنیا لەنێو بنەماڵە و لە شەقامدا قسەی پێ دەکرا. لە ئاکامدا "نیشانەکانی گۆڕانی زمانیی لە کوردییەوە بۆ فارسی لە ناوەندە شارنشینە گەورەکانی لە چەشنی ئیلام، کرماشان و سنە دیار بوون..." (لاپەڕی ٤٣)

پاش ڕووخانی ڕێژیمی شایەتی و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران، ماف و داواکانی کورد کە بە فەرمی ناسرانی زمانی کوردی و خوێندن بەو زمانە لە کوردستان، یەک لە گرینگترینیان بوو، گوێی پێ نەدرا."حکوومەتی دینیی نوێ هیچ تێگەیشتنی بۆ بابەتگەلی قەومیی تایبەت نەبوو کە وڵاتی فرەقەومیی ئەوان پێناسە بکات، و بارگرژییەکە خێرا تەشەنەی سەند." (لاپەڕی ٤٥)

ئایا لە ئێران دان بە فرەزمانیدا نراوە و زمانەکانی ئەو وڵاتە، هیچ مافێکیان پێدراوە؟ ناوی توێژینەوەکە کە لە ڕاستیدا بووە بە ناوی کتێبەکەش، دەستەواژەی "دانپێدانانی سنووردار و چاوەدێریکراو"، زۆر لەجێی خۆیدایە. لە ئێران هەر لەو کاتەدا کە تەنانەت لە دەستووری وڵاتیشدا باس لە جۆراوجۆریی زمانی لە ئێران دەکرێ و دان بە زمانە ناوچەیی و خۆجێییەکان دەنرێ و، تەنانەت لە ئەسلی ١٥ی قانوونی ئەساسیی وڵاتدا هاتووە "زمانە ناوچەیی و خۆجێییەکان لە ڕاگەیاندن و ماس میدیا، هەر وەها بۆ گوتنەوەی ئەدەبیات بە وانە لە فێرگەکان وێڕای زمانی فارسی ڕێگایان پێ دەدرێ"، بەڵام بە وتەی توێژەر: "دەکرێ بگوترێ دانپێدانانێکی لەمجۆرە چ نییە جگە لە دەمامکێکی لێبڕاوانە."

هەر لە درێژەی ئەو باسەدا، بەکارهێنانی زمانی کوردی لە ئێران لە بوارەکانی میدیا و پەروەردەدا شی کراونەوە. دەسەڵات لە ئێران لە ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن زمانی کوردی بۆ بانگەشەی سیاسیەکانی خۆی بە کار دێنێت. بەڵام چۆن بەکارهێنانێک؟: "زۆربەی ڕۆشنبیران، ڕۆماننووسان، شاعیران، و ڕۆژنامەنووسان لەو زمانە کوردییەی ئەم وێستگانە بە کاری دەهێنن، ڕازی نین، و پێیان وایە هەندێک هەوڵی بەئەنقەست بۆ تێکدانی زمانی کوردی لەژێر چاوەدێریی وردی کاربەدەستاندایە، زۆربەی جار لە ڕێگای وەرگێڕانی بابەتەکان یان شێوەزاری ترەوە، چونکی زۆربەی بەرپرس و بەڕیوەبەرانی وێستگەکانی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن خەڵکی ناوچەکانی تری ئێرانن و بە کوردی ناپەیڤن. بە هەمان شێوە هەموو بڵاوکراوەکان دەبێ لەلایەن وەزارەتی کولتوور و ڕێنمایی ئیسلامییەوە پەسند بکرێن." (لاپەڕی ٥٠). سەرەڕای ئەو کۆنترۆڵ و چاوەدێریکردنە، گۆڤاری "سروە" کە بە ئیمکانات و ئیجازەی حکوومەت دەردەچوو، بەو هۆیەوە کە کەسانێکی دڵسۆز و بەئەزموونی وەک مامۆستایان هێمن موکریانی و ئەحمەد قازی سەرپەرستییان دەکرد، توانیی ڕۆڵی گرنگ لە ڕاکێشانی خەڵکی کوردستان بە تایبەتی لاوان بۆ لای فێربوونی خوێندنەوە و نووسین بە زمانی کوردی وەئەستۆ بگرێ.

بەڵام لە دەرەوەی ئیرادەی دەسەڵاتی وڵات، هێندێک هەوڵ هەبوون کە توێژینەوە گرنگیی باشی پێداون. چالاکیی ئەنجومەنە ئەدەبییەکان، هەروەها هەوڵێکی بەرچاو لە هەموو پارێزگەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە زانکۆکانی ئێران بۆ بڵاوکردنەوەی گۆڤار و بڵاوۆک و کتێب بە زمانی کوردی هەبووە. بە تایبەتی لە سەرەتای دەیەی ١٣٩٠ کە هەرێمی کوردستان دوای ڕاپەڕین گۆڕانی سیاسیی بەسەردا هات، دواتریش لە سەردەمی بزووتنەوەی ڕیفۆرمخوازی و هاتنە سەرکاری

محەممەد خاتەمی وەک سەرکۆماری ئێران، ئەم جۆرە تێکۆشانە زیاتر بوون.

تـوێژینەوە لە باسی بە کارهـاتن یـا نەهـاتنی زمـانی کـوردی لە بـواری پەروەردەشـدا ئـاماژە بە کۆمەڵێـک هەوڵ دەکـا بـۆ جێبەجێبـوونی نێـوەرۆکی مـادەی ١٥ی دەسـتووری وڵات کە دەسکەوتێکی ئەوتۆیـان لـێ نەکەوتـۆتەوە. دەسکەوتەکە لە ڕادەی ملدانی حکوومەت بـۆ خوێنـدنی دوو یەکەی زمـان و ئەدەبیـاتی کـوردی لە زانکـۆی کوردسـتاندا بـووە. بەڵام بزووتنەوەیەکـی بەرفرەوان لە ڕۆژهەڵات بە بەشداریی نووسـەران و ڕۆشـنبیران بە شـێوەی خـۆبەخش بـۆ فێربـوونی خوێنـدنەوە و نووسـین بە زمانی کوردی لە شار و گوندەکان وەڕێ کەوتووە. توێژینەوەکە ئاماژەیەکی دەوڵەمەنـد لە بـارەی ئەو بـزووتنەوەیەی تێـدایە هەر چەند بە "بزووتنەوە" ناوی نەبردووە.

**ئەنجام:**

ئـایـا کـۆمـاری ئیسـلامی لە پرسـی ڕووبەڕووبـوونەوە لە گەڵ زمـانە نـافارسـییەکانی ئێرانـدا بە ڕێـگەی ڕێژیمـی شـایەتیدا ڕۆیشتوە؟ دەتوانین وڵامی ئەو پرسیارە لە بەشی کۆتـایی یـا "مژار و ئەنجام"ی توێژینەوەکاندا بخوێنینەوە:

"کـۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران بە شـێوەیەکی بەرچـاو لە سیاسـتگەلی زمـانیی سـەردەمی پاشـایەتیی لای نەداوە (a) پەروەردەی فرەزمـانیی بە تەواوی فەرامۆش کـراوە و وەک هەڕەشـەیەک بـۆ سەر یەکگرتـوویی خـاک و وڵات چـاوی لـێ دەکـرێ؛ (b) بەکارهێنانی زمانە نافارسییەکان سنووردار و چاوەدێریکراوە؛ (c) سـەرەتی و باڵادەسـتیی زمـانی فـارسی وەک پێگەیەک بـۆ یەکدەستکردنی سیاسەتی پەیکەرەیەکی هاوشێوە و یەکگرتوو لە بارەی قەومی و زمانییەوە ڕەچاو دەکرێ، ئەویش نەک هەر لە لایەن دامودەزگـاکـانی حکـوومەتەوە، بەڵکـوو هەر وەتـر لە لایەن زۆربەی هەرە زۆری ئەو ئەکـادیمییە ئێرانییـانەی کە لەسـەر بـابەتی سیاسـەت و پلانـدانانی زمـانیی نووسـیویانە، یـان ئەوانەی لە بـواری سـینەمادا کـار دەکەن، و هەروەهـا چاپخانەکان و میدیا جۆراجۆرەکان." (لاپەڕەی ٦٩)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی دێسەمبەری ٢٠٢١

## چاوخشاندنێک بە کتێبی "سەدەییێک خەبات لە پێناوی زمانی کوردیدا: تیۆری، سیاسەت و ئیدەئۆلۆژی"

"سەدەییێک خەبات لە پێناوی زمانی کوردیدا: تیۆری، سیاسەت و ئیدەئۆلۆژی"، کتێبێکە لە نووسینی زیندەیاد پرۆفیسۆر ئەمیر حەسەنپوور، ٢٥٦ لاپەڕە و ساڵی ٢٠١٥ لە لایەن "بنکەی ژین"ەوە چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

### نێوەرۆکی کتێبەکە لەم بابەتانە پێک هاتووە:

- سەرەتا: زمانی کوردی وەک گۆڕەپانی خەباتی سیاسی و ئیدەئۆلۆژی،
- پێشەکی: تەقەللا بێسوودەکانی دوێنێ و ئەمڕۆ،
- وتووێژێک لەگەڵ تۆفیق وەهبی
- محەممەد ئەمین زەکی: دوو تەقەللای بێسوود.

### گرنگیی ئەم کتێبە:

کتێبی "سەدەییێک خەبات لە پێناوی زمانی کوردیدا..." ئاوڕدانەوەیەکە لە مێژووی زمانی کوردی لە یەک سەدەی ڕابردوودا. هەم ئاماژە بەو دەرفەتانە دەکا کە لە ماوەی سەدەیەکدا بۆ بووژانەوەی زمانی کوردی، پێک هاتن، هەم ئەو ڕووداو و ئاڵوگۆڕانە کە دۆخێکی سیاسی و گشتیی نەخوازراو و نالەباریان بۆ زمانی کوردی دروست کردووە. ئەو کێشانەش کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا زمانی کوردی بەرەوڕوویان بووەتەوە و بۆچوونەکانی نووسەر لە بارەیانەوە ڕەهەندێکی دیکە لە گرنگیی ئەو کتێبە پێک دێنن.

### زمانی کوردی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستدا:

مێژوویەک کە پرۆفیسۆر حەسەنپوور ئاوڕی لێ داوەتەوە لە ١٩١٨ەوە دەست پێ دەکا. لەو ساڵەوە "زمانی کوردی تووشی سیاسەتی زمانیی جۆراوجۆر بووە، لە زمانکوژیی (linguicide) تورکیە و ئێران ڕا بگرە هەتا گەشەپێدانی لە یەکیەتیی سۆڤیەت لە ساڵانی ٢٠ەوە هەتا ١٩٣٧. لە نێوان ئەو دوو سیاسەتەدا، لە عێراق دەوڵەتی ئینتیداب و پاش ئینتیداب لەگەڵ

زمانی کوردی هەڵیان دەکرد، بەڵام ڕێگەیان نەدەدا گەشە بکا و پەرە بستێنێ. فارسی و تورکی و عەرەبی بوون بە زمانی ڕەسمی و دەوڵەتی و کران بە ئامرازی داڕشتنی نەتەوە-دەوڵەتی تورک، ئێرانی، عێراقی و سوورییەیی و تواندنەوەی گەلی کورد."(لاپەرەی ٧)

دوای دامەزرانی دەوڵەتی عێراق، زمانی کوردی لە چاپەمەنی و خوێندنی سەرەتایی و کاری ئیدارەییدا کەم و کورت دەکار هات. لە ساڵی ١٩٣١، ڕێژیمی ئینتیداب لە پرۆسەی سەربەخۆکردنی عێراقدا، بۆ ڕازیکردنی کورد و ئاسۆری و تورکمەن، "قانوونی لوغاتی محەللی"ی بە سەر بەغدا داسەپاند و کوردی وەک "زمانێکی محەللی" بە شێوەیەکی قانوونی ناسرا.

## زمانی کوردی لە سەرەتاکانی دامەزرانی دەوڵەتی داتاشراوی عێراقدا:

پرۆفیسۆر حەسەنپوور لە سەرەتا و پێشەکییە دەولەمەند و تێر و تەسەلەکەی بۆ ئەم کتێبەدا، ڕووداوەکانی پێوەندیدار بە جیبەجێکردن یا لە ڕاستیدا جێبەجێنەکردنی ئەم بڕیارە و کۆمەڵێک بڕیاری دیکەی پێوەندیدار بە مافەکانی کورد لە وڵاتی عێراقدا باس دەکا. هەم هەوڵەکانی ڕێژیمی شایەتی بۆ بەرتەسککردنەوەی ئەو بەڵێنانە و بەرە بەرە خۆ لێدزینەوەیان شی دەکاتەوە، هەم تیشک دەخاتە سەر تەقەلای ڕۆشنبیرانی کورد بۆ چەسپاندنی ئەو مافانە و دەنگ هەڵبڕینیان دژی پەیمانشکێنییەکانی بەغدا. تۆفیق وەهبی و ئەمین زەکی بەگ دوو لەو ڕۆشنبیرانەن. لە باسکردنی تەقەللاکانی ئەو دوو ڕۆشنبیرەش پشت بە چەند بەڵگەنامەیەک دەبەستێ. یەک لەو دۆکیۆمێنتانە، وتووێژێکی خۆی (ئەمیر حەسەنپوور) لەگەڵ تۆفیق وەهبی لە ٢٨ی تەمووزی ١٩٧٦ لە لەندەنە. حەسەنپوور ئەم وتووێژەی بەو مەبەستە بوو کە لە پێوەندی لەگەڵ بارودۆخی زمانی کوردی لە دەوڵەتی تازەدامەزراوی عێراق و تێکۆشانی ئەو بۆ ستانداردکردنی کوردی، زانیاریی لێ وەربگرێ. دووهەم دۆکیۆمێنت نامیلکەیەکە لەژێر ناوی "دوو تەقەللای بێسوود" لە نووسینی ئەمین زەکی بەگ.

"زەکی وەک مێژوونووس ناسراوە. هەڵبەت زەکی خەریکی زمان و ئەدەبی کوردییش دەبوو، و لە مێژووی بەرنامەڕێژانی (language Planning) زمانی کوردی گەلالە کرد, بەڵام دەوڵەتی ئینتیداب دەنگی کپ کرد. لە زانستی زماندا، بەرنامەڕێژانیز زمان دەکرێتە دوو بەش: بەرنامەڕێژانی پلە و پایەی زمان (Status Planning) و بەرنامەڕێژانی جەستە یان کەرەستەی زمان .(Corpus Planning) زەکی لەو دوو عەریزەیەدا کە لە ١٩٣٠ و ١٩٣١دا بۆ مەلیک فەیسەل و مەندووبی سامی نووسی، ڕەخنەی لە "لایحەی لوغاتی محەللی" گرت و پێشانی دا کە ئەو بەڵگەیە پلە و پایەی زمانی کوردی نزم دەکا و دەبێتە "مانعی تەرەقی و تەکامولی زمانی کوردی" و " عەدل و عوود تەئمین ناکا".(لاپەرەی ١٠)

لە ٢٠ی کانوونی دووهەمی ١٩٣٠دا ئەمین زەکی بەگ لەو پێوەندییەدا عەریزەیەک بۆ مەلیک فەیسەل دەنێرێ. لە٢٠ی مایسی

١٩٣١ یشدا ڕەخنەکانی خۆی لە عەریزەیەکدا بۆ مەندووبی سامی نارد کە دیارە لایەنە پێوەندیدارەکان بە دەنگیەوە نەهاتن. ساڵی ١٩٣٥ ئەو دوو عەریزانە لە ژێر ناوی "دوو تەقەللای بێسوود" لە بەغدا لە چاپخانەی مەریوانی چاپکران، بەلام دەوڵەتی بەغدا ڕێگەی بلاوبوونەوەی نەداوە.

## ڕیفۆرمی زمانی بێ پشتبەستن بە تیۆری و میتۆدی زانستی:

هەر وەک لە ناوی کتێبەکەیەوە دیارە، حەسەنپوور لە ڕەوتی باسکردنی ڕووداوەکانی پێوەندیدار بە مافەکانی کورد و زمانی کوردی لە عێراق، زۆر پرس و بابەتی گرنگی دیکەی پێوەندیدار بە زمانی کوردی باس دەکا. لە ڕاستیدا "سەدەیێک خەبات لە پێناوی زمانی کوردیدا" لە مێژووی تێکۆشان بۆ چاککردن، ڕێفۆرمکردن یان ستانداردکردنی زمانی کوردی دەدوێ. بە گوتەی حەسەنپوور "یەکێک لە تایبەتێتییەکانی ئەو خەباتە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی زمانی کوردی ئەوەیە کە پشتئەستوور بە تیۆری و میتۆدی زانستی و تێبینی مێژوویی نییە." ئەو زمانەوانە کوردە لە گەڵ باسکردنی هەوڵەکانی پێوەندیدار بە چاککردنی ئەلفوبێی کوردی، ستانداردکردنی زمانی کوردی، پەتیگەرایی و دەرهاویشتنی وشە عەرەبییەکان لە زمانی کوردی، هەڵە و بۆچوونە چەوتەکان و ئاکامە زیانبارەکانیان دەستنیشان دەکا.

## دەستپێکردنی سەردەمێکی نوێ لە مێژووی زمانی کوردیدا:

"لە ١٩٩١ حکوومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا و ئەو کۆت و زنجیرەی دەوڵەتی عێراق و قانوونەکەی لە دەست و پێی زمانی کوردیی بەستبوو، لە بەر یەک ترازاند و زمانەکە ئازادیی سیاسیی وەدەست کەوت، و لە ساڵی ٢٠٠٥دا، دوای ڕووخانی ڕێژیمی بەعس، بوو بە زمانێکی ڕەسمیی هاوشانی زمانی عەرەبی لە کۆماری عێراقدا. ئەگەر پێش ١٩٩١ ناکۆکیی سەرەکی لە نێوان زمانی کوردی و دەوڵەتی عێراق (یان کوردی و عەرەبی)دا بوو، لێرەوپاش ناکۆکی دیش بەدی دەکرێ- ئەو جار لە نێوان ئاخێوەرانی کوردی (لەهجەکان و ناوچەکان) و لەنێوان کوردی لە لایێک و ئینگلیسی، تورکی و فارسی و سوریانی لە لایێکی دی. میراتی لەت و کوت بوونی کوردی لە ١٩١٨دا، لە گەڵ ئەوەشدا باری ژئۆستراتژیی ناوچە گۆڕاوە، هێشتا لە چارەنووسی زمانەکەدا دەور دەگێڕێ. لە تورکییە و سوورییە، کورمانجی سەری هەڵێناوە، و لە گەڵ ئەوەشدا لە قەفقاز دوای تێکچوونی یەکێتیی سۆڤیەت نوشوستی کردووە، لە ئەوانەیە جێگەی پێشینی خۆی، وەکوو لەهجەی سەرەکیی کوردی بگرێتەوە. بە کورتی ئەورۆ دەسەلاتی زمانی بە شێوەیێکی ئالۆزتر دابەش بووە و ناکۆکی نوێ هاتوونەتە گۆڕێ و چارەسەرکردنیان پێویستی بە تیۆری و زانست و سیاسەتی ئالۆزتر لە جارانە." (لاپەرەی ٩)

## زمانەوانێکی کورد بە ڕوانگەیەکی جیاوازەوە:

زینـدەیاد حەسـەنپوور لەو زمـانەوانە کـوردانەیە کە لە بـارەی کۆمەڵێـک کێشـەی پێوەندیـدار بە زمـانی کـوردی ڕوانـگەی جیاوازیـان هەیە. یەک لەو کێشـانە پرسـی زمـانی سـتاندارد لەنێـو کـورددایە. باسـەکانی ئەم کتێـبەش، دەرفەت بـۆ ئەو زمانەوانە دەخوڵقێننەوە کە بیروڕای خۆی لەو بـارەوە، هەروەهـا لە بـارەی ئەلفوبێ، ڕێنـووس، فەرهەنگنووسی، ئەدەبیـاتی زارەکی، ئیدئۆلۆژیی زمانی و هتد بێنێتەوە گۆڕێ. ئەو زمانەوانە کوردە لە گەڵ دیـاریکردن و سەپاندنی دیـالێکتێکی زمـانی کوردی وەک زمانی ستانداردا نییە و بڕوای بە بوونی دوو ستاندارد بـۆ زمـانی کوردی هەیە. ئەم ڕایە جیاوازەشی بـووە بە هـۆی ئەوە بکەوێـتە بەر هێرشـی زۆر لەوانەی کورمـانجیی نێوەڕاسـتیان وەک زمـانی سـتاندارد قبـووڵە و، دژایەتیـی ڕاو بۆچوونەکانی دەکەن. حەسەنپوور لە "سەدەیێک خەبات لە پێناوی زمانی کوردیدا..." دەنووسێ:

"من ڕەخنە لە سیاسەت و ئیدەئۆلۆژییێک دەگرم کە کێشەی سەرەکیی زمانی کوردی بە کێشـەی (بێگـانە و خۆمـاڵی) دادەنـێ و بە دووبەرێتی وەکوو (پاک و ناپاک)، (ئاریایی و سامی) و (کورد و دژکورد) و بە پێـوانەی وا چاو لە کۆسپ و گرفتەکـانی زمانی کوردی دەکا. ئەوە ئیدەئۆلۆژییە پشتەستوور بە زانست نییە و بگرە بە لای زانستی زمانناسیدا نەڕۆیوە. ئـاواتێکی ئەو ئیدەئۆلۆژییە "پاککردنەوە"ی زمانی کوردی لە زمانی "بێگانە"یە و ئەو بێگانەیەش زۆرتر عەڕەبییە؛ هەروەها ئـارەزوو دەکـا بە ڕەسمی کردنی لەهجەییێک هەر چی کوردە بیکا بە نەتەوەییێکی یەک دەست و یەک زمان و یەک لەهجە. بەڵام ئیدەئۆلۆژی زمـانیی وا هەیە کە سـەرباقی بایەخـدانی بە نـاکۆکی دەسـەڵات و بێدەسـەڵاتی، سـەرکوتگەریی و سـەرکوتکراویی، یـان زمانکوژیی و زمان گەشاندنەوە، دژایەتی هیچ زمان و لەهجە و ئەلفوبێ و دەنگ و حەرفێک ناکا، و بۆ بەرابەریی زمانەکـان تێدەکۆشێ، و دەیەوێ زمان بگەشێنێتەوە و ئامادە بێ بـۆ بەرەنگـاربوونی دنیـای ئـاڵۆزی ئەوڕۆ.... بیری زمـانێکی سـتاندارد خـۆی ئیـدەئۆلۆژییێکی زمـانییە کە لەگەڵ بـارودۆخی ئێسـتا نـایەتەوە. لە سـەدەی بیسـتدا، زمـانی گەورە و گرینگـی وەکـوو ئینگلیسی، فارسی، عەرەبی و ئیسپانیایی هەر کـامەی چەنـد سـتانداردیان ی پەیـدا بـووە. لە بـارودۆخێکی وادا، بۆچـوون و سیاسـەت سـەبارەت بە بەرنامەڕۆنـانی زمانی کـوردی، ئەگەر بکرێ بەرنـامەی بـۆ دابنێـی، دەبـێ ڕێبـازێکی نـوێی هەبـێ، و وەپێشیان بکەوێتەوە. هەم بارودۆخی مێژوویی گۆڕاوە و هەم زمـانەکە و ئـاخێوەرانی. لە پێشـەکیدا باسـی ئەوەم کـردووە کە کێشـەی زمـانی کـوردی کێشـەی ڕەگەز و ناسـنامە نییە، و دەردی زمانەکەمـان تـا کـاتێکی بـاش نەناسرێ دەرمانێکیشـی بـۆ نابیندرێتەوە." (لاپەرەکانی ٦٤-٦٥)

**پەتکردنی زمانەکەمان بەسە:!**

حەسەنپوور لەگەڵ پەتیگەری، گۆڕینی ئەلفوبێ لە ئەلفوبێی ئارامییەوە بۆ لاتینی و، هەروەها چاککردن و هەنگاونانی نازانستیانەدا نییە و لەم بارەیەوە دەنووسێ:

**داوای من لە ئەوانەی خەریکی چاککردنی زمانی کوردین ئەوەیە:**

بەربینگی ئەلفوبێیەکە بەربدەن! پەتیکردن بەسە! پەتکردنی زمانەکەمان بەسە! چیدی زمانەکەمان هەژار و کۆڵەوار مەکەن! دەست لە ئەوێستا و پەهلەوی و ماسی سوراتی و سومێری هەڵبگرن و وەدوای لێکۆڵینەوەی زمانناسییانەی لەهجەکان و زمانی ئەدەبیی کوردی بکەون! ئەگەر بەرژەوەندیی زمانەکەتان دەوێ، تێبکۆشن بۆ چاککردنی ڕێنووس، بۆ ڕێککەوتوویی نۆرمیی، خوڵقاندن و وەرگێڕانی زانستی نوێباو، دانانی فەرهەنگی جۆراوجۆر (بە تایبەت فەرهەنگی تێروتەسەلی کوردی-کوردی)، دانان و وەرگێڕانی زانستی نوێ بۆ خوێندنی باڵا، لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی ئامار سەبارەت بە زمان و لەهجەکانی و چۆنێتی و چەندێتی دەکارهێنانیان، دانانی ئە تڵە سی زمانیی، دۆزینەوە و چاپکردنی هەرچی بەرهەمی دەستنووسە، کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی کەلەپووری زارەکی گشت لەهجەکان، لێکۆڵینەوە سەبارەت بە دەکارهێنانی کوردی لە ئامرازە کۆمەڵییەکان و پێوەندییەکانی کوردی و زمانی دی لە بارودۆخی ئێستەدا، و زۆر بابەتی ئاوا.

ئەوانە ئەرکی گرانن بەڵام بەربینگی ئەلفوبێ گرتن کارێکی هاسان، ساکار، پڕزەرەر و بێفایدەیە. کوردی پێش ئەوەی لەدنیای مۆدێرندا پێ هەڵبگرێ و بتوانێ بەرەنگاری ژیانی مۆدێرن بێ، تووشی زمانکوژیی چوار دەوڵەتان بوو و پشووی لێ بڕا. زمانێکی وا بریندار بە پەتیکردنی دەنگ، حەرف، وشە، و دەستتێوەردان و گۆڕینی ئەلفوبێیەکەی نابووژێتەوە و کۆڵەوارتر دەبێ.(لاپەرەکانی ٦٥-٦٦)

**د.ئەمیر هەر لەو کاتەدا ئەو خزمەتانەش کە شیاوی ئاوڕلێدانەوە و بایەخپێدانن، لەبیر ناکا. لە پەراوێزی لاپەڕەی ٦٦دا نووسیوێتی:**

"نموونەی ئەرکی گران و گرینگ بەرهەمی سەلاح پایانیانی، فەرهەنگی زارەکیی موکریانە کە بەبێ یارمەتیی هیچ دەزگایەکی دەوڵەتی یان نادەوڵەتی تا ئێستا چوار بەرگی بە ڕێکوپێکی بڵاو کردۆتەوە." دیارە ئەم زانیارییە هی ئەو کاتەیە کە حەسەنپوور ئەم کتێبەی نووسیوە و، ئێستا بە خۆشییەوە ژمارەی بەرگە چاپکراوەکانی ئەو فەرهەنگە

گەیشتووەتە ١٦ بەرگ.

### دۆخێک کە نووسەر بۆ ئەمڕۆی زمانی کوردی وێنای کردووە:

خوێندنەوەی ئەم کتێبە بۆ هەموو ئەوانەی هۆگر و تینووی سەربردەی تاڵ و شیرینی مێژووی زمانی کوردی لە ماوەی سەدساڵی ڕابردوودان پێویستە. چونکە نووسەر وێڕای وەبیرهێنانەوە و شیکردنەوەی گرنگترین دەرفەتەکان و هەڕەشە و کۆسپەکانی ئەو سەدەیە لە بەردەم زمانی کوردی و قامکدانان لە سەر کاریگەرییەکانیان، سەرنجت بۆ لای پرسێکی ئەمڕۆی ئەو زمانە ڕادەکێشێ. حەسەنپوور ئەم پرسە بەم جۆرە وێنا دەکا:

"زمانی کوردی، لە ناوەوە یەخسیری جیهانبینیی ناسیۆنالیستییە، و لە دەرەوە تووشی ناسیۆنالیسمی زمانکوژانەی نەتەوە- دەولەتەکان بووە (تورکییە، ئێران، سوورییە) و دەبێ لە هەمانکاتدا بەرەنگاری "ئیمپریالیسمی زمانی" لە نەزمی زمانیی جیهانی ببێ." (لاپەڕی ١٤٥)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی دێسەمبەری ٢٠٢١

## سەرکوت و سڕینەوە لە سیاسەتی زمانیی ئێراندا

"ئەم توێژینەوەیە، دەیەوێ چییەتیی "سیاسەتی زمانی" لە ئێراندا کە سیاسەتێکی تاکزمانییە و بناغەکەی لەسەر سەرکوت و سڕینەوەی زمانەکانی دیکە دامەزراوە، ڕوون بکاتەوە. ئامانجێکی دیکەی توێژینەوەکە وڵامی ئەم پرسیارەیە کە ئایا ئەو سیاسەتە زمانییە توانیوێتی "نەتەوەی ئێرانی" کە زمانەکەی فارسییە، دروست بکا؟ هەروەها سیاسەتێک کە بناغەکەی لەسەر تیۆرییەکی چەوت و ناتەبا لەگەڵ واقیعی سیاسی، نەتەوەیی و زمانیی کۆمەڵ و وڵاتی ئێران دامەزرابێ، لە پرۆسەی جێبەجێکردندا بەرەوڕووی چ جۆرە کێشە و گرفتێک دەبێتەوە".

## پوختە

زمانی کوردی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم و بە دوای ئەو ئاکامانەی لە شەڕی یەکەمی جیهانی کەوتنەوە، بەرەوڕووی چارەنووسێکی تاڵ بووەوە. سیستەمی نوێی دەسەڵاتدارەتیی سیاسی لەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، بە پشتبەستن بە تیۆریی "دەوڵەت – نەتەوە" وڵاتانی ئێران، تورکیە، عێراق و سووریایان، وەک وڵاتی یەک نەتەوە کە خاوەنی زمانی نەتەوەیی تایبەت بەخۆیەتی پێناسە کرد. سەرخستن و جێگیرکردنی ئەو پێناسەیەش، سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی پێکهاتە نەتەوەییەکان لە شوناسی نەتەوەی سەردەستی ئەو وڵاتانەدا و، حاشاکردن لە فرەزمانی و گرتنەبەری سەرکوت و سڕینەوەیان لە پێناوی زاڵکردنی زمانی نەتەوەی سەردەست لەو چەند وڵاتەیدا پێویست بوو. لە ئێرانیش لە سۆنگەی ئەم گۆڕانە سیاسییەوە، زمانی کوردی و زمانە غەیرەفارسییەکانی دیکە بەرەوڕووی سەرکوت و پەراوێزخستنی بەئەنقەست و بەردەوام بوونەوە.

ئەم توێژینەوەیە، دەیەوێ چییەتیی "سیاسەتی زمانی" لە ئێراندا کە سیاسەتێکی تاکزمانییە و بناغەکەی لەسەر سەرکوت و سڕینەوەی زمانەکانی دیکە دامەزراوە، ڕوون بکاتەوە. ئامانجێکی دیکەی توێژینەوەکە وڵامی ئەم پرسیارەیە کە ئایا ئەو سیاسەتە زمانییە توانیوێتی "نەتەوەی ئێرانی" کە زمانەکەی فارسییە، دروست بکا؟ هەروەها سیاسەتێک کە بناغەکەی لەسەر تیۆرییەکی چەوت و ناتەبا لەگەڵ واقیعی سیاسی، نەتەوەیی و زمانیی کۆمەڵ و وڵاتی ئێران دامەزرابێ، لە پرۆسەی جێبەجێکردندا بەرەوڕووی چ جۆرە کێشە و گرفتێک دەبێتەوە.

بۆ ئەم تـوێژینەوەیە سـوود لە شێوازی(مێتۆد) وەسفی شیکاری وەرگیـراوە. تـوێژینەوەکە بـریتییە لە دوو بەش. لە بەشی یەکەمدا، دوای ناساندنی دوو چەمکی سیاسەتی زمانی و پلانی زمانی، چۆنیەتیی لەدایکبوونی "سیاسەتی زمانی" لە وڵاتی ئێران و هۆیەکانی درێژەپێدانی لە ڕێژیمەکـانی دواتـردا بـاس کراوە. لە بەشی دووهەمیشدا، تیشک خراوەتە سەر ویستی نەتەوە غەیرەفارسەکانی ئێران بۆ گۆڕینی ئەو سیاسەتە سەرکوتکەرانەیە و، پێداگری و مکورِبوونی دەسەڵاتی سیاسیی وڵات بـۆ بـردنە پێشـی ئەم سیاسـەتە زمـانییە. "ئەنجـام"ی تـوێژینەوەکەش لەبەر ڕووناکـاییی باسـەکانی هەر دوو بەش و هەڵێنجانی ئاکام لێیان، کۆمەڵێک خاڵی خستوونە ڕوو.

وشە سەرەکییەکان: سیاسەتی زمانی و پلانی زمانی، سەرکوتی زمانی، تاکزمانی، فرەزمانی.

## ١- مێژوویەک پڕاوپڕ سەرکوت و سڕینەوە:

سەرکوتی زمانی و سڕینەوەی شوناسی کورد و نەتەوە بندەستەکانی دیکە لەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، پێوەنـدیی ڕاسـتەوخۆی لەگەڵ پێکهـاتنی دەوڵەتێکـی ناوەنـدیی بەهێـز و مـودێرن لە هەر کـام لەوانـدا هەیە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دوای شەڕی یەکەمی جیهانی. ئەو دەوڵەتە نوێیـانە، لەسەر بنـاغەی ئایدۆلۆژیای یەک وڵات – یەک نەتەوە دادەمەزرێن. بەو هۆیەشەوە کە واقعی پێکهاتەی دانیشتووانیان فرەنەتەوەیی بووە نەک تاک نەتەوەیی، ڕێگەی تواندنەوەی نەتەوەکانی دیکە لە نەتەوەی سەردەستدا و سڕینەوەی زمانی ئەوانیـان گرتـووەتە بەر. ئەمە وای کـردووە "سیاسـەتی زمـان" و پلانی زمان"یان لە خزمەت ئەو ئایدۆلۆژیایەدا بێ.

### ١-١ کورتەیەک لەبارەی دوو چەمکی "سیاسەتی زمانی" و "پلانی زمانی"

زاراوەی "سیاسەتی زمانی" زاراوەیەکی تـا ڕادەیەک نوێیە. یەکەم کتێب بەم نـاوە سـاڵی ١٩٤٥ بڵاو بـووەوە. زۆر جـاریش ئەم زاراوەیە لەگەڵ "پلانی زمانی" بە هەڵە بە یەک واتا بەکار دەبرێن. باڵدۆف لەو بـڕوایەدایە کە لەنێوان سیاسـەتی زمـانی و پلاندانانی زمانی جیاوازی هەیە. پلانی زمانی بۆخۆی بەشێکە لە جێبەجێکردنی سیاسەتی زمانی.

"پلان و سیاسـەتی زمـان" سـەرباری بنەمـا ئەکـادیمییەکەی، تـا ڕادەیەک نوێیە، بەجۆرێک لە سـاڵانی دوای جەنگی دووەمی جیهانیدا هـاتە ئـاراوە. بەڵام ڕەگە فەلسـەفی و پراکتیکییەکـانی لە وڵاتـانی ڕۆژئـاوادا بـۆ سـەردەمی نـاپلیۆن، لە فەرەنسـا دەگەڕێتەوە. کاتێک نـاپلیۆن هەستی بەوە کرد، کە زمانێکی یەکگرتـووی بـۆ بەڕێوەبردنی سوپا پێویستە. کۆتـایی سـەدەی نـۆزدەیەم و سـەرەتای سـەدەی بیسـتەم کاتێـک کە بیرمەنـدانی زمـانەوانی بە دوای ئـامرازە چەمکدارەکانـدا دەگەڕان، بـۆ

تێگەیشتن و شەرعی بوونی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی، ئەو پرۆژە ڕۆشنبیرییە گەورەیە بە بایەخەوە دەرکەوت و گەشەی سەند. پشتیوانیکردن لە ئەفسانەی یەک نەتەوە و یەک زمان، تا ئێستاش مەسەلەیەکی کاریگەرە لە نەخشاندنی زمانەوانی، لە ئاستی نیشتمانیدا(Baldauf, 2012: 233)".

**بەم پێیە**: "سیاسەتی زمانی بە یەکێک لە سیاسەتە گرنگەکانی هەر وڵاتێک دەژمێردرێ و، بە شێوەیەکی گشتی ئاماژە بە سیاسەتێک دەکا کە دەوڵەت دەربارەی زمانی نەتەوەیی، زمانە خۆجێییەکان، زمانی ئایینی و زمانی جیهانیدا بە گوێرەی بەرژەوەندەکانی وڵات، دەیگرێتە بەر." (احمدی پور، ۱۳۹۰ : ۱-۱٦) ئەم ڕاستییەش جێگەی بایەخ پێدانە کە زۆر لە وڵاتان و نەتەوەکان، "بەرژەوەند" یان لە زاڵکردنی تاکەزمانێک و، پەراوێزخستن و سەرکوتی زمانەکانی دیکەی وڵاتەکەیان و خەڵکەکەیاندا دەبینن. "نەتەوەکان لە مێژوودا، زۆر جار سیاسەتی زمانییان بۆ ئەوە داڕشتووە کە زمانێک لەسەر حیسابی زمانەکانی دیکە پێش بخەن." (جامباز، ۲۰۱٤: ۷) بەڵام لەو وڵاتانەی ڕێز لە مافە نەتەوەیی و زمانییەکانی پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی خۆیان دەگرن، سیاسەتی زمانییان بە جۆرێکی دیکە دادەڕێژن. "ئێستا زۆر لە وڵاتان سیاسەتی زمانییان بۆ پێشخستنی داڕشتووە، ئەو زمانە خۆجێیی و نەتەوەییانەی هەڕەشە لەسەر مانەوەیاندا هەیە. حکومەت بە فەرمی سیاسەتی زمان دادەڕێژێت لەڕێگەی یاساکاری یان بڕیارە دادوەرییەکان بۆ ئەوەی دیاری بکرێت چۆن زمانەکان بەکار بێن؟ یان ئەو توانا زمانەوانییە ببووژێندرێتەوە، کە پێویستن بۆ ئەوەی پرسە هەرە لەپێشە نیشتمانییەکان بەڕێوە ببرێن، یان بۆ دیاریکردنی مافی تاکە کەس یان گرووپەکان لە بەکارهێنان و پارێزگاریکردن لە زمانەکانیان." (سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە)

زاراوەی "پلانی زمانی" لە زاراوەی "سیاسەتی زمانی" نوێتریشە. ئەم زاراوەیە یەکەم جار لە ساڵی ۱۹۵۹ لە لایەن زمانەوانی ئەمریکی، "هۆگن" لە میانەی وتارێکدا کە تایبەت بوو بە ڕەوشی زمان لە نۆرویژ، بەکار هێنرا. ئەم زاراوەیە لە ماوەی نیو سەدەی ڕابردوودا، بووەتە بەشێک یان لقێک لە لقەکانی زمانەوانیی پراکتیکی یان زمانەوانیی کۆمەڵایەتی. "لویس جان کالفی" لەبارەی پێوەندیی نێوان سیاسەتی زمانی و پلاندانانی زمانی دەڵێ:" ئێمە سیاسەتی زمانی بەوە لێک دەدەینەوە کە بریتییە لە سەرتاپای ئەو ڕێگایانەی دەگیرێنە بەر لە بواری پێوەندییەکانی نێوان زمان و ژیانی کۆمەڵایەتی، بەتایبەتییش لەنێوان زمان و ژیان لە وڵاتدا. هەروەها پلاندانانی زمانی بریتییە لە گەڕان بە دوای هۆکاری پێویست بۆ پیادەکردنی سیاسەتی زمانی و چۆنێتیی جێبەجێ کردنی ئەو هۆکارانە." (کالفی، هەولێر، ۲۰۱۲: ۱۵۱-۱۵۲) لەم باس و پێناسانەوە بۆمان دەردەکەوێ کە سیاسەتی زمان، بریتییە لە جەوهەر و نێوەرۆکی ڕوانینی دەسەڵات و سیستەمێکی سیاسی بەرانبەر بە زمان و، پلانی زمانییش، پرۆگرام و هەنگاوە کردەکییەکانی جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە زمانییەن.

### ۱-۲ دەسپێکی سەرکوتی زمانی لە ئێراندا

ئێران وڵاتێکی گەورەیە کە دانیشتووانی لە نەتەوەی جۆراوجۆر پێک هاتوون و بە زمانی جیاواز دەدوێن. تورکی(ئازەری)، کورد، بەلووچ، لوڕ، عەرەب و تورکمان، لەو نەتەوانەن کە ڕێژەیەکی بەرچاو لە خاکەکەیان و حەشیمەتەکەیان لە چوارچێوەی جۆگرافییای ئەو وڵاتەدان. ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش کە لە چوار پارێزگەی ئیلام، کرماشان، کوردستان و ورمێ پێک هاتووە، کەوتووەتە نێو جوگرافییای سیاسیی وڵاتی ئێران. جگە لەوەی زۆربەی هەرە زۆری دانیشتووانی ئەو ٤ پاریزگەیە کوردن، ڕێژەیەکی گەورە لە دانیشتووانی باکووری خوراسانیش لە کوردزمانان پێک هاتووە. بەو هۆیەوە کە لە ئێران ڕێگە بە سەرژمێری بە وەبەرچاوگرتنی زمان و بەستراوەییی نەتەوەیی تاکەکان نادرێ، ئاماری وردی کورد لەو وڵاتە ڕوون نییە.

"بەراورد دەکرێ کە ١٢ میلیۆن کورد لە ئێراندا دەژین کە لە سەدا ١٥ تا ١٧ی دانیشتووانی ئەو وڵاتە پێک دێنن. ئەوان بە زۆری لە چوار پارێزگەی ئازەربایجانی ڕۆژاوا، کوردستان، کرماشان و ئیلام، لە ڕۆژاوا و باشووری ڕۆژاوای وڵات دەژین. زۆر لە کوردەکانیش چوونە تاران و شارە گەورەکانی دیکە. کۆمەڵێکی کوردیش لە باکووری پارێزگەی خوراسان هەیە. " (ئەمنێستی،٢٠٠٨ :٥) دیارە ئەو کوردانە لە سەردەمی شا تەهماسوبی سەفەوی و نادرشای ئەفشار لە کوردستانەوە بۆ ئەو ناوچەیە، ڕاگوێزراون. ئەوان چەندین شار و ناوچەی گەورەی ئەو پارێزگەیان داگرتووە و ژمارەیان بە پێی هێندێک بەراورد لە ١میلیۆن کەس تێدەپەڕێ. "کوردەکانی خوراسان لە سەدا ٤٦ی دانیشتووانی پ١١ارێزگەی خوراسانی باکووری پێک دێنن. " (خراسان،٢٤٦) لە چەند پارێزگەی دیکەی ئێرانیشدا حەشیمەتی کورد بە ڕێژەی جیاواز هەن.

سەرەڕای بوونی نەتەوە و زمانی جیاواز لە ئێران و، لە هەلومەرجێکدا کە حەشیمەتی نەتەوە غەیرەفارسەکان، نزیک بە نیوەی دانیشتووانی ئێران پێک دێنن (سیف الدینی،٢٠٠٥ :٣) تەنیا یەک زمان، زمانی ڕەسمیی ئەو وڵاتەیە کە ئەویش زمانی فارسییە. لەگەڵ هاتنە سەرکاری ڕەزاشای پەهلەوی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، پرۆسەی زاڵکردن و جێگیرکردنی زمانی فارسی وەک زمانی ڕەسمیی وڵات، دەستی پێ کرد. دیارە بەر لە هاتنە سەرکاری ڕەزاش، لە کۆتاییەکانی تەمەنی ڕێژیمی قاجارەکان و لە سەردەمی شۆڕشی مەشرووتەدا، لەنێو ڕووناکبیران و سیاسییە فارسزمانەکانی ئێراندا، ناسیۆنالیزمی ئێرانی کە وڵاتی ئێرانی وەک وڵاتی نەتەوەیەک بە ناوی "نەتەوەی ئێران" و زمانەکەشی وەک زمانی فارسی، پێناسە دەکرد، سەری هەڵدابوو. (ناظمی ، ١٣٩٧: ٢٤٣) ئەم جۆرە باوەڕە لە چاپەمەنییەکانی ئەو سەردەمی ئێراندا ڕەنگدانەوەی زۆری هەبووە. بەڵام هەتا هاتنە سەرکاری ڕەزاشا ئەم بیرە بواری بۆ نەڕەخسا کە دەوڵەت و دەسەڵاتی وڵاتی لەسەر دابمەزرێ. "ڕەزاشا زۆر سەرسام بوو بە مستەفا کەماڵی دامەزرێنەری تورکیای هاوچەرخ و هەوڵی دەدا شوێن پێی ئەو هەڵگرێ لە سیاسەتە سەرکوتکارییەکان و ئەو هەنگاوە ڕیشەیی‌یانەی کە ناوی چاکسازی لێ نابوو. بۆیە لە دوای دامەزرانی بناغەی دەسەڵاتەکەی لە ١٩٢٥دا زنجیرەیەک یاسا و بڕیاری دەرکرد- کە

بە پێی بۆچوونی خۆی دەبنە هۆی هاتنە کایەی ئەو دەوڵەتەی لە ئەندێشەی خۆیدا نەخشەی بۆ کێشابوو." (هەروتی، ٢٠٠٧ : ١٠٤)

ڕەزا شا لە درێژەی سیاسەتی نەتەوەسازیدا و بە نیازی پتەوکردنی شوناسی "نەتەوەی ئێران" کەوتە جێبەجێکردنی چەند پرۆژەیەکەوە. داسەپاندنی زمانی فارسی وەک زمانی فەرمیی وڵات، یەک لەو پرۆژانە بوو. لە ئاکامی ئەو سیاسەتەدا تەنانەت قوتابخانە دەرەکی و تایبەتییەکانیش لە ساڵی ١٩٢٨ەوە داوایان لێکرا بە زمانی فارسی وانە بڵێنەوە و پرۆگرامی پەروەردەیی قوتابخانەکانی وڵات پێڕەو بکەن. بەم جۆرە فارسی، نە تەنیا بوو بە زمانی "نەتەوەیی"(نەتەوەی ئێران)، بەڵکوو هەموو زمانەکانی دیکەی وڵات قەدەغە کران و ئیزنی چاپی کتێب و ڕۆژنامەش تەنیا بۆ زمانی فارسی بوو. زمانەکانی ئازەری، کوردی، بەلووچی و تورکمانی وەک زاراوەی فارسی دانران. (سەعید، ٢٠٠٩ : ١١٦)

بۆ نوێکردنەوەی ئێران بە گوێرەی ئەو بیرکردنەوەیەی خۆی، ڕەزاشا چەند سیاسەتێکی گرتە بەر کە جێبەجێکردنی دوو سیاسەتی "متحدالشکل" (یەک جلوبەرگ) و "متحد الزبان" (یەک زمان) کردنی خەڵکی ئێران، لەوان بوون. هەوڵی ئەم دەوڵەتە ئەوە بوو لە لایەنی ڕەگەزییەوە هەموو دانیشتووانی ئەو وڵاتە بەرێتەوە سەر یەک ڕەگەز کە ئەویش ڕەگەزی فارس بوو. ئەم ئاواتەش لە هەستی شۆڤێنییانەی ڕەزاشا و نیازە ڕەگەزپەرستانەکەیەوە سەرچاوەی دەگرت. "ئەوەتا ئەم هەست و نیازانە بوونە سیاسەتێکی فەرمیی ڕژێمی ڕەزاشا و لە ئەنجامدا نەتەوە غەیرەفارسەکان تووشی دڕندەترین جۆرەکانی ستەم و چەوسانەوەی نەتەوەیی بوونەوە. لە چوارچێوەی ئەم سیاسەتەدا بەرنامەیەکی درێژخایەن هەبوو بۆ سڕینەوەی کولتووری نەتەوەیی و ڕۆشنبیری و، هەروەها دیرۆکی ئەم گەلانە بە مەبەستی تواندنەوەیان لە بۆتەی فارسیدا. لە کوردستان دەسەڵاتداران هەوڵیان دا تەگەرە بخەنە بەردەم بەکارهێنانی زمانی کوردی، لە ڕاستیشدا بە کردار لە قوتابخانەکان و لە فەرمانگەکانی حکومەتدا قەدەغە کرا. هەروەها هەوڵی زۆر درا بۆ قەدەغەکردنی لەبەرکردنی جلوبەرگی نەتەوەیی بۆ لەنێوبردنی ئەو دیاردانەی کە هەبوونی نەتەوە غەیرەفارسەکان لە وڵاتدا بە دیار دەخەن.." (هەروتی، ٢٠٠٧ : ١٠٥)

ئاشکرایە کە لە دیاریکردنی زمانی فارسی وەک زمانی فەرمیی دەسەڵات و خەڵکی ئێران، گوێ بە ویست و ڕەزامەندیی نەتەوە غەیرەفارسەکانی ئێران نەدرا. هەربۆیە ئەو سیاسەتە و هەروەها هەوڵەکانی دیکە بۆ سڕینەوەی شوناسی ئەو نەتەوانە لەگەڵ ناڕەزایەتی و بەرهەڵستی ئەوان بەرەوڕوو بوون کە دیارە ئەنجامەکەشیان سەرکوتی خوێناویی ئەو بەرهەڵستانە لە لایەن ڕەزاشاوە و، سەرکوتکردنی ویستە نەتەوەیییەکانیان بوو. نموونەکەی کوشتنی سمکۆی شکاک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تێکشکاندنی ڕاپەڕینەکەی، سەرکوتکردنی شێخ خەزعەل لە خوزستان(سەرزەویی عەرەبەکانی ئێران) و، ژمارەیەک ڕاپەڕین و بەرەنگاربوونەوەی نەتەوەییی دیکە لە لایەن ڕەزاشاوە بوو.

شانبەشانی سەپاندنی زمانی فارسی لە بوارەکانی پەروەردە و فێرکردن، لە دامودەزگای حکومەتی و دەوڵەتی، لە چاپەمەنی و هتددا، زمانە غەیرەفارسییەکانی ئێران بە شێوەی جۆراوجۆر لەگەڵ سەرکوت بەرەوڕوو بوون. "کەلکوەرگرتن لە زمانی کوردی لە تەواوی قوتابخانەکان و چاپەمەنیی کوردیدا، هەروەها لە تەواوی کاروباری دەوڵەتیدا لەگەڵ مەترسیی حوکمدران بە زندانی درێژخایەن بەرەوڕوو کرایەوە، تەنانەت بەکاربردنی وشەی کوردستان لە چاپەمەنی و کتێبەکاندا قەدەغە کرا." (میکە،٢٠١٩ :٤٣٠) وێڕای ئەو جۆرە سەرکوت و تەنگ پێهەڵچنینانەی زمانە غەیرەفارسییەکان، هەوڵیش دەدرا ئەو زمانانە بەتایبەتی زمانی کوردی وەک لقێک لە لقەکانی زمانی فارسی بناسێندرێن.

لە دوای لەسەر کاروەلانرانی ڕەزاشا و هاتنەسەرکاری محەممەدڕەزای کوڕی، گۆڕانێکی جەوهەری لە سیاسەتی سەرکوتی زمانی لە ئێراندا ڕووی نەدا. دوو دەسەڵاتی کورتخایەنی ناوچەیی و نەتەوەیی ("حکومەتی میللیی ئازەربایجان" و "جمهووریی کوردستان") کە لە ئازەربایجانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوەڕاستی چلەکانی سەدەی پێشوودا هاتنە سەرکار(١٩٤٥-١٩٤٦)، زمانەکانی تورکیی ئازەری و کوردییان لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیاندا کردە فەرمی. خوێندن لە قوتابخانەکان و هەروەها قسەکردن لە دامودەزگاکانی دوو حکومەتی جمهووریی کوردستان و حکومەتی میللیی ئازەربایجان بە زمانی خەڵکی ئەو دوو ناوچەیە بوو. بەڵام کاتێک ڕێژیمی شایەتی بە هێزی سوپایی، ئەو دوو دەسەڵاتەی ڕووخاند، بە فەرمی ناسینی زمانەکانی کوردی و تورکی و، خوێندن بەو زمانانەی وەک جیاییخوازی و تاوانێکی گەورەی ڕێبەران و کاربەدەستانی ئەو دوو دەسەڵاتە دانا. لە ساڵانی دواتری دەسەڵاتدارەتیی حەمەڕەزاشادا، تەنیا گۆڕانێک کە لەبارەی ئەو زمانانە هاتبێتە کایەوە، ڕێگەپێدرانیان لە بەرنامەکانی چەند ڕادیۆیەکی خۆجێیی و، بڵاوبوونەوەی کاتی و سنووردراری ڕۆژنامە یا بڵاوکراوەیەکی حەوتووانە (مەبەست بڵاوکراوەی کوردستان، چاپی تاران لە ماوەی ١٩٦٢ - ١٩٥٩) بە زمانی کوردی لە هەلومەرجێکی سیاسیی دیاریکراودا بوو.

### ٣-١ بەردەوامیی سەرکوتی زمانی لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران

شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی (١٩٧٨ی زایینی)ی خەڵکی ئێران، کۆتایی بە ڕێژیمی ٢٥٠٠ ساڵەی شایەتیی لە ئێران هێنا. دەسەڵاتێکی سیاسیی نوێ کە لە ئێران هاتە سەرکار، بەرەوڕووی زۆر لەو داخوازانە بووەوە کە لە ڕێژیمی شایەتیدا سەرکوت کرابوون. خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پێشەوەی نەتەوە غەیرەفارسەکانی ئێراندا بوون کە داوای بە فەرمی ناسرانی مافە نەتەوەیییەکانی خۆیان، بەتایبەتی بە فەرمی ناسرانی زمانی خۆیان لە ناوچە و شوێنی ژیانیان کرد. لە کاتی ئامادەکردن و نووسینی دەستووری نوێ بۆ ئێران، لە لایەک بەو هۆیەوە کە دەسەڵاتی نوێ هێشتا باش خۆی جێگیر نەکردبوو، لە لایەکی دیکەوە بە هۆی بوونی تەوژم و هەست و ویستی شۆڕشگێڕی لەنێو کۆمەڵدا و کاریگەریی ئەو تەوژمە

لەسەر یەکەم مەجلیسی دامەزرێنەران(کە ناوی لێ نرا مەجلیسی خیبرەگان)، پرسی دانان بە زمانە غەیرەفارسییەکان و خوێندن بەو زمانە، لەو مەجلیسەدا ڕەنگدانەوەی هەبوو و تەنانەت لە دەستووری نوێی وڵاتیشدا، کاریگەریی دانا. (ئەحمەد،٢٠١٠ :٨٠) لە ئەسلی ١٥ی دەستووری وڵات کە لەو کەشوهەوا سیاسییەدا پەسند کرا، هاتووە:

"زمان و خەتی ڕەسمی و هاوبەشی خەڵکی ئێران فارسییە. بەڵگەنامەکان و نامەنووسین و دەقە ڕەسمییەکان و کتێبەکانی خوێندن دەبێ بەو زمان و خەتە بن، بەڵام کەلکوەرگرتن لە زمانە خۆجێیی و قەومییەکان لە چاپەمەنی و ڕاگەیەنە گشتییەکان و خوێندنی ئەدەبییاتی ئەوان لە قوتابخانەکان، لەتەنیشت زمانی فارسی ئازادە." (قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران،٦:١٣٦٨)

سەرەڕای دانان بە فرەیی و جۆراوجۆریی زمانەکان لە ئێران، وەک لە نێوەرۆکی ئەم ماددەیەی دەستوور دەردەکەوێ، نەتەوە غەیرەفارسەکانی ئێران وەک "قەوم" نەک نەتەوە، ناویان هاتووە و، زمانەکەشیان وەک "زبانهای قومی ومحلی" (زمانە قەومی و خۆجێییەکان)نەک زمانی سەربەخۆی چەند نەتەوەی جیاواز، دانیان پێدانراوە. ئاشکرایە ڕوانینی زاڵ بەسەر ئەم دەستوورەدا، هەمان ئەو ڕوانینەیە کە جەوهەری ناسیۆنالیزمی ئێرانیی پێک هێناوە کە ئەویش بریتییە لە پێناسە کردنی خەڵکی ئێران وەک یەک نەتەوە(نەتەوەی ئێران) کە زمانە فەرمی و سەرانسەرییەکەی زمانی فارسییە و هەر دەشبێ زمانی فارسی بێ.

خاڵێکی دیکەی جێگای لەسەر وەستان لەم ماددەیەی دەستووری وڵاتدا، ئەوەیە کە مافی خوێندن بەو زمانانە لە قوتابخانە، بە فەرمی نەناسراوە و دانی پێدانەنراوە، بەڵکوو وتراوە "خوێندنی ئەدەبییاتی ئەو زمانانە لەتەنیشت زمانی فارسی" ئازادە. ئەمەش زۆر جیاوازە لە مافی خوێندن بە زمانە غەیرەفارسییەکان لە قوتابخانەدا. چونکە "ئازادبوونی خوێندنی ئەدەبییاتی ئەو زمانانە لەتەنیشت زمانی فارسی" ئەرکی دابینکردنی پێداویستییەکانی خوێندن بەو زمانانە ناخاتە سەر دەسەڵاتی وڵات. ئەم ماددەیەی دەستوور تەنیا ڕێگە بە کەلکوەرگرتن لەو زمانانە لە چاپەمەنی و، خویندنی ئەدەبییاتی ئەوان لە قوتابخانەدا، دەدا. ئەمەش زۆر جیاوازە لە ئەرکدارکردنی دەسەڵات و سیستەمی دەسەڵاتدارەتی و وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن بە گۆڕینی سیاسەتی تاکزمانی و قبووڵکردنی بە ڕەسمیی فرەزمانی و، دابین کردنی پێویستییەکانی خوێندن بەو زمانانە کە چاپی کتێبی خوێندن بەو زمانانە، پەروەردە و پێگەیاندنی مامۆستای تایبەت و کۆمەڵێک شتی دیکە دەگرێتەوە. "ئەو دوو ماددەیەش بە هیچ جۆرێک بەو مانایە نییە کە ددان بەوەدا نراوە کە زمانی کوردی یان زمانی تورکیی ئازەربایجانی یان بەلووچی دەکرێ بۆ پێ خوێندن بەکار بهێندرێن. لەوێدا باسی ئەوە کراوە کە هاوشانی زمانی فارسی ئەو زمانانەش دەکرێ ئەدەبییاتی خۆیان بەکار بهێنن. هەر لەبەر ئەووشە لەگەڵ ئەووشدا کە

دەگوترێ ئەو مادانە جێبەجێ نەکراون، بەڵام لە پڕاتیکدا کراوە، هەم نەشرییە هەیە بە زمانی تورکیی ئازەربایجانی، بە کوردیش هەیە. دەمەوێ بڵێم ئەو تەسەورە نابێ بێتە گۆڕێ کە لە چوارچێوەی ئەو مادانەدا دەکرێ مەسەلەی زمانی جێبەجێ بکرێ." (قازی، ۲۰۱۷)

سێهەم خاڵ لەو پێوەندییەدا کە شیاوی باسکردنە، پشتگوێخرانی تەنانەت ئەوەندە مافە کەم و کرچوکاڵ و ناتەواوەی پێوەندیدار بە زمانە غەیرەفارسییەکانی ئێرانە. سەرەڕای داواکاریی بەردەوامی جموجۆڵە مەدەنییەکانی ڕۆشنبیران و چالاکانی مەدەنیی کوردستانی، ئازەربایجانی، بەلووچستانی، عەرەبی خوزستانی و هتد بۆ خوێندنی منداڵانیان بە زمانی دایکییان و پێداگرییان لانیکەم لەسەر ئەو ماددەیەی دەستوور، هەتا ئێستاش، دەسەڵاتی سیاسیی وڵاتی ئێران، ئامادە نەبووە تەنانەت نێوەرۆکی ئەم ماددەیەش بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە.

## ۲: سیاسەتی تاکزمانی، لەنێوان پێداگری و دژایەتیدا:

لە ئێرانی سەردەمی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا، هیچ هەوڵێکی جیددی بۆ چاوخشاندنەوە بەو سیاسەتە زمانییە سەرکوتکەرانە و لەمێژینەیە نەدراوە. لە ئاستی مەجلیسی ئێران، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی و دەوڵەتدا، ئەم پرسە نەخراوەتە دەستووری کار و بە شایانی ئەوە نەزانراوە، قسەی لەسەر بکرێتەوە. پەسندکراوەکانی دەوڵەتی و حکومەتی لەو پێوەندییەدا هەر وەک خۆیان ماونەوە.

### ۲-۱ مکوڕ بوونی دەستوور و دەزگا پێوەندیدارەکانی وڵات لەسەر سیاسەتی تاکزمانی

بۆ ناسینی سیاسەتی زمانیی دەوڵەتێک دەبێ بڕوانینە بڕیارەکانی ئەو دەوڵەتە لەبارەی زمان کە لە بەڵگەنامەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە. دەستووری وڵات گرنگترین بەڵگەنامەی هەر وڵاتێکە. ئەو ماددە و بنەمایانەی کە دەربارەی زمان لە دەستووری وڵاتدا هەن، یەک لە پێوەرەکانی ناسین و هەڵسەنگاندنی سیاسەتی زمانیی ئەو وڵاتەن. پێڕەوی نێوخۆ و پەسندکراوەکانی دامەزراوە پێوەنیدارەکانیش بۆ جێبەجێکردنی ماددەکانی دەستوور، بەتایبەتی فەرهەنگستانەکان، پێوەرێکی دیکەیە. لە ئێران چەند بەڵگەنامەی دیکەش هەن کە درێژە و تەواوکەری ڕوانین و سیاسەتی دەوڵەت و دەسەڵاتدارێتی لەمەڕ پرسی زمانن. لێرەدا هەوڵ دەدرێ بە کورتی ئاماژە بە ژمارەیەک لەو دامەزراوانە و پەسندکراوەکانیان بکرێ:

لە دەستووری وڵاتی ئێراندا ٣ ماددە هەن کە پێشاندەری سیاسەتی زمانیی کۆماری ئیسلامین. ماددەکانی ١٥(کە لە سەرەوە ئاماژەی پێدرا) ماددەی ١٦ و ماددەی ١٩. ماددەی ١٦ ئاماژە بەوە دەکا "بەو هۆیەوە کە زمانی قورئان و مەعاریفی ئیسلامی، عەرەبییە و ئەدەبییاتی فارسی بە تەواوی لەگەڵیان تێکەڵاو بووە، ئەم زمانە دەبێ پاش قۆناغی سەرەتایی هەتا کۆتاییی قۆناغی ناوەندی لە هەموو پۆلەکان و لە تەواوی لقەکاندا بخوێندرێ".

لە ماددەی ١٩یشدا هاتووە: "خەڵکی ئێران لە هەر قەوم و هۆزێک بن، مافی وەک یەکیان هەیە و ڕەنگ، نەژاد، زمان و شتی لەو چەشنە نابن بە هۆی ئیمتیاز". ئەگەر لە ماددەی ١٥ی ئەو قانوونەدا، فارسی، وەک زمان و خەتی ڕەسمی و هاوبەشی خەڵکی ئێران پێی لەسەر داگیرابوو و تێیدا هاتبوو کە "بەڵگەنامەکان و نامەنووسین و دەقە ڕەسمییەکان و کتێبەکانی خوێندن دەبێ بەو زمان و خەتە بن"، لە ماددەی ١٦هەمیشدا، زمانی عەرەبی، بەو هۆیەوە کە زمانی قورئان و مەعاریفی ئیسلامییە، پلەی دووهەمی گرنگی پێدرانی لە سیاسەتی زمانیی کۆماری ئیسلامیدا هەیە. (قانون اساسی جمهوری اسلامی، ١٣٦٨: ٧-٦)

بەڵام زمانی نەتەوە غەیرەفارسەکانی ئێران، کە زۆربەشیان لە بنەماڵەی زمانە ئێرانییەکانن، لە دەستووری وڵاتدا، وەک زمانی خۆجێیی و قەومی چاویان لێکراوە و تەنیا "بوونی چاپەمەنی بەو زمانانە و خوێندنی ئەدەبییاتیان لە قوتابخانە لەتەنیشت زمانی فارسی" ڕێگەی پێ دراوە.

فەرهەنگستانەکان بەتایبەتی فەرهەنگستانەکانی تایبەت بە زمان لە هەموو وڵاتان لەو دامەزراوانەن کە ڕۆڵێکی گرنگیان لە بەرەوپێشبردنی سیاسەتی زمانیدا هەیە. ئەوان بۆ بەرنامەداڕێژیی زمانی ڕادەسپێردرێن و مافی بڕیاردان لەبارەی پرسە زمانییەکانیان پێ دەدرێ. "فەرهەنگستانی زمانی فارسی" لە ئێران کە مێژوویەکی ١٠٠ ساڵەی هەیە، گرنگترین دامەزراوەی بەرنامەداڕشتنی زمانییە. ئەو فەرهەنگستانەی لە سەردەمی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا هەیە، فەرهەنگستانی سێهەمە(فەرهەنگستانی یەکەم هی سەردەمی موزەففەرەددین شای قاجار و، فەرهەنگستانی دووهەمیش هی سەردەمی ڕێژیمی پەهلەوی بوو) و ساڵی ١٣٦٩(١٩٨٠) دوای ١٣ ساڵ داخران، بەرنامەداڕشتنی زمانیی دەست پێ کردەوە.

**ئامانجەکانی ئەو فەرهەنگستانە بریتین لە:**

١- پاراستنی بەهێزی و ڕەسەنایەتیی زمانی فارسی وەک یەکێک لە کۆڵەکەکانی شوناسی نەتەوەییی ئێران و زمانی دووهەمی جیهانی ئیسلام و هەڵگری مەعاریف و کولتووری ئیسلامی؛

٢- پەروەردەکردنی زمانێکی خاوێن و گەیەنەر بۆ دەربڕینی هزرە زانستی و ئەدەبییەکان و پیکهێنانی هۆگری بە "مآثر"(شتە باشەکانی) مەعاریفی مێژوویی لە نەوەی ئێستا و نەوەکانی داهاتوودا؛

٣- برەوپێدانی زمان و ئەدەبییاتی فارسی و بەرینکردنەوەی پانتاییی قەڵەمڕەویان لە نێوخۆی وڵات؛

٤- پێکهێنانی هەوێنی هەوڵدان و کرانەوە لە زمانی فارسیدا بە گوێرەی پێویستییەکانی سەردەم و ژیان و پێشکەوتنی زانست و هونەرە مرۆیییەکان وێڕای پاراستنی ڕەسەنایەتییەکەی؛ (اساسنامه فرهنگستان زبان و ادب پارسی)

لە بەشی ئەرکەکانی ئەو فەرهەنگستانەش لە پێڕەوی نێوخۆیدا ٩ ئەرک گونجێندراون کە بە پێی ئەوان، فەرهەنگستان، هیچ ئەرک و خزمەتێکی زمانە غەیرەفارسییەکانی ئێرانی نەخستووەتە سەرشانی خۆی. تەنیا لە یەکێک لەو ئەرکانەدا ئاوڕ لە "زمانە خۆجێییەکان" دراوەتەوە، ئەویش وەک سەرچاوەیەک بۆ دەوڵەمەندکردن و خزمەتی زمانی فارسی:

"کەلکوەرگرتنی دروست لە زمانە خۆجێییەکان(لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران) بە مەبەستی بەهێزکردن و تەیارکردنی ئەم زمانە و دەوڵەمەندکردن و بەرینکردنەوەی پانتاییی ئەرکەکانی؛" (سەرچاوەی پێشوو)

## ٢-٢ جۆر و شێوازەکانی دژایەتی لەگەڵ زمانە غەیرەفارسییەکان

دەزگا و دامەزراوە دەوڵەتییەکانی دیکەی ئێران، وێڕای ڕێگەنەدان بە خوێندن بەو زمانانە، بە شێوەی جۆراوجۆر دژایەتیی بووژانەوە و گەشەکردنی زمانە غەیرەفارسییەکان دەکەن." ئاستەنگەکانی زمانی کوردی لە ئێران لەسەر پلەبەندییەکی ناهاوشانی زمانەکان، دەسەڵات و بەکارهێنانی سەرچاوەکان دامەزراوە و زۆر بە چڕی پێوەندییان بە سیاسەتی داگیرکارییانەی دەوڵەت-نەتەوەی ئێرانەوە هەیە و کۆمەڵێک هۆکاری لێکگرێدراو بە ئایدۆلۆژیای زمانیی داگیرکارییانە تێوەی گلاون." (سورخی،٢٠١٩: ٦١)

ئەگەر زمانێک - وەک زمانی کوردی، لە ئاکامی خەبات و پێداگریی ئاخێوەرانیدا- دەرفەتێکی بۆ بڵاوکردنەوەی چاپەمەنی بەو زمانە بۆ ڕەخساوە، یا ڕێگەی پێ دراوە بەرنامەی ڕادیۆیی و تەلەفیزیۆنیی پێ بڵاو بێتەوە، بە ئەنقەست سیاسەتێکی مەبەستداریان لە چۆنیەتیی بەکارهێنانیدا گرتووەتە بەر کە ئامانجەکەی لاوازکردن و دابەزاندنی ئاست و سەنگی ئەو زمانەیە.

"بە هاتنە سەرکاری حکومەتی ئیسلامی لە ئێراندا، حکومەت هەوڵی دا، وا بنوێنێ کە زمانی کوردی بەگشتی، شاعیرانە، گوندی و فۆلکلۆرییە و لەم ڕوانگەیەوە پشتگیریی لە جۆرێکی تایبەت لە فەرزمانی کردووە. بۆ نموونە لە کوردستان بە دانی ئیمتیازی فەرهەنگی وەک دامەزراندنی ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی (ئینتیشاراتی سەلاحەدینی

ئەیووبی)، گۆڤاری "سروە" و چەند گۆڤارێکی دیکە (ئاوێنە، ئامانج و..)، کە لە ناوەڕۆک و ستافی نووسەرانی، زۆر لە سروە جیاواز بوون، لەلایەک، زمانی کوردی تەنیا لە بوارە ئەدەبی و فۆلکلۆرییەکەیدا سنووردار بکات (بە شێوەیەک کە تەنیا ڕێگە بە بابەتە فەرهەنگی، ئەدەبییەکان بدا بە شێوەیەکی تەواو کۆنترۆڵکراو)، و لەلایەکی دیکەوە، نیگەرانییەکانی ڕۆشنبیران و ئەدیبانی کورد و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیشی لەمەڕ ڕەچاوکردنی مافی زمانی کەم کردبێتەوە. بەڵام لەڕاستیدا، مەبەستی ئەوە بوو ئەو توێژە لەو هێزە سیاسییانەی هەوڵی مسۆگەرکردنی مافی نەتەوەیی کوردییان بە شێوەیەکی سیاسی دەدا، دوور بخاتەوە، یان هەر نەبێت ئەم بابەتە لە ئاستێکی فەرهەنگیی کاناڵیزەکراودا کۆنترۆڵ بکات. " (سورخی، ٢٠١٦)

هەڵبەت ئەمە بەو مانایەیش نییە کە لە شیعر یان ئەدەبدا بەرگری نییە، یان لێرەیشدا ڕەوتەکە تەواو بەو ئاراستەیە ڕۆیشتووە کە دەسەڵاتی ناوەندی بە شێوەیەکی "هێژێمۆنی" مەبەستی بووە، چونکە هێژێمۆنیش بەرگری و مقاوەمەتی بەرانبەر دروست بووە و، کورد و ئەدیبانی کورد تا ڕادەیەک ئەم هەلەیان قۆستووەتەوە.

ئامانجی سیاسەتی ڕێگەپێدانی بوونی چاپەمەنیی کۆنترۆڵکراوی کوردی لە بنەچەدا وەڵامدانەوەیەکی لانیکەمی بە داوا و چاوەڕوانییە نەتەوەیی و کولتوورییەکانی خەڵک و، لە ئاکامدا دوور خستنەوەیان لە حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردیی بەرهەڵستکاری کۆماری ئیسلامییە، نەک سیاسەتێکی زمانیی دیموکراتیک و سەردەمییانە. هەربۆیە لەپەنا ئەم سیاسەتە ڕواڵەتی و فریوکارانەیەدا، دژایەتیکردن لەگەڵ بە فەرمی ناسین و برەوپێدرانی زمانەکە لە ئاست و بواری جیاوازدا، بە زۆر شێوە درێژەی هەبووە. ئەم جۆرە سیاسەتە "لەسەر زمانی کوردی و زمانی نەتەوەکانی دیکەیش، تەواو بێ کاریگەری نەبووە. ئەم تەسککردنەوەی زمان، بەدوور لە پێویستییە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی قسەپێکەرانی زمانەکە، بووە هۆی ئەوەی کە فەرهەنگی زاراوەی کەم (بەتایبەتی لە ئاستی زاراوە زانستی و تەکنیکییەکان)، کە لەسەر ڕەچەڵەکی فەرهەنگی کشتوکاڵی دامەزراوە، جیاوازییە ناوچەییەکان، نفووزی بەهێزی زارە ناوچەییەکان، یاسای ڕێزمانی نەمیو (نەنووسرانەوەی بە شێوەی ڕێزمانێکی ستاندارد)، ببنە تایبەتمەندیی ئێستای زمانی کوردی لەم سەدەیەدا." (سەرچاوەی پێشوو)

جۆری هەڵسوکەوتی کاربەدەستان لەگەڵ بەکارهێنانی زمان و دیالێکتە جیاوازەکان لە ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنی پارێزگە و ناوچەکانی نەتەوە بندەستەکانی ئێراندا، جێگای تێڕامانە. بەرنامەڕێژیی ئەو دەزگایانە بۆ بڵاوبوونەوەی بەرنامە بە زمانی کوردی ئەو بۆچوونە دەسەلمێنێ کە لە ناوەندەوە ئەرکدار کراون، هۆشیان بەسەر سیاسەتی تاکزمانیی ئێرانەوە هەبێ. بەو واتایە کە جۆرێک نەجووڵێنەوە کە خزمەتی یەکگرتوویی زمانە غەیرەفارسییەکە و بەهێزبوونی پێگەی

زمانەکە لای ئاخێوەرانی بکەن و بەم جۆرە، داهاتووی سیاسەتی تاکزمانی لە ئێران بخەنە مەترسییەوە.

"حکومەت لە ناوەندی پارێزگاکان تەلەفیزیۆنی بە زمانی کوردی کردووەتەوە، بەڵام ئەم تەلەفیزیۆنانە نەک خەڵک فێری زمانی کوردی ناکەن، بەڵکوو جۆرێک لە زمانی کوردی پەرە پێدەدەن کە پڕیان کردووە لە وشەی فارسی، بە جۆرێک ئەگەر بێتو کەسێک فارسیزمان کە هیچ لە کوردیش نەزانێت، بەبێ کێشە لەو زمانە کوردییەی تەلەفیزیۆن و میدیا کوردییەکانی حکومەتی ئێران تێدەگات. بینەرێکی فارسزمان کە کوردی نازانێت... کاتێک بە ڕێکەوت سەیری کەناڵەکانی سنە و کرماشان و ئیلام دەکات، بەبێ هیچ کێشەیەک هەمووی تێدەگات، چونکە هەموو وشەکانیان فارسین بەڵام وشە فارسییەکان بە شێوەی کوردی دەخوێننەوە." (پەیسەرپرێس، ٢٠١٧)

هاندان و وەخەبەرهێنانی هەستی ناوچەگەرێتی و زاراوەگەرێتی لەنێو ئاخێوەرانی زمانی کوردی و زمانە غەیرەفارسییەکانی دیکەدا، ڕێگەیەکە بۆ بە ئامانجگرتنی یەکگرتوویی و هاوپێوەندیی نێوان تاکەکانی ئەو نەتەوانە و لاوازکردنی. کاربەدەستان بەم ڕێگایە دەیانەوێ پێش بە پێکهاتنی زمانی ستاندارد لەنێویاندا بگرن، یا ئەگەر وەک نەتەوەی کورد خاوەنی زمانی یەکگرتوو و ستانداردن، لە دەوری ئەو زمانە ستانداردە کۆ نەبنەوە. ئەوەش لە کاتێکدایە کە فەرهەنگستان و دامەزراوەکانی دیکەی پاراستن و خزمەتی زمانی فارسی، بڕیار و ڕێوشوێنی تایبەت لە پێناوی باڵادەستیی زمانی "معیار"ی فارسی پەسند دەکەن.

"حکومەت بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٥ی دەستوور پرۆژەیەکی ئامادە کردووە کە بەپێی ئەم پرۆژەیە هەر ناوچەیەک و گەڕەکێک و گوندێک بە بنزاراوەی خۆیان بخوێنن، بۆ نموونە لە شارێکی وەک سەقز کە چوار ناوچەی جیاوازی گەورک و تیلەکۆ و موکریان و سەرشیوی هەیە و هەر کام لەو ناوچانە بنزاراوەیەکی تایبەت بەخۆیان هەیە، بەپێی پرۆژەکەی حکومەت لە سەقز بە چوار بنزاراوەی جیاواز ڕێگە دەدرێت منداڵان فێری زمانی کوردی بکرێن. ئەم پلانەی حکومەت مەترسییە بۆ سەر زمانی کوردی. ئەگەر مەبەستی حکومەت گرنگیدان بە بنزاراوەکانە، بۆچی ڕێگە نادات لە ناوچە فارسەکانیش خەڵک لە هەر ناوچەیەک بە بنزاراوەی خۆیان بخوێنن؟" (شەجیعی، سەرچاوەی پێشوو)

بەدگومانی دەربارەی ئەو دەرەتانە سنووردارانە کە لە چوارچێوەی سیاسەتی زمانیی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بۆ زمانە غەیرەفارسییەکان، یەک لەوان زمانی کوردی پێک هاتوون، لایەن و ڕەهەندی جۆراوجۆری هەیە. تەنانەت لە ئاستی کەسانی ئەکادیمی و شارەزای زمانی کوردیدا، جۆری هەڵسوکەوتی دامودەزگاکانی سەر بە حکومەت لەگەڵ ئەو زمانانە، نیشانەی پرسیاریان خراوەتە سەر و بە "زمانکوژی" ناودێر کراون. دابەزاندنی سەنگی ئەو زمانانە تا ڕادەی زمانێکی بێ

پێز و نەگونجاو بۆ کاری ئەدەبی و زانستیی سەردەم، وەک یەکێک لە ئامانجەکانی ئەو سیاسەتە زمانییە سەیری دەکرێ. " تەلەفیزیۆنە کوردییەکانی کۆماری ئیسلامی ئاستی زمانی کوردییان دابەزاندووە و لە بەرنامەکانیاندا کلتووری کوردی وەک کلتوورێکی دواکەوتوو نیشان دەدەن،... تەلەفیزیۆنی ئیلام لە بەرنامەکانیدا بنزاراوەیەکی ئیلامی تێکەڵ بە زمانی فارسی دەکات و بەم شێوەیە ئەم کەناڵە هەوڵی تێکدان و لاوازکردنی زمانی کوردی دەدات." (بازنەفکەن، سەرچاوەی پێشوو)

لە حاڵێکدا ڕێنووسی زمانی کوردی بە ئەلفوبێی ئارامی لە ڕێنووسی فارسی و نووسینی ئەو زمانە بە ئەلفوبێی ئارامی زۆر بێ کێشەترە و، لەم بارەیەوە زمانی کوردی ڕێنووسێکی سەقامگیری هەیە، لە تەلەفیزیۆنە کوردییەکانی ئێراندا بە ئانقەست کوردی بە ڕێنووسی فارسی دەنووسن! هۆگران و شارەزایانی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێیان وایە ئەم جۆرە هەوڵانە بەرێکەوت نین. بەڵکوو هەوڵێکن بۆ تێکدان و بەلارێدا بردنی زمانی کوردی. ئەوان لەو باوەڕەدان هەندێک ناوەندی ئەمنییەتی لەپشت ئەم جۆرە هەوڵانەن و، ئامانجیشیان تێکدان و لە خشتەبردنی زمان و ڕێنووسی کوردی و سووککردنی و دوور خستنەوەی خەڵکە لە فێربوونی ئەو زمانە. "دکتۆر بەختیار سەجادی نووسەر و شارەزای زمانی کوردی تەلەفیزیۆنە کوردییەکانی حکومەت بە زمانکوژ ناو دەبات و دەڵێت ئەم کەناڵانە نەک کار بۆ گەشەپێدانی زمانی کوردی ناکەن، بەڵکوو ناوەرۆکەکەیان بریتییە لە هەندێک شتی گاڵتەجاڕانەی کە ٥٠٠ ساڵ لەمەوبەر لە ئەورووپا لە شانۆکاندا بەڕێوە دەچوو." (پەیسەر، ٢٠١٧)

ڕێگریکردن لە دانانی ناوی کوردی و هەروەها ناوی وەرگیراو لە زمانە غەیرەفارسییەکانی دیکە لەسەر کەلوپەلی بەرهەمهێنراو یا لەسەر ناوی دوکان و پاساژ و شوێنی جۆراوجۆری دیکە، تەنانەت کۆسپ دروستکردن لەبەردەم دانانی زۆرێک لەو جۆرە ناوانە لەسەر منداڵان، ڕوویەکی دیکەی ئەو دژایەتییەی دەسەڵاتداران لەگەڵ برەوپەیداکردنی وشەی ئەو زمانانە و پەلهاویشتنیان بۆ چاپەمەنی و ڕاگەیەنە سەرانسەرییەکانی ئێرانە. لە کاتێکدا لە دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی و بە ویستی ڕێبەران و کاربەدەستانی ئەو دەسەڵاتە، بە هەزاران وشە و دەستەواژەی دیکە لە زمانی عەرەبییەوە هاتوونە نێو زمانی فارسی، وەرگرتنی وشە لە زمانەکانی کوردی، بەلووچی و لوڕی و هتد و دانانیان وەک ناو لەسەر شەقام و مەیدان و کۆڵان و دوکان و بنکە و ناوەندی کولتووری، دژایەتیی لەگەڵ دەکرێ و، تابلۆی ناوەکان لە لایەن "ادارە اماکن" کۆ دەکرێتەوە. هەروا بزانە عەرەبی، زمانێکی ئێرانییە و، زمانەکانی کوردی، بەلووچی و لوڕی، غەیرەئێرانین یا ئاخێوەرانیان ئێرانی نین. "گۆڕینی ناوی کوردیی ژمارەیەک لە گوندەکان، کانیاوەکان، کێوەکان و شوێنە مێژووییەکانی کوردستان و دانانی ناوی غەیرەکوردی لە جێگایان، هەوڵێکی دیکەی کاربەدەستانی ئێرانە کە ئەگەر مەبەستی گۆڕین و شێواندنی دێمۆگرافیی ناوچە کوردستانییەکانیشی لەپشت نەبێ، سڕینەوەی بەرەبەرەی ناوە کوردییەکان و جێگیرکردنی ناوی غەیرەکوردی لەجێی ئەوانی مەبەستە." (ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، ٢٠١٧)

جەوهەر و نێوەرۆکی ڕەگەزپەرستانە و تاکزمانیی سیاسەتی زمانیی دەسەڵاتی ئێران ئەو کاتە بێ پەردەتر خۆی دەردەخا کە پرسی خوێندن بە زمانە غەیرەفارسییەکان، لەژێر گوشاری ئەو نەتەوانەدا، بەرەوڕووی مەجلیس و سەرۆککۆمار و دەوڵەت دەبێتەوە و لە باس و بەڵێنی هێندێک نوێنەرانی مەجلیس و بەرپرسانی دەوڵەتیدا جۆرێک نەرمی نواندن و ڕووی خۆش بەو داوایانە نیشان دەدرێ. لەم جۆرە کاتانەدا فەرهەنگستانی زمان و ئەدەبی پارسی دەبێتە پێشەنگی دژایەتی لەگەڵ ئەو جۆرە نەرمی نواندنانە و، وریایی دەدا بە گەورە کاربەدەستان. ئەندامانی ئەو فەرهەنگستانە ئەم جۆرە داوایە، بە "وارداتی"(لە دەرەوەی وڵاتەوە هاتوو)، مەترسی بۆ سەر زمانی فارسی و پیلان بە مەبەستی لاوازکردنی، مەترسی بۆ سەر یەکپارچەیی خاکی ئێران و گەڕانەوە بۆ دواوە و ملدان بۆ دواکەوتوویی دەناسێنن:

"گومانم نییە کە ئەو باسە لە دەرەوەی وڵاتەوە بۆ ئێران هاتووە. پێشتر ئەم مەسەلەیە لە هیندوستان لەلایەن ئینگلیزەوە تاقی کرایەوە و ئەمڕۆش ئینگلیز و وڵاتانی باکووری ئێرانن کە دەیانەوێ ئەم پرسە بخەنە نێو ئێران. باشترین ئامراز بۆ ڕاگرتنی نەتەوەیەک لە دواکەوتووییدا، کەمتەرخەمی لە ئاست زمانەکەیەتی. ئەگەر بمانەوێ زمانەکانی دایک وەک زمانی زانستی و فێرکردن بەکار بێنین، بە دڵنیاییەوە دەگەڕێینە دواوە کە ئەمە مەسەلەیەکی مەترسیدارە و بۆنی پیلانی لێ دێت." (موجتەبایی، ٢٠١٤)

"ژمارەیەک وا بیر دەکەنەوە کە هۆگری بە قەومییەتێک واتە خوێندن بە زمانی ئەو قەومە، بەڵام ئەمە بابەتێکی زۆر مەترسیدارە. ئێمە لە ئێران شانسمان هەبوو کە فیردەوسێکی گەورە توانیویەتی بناغەیەکی مەحکەم بۆ زمانی فارسی پێک بێنێ و ئەمڕۆ ئێمە لەتەنیشت دینی ئیسلام شانازی بە زمانێکی وەها دەکەین." (نیساری، ٢٠١٤)

پێوەری فێرکاریی فەرهەنگستانی زمان و ئەدەبی فارسی، زمانی پێوەر(معیار)ە. دیارە زمانی دیکەش هەن کە جێگەیان ڕوونە، بەڵام ئەوەی دەبێ پێی بخوێندرێ، زمانی فارسییە... نەکا لە کیسەی سامانە نەتەوەیییەکانی وەک زمانی فارسی بۆ سەرکەوتنە کاتی و بێ ئاکامەکانی ئەم باڵە و ئەو باڵ، خەرج بکەین." (حەدداد عادل، ٢٠١٤)

### ٢-٣ ناکامیی سیاسەتی تاکزمانی لە پێکانی ئامانجەکانیدا:

سیاسەتی تاکزمانی هەر لە سەردەمی ڕەزاشاوە تا ئێستا لە خزمەت ئایدۆلۆژیای بنیاتنانی "یەک وڵات – یەک نەتەوە"دا بووە. وەدیهێنانی ئەو ئامانجەش، سڕینەوەی شوناسی جۆراوجۆری نەتەوەیی و زمانی و، وەک یەک لێکردنی دانیشتووانی ئێرانی پێویست بووە. بۆ ئەوەی دانیشتووانی ئێران لە "نەتەوەی ئێران"دا قاڵ ببنەوە و، ئەو نەتەوەیەش خاوەنی یەک

زمان- زمانی فارسی - بێت، تواندنەوەی زمانەکانی دیکە لە زمانی فارسیدا یا سەرکوت و لاوازکردن و پشتگوێخستنیان لە پێناوی باڵادەست هێشتنەوەی زمانی فارسیدا، هەروەها بەسەردا سەپاندنی شوناسی نەتەوەیی بە زۆر دروستکراوی ئێرانی بە سەریاندا، بە ئاسایی و سروشتی زانراوە.

١٠٠ ساڵی تەواوە زمانە غەیرەفارسییەکانی ئێران لە سۆنگەی ئەو ئایدۆلۆژیایە و مەزنیخوازیی نەتەوە و زمانی فارسیدا، سەرکوت دەکرێن و پشتگوێ و پەراوێز دەخرێن. " ئێران، نیشتمانێکی خاوەن زۆر جۆراوجۆریی نەتەوەیی، قەومی و زمانییە. جۆراوجۆرییەک کە زیانێکی زۆری لە ئەزموونی سەد ساڵ سیاسەتی یەکسانکردن دیتووە. ئێستا و بە بەراورد لەگەڵ سەد ساڵ لەوە پێش، ژمارەیەک زمان و دیالێکتی باوی ئێران بە هۆکاری جیاواز لەنێو چوون یا لەگەڵ مەترسیی لەنێوچوون بەرەوڕوون." (عەلەوی، ٢٠١٤)

١٠٠ ساڵە ئەوەندەی زمانی فارسی پشت ئەستوور بە یاسای وڵات، سیاسەتی زمانی و سەرچاوەی دارایی و ئیمکاناتی بێ دریغی دەسەڵات، خزمەتی دەکرێ و بواری گەشەکردن و پەرەگرتنی بۆ دەڕەخسێندرێ، لەو ١٠٠ ساڵەدا هەر بەو ڕادەیەش دژایەتیی زمانەکانی دیکە کراوە. خەسارناسی و بەراوردی ئەو زیانە زۆرانەی زمانە غەیرەفارسییەکان، لە سۆنگەی ئەو سەرکوتە زمانییە تووشیان هاتووە، بەدواداچوون و توێژینەوەی تایبەت و تێر و تەسەل، دەخوازێ. زمانی فارسی، وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن و وەزارەتی خوێندنی باڵا و فەرهەنگستانی زمان و ئەدەبیياتی فارسی و سەدان زانکۆ و دەیان دامەزراوەی تایبەتیی دیکەی هەن کە بە شێوەیەکی بەردەوام خزمەتی دەکەن، قامووسی وشەکانی دەوڵەمەند دەکەن، توێژەران و زمانەوانان بۆ توێژینەوەی زانست دەربارەی بوار و ئاستە جیاوازەکانی ڕادەسپێرن، زمانەوان و کادیر و شارەزای تایبەت بۆ خزمەتکردن و نوێکردنەوە و، مەیدانداریی زمانەکە لە ئاستی جیهانیدا پێدەگەیەنن. بەڵام زمانە سەرکوتکراوەکان، بێجگە لە هۆگریی ئاخێوەران بە زمانەکەیان و خزمەتی دڵسۆزانە و خۆبەخشانەی ژمارەیەکی سنووردار زمانەوان، توێژەر، فەرهەنگنووس، نووسەر، وەرگێڕ، شاعیر و هتد، ئیمکانێکی وایان نییە. بەو حاڵەشەوە ئەو جۆرە کەسانە بەردەوام لەگەڵ هەڕەشەی گرتن و لێپێچینەوەی کاربەدەستان بەرەوڕوون.

گرتن و ڕاوەدوونانی ڕۆشنبیران، نووسەران، زمانەوانان و چالاکانی کولتووریی نەتەوە غەیرەفارسەکان، بەتایبەتی کوردەکان و، کەند و کۆسپ دروستکردن بۆ مامۆستایان و فێرکارانی زمانی دایک و، ڕێگری لە تێکۆشان و خزمەتیان بە زمانەکەی خۆیان، لایەنێکی دیکەی ئەو سەرکوتە زمانییەیە کە کاربەدەستان هیچ کات لێی غافڵ نەبوون. هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنە کولتوورییەکان لە شارەکانی کوردستان، داخستنی گۆڤار و بڵاوکراوە کوردییەکان، ڕێگری و کۆسپ ساز کردن بۆ خوێندنگەکانی فێربوونی خوێندنەوە و نووسینی زمانی کوردی، بانگکردنی چالاکانی بواری خزمەتی زمانی کوردی بۆ ناوەندە

ئەمنییەتییەکان و دروستکردنی پەروەندە(دۆسیە) بۆیان بووە بە شتێکی ئاسایی. "ئەم ڕەوتە بۆ دوو پارێزگەی کرماشان و ئیلامیش پەلی هاویشتووە. بەتایبەتی دوای گەشانەوەی هەستی نەتەوەیی و شوناسخوازانەی خەڵک لەو دوو پارێزگایە و ناکامیی کۆماری ئیسلامی لە دنەدانی هەستی ئایینیی ئەو خەڵکە کە زۆرایەتییەکەیان شیعە مەزهەبن، ئەو گرتن و ڕاوەدوونانەی چالاکانی بواری زمان و ڕۆشنبیری زیادی کردوە. "(قورەیشی، ٢٠١٩) ئەم گوشارهێنان و بەربەست دروستکردنە تەنانەت گەیشتووەتە شار و ناوچە کوردنشینەکانی خوراسانی باکووریش.

داوای خوێندن بە زمانی دایک و بەرزکردنەوەی دەنگی ناڕەزایەتی بەرانبەر ستەم و سەرکوتی زمانی، لەنێو هەموو نەتەوە غەیرەفارسەکاندا لە زیادبووندایە. لە گۆڤار و بڵاوکراوە و ماڵپەڕەکانی چالاکانی کولتووریی سەر بەو نەتەوانەدا، هەروەها لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، زۆر نووسین، داواکاری، توێژینەوە و، بابەت لەبارەی سەرکوت و هەڵاواردنی زمانی بڵاو دەبنەوە. هەموو ساڵێ لە سەروبەندی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکیدا، چالاکیی جۆراوجۆر بەتایبەتی لە زانکۆکانی وڵاتدا، لەلایەن مامۆستایان، خوێندکاران، نووسەران و تێکۆشەرانی دیکەی بواری کولتووریی ئەو نەتەوانەدا وەڕێ دەخرێن کە نێوەرۆک و پەیامی سەرجەمیان ناڕەزایەتی دەربڕین لە سیاسەتی زمانیی کۆماری ئیسلامی و پێداگرتنەوە لەسەر مافە زمانییەکانی خۆیانە. بزووتنەوەی داوای بە فەرمی ناسینی زمانە غەیرەفارسییەکان و مافی خوێندن بەو زمانانە، بە ڕادەیەک پەرەی گرتووە کە بەربژێرەکانی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری و مەجلیسی ئێران، بۆ کۆکردنەوەی دەنگ لەنێو نەتەوە غەیرەفارسەکان، ئاوڕ لەو داواکارییانە دەدەنەوە و بەڵێن دەدەن ئەگەر لە هەڵبژاردندا سەر بکەون، بۆ جێبەجێکردنیان تێ بکۆشن. بەڵام هەتا ئێستاش سیاسەتی زمانیی ئێران هەروا نەگۆڕ ماوەتەوە و کەمترین ئامادەیی بۆ چاوپێداخشاندنەوەی لە دەسەڵاتی ئێراندا، بەدی ناکرێ. ئەمەش وای کردووە، کاریگەریی نەرێنیی لەسەر "هەستی خۆ بە ئێرانیزانین"ی نەتەوە غەیرەفارسەکان هەبێ و"ئێرانیبوون"ی خۆیان لەگەڵ بێبەشی لە مافە زمانییەکانیان و سەرکوت و سڕانەوەی شوناسی نەتەوەیی خۆیان بە یەکسان بزانن.

### ئەنجام:

١- ئێران وڵاتی "یەک نەتەوە و یەک زمان" نییە، وڵاتێکی فرەنەتەوە و فرەزمانە. ئایدۆلۆژیای بە زۆر و ساختەکاری دروستکردنی "نەتەوەی ئێرانی" کە زمانەکەی فارسییە، هەتا ئێستاش وەک سەرچاوەی دەستوور و یاساکانی وڵات و سیاسەتە بنچینەیییەکانی دەسەڵات ماوەتەوە، لەسەر بناغەی سڕینەوەی شوناسی زمانی و نەتەوەیی پێکهاتە غەیرەفارسەکان دامەزراوە.

٢- سیاسەتی زمانیی ئێران، سیاسەتێکی تاکزمانییە و جەوهەرێکی سەرکوتکەرانە و چەوسێنەرانەی هەیە. ئەو سیاسەتە نە دەگەڵ ڕاستییەکانی پێوەندیدار بە پێکهاتەی نەتەوەیی و زمانی ئێران دەگونجێ، نە لەگەڵ ڕۆحی سەردەمییانە و دێمۆکراتی و دادپەروەرانەی پەسندکراوە جیهانییەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ و مافە زمانییەکان.

٣- گۆڕانی ڕێژیمی سیاسی لە ئێران، نەبووەتە هۆی پێکهاتنی گۆڕان لەو سیاسەتە زمانییەدا کە بۆ سەدەیەک دەچێ نەتەوە غەیرەفارسەکان بەدەستییەوە دەناڵێنن. ئەم ڕاستییەش دەیسەلمێنێ کە ڕێژیمە سیاسییەکانی ئێران، پاشایەتی بن یا کۆماری، لائیک بن یا دینی، داننان بە فرەنەتەوەیی و فرەزمانیی پێکهاتەکانی ئێران و بە ڕەسمی ناسینی مافەکانیان، بە مەترسی بۆ سەر یەکپارچەیی ئەو وڵاتە دەزانن و دژ بەم ویستە ڕەوایە دەوەستنەوە.

٤- سەرەڕای مکوڕبوونی دەسەڵاتی سیاسیی وڵات لەسەر سیاسەتی تاکزمانی و پشتبەستنی بە سەرکوت و دەمکوتی داواکاران و خوازیارانی مافە نەتەوەیی و مافە زمانییەکان، داوای بە ڕەسمی ناسینی زمانە غەیرەفارسییەکان، لە ڕیزی پێشەوەی ویستەکانی بزووتنەوە نەتەوەییەکان، بەتایبەتی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا بووە. ئەم داوایە لەنێو نەتەوەکانی تورکی ئازەری، بەلووچ، تورکمەن و عەرەبیشدا ڕووی لە زیادبوون کردووە.

٥ - سەپاندنی زۆرەملێی سیاسەتی تاکزمانی و درێژەپێدانی بۆ ماوەی یەک سەدە، ئەگەر سەردەمانێک بووبێتە هۆی ڕەگاژۆیی گیانی "ئێرانیبوون" لەنێو هێندێک توێژی نەتەوە غەیرەفارسەکان و، زمانی فارسییان بە هۆکاری جۆراوجۆر ختسبووە سەرووی زمانەکەی خۆیان، ئێستا ڕەوتێکی پێچەوانە لەنێو ئەو نەتەوانەدا دەستی پێ کردووە. بەردەوامیی زۆرەملیانەی سیاسەتی تاکزمانی، پتر هانی ئەم ڕەوتە پێچەوانەیە دەدا. بەم جۆرە سیاسەتێکی زمانی کە بە ئامانجی پاراستنی یەکپارچەیی وڵات و ئاسایشی نەتەوەیی، بەکاری دێنن، بۆخۆی دەبێتە هەوێنی لە
مەترسی خستنی یەکپارچەیی ئێران.

## سەرچاوەکان:

### کوردی:


- ئەحمەد، قادر فەتاح ئەحمەد،٢٠١٠، خوێندن بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، )نامەی ماستەر)، زانکۆی سەلاحەدین

- جامباز، تارق جامباز، ٢٠١٤، بوونی نەتەوە و سیاسەتی زمان، بڵاوکراوەی ئاکادیمیای کوردی، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم

- سورخی ڕەحیم، ٢٠١٩، گوتاری جەوهەرخوازانەی تاکزمانی لە ئێراندا، لە داگیرکردنی کوردستانەوە بۆ بەدامەزراوەیی کردنی زمانی فارسی تێیدا، گۆڤاری" تیشک"، ژمارە ٥٢، ساڵی ٢١.

- سەعید، ئیسماعیل عەبدولڕەحمان سەعید ،٢٠٠٩ ، ناسیۆنالیزمی ئێرانی (١٩٤١ -١٩٠٦(، )نامەی ماستەر)، زانکۆی سەلاحەدین.

- کالفی، لویس جان کالفی ، ٢٠١٢، شەڕی زمان و سیاسەتی زمانی، )وەرگێڕانی بەهادین جەلال)، هەولێر ، دەزگای موکریانی.

- هەروتی، سەعدی عوسمان هەروتی، ٢٠٠٧، بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتیمانی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا(١٨٨٠-١٩٣٩(، بڵاوکراوەی ئاکادیمیای کوردی، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.

سەرچاوەی فارسی:

- احمدی پور طاهره، (٢٠١١)، به سوی چارچوب سیاست زبان ملی، زبان شناخت، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، سال دوم، ،شماره اول، بهار و تابستان ١٣٩٠،

- سیف الدینی سالار،٢٠١٥، جمع آوری شاخص های زبانی در سرشماریها: اری یا خیر؟ شبکه مطالعات سیاست گذاری عمومی، مرکز بررسی های استراتژیک ریاست جمهوری، ٩مهر ١٣٩٤

- متن کامل قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران همراه با اصلاحات سال ١٣٦٨، انتشارات "تاریخ ما."

- میکه، هردی مهدی میکه ، ٢٠١٩، سیاست ایران در قبال کردها،(١٢٩٩-١٣٢٠ش/١٩٢١-١٩٤١م(، دانشگاه سلیمانیه.

- ناظمی امیر، ٢٠١٨، سیاست زبان در جمهوری اسلامی ایران: پیشنهادهای سیاستی در خصوص زبان و زبان آموزی، فصلنامه سیاست راهبردی سیاست گذاری عمومی، دوره٨، شماره ٢٦، بهار ١٣٩٧

سەرچاوەی ئینگلیزی:

Anthony J. Liddicoat,2012, Richard B. Baldauf and
Language Planning in Local Contexts: Agents, Contexts and Interactions,
Page Range: 3–17
https://www.degruyter.com/view/title/551118

سەرچاوە ئەلکترۆنییەکان:

کوردی:

- قازی حەسەن، ٢٠١٧، فرەزمانی لە کوردستان ) چاوپێکەوتن)، ماڵپەڕی ڕوانگە. لینک:
http://ruwange.blogspot.com/2017/01/blog-post_19.html

- سورخی ڕەحیم. ٢٠١٨، پلان و سیاسەتی زمان و گرفتی دەوڵەت - نەتەوەسازی لە ئێران، ماڵپەڕی پێنووس، لینک:

http://www.penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-11-33/item/219-2018-09-02-18-56-38

- دەسەڵات هەڕەشە لە زمانی کوردی دەکات، ٢٠١٧، ڕیپۆرتاژی ماڵپەڕی پەیسەر، لینک :دۆخی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان: (peyserpress.com)

- ڕاپۆرتی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، ٨ - ١١ - ٢٠١٧، ماڵپەڕی kmmk.info ڕێکخراوی ناوبراو،

فارسی:

- امنستی انترناشنال، ٢٠٠٨، "ایران: تعدی های حقوق بشری علیه اقلیت کرد"، گزارش سال ٢٠٠٨، لینک:

https://www.iranrights.org/fa/library/document/444/iran-human-rights-abuses-against-the-kurdish-minority

- اساسنامه فەرهنگستان زبان و ادب فارسی، https://apll.ir

- طرح تدریس زبان مادری، «زیر سر انگلیسی‌ها» است، سایت رادیو زمانه، لینک:

https://www.radiozamaneh.com/122246

- قوریشی کاوه، ٥ دی١٣٩٨ (٢٠١٩)، سرکوب گفتمان هویت‌خواهی قومی در کرمانشاه و ایلام ، سایت ایران انترناشنال، لینک: https://iranintl.com

- علوی شاهد، ٢٠١٤، آموزش به زبان مادری در ایران و توهم جدایی طلبی، سایت فارسی بی. بی.سی، لینک:

بررسی پیشینه تاریخی اقوام مختلف: تات قوم بومی خراسان که به زبان فارسی تکلم میکنند، روزنامه خراسان، ٢٣ - شهریور ١٣٨٨، شماره ٢٤٦، لینک: https://fa.wikipedia.org/wiki/

سەرچاوە: گۆڤاری تیشک - سیاسییە ژمارە ٦١ ساڵی بیست و سێهەم پاییزی ٢٧٢١

## سیاسەتی تاکزمانی لە ئێران، لەنێوان پێداگریی دەسەڵات و دژایەتیی نەتەوە نافارسەکاندا*

### بەرایی

لە ئێرانی سەردەمی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا، هەوڵێکی بنەڕەتی بۆ چاوخشاندنەوە بەو سیاسەتە زمانییە سەرکوتکەرانە و لەمێژینەیە نەدراوە کە لە سەردەمی ڕەزاشاوە بەرامبەر بە زمانە نافارسییەکان هەیە. ئەگەر گۆڕانێک ڕووی داوە، جەوهەری نەبووە و، ئەم ئایدۆلۆژیایە کە لە ئێران یەک نەتەوە هەیە کە نەتەوەی ئێرانە و، زمانی ئەو نەتەوەیەش زمانی فارسییە، هەر وا باڵادەست و بەردەوامە. سەرەڕای هاتن و ڕۆیشتن و جێگۆڕکێی چەندین دەوڵەت و سەرکۆمار و مەجلیس، ئەم پرسە لە ئاستی مەجلیسی ئێران، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی و دەوڵەتدا نەخراوەتە دەستووری کار و، بە شایانی ئەوە نەزانراوە قسەی لەسەر بکرێتەوە و پەسندکراوەکانی دەوڵەتی و حکوومەتی لەو پێوەندییەدا هەر وەک خۆیان ماونەوە.

### مکوڕبوونی یاسای بنەڕەتی و دەزگا پێوەندیدارەکانی وڵات لەسەر سیاسەتی تاکزمانی

بۆ ناسینی سیاسەتی زمانیی دەوڵەتێک دەبێ بڕوانینە بڕیارەکانی ئەو دەوڵەتە لەبارەی زمان کە لە بەڵگەنامەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە. یاسای بنەڕەتیی وڵات گرنگترین بەڵگەنامەی هەر وڵاتێکە. ئەو مادده و بنەمایانەی کە لە پێوەندی لەگەڵ زمان لە دەستوور (یاسای بنەڕەتی)ی وڵاتدا هەن، یەک لە پێوەرەکانی ناسین و هەڵسەنگاندنی سیاسەتی زمانیی ئەو وڵاتەن. پێڕەوی نێوخۆ و پەسندکراوەکانی دامەزراوە پێوەندیدارەکانیش بۆ جێبەجێکردنی ماددەکانی دەستوور، بەتایبەتی فەرهەنگستانەکان، پێوەرێکی دیکەیە. لە ئێران چەند بەڵگەنامەی دیکەش هەن کە درێژە و تەواوکەری ڕوانین و سیاسەتی دەوڵەت و دەسەڵاتداریێتی لە مەڕ پرسی زمانن. لێرەدا هەوڵ دەدرێ بەکورتی ئاماژە بە ژمارەیەک لەو دامەزراوانە و پەسندکراوەکانیان بکرێ:

لە دەستووری وڵاتی ئێراندا ٣ مادده هەن کە پێشاندەری سیاسەتی زمانیی کۆماری ئیسلامین. ماددەکانی ١٥ - ١٦ و ١٩. ماددەی ١٥ کە باسی بەفەرمیبوونی زمانی فارسی لە وڵاتی ئێراندا دەکا و ماددەی ١٦ ئاماژە بەوە دەکا "بەو هۆیەوە کە زمانی قورئان و مەعاریفی ئیسلامی، عەرەبییە و ئەدەبیاتی فارسی بە تەواوی لەگەڵیان تێکەڵاو بووە، ئەم زمانە دەبێ پاش قۆناغی سەرەتایی هەتا کۆتایی قۆناغی ناوەندی لە هەموو پۆلەکان و لە تەواوی لقەکاندا بخوێندرێ".

لە ماددەی ١٩یشدا هاتوە: "خەڵکی ئێران لە هەر قەوم و هۆزێک بن، مافی وەک یەکیان هەیە و ڕەنگ، نەژاد، زمان و شتی لەو چەشنە نابن بە هۆی ئیمتیاز". ئەگەر لە ماددەی ١٥ی ئەو قانوونەدا، فارسی، وەک زمان و خەتی ڕەسمی و هاوبەشی خەڵکی ئێران پێی لەسەر داگیرابوو و تێیدا هاتبوو کە "بەڵگەنامەکان و نامەنووسین و دەقە ڕەسمییەکان و کتێبەکانی خوێندن دەبێ بەو زمان و خەتە بن"، لە ماددەی ١٦هەمیشدا، زمانی عەرەبی، بەو هۆیەوە کە زمانی قورئان و مەعاریفی ئیسلامییە، پلەی دووهەمی گرنگیپێدرانی لە سیاسەتی زمانیی کۆماری ئیسلامیدا هەیە. (قانون اساسی جمهوری اسلامی، ١٣٦٨)

بەڵام زمانی نەتەوە نافارسەکانی ئێران، کە زۆربەشیان لە بنەماڵەی زمانە ئێرانیەکانن، لە دەستووری وڵاتدا، وەک زمانی خۆجێیی و قەومی چاویان لێ کراوە و تەنیا "بوونی چاپەمەنی بەو زمانانە و خوێندنی ئەدەبیاتیان لە قوتابخانە لە تەنیشت زمانی فارسی" ڕێگەی پێ دراوە.

فەرهەنگستانەکان بەتایبەتی فەرهەنگستانەکانی تایبەت بە زمان لە هەموو وڵاتان لەو دامەزراوانەن کە ڕۆڵێکی گرنگیان لە بەرەوپێشبردنی سیاسەتی زمانیدا هەیە. ئەوان بۆ بەرنامەڕێژیی زمانی ڕادەسپێردرێن و مافی بڕیاردان لەبارەی پرسە زمانییەکانیان پێ دەدرێ. "فەرهەنگستانی زمانی فارسی" لە ئێران کە مێژوویەکی ١٠٠ ساڵەی هەیە، گرنگترین دامەزراوی بەرنامەدارشتنی زمانییە. ئەو فەرهەنگستانەی لە سەردەمی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا هەیە، فەرهەنگستانی سێهەمە (فەرهەنگستانی یەکەم هی سەردەمی موزەفەرەدین شای قاجار و، فەرهەنگستانی دووهەمیش هی سەردەمی ڕێژیمی پەهلەوی بوو) و ساڵی ١٣٦٩ دوای ١٣ ساڵ داخران، بەرنامەدارشتنی زمانیی دەست پی کردەوە".

**ئامانجەکانی فەرهەنگستانی زمانی فارسی بریتین لە:**

١- پاراستنی بەهێزی و ڕەسەنایەتیی زمانی فارسی وەک یەکێک لە کۆڵەکەکانی ناسنامەی نەتەوەیی ئێران و زمانی دووهەمی جیهانی ئیسلام و هەڵگری مەعاریف و کولتووری ئیسلامی.
٢- پەروەردەکردنی زمانێکی خاوێن و گەیەنەر بۆ دەربڕینی هزرە زانستی و ئەدەبییەکان و پێکهێنانی هۆگری بە شتە باشەکانی مەعاریفی مێژوویی لە نەوەی ئێستا و نەوەکانی داهاتوودا.
٣- برەوپێدانی زمان و ئەدەبیاتی فارسی و بەرینکردنەوەی پانتایی قەڵەمڕەویان لە نێوخۆی وڵات.
٤- پێکهێنانی هەوێنی هەڵدان و کرانەوە لە زمانی فارسیدا بەگوێرەی پێویستییەکانی سەردەم و ژیان و پێشکەوتنی زانست و هونەرە مرۆییەکان وێرای پاراستنی ڕەسەنایەتییەکەی." (اساسنامه فرهنگستان زبان و ادب پارسی)

لە بەشی ئەرکەکانی ئەو فەرهەنگستانەش لە پێڕەوی نێوخۆیدا ٩ ئەرک گونجێندراون کە بەپێی ئەوان، فەرهەنگستان، هیچ ئەرک و خزمەتێکی زمانە نافارسییەکانی ئێرانی نەخستووەتە سەرشانی خۆی. تەنیا لە یەکێک لەو ئەرکانەدا ئاوڕ لە "زمانە خۆجێییەکان" دراوەتەوە، ئەویش وەک سەرچاوەیەک بۆ دەوڵەمەندکردن و خزمەتی زمانی فارسی: "کەلکوەرگرتنی دروست لە زمانە خۆجێییەکان (لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران) بە مەبەستی بەهێزکردن و تەیارکردنی ئەم زمانە و دەوڵەمەندکردن و بەرینکردنەوەی پانتایی ئەرکەکانی." (سەرچاوەی پێشوو)

## جۆر و شێوازەکانی دژایەتی لەگەڵ زمانە نافارسییەکان

دەزگا و دامەزراوە دەوڵەتییەکانی دیکەی ئێران، وێڕای ڕێگەنەدان بە خوێندن بەو زمانانە، بە شێوەی جۆراوجۆر دژایەتیی بووژانەوە و گەشەکردنی زمانە نافارسییەکان دەکەن. "ئاستەنگەکانی زمانی کوردی لە ئێران لەسەر پلەبەندییەکی ناهاوشانیی زمانەکان، دەسەڵات و بەکارهێنانی سەرچاوەکان دامەزراوە و زۆر بە چڕی پێوەندییان بە سیاسەتی داگیرکاریانەی دەوڵەت-نەتەوەی ئێرانەوە هەیە و کۆمەڵێک هۆکاری لێکگرێدراو بە ئایدۆلۆژیای زمانیی داگیرکارییانە تێوەی گلاون." (سورخی، ٢٠١٩)

ئەگەر زمانێک - وەک زمانی کوردی، لە ئاکامی خەبات و پێداگریی ئاخێوەرانیدا- دەرفەتێکی بۆ بڵاوکردنەی چاپەمەنی بەو زمانە بۆ ڕەخساوە، یا ڕێگەی پێ دراوە بەرنامەی ڕادیۆیی و تەلەڤیزیۆنیی پێ بڵاو بێتەوە، بەئەنقەست سیاسەتێکی مەبەستداریان لە چۆنیەتیی بەکارهێنانیدا گرتووەتە بەر کە ئامانجەکەی لاوازکردن و دابەزاندنی ئاست و سەنگی ئەو زمانەیە. "بە هاتنەسەرکاری حکوومەتی ئیسلامی لە ئێراندا، حکوومەت هەوڵی دا، وا بنوێنێ کە زمانی کوردی بەگشتی شاعیرانە، گوندی و فۆلکلۆرییە و لەم ڕوانگەیەوە پشتگیریی لە جۆرێکی تایبەت لە فرەزمانی کردووە. بۆ نموونە لە کوردستان بە دانی ئیمتیازی فەرهەنگی وەک دامەزراندنی ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی (ئینتیشاراتی سەلاحەدینی ئەیووبی)، گۆڤاری "سروە" و چەند گۆڤارێکی دیکە (ئاوێنە، ئامانج و..)، کە لە ناوەڕۆک و ستافی نووسەرانی، زۆر لە سروە جیاواز بوون، لە لایەک زمانی کوردی تەنیا لە بوارە ئەدەبی و فۆلکلۆرییەکەیدا سنووردار بکات (بە شێوەیەک کە تەنیا ڕێگە بە بابەتە فەرهەنگی، ئەدەبییەکان بدا بە شێوەیەکی تەواو کۆنترۆڵکراو)، و لەلایەکی دیکەوە، نیگەرانییەکانی ڕۆشنبیران و ئەدیبانی کورد و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیشی لەمەڕ ڕەچاوکردنی مافی زمانی کەم کردبێتەوە. بەڵام لەڕاستیدا، مەبەستی ئەوە بوو ئەو توێژە لەو هێزە سیاسییانەی هەوڵی مسۆگەرکردنی مافی نەتەوەیی کوردییان بەشێوەیەکی سیاسی دەدا، دوور بخاتەوە، یان هەر نەبێت ئەم بابەتە لە ئاستێکی فەرهەنگیی کاناڵیزەکراودا کۆنترۆڵ بکات."(سورخی،٢٠١٦) هەڵبەت ئەمە بەو مانایەش نییە کە لە شێعر یان ئەدەبدا بەرگری نییە، یان لێرەیشدا ڕەوتەکە تەواو بەو ئاراستەیە ڕۆیشتووە کە دەسەڵاتی ناوەندی بە شێوەیەکی "هێژێمۆنی" مەبەستی بووە، چونکە

هێژێمۆنیش بەرگری و مقاومەتی بەرامبەر دروست بووە و کورد و ئەدیبانی کورد تا ڕادەیەک ئەم هەلەیان قۆستۆتەوە.

ئامانجی سیاسەتی ڕێگەپێدانی بوونی چاپەمەنیی کۆنترۆڵکراوی کوردی لە بنەچەدا وڵامدانەوەیەکی لانیکەمی بە داوا و چاوەڕوانییە نەتەوەیی و کولتوورییەکانی خەڵک و، لە ئاکامدا دوور خستنەوەیان لە حیزب و ڕێکخراوە کوردەکانی بەرهەڵستکاری کۆماری ئیسلامییە، نەک سیاسەتێکی زمانیی دێموکراتیک و سەردەمیانە. هەربۆیە لە پەنا ئەم سیاسەتە ڕواڵەتی و فریوکارانەیەدا، دژایەتیکردن لەگەڵ بە فەرمی ناسین و برەوپێدرانی زمانەکە لە ئاست و بواری جیاوازدا، بە زۆر شێوە درێژەی هەبووە. ئەم جۆرە سیاسەتە "لەسەر زمانی کوردی و زمانی نەتەوەکانی دیکەیش، تەواو بێکاریگەری نەبووە. ئەم تەسککردنەوەی زمان، بەدوور لە پێویستییە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی قسەپێکەرانی زمانەکە، بووە هۆی ئەوەی کە فەرهەنگی زاراوەی کەم (بەتایبەتی لە ئاستی زارەوە زانستی و تەکنیکییەکان)، کە لەسەر ڕەچەڵەکی فەرهەنگی کشتوکاڵی دامەزراوە، جیاوازییە ناوچەییەکان، نفووزی بەهێزی زارە ناوچەیییەکان، یاسای ڕێزمانی نەمیو (نەنووسرانەوەی بە شێوەی ڕێزمانێکی ستاندارد)، ببنە تایبەتمەندیی ئێستای زمانی کوردی لەم سەدەیەدا." (سەرچاوەی پێشوو)

جۆری هەڵسوکەوتی کاربەدەستان لەگەڵ بەکارهێنانی زمان و دیالێکتە جیاوازەکان لە ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنی پارێزگا و ناوچەکانی نەتەوە بندەستەکانی ئێراندا، جێگای تێڕامانە. بەرنامەڕێژیی ئەو دەزگایانە بۆ بڵاوبوونەوەی بەرنامە بە زمانی کوردی ئەو بۆچوونە دەسەلمێنێ کە لە ناوەندەوە ئەرکدار کراون، هۆشیان بە سیاسەتی تاکزمانیی ئێرانەوە هەبێ. بەو واتایە کە جۆرێک نەجووڵێنەوە کە خزمەتی یەکگرتوویی زمانە نافارسیەکە و بەهێزبوونی پێگەی زمانەکە لای ئاخێوەرانی بکەن و بەم جۆرە، داهاتووی سیاسەتی تاکزمانی لە ئێران بخەنە مەترسییەوە.

"حکومەت لە ناوەندی پارێزگاکان تەلەویزیۆنی بە زمانی کوردی کردۆتەوە، بەڵام ئەم تەلەویزیۆنانە نەک خەڵک فێری زمانی کوردی ناکەن بەڵکوو جۆرێک لە زمانی کوردی پەرە پێ دەدەن کە پڕیان کردووە لە وشەی فارسی، بە جۆرێک کەسێکی فارسی‌زمان کە هیچ لە کوردییش نەزانێ بەبێ کێشە لەو زمانە کوردییەی تەلەویزیۆن و میدیا کوردییەکانی حکومەتی ئێران تێدەگات. بینەرێکی فارس زمان کە کوردی نازانێت... کاتێک بەڕێکەوت سەیری کەناڵەکانی سنە و کرماشان و ئیلام دەکات بەبێ هیچ کێشەیەک هەمووی تێدەگات، چونکە هەموو وشەکانیان فارسین بەڵام وشە فارسییەکان بە شێوەی کوردی دەخوێننەوە." (پەیسەرپرێس، ٢٠١٧)

هاندان و وەخەبەرهێنانی هەستی ناوچەگەریتی و زاراوەگەریتی لەنێو ئاخێوەرانی زمانی کوردی و زمانە نافارسییەکانی دیکە، ڕێگەیەکە بۆ بەئامانجگرتنی یەکگرتوویی و هاوپێوەندیی نێوان تاکەکانی ئەو نەتەوانە و لاوازکردنی. کاربەدەستان

بەم ڕێگایە دەیانەوێ پێش بە پێکهاتنی زمانی ستاندارد لەنێویاندا بگرن، یا ئەگەر وەک نەتەوەی کورد خاوەنی زمانی یەکگرتوو و ستانداردن، لە دەوری ئەو زمانە ستانداردە کۆ نەبنەوە. ئەوەش لە کاتێکدایە کە فەرهەنگستان و دامەزراوەکانی دیکەی پاراستن و خزمەتی زمانی فارسی، بڕیار و ڕێوشوێنی تایبەت لە پێناوی بالادەستیی زمانی "معیار"ی فارسی پەسند دەکەن. "حکوومەت بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٥ی دەستوور پرۆژەیەکی ئامادە کردووە کە بەپێی ئەم پرۆژەیە هەر ناوچەیەک و گەڕەکێک و گوندێک بە بنزاراوەی خۆیان بخوێنن، بۆ نموونە لە شارێکی وەک سەقز کە چوار ناوچەی جیاوازی گەورک و تیلەکۆ و موکریان و سەرشیوی هەیە و هەرکام لەو ناوچانە بنزاراوەیەکی تایبەت بە خۆیان هەیە، بەپێی پرۆژەکەی حکومەت لە سەقز بە چوار بنزاراوەی جیاواز ڕێگە دەدرێ منداڵان فێری زمانی کوردی بکرێن. ئەم پلانەی حکومەت مەترسییە بۆ سەر زمانی کوردی. ئەگەر مەبەستی حکوومەت گرنگیدان بە بنزاراوەکانە بۆچی ڕێگە نادات لە ناوچە فارسەکانیش خەڵک لە هەر ناوچەیەک بە بنزاراوەی خۆیان بخوێنن؟" (شەجیعی، سەرچاوەی پێشوو)

بەدگومانی لە پێوەندی لەگەڵ ئەو دەرەتانە سنووردارانە کە لە چوارچێوەی سیاسەتی زمانیی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بۆ زمانە نافارسییەکان، یەک لەوان زمانی کوردی پێکهاتوون، لایەن و ڕەهەندی جۆراجۆری هەیە. تەنانەت لە ئاستی کەسانی ئاکادیمی و شارەزای زمانی کوردیدا، جۆری هەڵسوکەوتی دامودەزگاکانی سەر بە حکوومەت لە گەڵ ئەو زمانانە، نیشانەی پرسیاریان خراوەتە سەر و بە " زمانکوژی" ناودێر کراون. دابەزاندنی سەنگی ئەو زمانانە تا ڕادەی زمانێکی بێپێز و نەگونجاو بۆ کاری ئەدەبی و زانستیی سەردەم، وەک یەکێک لە ئامانجەکانی ئەو سیاسەتە زمانییە سەیری دەکرێ." تەلەڤیزیۆنە کوردییەکانی کۆماری ئیسلامی ئاستی زمانی کوردییان دابەزاندووە و لە بەرنامەکانیاندا کولتووری کوردی وەک کولتوورێکی دواکەوتوو نیشان دەدەن،... تەلەڤیزیۆنی ئیلام لە بەرنامەکانیدا بنزاراوەیەکی ئیلامی تێکەڵ بە زمانی فارسی دەکات و بەم شێوەیە ئەم کەناڵە هەوڵی تێکدان و لاوازکردنی زمانی کوردی دەدات." (بازئەفکەن، سەرچاوەی پێشوو)

لە حاڵێکدا ڕێنووسی زمانی کوردی بە ئەلفوبێی ئارامی لە ڕێنووسی فارسی و نووسینی ئەو زمانە بە ئەلفوبێی ئارامی زۆر بێکێشەترە و، لەم بارەیەوە زمانی کوردی ڕێنووسێکی سەقامگیری هەیە، لە تەلەڤیزیۆنە کوردییەکانی ئێراندا بەئانقەست کوردی بە ڕێنووسی فارسی دەنووسن! هۆگران و شارەزایانی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێیانوایە ئەمجۆرە هەوڵانە بەڕێکەوت نین. بەڵکوو هەوڵێکن بۆ تێکدان و بەلاڕێدا بردنی زمانی کوردی. ئەوان لەو باوەڕەدان هەندێک ناوەندی ئەمنییەتی لە پشت ئەم جۆرە هەوڵانەن و ئامانجیشیان تێکدان و لەخشتەبردنی زمان و ڕێنووسی کوردی و سووککردنی و دوور خستنەوەی خەڵکە لە فێربوونی ئەو زمانەیە. "دوکتور بەختیار سەجادی نووسەر و شارەزای زمانی کوردی تەلەڤیزیۆنە کوردییەکانی حکومەت بە زمانکوژ ناو دەبات و دەڵێت ئەم کەناڵانە نەک کار بۆ گەشەپێدانی زمانی

کوردی ناکەن بەڵکو ناوەرۆکەکەیان بریتییە لە هەندێک شتی گاڵتەجاڕانەی کە ٥٠٠ ساڵ لەمەوبەر لە ئەورووپا لە شانۆکاندا بەڕێوە دەچوو." (پەیسەر، ٢٠١٧)

ڕێگریکردن لە دانانی ناوی کوردی و هەروەها ناوی وەرگیراو لە زمانە نافارسییەکانی دیکە لەسەر کەلوپەلی بەرهەمهێنراو یا لەسەر ناوی دوکان و پاساژ و شوێنی جۆراوجۆری دیکە، تەنانەت کۆسپ دروستکردن لە بەردەم دانانی زۆرێک لەو جۆرە ناوانە لەسەر منداڵان، ڕوویەکی دیکەی ئەو دژایەتییەی دەسەڵاتداران لە گەڵ برەوپەیداکردنی وشەی ئەو زمانانە و پەلهاویشتنیان بۆ چاپەمەنی و ڕاگەیەنە سەرانسەرییەکانی ئێرانە. لەکاتێکدا لە دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی و بە ویستی ڕێبەران و کاربەدەستانی ئەو دەسەڵاتە، بە هەزاران وشە و دەستەواژەی دیکە لە زمانی عەرەبییەوە هاتوونە نێو زمانی فارسی، وەرگرتنی وشە لە زمانەکانی کوردی، بلووچی و لوڕی و هتد و دانانیان وەک ناو لەسەر شەقام و مەیدان و کۆڵان و دوکان و بنکە و ناوەندی کولتووری، دژایەتیی لەگەڵ دەکرێ و، تابلۆی ناوەکان لە لایەن "ادارە اماکن" کۆ دەکرێتەوە. هەر وا بزانە عەرەبی، زمانێکی ئێرانییە و، زمانەکانی کوردی، بلووچی و لوڕی، نائێرانین یا ئاخێوەرانیان ئێرانی نین. "گۆڕینی ناوی کوردیی ژمارەیەک لە گوندەکان، کانیاوەکان، کێوەکان و شوێنە مێژووییەکانی کوردستان و دانانی ناوی ناکوردی لە جێگایان، هەوڵێکی دیکەی کاربەدەستانی ئێرانە کە ئەگەر مەبەستی گۆڕین و شێواندنی دیموگرافیی ناوچە کوردستانییەکانیشی لە پشت نەبێ، سڕینەوەی بەرەبەرەی ناوە کوردییەکان و جێگیرکردنی ناوی ناکوردی لەجێی ئەوانی مەبەستە." (ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، ٢٠١٧)

جەوهەر و نێوەرۆکی ڕەگەزپەرستانە و تاکزمانیی سیاسەتی زمانیی دەسەڵاتی ئێران ئەوکاتە بێپەردەتر خۆی دەردەخا کە پرسی خوێندن بە زمانە نافارسییەکان، لەژێر گوشاری ئەو نەتەوانەدا، بەرەورووی مەجلیس و سەرکۆمار و دەوڵەت دەبێتەوە و لە باس و بەڵێنی هێندێک نوێنەرانی مەجلیس و بەرپرسانی دەوڵەتیدا جۆرێک نەرمینواندن و ڕووی خۆش بەو داوایانە نیشان دەدرێ. لەم جۆرە کاتانەدا فەرهەنگستانی زمان و ئەدەبی پارسی دەبێتە پێشەنگی دژایەتی لەگەڵ ئەو جۆرە نەرمینواندنانە و، وریایی دەدا بە گەورە کاربەدەستان. ئەندامانی ئەو فەرهەنگستانە ئەم جۆرە داوایە، بە "وارداتی"(لە دەرەوەی وڵاتەوە هاتوو)، مەترسی بۆ سەر زمانی فارسی و پیلان بە مەبەستی لاوازکردنی، مەترسی بۆ سەر یەکپارچەیی خاکی ئێران و گەڕانەوە بۆ دواوە و ملدان بۆ دواکەوتوویی دەناسێنن:

"گومانم نییە کە ئەو باسە لە دەرەوەی وڵاتەوە بۆ ئێران هاتوە. پێشتر ئەم مەسەلەیە لە هیندوستان لە لایەن ئینگلیزەوە تاقی کرایەوە و ئەمڕۆش ئینگلیز و وڵاتانی باکووری ئێرانن کە دەیانەوێ ئەم پرسە بخەنە نێو ئێران. باشترین ئامراز بۆ ڕاگرتنی نەتەوەیەک لە دواکەوتووییدا، کەمتەرخەمی لە ئاست زمانەکەیەتی. ئەگەر بمانەوێ زمانەکانی دایک وەک زمانی

زانستی و فێرکردن بە کار بێنین، بە دڵنیاییەوە دەگەڕێینە دواوە کە ئەمە مەسەلەیەکی مەترسیدارە و بۆنی پیلانی لێ دێت." (موجتەبایی، ٢٠١٤)

"ژمارەیەک وا بیر دەکەنەوە کە هۆگری بە قەومییەتێک واتە خوێندن بە زمانی ئەو قەومە، بەڵام ئەمە بابەتێکی زۆر مەترسیدارە. ئێمە لە ئێران شانسمان هەبوو کە فیردەوسییەکی گەورە توانیویەتی بناغەیەکی مەحکەم بۆ زمانی فارسی پێک بێنێ و ئەمڕۆ ئێمە لە تەنیشت دینی ئیسلام شانازی بە وەها زمانێکەوە دەکەین." (نیساری، ٢٠١٤)

پێوەری فێرکاریی فەرهەنگستانی زمان و ئەدەبی فارسی، زمانی پێوەر(معیار)ە. دیارە زمانی دیکەش هەن کە جێگەیان ڕوونە، بەڵام ئەوەی دەبێ پێی بخوێندرێ، زمانی فارسییە... نەکا لە کیسەی سامانە نەتەوەییەکانی وەک زمانی فارسی بۆ سەرکەوتنە کاتی و بێئاکامەکانی ئەم باڵ ئەو باڵ، خەرج بکەین." (حەدداد عادل، ٢٠١٤)

### ناکامیی سیاسەتی تاکزمانی لە پێکانی ئامانجەکانیدا:

سیاسەتی تاکزمانی هەر لە سەردەمی ڕەزاشاوە تا ئێستا لە خزمەت ئایدۆلۆژیای بنیاتنانی "یەک وڵات-یەک نەتەوە"دا بووە. وەدیهێنانی ئەو ئامانجەش، سڕینەوەی ناسنامەی جۆراوجۆریی نەتەوەیی و زمانی و، وەکیەکلێکردنی دانیشتووانی ئێرانی پێویست بووە. بۆ ئەوەی دانیشتوانی ئێران لە"نەتەوەی ئێران" دا قاڵ ببنەوە و، ئەو نەتەوەیەش خاوەنی یەک زمان- زمانی فارسی - بێت، تواندنەوەی زمانەکانی دیکە لە زمانی فارسیدا یا سەرکوت و لاوازکردن و پشتگوێخستنیان لە پێناوی باڵادست هێشتنەوەی زمانی فارسیدا، هەر وەها بەسەرداسەپاندنی ناسنامەی نەتەوەی بە زۆر دروستکراوی ئێرانی بە سەریاندا، بە ئاسایی و سروشتی زانراوە.

١٠٠ ساڵی تەواوە زمانە نافارسییەکانی ئێران لە سۆنگەی ئەو ئایدۆلۆژیایە و مەزنیخوازیی نەتەوە و زمانی فارسیدا، سەرکوت دەکرێن و پشتگوێ و پەراوێز دەخرێن. ئێران، نیشتمانێکی خاوەن زۆر جۆراوجۆریی نەتەوەیی، قەومی و زمانییە. جۆراوجۆرییەک کە زیانێکی زۆری لە ئەزموونی سەد ساڵ سیاسەتی یەکسانکردن دیتووە. ئێستا و بە بەراورد لەگەڵ سەد ساڵ لەوە پێش، ژمارەیەک زمان و دیالێکتی باوی ئێران بە هۆکاری جیاواز لەنێو چوون یا لەگەڵ مەترسیی لەنێوچوون بەرەوڕوون." (عەلەوی، ٢٠١٤)

١٠٠ ساڵە ئەوەندەی زمانی فارسی پشتئەستوور بە یاسای وڵات، سیاسەتی زمانی و سەرچاوەی دارایی و ئیمکاناتی بێدریغی دەسەڵات، خزمەتی دەکرێ و بواری گەشەکردن و پەرەگرتنی بۆ دەرەخسێندرێ، لەو ١٠٠ساڵەدا هەر بەو ڕادەیەش دژایەتیی

زمانەکانی دیکە کراوە. خەسارناسی و بەراوردی ئەو زیانە زۆرانەی زمانە نافارسییەکان، لەسۆنگەی ئەو سەرکوتە زمانییە تووشیان هاتوە، بەدواداچوون و توێژینەوەی تایبەت و تێر و تەسەل، دەخوازێ. زمانی فارسی، وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن و وەزارەتی خوێندنی باڵا و فەرهەنگستانی زمان و ئەدەبیاتی فارسی و سەدان زانکۆ و دەیان دامەزراوەی تایبەتیی دیکەی هەن کە بە شێوەیەکی بەردەوام خزمەتی دەکەن، قامووسی وشەکانی دەوڵەمەند دەکەن، توێژەران و زمانەوانان بۆ توێژینەوەی زانست لە پێوەندی لەگەڵ بوار و ئاستە جیاوازەکانی ڕادەسپێرن، زمانەوان و کادیر و شارەزای تایبەت بۆ خزمەتکردن ونوێکردنەوە و، مەیدانداریی زمانەکە لە ئاستی جیهانیدا پێ دەگەیەنن. بەڵام زمانە سەرکوتکراوەکان، بێجگە لە هۆگریی ئاخێوەران بە زمانەکەیان و خزمەتی دڵسۆزانە و خۆبەخشانەی ژمارەیەکی سنووردار زمانەوان، توێژەر، فەرهەنگنووس، نووسەر، وەرگێر، شاعیر و هتد، ئیمکانێکی وایان نییە. بەو حاڵەش ئەو جۆرە کەسانە بەردەوام لەگەڵ هەڕەشەی گرتن و لێپێچینەوەی کاربەدەستان بەرەوڕوون.

گرتن و ڕاوەدوونانی ڕۆشنبیران، نووسەران، زمانەوانان و چالاکانی کولتووریی نەتەوە نافارسەکان، بەتایبەتی کوردەکان و، کەند و کۆسپ دروستکردن بۆ مامۆستایان و فێرکارانی زمانی دایک و، ڕێگری لە تێکۆشان و خزمەتیان بە زمانەکەی خۆیان، لایەنێکی دیکەی ئەو سەرکوتە زمانییەیە کە کاربەدەستان هیچ کات لێی غافڵ نەبوون. هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنە کولتوورییەکان لە شارەکانی کوردستان، داخستنی گۆڤار و بڵاوکراوە کوردییەکان، ڕێگری و کۆسپ سازکردن بۆ خوێندنگەکانی فێربوونی خوێندنەوە و نووسینی زمانی کوردی، بانگکردنی چالاکانی بواری خزمەتی زمانی کوردی بۆ ناوەندە ئەمنیەتییەکان و دروستکردنی پەروەندە بۆیان بووە بە شتێکی ئاسایی. "ئەم ڕەوتە بۆ دوو پارێزگەی کرماشان و ئیلامیش پەلی هاویشتوە. بە تایبەتی دوای گەشانەوەی هەستی نەتەوەیی و ناسنامەخوازانەی خەڵک لەو دوو پارێزگایە و ناکامیی کۆماری ئیسلامی لە دنەدانی هەستی ئایینیی ئەو خەڵکە کە زۆرایەتییەکەیان شیعە مەزهەبن، ئەو گرتن و ڕاوەدوونانەی چالاکانی بواری زمان و ڕۆشنبیری زیادی کردوە. "(قورەیشی، ٢٠١٩) ئەم گوشارهێنان و بەربەست دروستکردنە تەنانەت گەیشتووتە شار و ناوچە کوردنشینەکانی خوراسانی باکووریش.

داوای خوێندن بە زمانی دایک و بەرزکردنەوەی دەنگی ناڕەزایەتی بەرامبەر ستەم و سەرکوتی زمانی، لە نێو هەموو نەتەوە نافارسەکاندا لە زیادبووندایە. لە گۆڤار و بڵاوکراوە و ماڵپەڕەکانی چالاکانی کولتووریی سەر بەو نەتەوانەدا، هەروەها لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، زۆر نووسین، داواکاری، توێژینەوە، و بابەت لەبارەی سەرکوت و هەڵاواردنی زمانی بڵاو دەبنەوە. هەموو ساڵێ لە سەروبەندی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکدا، چالاکیی جۆراوجۆر بە تایبەتی لە زانکۆکانی وڵاتدا، لە لایەن مامۆستایان، خوێندکاران، نووسەران و تێکۆشەرانی دیکەی بواری کولتووریی ئەو نەتەوانە وەڕێ دەخرێن کە نێوەرۆک و پەیامی سەرجەمیان ناڕەزایەتیدەربڕین لە سیاسەتی زمانیی کۆماری ئیسلامی و پێداگرتنەوە لەسەر مافە زمانییەکانی

خۆیانە. بزووتنەوەی داوای بە فەرمی ناسینی زمانە نافارسییەکان و مافی خوێندن بەو زمانانە، بە ڕادەیەک پەرەی گرتوە کە بەربژێرەکانی هەڵبژاردنی سەرکۆماری و مەجلیسی ئێران، بۆ کۆکردنەوەی دەنگ لە نێو نەتەوە نافارسەکان، ئاوڕ لەو داواکارییانە دەدەنەوە و بەڵێن دەدەن ئەگەر لە هەڵبژاردن سەربکەون، بۆ جێبەجێکردنیان تێ بکۆشن. بەڵام هەتا ئێستاش سیاسەتی زمانیی ئێران هەروا نەگۆڕ ماوەتەوە و کەمترین ئامادەیی بۆ چاوپێداخشاندنەوەی لە دەسەڵاتی ئێراندا بەدی ناکرێ. ئەمەش وای کردوە، کاریگەریی نەرێنیی لەسەر "هەستی خۆ بە ئێرانی‌زانین"ی نەتەوە نافارسەکان هەبێ و "ئێرانیبوون"ی خۆیان لەگەڵ بێبەشی لە مافە زمانییەکانیان و سەرکوت و سڕانەوەی ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان بە یەکسان بزانن.

-----

**تێبینی**:

- ئەم بابەتە، تەوەرێکە لە توێژینەوەیەکی سەربەخۆ کە لە بەر سنوورداربوونی لاپەرەکانی "کوردستان" تەنیا ئەم تەوەرەیمان بڵاو کردەوە.
- لیستی سەرچاوەکان لە ئەرشیڤی "کوردستان"دا پارێزراون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی جانیوێری ٢٠٢٢

# پرسی زمان و ناسنامەپارێزی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پێش کۆماری کوردستانەوە تا ئێستا

**دیمانە: ڕێباز مەردانی**

ئاماژە: پرسی زمان یەک لە پرسە هەستیار و هەرە زیندووەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، بەتایبەت کە ئەم بابەتە گرێدراوی پرسی سیاسەتی تاکزمانیی دەسەڵاتی ناوەندییە کە لە دوو ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی لە پرۆسەی دەوڵەت - نەتەوەدا ڕەچاو کراوە. "کوردستان" بەبۆنەی ٢ی ڕەشەممە، ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک وتووێژێکی لەگەڵ کاک قادر وریا، مامۆستای زمانی کوردی لە زانکۆی کۆیە پێکهێناوە و کۆمەڵە بابەتێکی پێوەندیدار بەو مژارەی لەگەڵ بەڕێزیان هێناوەتە بەر باس. ئەم وتووێژە بە شێوەی زارەکی کراوە و دوایە دابەزێندراوە.

**ڕێباز مەردانی**: کاک قادر! بە سەرنجدان بەوەی کە حکوومەتی ناوەندی لە سەردەمی پەهلەویی یەکەمەوە پرۆژەی ئێرانی نوێی بۆ یەکدەستکردن و تواندنەوەی سەرجەم نەتەوەکان خستبووە بواری جێبەجێکردنەوە، کۆمەڵگەی کوردستان لە سەرەتادا چۆن بەرهەڵستی ئەم سیاسەتە داسەپاوەی تاران بۆوە؟

**قادر وریا**: لە ڕەشەمەی ١٢٩٩ ڕەزاشا هاتە سەر کار و کوودەتای کرد و تا لەسەر کار لابرانی کە دەبێتە ١٣٢٠، لە ماوەی ئەم زیاتر لە ٢٠ ساڵەدا، هەلومەرجی کوردستان و دۆخێک کە کورد تێیدا دەژیا لە ئێران ناخۆشترین هەلومەرج بوو، چونکە ڕەزاشا دەیویست هەرچەشنە بەرهەڵستێک هەیە تێکی بشکێنێ. بۆیە لەگەڵ بزووتنەوەی سمکۆی شکاک و لەگەڵ هێندێک بزووتنەوە و بەرگری کە لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستاندا هەبوو، بۆ وێنە لە خوارووی کوردستان وەک بزووتنەوەی مەحموودخانی کانی سانان یا مەحموودخانی دزڵی، جافر سوڵتان، هەروەها لە سەردەشت مەلا خەلیل، جۆرێک بەرگریی هەبوو کە بەشێکی ڕاوەستان بوو لە بەرانبەر ئەو زۆردارییەی کە دەیانویست جلوبەرگ بە خەڵک بگۆڕن، بە زۆری زمانی فارسییان بەسەردا بسەپێنن و ڕەزاشا دەیویست چەک لە عەشایرەکان بستێنێتەوە و هەرچەشنە بەرگرییەکی چەکدارانە یان بڵێین بەرهەڵستێکی چەکدارانە نەهێڵێ. بۆیە هەم بەرگریی چەکدارانە بەرانبەر بە ڕەزاشا و هێزە چەکدارەکانی هەبوو هەم هەوڵ و بەرگریی شوناسخوازانە هەبوو.

دەزانین سمکۆی شکاک بۆ ماوەی چەندین ساڵ بەربەرەکانێی هەبوو بەرانبەر بە دەوڵەتی ناوەندی و لەگەڵ ئەوەی هەوراز و نشێو هەبوو لە ماوەی بەردەوامی بزووتنەوەکەیدا- سەرکەوتن، شکست، پاشەکشە و تەنانەت ماوەیەک خۆئەمنکردنەوە

هەبووە و دواتر تێهەڵچووەتەوە- یەکێک لەو حەرەکەتانەی کوردی بووە کە داوای مافە نەتەوایەتییەکانی کردوە. جاری وایە باسی لە خودموختاری کردوە، باسی لە سەربەخۆیی کردوە، لەگەڵ ئەوەشدا یەکێک لەو هەوڵانەی کە جێگای ئاماژەپێکردنە، لە ساڵی ١٩١٣ لە باری کولتوورییەوە چەند هەوڵێک دەبینین کە بۆ وێنە لە شاری "خۆی"، سمکۆ بە هاوکاریی عەبدولڕەزاق بەدرخان کە "کۆمەڵەی جیهاندانی"ی هەبوو، قوتابخانەی کوردییان دامەزراند کە ئەمە یەکەمجار بوو قوتابخانەی کوردی لەم ناوچەیە دەکرایەوە. هەروەها خودی سمکۆ ڕۆژنامەیەکی دەرکرد بە ناوی "کورد" کە بەداخەوە سێ ژمارەی زیاتر لێ دەرنەچوو. دیارە ئەو هەوڵانە هەن، بەڵام زەبروزەنگ بە ڕادەیەک بوو کە زۆربەی ئەو کەسایەتییانەی لە ناو کورددا داوای مافەکانی کوردیان دەکرد، بە جۆرێک بەربەرەکانییان هەبوو بەرانبەر بە دەوڵەتی ناوەندی، کەوتبوونە زیندان، دوور خرابوونەوە و لە وەزعییەتێکی ئاوادا دەژیان. بەڵام لەگەڵ ئەوەی کە ئەمجۆرە بەربەرەکانێیانە هەبوو دەکرێ بڵێم ئەو چەند ساڵەی کە ڕەزاشا لەسەر کار بوو سەردەمی خەفەقان بوو، سەردەمی زەبروزەنگ بوو و سەردەمی ئەوپەڕی ناخۆشی و تاڵی بۆ کورد بوو.

**ڕێباز مەردانی**: کە واتا دەکرێ بڵێین دامەزرانی کۆماری کوردستان پەرچەکردارێکی شوناسخوازانە بووە بەرامبەر بە سیاسەتی سیستماتیکی تواندنەوەی نەتەوەی کورد، ئەو مۆدێلەی دەوڵەت-نەتەوە ناکرێ وەک ئایدیۆلۆژی یان فۆرمێک لە سیاسەت پێناسە بکەین و زیاتر ڕیشەی لە کولتوور و فەرهەنگدایە. ڕەسمیەتدان و پەرەپێدان بە زمان و ئەدەبی کوردی چۆن بوو بە بنچینەی کۆمار و دەوڵەت - نەتەوە؟

**قادر وریا**: ئەوە کە بڵێین پێکهاتنی کۆماری کوردستان پەرچەکردارێک بوو بەرانبەر بەو زەبروزەنگ و سەرکوت و هەوڵی تواندنەوە و لەنێوبردنی شوناسی کوردی، ڕاستە. چونکە لە ئامانجەکانی حیزبی دێموکرات، ئەو هەشت ئامانجەی کە حیزبی دێموکرات لە کاتی دامەزرانیدا گەڵاڵەی کردبوون، ئەوەی تێدایە کە کورد دیهەوێ بۆ خۆی ناوچەی خۆی بەڕێوە بەرێ، دەیهەوێ چارەنووسی خۆی لە کوردستانی ئێران بە دەست خۆی بێت و مەسەلەیەکی دیکە یانی دووهەم ئامانج کە حیزبی دێموکرات لە دامەزرانیدا ئاماژەی پێ دەکا و کۆماری کوردستانیش ئەمەی لە کاروباری خۆیدا و لە سیاسەتەکانی خۆیدا ڕایی کرد، ئەوە بوو کە زمانی کوردی بە ڕەسمی بناسرێ، ببێتە زمانی خوێندن، ببێتە زمانی ئیداری لە ناوچەکانی کوردستان و تاکی کورد و خەڵکی کورد هەست بە ئازادی بکا و مافەکانی دابین بێ. بە گشتی ئەوە تەواو ڕاستە کە کۆماری کوردستان داواکاری مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد بوو و دەیهەویست ئەم ڕابردووە کە پڕ بووە لە سەرکوت و سڕینەوە، کۆتایی پێ بێ و هەلومەرجێکی نوێ بۆ کورد بێنێتە کایەوە کە بۆ خۆی بەسەر چارەنووسی خۆیدا زاڵ بێ.

بەڵام چۆن بوو زمان ئەم گرینگییەی پێدرا لە کۆماری کوردستاندا؟ زمان فاکتەرێکی گرینگە لە ناساندنی نەتەوەیەک و

جیاکردنەوەی نەتەوەیەک لە نەتەوەیەکی دیکە. بەتایبەتی ئەو نەتەوانەی کە لە ئێران و لەو ناوچانە بەیەکەوە دەژین. چونکە ئێمە و نەتەوەکانی دەوروبەری ئێمە لە ڕووی ئایینەوە جیاوازییەکی ئایینی گەورەمان نییە. ئەو نەتەوانە بە زۆری ئایینی ئیسلامیان هەیە، لە ڕووی ڕەنگی پێست و شێوازی دەموچاو زۆر جیاواز نین، لە ڕاستیدا ئەوە زمانە کە ئێمە لە یەکتر جیا دەکاتەوە و ئەگەر کوردیش توانیویەتی هەست بە بوونی خۆی بکا و خۆی وەک نەتەوەیەک ببینێ، هی ئەوەیە کە زمانەکەی خۆی پاراستووە. ئەگەر کوردیش زمانەکەی نەپاراستبایە و وەکوو زۆر نەتەوەی دیکە کە تواونەوە و زمانی نەتەوەیەکی دیکەیان وەرگرتوە و ئێستا خۆیان بە نەتەوەیەکی دیکە دەزانن، ئێمەش ئاوامان لێ دەهات. بۆیە بە ئاگاداری لەو لایەنە گرنگەی زمان کە دەتوانێ ناسنامەی نەتەوەیەک بێ و جیای بکاتەوە لەوانی دیکە، لە کۆماری کوردستاندا زۆر بایەخ درا بە زمان. پاشانیش چونکە ئەوەندە لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی ڕەزاشادا هەوڵ درابوو ئەم زمانە سەرکوت بکرێ، ئەوەندە خەڵک بە زۆر ناچار کرابوو بە زمانی فارسی قسە بکا، ئەوەندە کتێبی کوردی و گۆرانیی کوردی و ئەم جۆرە شتانە قەدەغە کرابوو، ئەمانە زمانەکەیان لەلای خەڵک خۆشەویستتر کردبوو. یانی شتێک کە دوژمن هەوڵ دەدا بە هەموو شێوەیەک لێت بستێنێتەوە، وای کردبوو کە لای خەڵک بایەخێکی زیاتر پەیدا بکا. بۆیە زۆر بە تامەزرۆییەوە بەرەو خزمەتکردنی زمانەکەیان و بایەخدان بە زمانەکەیان چوونە پێشێ.

**ڕێباز مەردانی**: ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی ئەو سەردەم چ بوون و لەلایەن چ کەسانێکەوە ئیدارە دەکران؟

**قادر وریا**: دەکرێ بڵێم یەکێک لە ڕووە گەشەکانی کۆماری کوردستان گرینگیدان بە چاپەمەنیی کوردی، بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی بوو. بۆ یەکەمجار کوردستان، لە پێتەختی کۆمار کە مەهاباد بووە دەبێتە خاوەنی چاپخانەی کوردستان، دوایە لەو چاپخانەیە گۆڤاری "کوردستان" چاپ دەکرێ، ڕۆژنامەی "کوردستان" کە ١١٣ ژمارەی لە ماوەی تەمەنی کۆماردا لێ بڵاو بۆوە (ئەگەرچی دەکوترێ ١١٤ـ ژمارەی لێ بڵاو بووەتەوە بەڵام ئاخرین ژمارەی لەبەر هێرشی دەوڵەتی مەرکەزی کە ئەرتەش هاتووەتەوە و دەستی بەسەر مەهابادا گرتووە، کەوتووەتە دەستیان و بڵاو نەبووەتەوە). بێجگە لە ڕۆژنامەی "کوردستان" و گۆڤاری "کوردستان"، گۆڤاری "هەڵاڵە" لە بۆکان دەردەچوو کە هی ڕێکخراوی بۆکان بووە و ئەویش گۆڤاری گشتی و شتی ئەدەبی و سیاسیی تێدا بڵاو بۆتەوە. هەروەها "هاواری نیشتمان" گۆڤاری یەکیەتیی لاوان بووە کە لەو سەردەمدا دەرچووە. گۆڤاری "گڕوگاڵی منداڵان" دەرچووە. ئەمە لە ماوەیەکی کەمدا یانی بۆ تەمەنی ١١ مانگەی کۆمار زۆرە کە توانیویەتی ئەوەندە گۆڤار و ڕۆژنامە بڵاو بکاتەوە. وەک ئێستاش نەبووە بڵێی ئیمکاناتی تایپ، ئیمکاناتی چاپ و بڵاوکردنەوە ئەوندە ئاسان بووە، ئەو وەختی ئەوانە زۆر بە زەحمەت بوون. لە بابەت ئەوە کە کێ تێیدا بەشدار بووە، دیارە کۆمەڵێک ناو هەن: سەید محەممەد حەمیدی یەکێک لەو کەسانەیە کە ڕۆڵی هەبووە لە بەرپرسایەتیی چاپخانە و ڕۆژنامەی "کوردستان"دا، زیندەیاد سەدیقی ئەنجیری ئازەر لەو کەسانە بووە کە بە تایبەتی لە "هاواری

نیشتمان"دا نووسیویەتی و سەرپەرستیی کردوە. کەسانێکی وەکوو هێمن و هەژار کە ئەو وەختی جەوان بوون، بە شێعر بەشدار بوون. زۆر کەسی دیکە هەن بۆ نموونە محەممەد عەتری گلۆڵانی کە دواتر بووە شاعیرێکی ناودار و لەم ساڵانەی دواییدا کۆچی دوایی کرد، لە سەردەمی کۆمار و لە چاپەمەنیی ئەو کاتدا شتی بڵاو کردۆتەوە. زۆر شاعیر و نووسەر هەن کە دوایە زۆربەیان بوون بە ناوی پڕشنگداری ئەدەبی کوردی، لە سەردەمی کۆماردا دەستیان پێ کردبوو و لە ڕێگای چاپەمەنیی سەردەمی کۆمارەوە هاتنە مەیدان. کە باس لەو کەسانە دەکەین با یادێک لە زیندەیاد محەممەد شاپەسەندی بکەمەوە کە لە کارگێڕانی چاپخانەی کوردستان بووە.

**ڕێباز مەردانی**: **کاک قادر! ڕەنگە هەندێ کەس تێبینییان هەبێ لەسەر ڕێنووسی زمانی کوردی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان و بڵێن کە وشەی فارسی یان هەڵەی ئیملایی لە نووسینەکانی ئەو سەردەمدا دەبینرێ. جەنابت وەک شارەزایەکی زمان، ئەمە بۆچی دەگەڕێنیەوە و قسەت بۆ ئەو تیپە لە ڕەخنەگرانی زمان چییە؟**

**قادر وریا**: بە بڕوای من ئەگەر زۆر واقعبینانە سەیر بکەین، دەبینین ئەم ڕخنانە زۆر لە جێی خۆیاندا نین. وەختێک کە کۆماری کوردستان پێک هات و دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی نووسینی کوردی، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نووسین بە کوردی هەر سابقەی نەبوو، یانی مەجال بە کورد نەدرابوو کە بە زمانەکەی خۆی بنووسێ. چاپەمەنیی کوردی نەبوو و ئەمە ئەزموونێکی تازە بوو. پاشان ئەووەختی تەنیا لە باشووری کوردستان نزیکەی ٢٠ ساڵێک بوو کە کورد ئەو ئیجازەیەی هەبوو و بە جۆرێک دان بە کورددا نرابوو، کوردی نووسین و کوردی خوێندن و قوتابخانەی کوردی هەبوو. وەک ئێستاش نەبوو کە پێوەندیی فەرهەنگی لە ڕێگای سەتەلایت و ئەنتەرنێت و ڕادیۆ و ئەو جۆرە پێوەندییە، زۆر و هاسان بێ. هەرچەند لە باشووری کوردستانەوە گۆڤاری "گەلاوێژ" و هێندێک بڵاوکراوەی دیکە دەگەیشت، بەڵام دەگەیشتە دەست ژمارەیەکی کەم و بە قاچاغی دەهات و بە سەرنجدان بەو واقعییەتانە بە بڕوای من ڕێنووسی کوردیی ئەو کات ئەگەر کەموکوڕییشی تێدا بووە یا وشەی فارسیی تێدا بووە؛ ئەمانە زۆر لە جێی خۆیان نین. یانی لە هەر جێگەیەک کە تازە دەست دەکرێ بە حەرەکەتێکی ئاوا گەورە، ئەو کەموکوڕییانە دەبن. پاشان ئەوە کە بگوترێ وشەی فارسیی تێدابوو، بە بڕوای من هیچ زمانێک نییە وشەی زمانێکی دیکەی تێدا نەبێ و وشەی بیگانەی تێدا نەبێ، ئەوە بە کێشە نازانم. بەتایبەتیش زۆر وشە هەن کە کەسانێک بەهەڵە پێیان وایە فارسیین. نا هی زمانی فارسی نیین بەڵکوو دەکرێ بڵێین وشەی کوردین و چوونەتە نێو زمانی فارسی. زمانی کوردی و زمانی فارسی لە یەک بنەماڵەن. دەکرێ لە چەند پشت ئەولاتر کە یەک زمان بوون یا یەک دایکەزمانیان هەبووە، ئەو وشانە لەوێوە هاتوونە نێو زمانی کوردی و فارسییش. بۆیە وشەی وا هەیە لە کوردیدا ماوە و لە فارسیدا نییە و بە پێچەوانەوە. بەڵام ڕۆژگارێک ئەم دووانە هێشتا نەبوون بە دوو زمانی سەربەخۆ، ئەم وشانەیان هەبووە. من ئەوە بە کێشە نازانم و لە ڕووی ڕێنووسیشەوە چونکە بەهەرحاڵ زمانی کوردی

وەک زمانی فارسی و وەک زمانی عەرەبی بەو ئەلفوبێیەی کە پێی دەگوترێ ئارامی، زمانی کوردیش بەوە نووسراوە. تازە زمانی کوردی لە ماوەی ٧٥ یا ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا لە ڕووی ڕێنووسەوە یا لە ڕووی ئەلفوبێوە توانیویەتی زۆر گۆڕان بەسەر خۆیدا بێنێ کە دەکرێ بڵێم ئەو ئەلفوبێیە و ئەو ڕێنووسە کە ئێستا کورد پێی دەنووسێ، کەموکوڕیی زۆریان تێدا نەماوە، توانیویانە لەگەڵ زمانەکەدا خۆیان بگونجێنن. واتە دەتوانین بڵێین ڕێنووس و ئەلفوبێیەکی سەرکەوتوومان هەیە کە دەتوانن وەڵامدەری نیازی زمانەکەمان بن.

**ڕێباز مەردانی**: کە واتا گەشەکردن یەکێک لە هۆکارەکانی زیندوویی زمانی نەتەوەکانە و زمانی کوردی لە ڕەوتی مێژوودا ئاڵوگۆڕ و گەشەی بەخۆیەوە بینیوە و ئەمەش دەرفەتە بۆ زیندووبوونی زمانی کوردی، بەڵام لێرەدا پرسێکی دی دێتە ئاراوە، ئەویش زمانی یەکگرتوویە، لە هەلومەرجێکدا کە زمانی کوردی زاراوە و بنەزاری جیاوازی لێ دەبنەوە، ئەم فرەییە چۆن دەرفەت دەدا بە یەکدەستی و یەکگرتوویی زمان؟

**قادر وریا**: ئەم پرسیارە زۆر لکی لێ دەبنەوە کە برێک لەسەر ڕاوەستانیان دەوێ. لەپێشدا کە باس لە گەشەی زمانی کوردی دەکەین، هەرکات کورد لە هەر شوێنێک دەسەڵاتی بەدەست خۆی بووە، زمانی کوردی زۆر گەشەی کردوە. چونکە توانیویەتی چاپەمەنی هەبێ، ڕادیۆ و کتێبی هەبێ، ببێتە زمانی دەسەڵات، ببێتە زمانی قانوون و بەڕێوەبەری و ئەمانە یارمەتییان کردووە بە گەشە کردنی زمانی کوردی، کۆماری کوردستانیش بە نۆبەی خۆی بوو بە هۆی گەشەکردنی زمانی کوردی، بە جۆرێک کە زمانی کوردی ببێتە زمانی فەرمی و بازرگانی و ئیداری. بەڵام ئەو بەشەی دیکە کە دەڵێن زمانی کوردی لە ماوەی یەک سەدەی ڕابردوودا گەشەی کردووە، بەڵام کێشەی بوونی زمانی یەکگرتوو، بوونی زاراوە و بن زاراوەی جۆراوجۆری هەیە، لە پێشدا ئێمە دەبی ئەمانە وەکوو شانسێک چاو لێبکەین کە زمانی کوردی دیالێکت و بنزاری جۆراوجۆری هەن، چونکە ئەمانە هەموویان سامانی زمانی کوردین. بۆ مەسەلەی زمانی یەکگرتووش بە بڕوای من ئێمە زمانی یەکگرتوومان هەیە. تەنانەت زمانی ئەدەبیی یەکگرتووشمان هەیە. ئەوەی کە ڕەنگە ئێستا وەکوو کێشەیەک سەیری بکرێ زمانی ستانداردە کە باش جێگیر نەبووە؛ ئەگینا زمانی ئەدەبیی یەکگرتوومان لە کۆماری کوردستان و پێش کۆماری کوردستانیشەوە هەیە، واتە ئەو زمانەی لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان پێی دەنووسرێ، کەس نییە لێی تێ نەگا. ئەوەی کە ساڵانێکە قسەی لێدەکرێ، پێویستیی بوونی زمانی ستانداردە. ئەو زمانەیە کە دەبێ لە هەر دەرفەتێکدا هەوڵی بۆ بدرێ. ئێمە ئێستا لە باشووری کوردستان دەسەڵاتێکی کوردیمان هەیە، دەسەڵات دەتوانێ لەم بارەیەوە هەنگاو بنێ، بەڵام هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێم لەو پێوەندییەدا نەگەیشتووەتە ئەنجامێکی دڵخواز.

**ڕێباز مەردانی**: جاروبار ڕێژیمی ئێران پرسی ئازادیی خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی لە مێدیاکانیدا دەوروژێنێ،

**بەڵام لەکرداردا کە بابەتی زمان گەیشتە سنووری شوناسخوازی و داواکردنی مافی نەتەوەیی، ئەوە هێڵی سوورە و دژکردەوەی توندی بەدووودا دێ، وەکوو ئەو دواییانە دیتمان خاتوو زارا محەممەدی مامۆستای زمانی کوردی لەسەر گوتنەوەی وانەی کوردی ڕاپێچی بەندیخانە کرا، پرسی زمانی کوردی بۆچی بۆتە مۆتەکە لەسەر تاران؟**

**قادر وریا**: **من پێم وانییە کۆماری ئیسلامی باسی لە ئازادیی خوێندن بە زمانی کوردی کردوە. ئەسڵێک هەیە لە قانوونی ئەساسیدا کە ئەو ئەسلەشیان تا ئێستا جێبەجێ نەکردوە، بەڵام جاروبار لەسەر ئەو ئەسلەیە مانۆڕ دەدەن؛ ئەسڵێک کە باسی "قومیت"ەکانی ئێران و زمانەکانیان دەکا. لەنێو نەتەوە ژێردەستەکانیشدا کەسانێک زۆر جار بە پشتبەستن بەو ئەسڵەی قانوونی ئەساسی ویستەکانی خۆیان دەردەبڕن و داوای خوێندن بە زمانی دایک دەکەن. دیارە ئێستا دەسەڵاتدارانی وڵات دەڵێن لێتان تێک نەچێ! ئەو ئەسڵە نالێ خوێندن بەو زمانانە ئازادە، بەڵکوو دەڵێ خوێندنی ئەدەبیاتی ئەو زمانانە لە تەنیشت زمانی فارسییەوە ئازادە. یانی لە ڕاستیدا دەوڵەت و دەسەڵات ئەرکێکیان وەئەستۆی خۆیان نەگرتوە. حکوومەت لەو چوارچێوەیەشدا هێشتا هەنگاوێکی ئەوتۆی نەناوە. بەڵام خەڵک بە تایبەتی لە کوردستان هەوڵیان داوە کە زمانەکەی خۆیان فێر بن و بیپارێزن. هەستیاریی دەوڵەتی ناوەندییش سەبارەت بەو بابەتە ئەوەیەکە خەڵک دەیانەوێ ئەم زمانەیان ببێتە زمانی خوێندن. مامۆستایانیک یان کەسانێکی چالاک لە مەیداندان و دەڵێن زمانی ئێمە ناسنامەی ئێمەیە و بە هەستێکی نەتەوەییەوە داوای ئەم مافە دەکەن، کاربەدەستانی ڕێژیمیش تا دێ هەستیارییان لەسەر ئەم داوایە زیاتر دەبێ و سەرکوتی داواکەیان دەکەن. ئاماژەت بە مامۆستا زارا محەممەدی کرد کە بەداخەوە ئێستا لە بەندیخانەیە، تەنیا تاوانی ئەوەیە کە شێلگیر و پێداگر بووە کە خوێندن بە زمانی کوردی هەبێ و خەڵکی هان داوە بۆ بەرگری لە زمانەکەیان و پەرەپێدانی زمانەکەیان و، تەسلیمی هەڕەشەکانی کاربەدەستانی ئەمنیەتی نەبووە. کەسێک بە شێوەی زۆر ئاشتیخوازانەش داوای مافە ڕەواکانی نەتەوەکەی کردبێ و تەسلیم نەبووبێ، دەوڵەت زیاتر لێی بە ڕقدا دەچێ. خاتوو زارا محەممەدی یا مۆژگان کاوسی دوو نموونە لەو جۆرە کەسانەن. مۆژگان کاوسییش لەسەر هەوڵدان بۆ پاراستنی زمانی کوردی گیرا و چووە زیندان و، دەسەڵات لێیان بە ڕقدا چووە.**

**ڕێباز مەردانی**: **کاک قادر! مەسەلەیەک هەیە کە دەگوترێ زمان لەنێو نەتەوەکاندا پێناسەیە و دواجار چەکە، مرۆڤەکان تەنها و تەنها لە ڕێگەی زمانەکەیانەوە دەناسرێنەوە و دەبن بە نەتەوە، ئایا ئێستا کورد ئەو چەکە بەهێزەی هەیە کە مان و مەوجودیەتی خۆی پێ بپارێزێ؟ یا مەترسیی لەنێوچوونی لەسەرە؟**

**قادر وریا**: **بە خۆشییەوە زمانی کوردی لەگەڵ ئەوەی زۆر هەوڵی سڕینەوە و سەرکوتی دراوە مەترسیی لەنێوچوونی لەسەر نییە. چونکە لە باشووری کوردستان کە دەسەڵاتی کوردی هەیە، زمان جێگە و پێگەی ڕەسمی و قانوونیی هەیە، لە**

ڕۆژهەڵاتیش بە هۆی خۆشەویستیی خەڵک بۆ زمان و ناسنامەی خۆیان و بەرگری لێکردنیان، لەوێش مەترسیی لەنێوچوونی لەسەر نییە، بەڵام مەترسیی دیکەی بەرەوڕوو بووەتەوە. ئەوەی کە پرسیتان زمان چەکی ئێمەیە، بەڵێ بە دڵنیاییەوە. شتێک کە ئێمە لە نەتەوەکانی دیکە جیا دەکاتەوە زمانەکەمانە. ئێمە وەک کورد توانیومانە کاری ڕۆژنامەنووسی بە زمانەکەمان بکەین، لە باشووری کوردستان، کاروباری حکوومەتیی پێ بەڕێوە دەچێ، لە قوتابخانە و خوێندنگەکاندا لە ئاستەکانی سەرەتایی، ناوەندی و بەرزدا خوێندن بەو زمانە هەیە. زمانی کوردی لە بواری میدیایی، یاسایی، زانستی، بازرگانی وهتددا بەکار هێنراوە و توانایی خۆی سەلماندووە. ئەو زمانە تەنیا پاراستن و خزمەتکردنی زیاتری دەوێ. بەڵێ ڕاست وایە، زمانەکەمان چەکی ئێمەیە و دەبێ زیاتر خزمەتی بکەین. بەو خزمەتەش کە بە زمانەکەمانی دەکەین، دەتوانین مانەوەی خۆمان وەک نەتەوەیەک لە داهاتوودا دەستەبەر بکەین.

**ڕێباز مەردانی**: وەکوو دوا پرسیار چۆن دەکرێ زمانەکەمان باشتر بپارێزین؟

**قادر وریا**: ئەم پرسیارە دەتوانێ بەرەوڕووی هەر تاکێک لە هەر بەشێکی کوردستانی بکەی، بەو پێیە کە تاکەکە هی کام بەشی کوردستان بێ، وڵامی جیاوازت پێ دەداتەوە، چونکە ئەرکەکانی دانیشتووانی هەر بەشێکی کوردستان لە ئاست زمانی کوردی، بەپێی بارودۆخی سیاسی و نەتەوەیی بەشەکەی خۆیان جیاوازە. بۆ نموونە لە هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی کوردی هەیە، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەسەڵاتێکی کوردی نییە. ئەمن پێم خۆشە چونکە باسی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین، لەو ڕوانگەیەوە وڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە و بڵێم وەکوو کەسێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن دەتوانین زمانەکەی خۆمان بپارێزین؟

پێش هەموو شتێک هەموو تاکێکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەوڵ بدا بە زمانەکەی خۆی بخوێنێتەوە و بنووسێ و زمانەکەی خۆی بزانێ. ئەگەر لە قوتابخانە ڕێگەی پێ نادرێ، دەبێ بتوانێ لە پەراوێزی قوتابخانەش فێری زمانەکەی خۆی بێ. ئەگەر شاعیرە، وەرگێڕە یا نووسەرە دەبێ بە زمانەکەی خۆی و وەربگێڕێ. ئەگەر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەنووسێ با بە زمانی کوردی بنووسێ. ئێستاش زەحمەت نییە وەکوو پێشوو، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەن و ڕێگاکانی فێربوونی خوێندنەوە و نووسین بە زمانی کوردی ئاسانتر بووە.

ئەرکێکی دیکە بۆ پاراستنی زمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەیە کە بنەماڵەکان هەوڵ بدەن لە ماڵەوە بە زمانی کوردی قسە بکەن و منداڵەکانیان هان بدەن کە گرینگی بە زمانی خۆیان بدەن. شتی دیکە کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە ئەوەیە کە بە خۆشییەوە بزووتنەوەیەکی گەورە هەیە بۆ پاراستنی زمانی کوردی. کاتی خۆی کۆماری ئیسلامی ڕێگەی دا

گۆڤاری "سروە" بڵاو بێتەوە و پێی وابوو ئەم گۆڤارە دەبێتە تریبوونێک بۆ پێداهەڵکوتنی حکوومەت یا خۆی تەرخان دەکا بۆ بابەتی ئەدەبی و فولکلۆری. بەڵام ئەو کەسانەی لە گۆڤارەکەدا کاریان دەکرد هاتن ئەم دەرفەتەیان قۆستەوە بۆ فێرکردن و پەرەپێدانی زمانی کوردی. دوایە کە ڕێگەدرا ئەنجومەنە ئەدەبییەکان لە شارەکانی کوردستان پێک هاتن، بەو هۆیەوە کە خەڵک بە تایبەتی نووسەران، ئەدیبان و لاوەکان هۆگر و دڵسۆزی زمانەکەی خۆیان بوون، ئەم ئەنجومەنانەیان کرد بە شوێنێک بۆ فێربوون و پەرەپێدانی زمان و ئەدەبی کوردی. ئەم بزوتنەوەیە بە خۆشییەوە هەر بەردەوام بووە و چووەتە ئەو قۆناغەوە کە خەڵکانێک خۆبەخشانە کۆڕ و کۆبوونەوە بۆ فێرکردنی زمانی کوردی پێکدێنن، کچ و کوڕی ئەم وڵاتە تێیدا بەشدار دەبن کە ئەمە پێشوازییە جێگای شانازییە. بۆیە پێویستە هەوڵ بدرێ ئەم بزووتنەوەیە درێژە پەیدا بکا و ڕەهەندی دیکەش بگرێتە بەر. بۆ نموونە بەرە بەرە توێژینەوەی زانستی لەسەر زمانی کوردی و ئەدەب و مێژووی کورد، لە نێو نووسەران و ڕووناکبیران لە هەموو پارێزگەکانی ڕۆژهەڵات سەری هەڵداوە. کۆکردنەوە و تۆماری بەڵگە و ئاسەوارە مێژووییەکانیش بەشێکی دیکە لەو خزمەتەیە. ئەرکێکی دیکە کە لەوانە گرینگترە، ئەوەیە ئەو کەسانەی کە لەوێ خزمەت دەکەن و بەرەوڕووی تۆڵەستاندنەوەی ڕێژیم دەبنەوە، پێویستە خەڵک پشتیوانییان لێ بکا؛ بۆ ئەوەی ئەگەر بە ناحەق سزا دران، خەڵک بە دەنگیانەوە بێن و لە پشتیان ڕاوەستن و ڕێژیم نەتوانێ بە هاسانی سەرکوت و دەمکوتیان بکا. لە ڕاستیدا باشترین کار بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ڕێژیم دەیهەوێ خۆیان و ناسنامەی نەتەوەییان بتوێنێتەوە ئەوەیە زۆر بەتوندی بەرگری لە مانەوەی ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان بکەن.

**ڕێباز مەردانی**: زۆر سپاس کاک قادر بۆ ئەم دەرفەتەی بە ئێمەت دا.

**قادر وریا**: سپاس بۆ ئێوەش.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی فێبریوێری ٢٠٢٢

# سیاسەتی زمانی لە حیزبی دێموکراتدا

**ئاماژە**: ئەم باسە لە سمینارێک بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک پێشکێش کراوە

## پێشەکی:

حیزبی دێموکرات لە گرنگیدان بە پرسی زمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە. بەرزڕاگرتنی پێگەی زمانی کوردی و پاراستنی ئەو زمانە و هەروەها هەوڵدان بۆ ئەوەی گرنگیدان بە زمانی کوردی ببێتە کولتوورێک لە کۆمەڵی ئێمەدا، یەکێک لە ئامانجەکانی ئەو حیزبە لە ڕۆژی یەکەمی دامەزرانییەوە هەتا ئێستا بووە. دەتوانین بڵێین ئەم حیزبە هەر لە دامەزرانییەوە تا ئەمڕۆ خاوەنی سیاسەتی زمانی بووە.

کە باسی سیاسەتی زمان دەکرێ، سیاسەتی زمان بە کۆی ئەو باوەڕ و بۆچوون و ڕوانگانە دەگوترێ کە دەوڵەتێک، حیزبێک، لایەنێک تەنانەت بنەماڵەیەک، دەیکەنە بنەمای هەڵوێست و کردەوە و ڕفتاری خۆیان لە پێوەندی لەگەڵ زمان و کۆمەڵگەدا. بەم پێیە حیزبی دێموکراتی کوردستانیش خاوەنی سیاسەتی زمان بووە و هەیە. ئەگەرچی ڕەنگە دەقێکی پەسندکراوی تایبەت لە ژێرناوی" سیاسەتی زمان" لەنێو حیزبدا نەبێ، یان حیزب بۆخۆی پێناسەی ئەو سیاسەتەی نەکردبێ و نەیگوتبێ ئەوەیە "سیاسەتی زمان"یەم، بەڵام ئێمە کە لە بواری جۆراوجۆردا سەیر دەکەین دەبینین حیزبی دێموکرات لە سەرەتای دامەزرانییەوە خاوەنی سیاسەتی زمانی بووە و، بە ئیلهاموەرگرتن لەو سیاسەتەی کە هەیبووە بەرنامەی کار و کردەوەی خۆی لە بواری زماندا داڕشتوە و بەڕێوەی بردوە.

بۆ ئەوەی بتوانین سیاسەتی زمانی حیزبی دێموکرات باش هەڵسەنگێنین، دەبێ سەرنج بدەینە ئەو بوارانە کە حیزبی دێموکرات مەجالی ئەوەی هەبووە تێیاندا باس لە زمان بکا و هەنگاو لە پێوەندی لەگەڵ زماندا هەڵێنێتەوە.

یەکەم بوار، بەرنامە و پەسندکراوەکانی حیزبە تا بزانین لەواندا چۆن سەیری زمان دەکا. دوویەم بوار، ئەو ڕێککەوتننامانە یان گەڵاڵەی ئەو داخوازیانەن کە حیزبی دێموکرات بەڕەوڕووی دەوڵەتی مەرکەزی و هەروەها بەرەوڕووی لایەنە ئێرانییەکانی- ئەو کاتی ویستوویەتی لەگەڵیان هەوپەیمانی دروست بکا- کردوونەوە. بوارێکی دیکە، کار و

تێکۆشانی ڕۆژانەی حیزب بۆ وێنە پێوەندیی نێوان ئۆرگانەکان، ڕاگەیاندن، پەروەردە و هتد دەگرێتەوە کە دەری دەخا حیزب چۆن لەگەڵ زمانی کوردی هەڵسوکەوتی کردوە. لەو بوار و مەیدانەشدا دەردەکەوێ کە لە ژیانی ئەو حیزبەدا، مەسەلەی زمان چ جێگایەکی هەیە.

یەکێک لە بوارەکانی دیکە، هەڵوێست و چونیەتیی تەعامولی حیزب لەگەڵ ئەو کەسە دڵسۆزانەی نێوخۆی کوردستانە کە لە پێوەندی لەگەڵ زمانی کوردیدا کار و ئەرک دەگرنە ئەستۆی خۆیان و، خزمەتی زمانەکەیان دەکەن. لە هەمووی ئەو بوارانەش بەرچاوتر ئەو کاتانەیە کە حیزبی دێموکرات دەسەڵاتی بەدەست بووە و زمانی کوردیی لە سیستەمی پەروەردە و خوێندندا بەکار هێناوە. من ئەم پێنج بوارەم لە نەزەر دایە کە باسیان بکەم، ڕەنگە هێندێکیان تێروتەسەلتر باس بکەم بەڵام هێندێکیان بەکورتی.

## زمانی کوردی لە بەرنامە و پەسندکراوەکانی حیزبی دێموکراتدا

یەکەم بوار، کە ڕەنگدانەوەی گرنگیدانی حیزب بە زمانی کوردیی تێدا دەبینین، پەسندکراوەکانی حیزبی دێموکراتن. با بزانین لەواندا ئەم پرسە چۆن ڕەنگی داوەتەوە؟ سروشتییە حیزبی دێموکرات کە حیزبێکی نەتەوەییە، گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە بەشێک لە نەتەوەی کورد دەزانێ؛ نەتەوەیەک کە خاکەکەی بەسەر چەند وڵاتێکدا، دابەش کراوە و جگە لەوی خاکەکەی داگیرکراوە، هەوڵ دراوە مێژووەکەشی بشێوێندرێ و چەواشە بکرێ. سەرەڕای داگیرکرانی خاکەکەی و چەواشەکرانی مێژووەکەی، هەوڵ دراوە زمانەکەشی لێ بستێندرێتەوە. ئەوەش نەک هەر لە بەشێکی کوردستان بەڵکوو لە هەموو بەشەکانی کوردستان، هەر یەک لەو دەوڵەتانەی کوردیان لەژێر دەستدا بووە، هەوڵی سەرکوت و سڕینەوەی ئەو زمانەیان داوە، دیارە لە هەر وڵاتەی بە جۆرێک. لە ئێران و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو هەوڵە بەو شێوەیە بووە کە خوێندن بەو زمانەیان لە کورد قەدەغە کردوە، بە ڕەسمییان نەناسیوە و هەوڵیان داوە وەکوو زاراوەیەکی زمانی فارسی پێناسەی بکەن و سامانی ئەو زمانە کە وشەکانیەتی، دەستەواژەکانیەتی، دەستی بەسەر دابگرن و بیکەن بە بەشێک لە سامانی زمانیی نەتەوەی حاکم. ئەو کەسانەش کە ویستوویانە خزمەتی ئەو زمانە بکەن بە شێوەی جۆراوجۆر کێشەیان بۆ دروست کردوون. تەنانەت هەتا ئێستاش دەبینین لە سەر دانانی ناوی کوردی لەسەر منداڵان یا لەسەر شوێنی کار و دووکان و بازار، ڕێگری و کۆسپ هەیە و کەسەکان لەگەڵ کێشە بەرورو دەبن. واتە هەر لە ڕێژیمی شایەتیدا ئەو سیاسەتە بەڕێوە نەچووە، لە سەردەمی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییشدا ئەو سیاسەتە هەر درێژەی هەیە. دیارە حیزبێک بەو ناسین و تێگەیشتنەی لەسەر نەتەوەبوونی کورد هەیەتی و، بەو مەترسییانەی لەسەر ڕێگای ئەو نەتەوەیە بەدیی کردوون، سروشتییە کە گرینگی بە زمان بدا.

لە یەکەم بەیاننامەی حیزبی دێموکراتدا کە بەیاننامەی دامەزرانی حیزبە و لە ٨ خاڵ پێک هاتووە، یەکێک لە خاڵەکان، تایبەت بە زمانە. لە خاڵی دوویەمی ئەو بەیاننامەیەدا هاتووە ""گەلی کورد دەبێ مافی خوێندن بە زمانی زکماکی هەبێ و تەواوی کاروباری ئیدارەکانی بە هۆی زمانی کوردییەوە بەڕێوە بچێ." بەم جۆرە لە یەکەم بەیاننامەی حیزبدا باسی زمانی کوردی بە زەقی هاتووە. پاشان لە مەرامنامەی حیزبی دێموکرات کە پەسندکراوی یەکەم کۆنگرەیەتی، دوو خاڵ پێوەندییان بە زمانەوەیە، خاڵی سێزدەیەم دەڵێ: " بەمەبەستی پەرەپێدانی زانست و شارستانییەت لەنێو خەڵکی کوردستاندا، خوێندنی قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی دەکرێتە ئیجباری و لە هەموو قۆناغەکاندا دەبێ بە زمانی کوردی دەرس بخوێندرێ ".لە خاڵی ٢٢شدا دەڵێ: "مافی کەمە نەتەوەییەکان وەکوو ئاشووری، ئەرمەنی کە لە کوردستاندا دەژین دەبێ بەتەواوی دابین بکرێ." یانی دەبینین لە دوو خاڵدا باسی زمان هەیە و ئەوەش بەڕاستی جێگای هەڵوێستە لەسەرکردنە کە حیزبی دێموکرات لەو سەردەمیشدا، مافی زمانی تەنیا بۆ کورد ناوێ و، بۆ کەمە نەتەوەکانی کوردستانیشی دەوێ.

ئەوە خاڵێکی زۆر گرینگە ئەو وەختی کە حیزبی دێموکرات و دوای ئەو کۆماری کوردستان دامەزران هێشتا بیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ پەسند نەکرابوو. بەڵام تێگەیشتنی ئەم حیزبە بەجۆرە بووە کە کەمە نەتەوەکانی دیکەش دەبینێ و دان بە مافەکانیاندا دەنێ. تەنانەت لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا ئیمکانی خوێندن بۆ جوولەکەکان بە زمانی خۆیان لە مەهاباد پێک دێنێ.

### لە خاڵەکانی ١٣ و ٢٢ی مەرامنامەی پەسندکراوی یەکەم کۆنگرەی ئەو حیزبەدا هاتووە:

"١٣ - بە مەبەستی پەرەپێدانی زانست و شارستانییەت لەنێو خەڵکی کوردستاندا، خوێندنی قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی دەکرێتە ئیجباری و لە هەموو قۆناغەکاندا ئەبێ بە زمانی کوردی دەرس بخوێندرێ.
٢٢- دەبێ مافی کەمە نەتەوەییەکانی کە لە کوردستاندا دەژین، وەکوو ئازەربایجانی، ئەرمەنی و ئاسووری، بەتەواوی دابین بکرێ."

بە داخەوە پرۆگرام و پێڕەوی نێوخۆی پەسندکراوی کۆنگرەی دووهەم لە دەستدا نیە تا بزانین پرسی مافە زمانییەکان لەوێدا چۆن هاتووە. بەڵام کە دێینە سەر پەسندکراوەکانی کۆنگرەی سێیەم، زۆر بە دیاریکراوی باسی زمان لەوێدا، بەرجەستە دەبێتەوە و لە چەند خاڵدا ئاماژەی پێ دەکرێ. من لێرەدا ئاماژە بەو خاڵانە دەکەم چونکە کاریگەریی درێژخایەنیان لەسەر بەرنامە و پەسندکراوەکانی داهاتووی حیزب دەبێ.

لە بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستان (ئێران)، پەسندکراوی کۆنگرەی سێهەم لە بەشی "ئامانجەکانی گشتی، هەڵسووڕاندنی کاروباری دەوڵەتی"دا هاتووە:

"١١ (زمانی کوردی زمانی ڕەسمیی حکوومەتی میللیی خودموختاری کوردستانە. لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا فێربوون بە زمانی کوردییە و لە ئیدارەکانی دەوڵەتیشدا ئەو زمانە بەڕەسمی بەکار دەهێندرێ. زمانی فارسی هەروەک لە ناوچەکانی تری ئێران لە حکوومەتی میللیی خودموختاری کوردستانیش زمانێکی ڕەسمیی دەوڵەتییە و لە قوتابخانەکان پاش ساڵی چواری سەرەتایی، منداڵانی کوردستان وێرای زمانی کوردی دەیخوێنن.

١٢ (کەمایەتییەکانی نەتەوایەتیی دانیشتووی کوردستان دەگەڵ کوردەکان مافیان وەک یەکە. مافی فەرهەنگییان دابین دەکرێ و منداڵەکانیان لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا بە زمانی زگماکی خۆیان دەخوێنن و مافی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و کتێب بە زمانی خۆیان دەبێ".

لەژێر سەرباسێک بە ناوی "سیاسەتی فەرهەنگی و لەشساغی"یشدا هاتووە:

"٢٨ (پەرەپێدانی زمان و ئەدەبی کوردی، پشتیوانی لە نووسەران و زانایانی کورد ڕێبازی داییمی سیاسەتی فەرهەنگیی حکوومەتی میللیی خودموختاری کوردستان دەبێ."

ئاماژە بەو خاڵانەی پەسندکراوی گۆنگرەی سێیەم بۆیە پێویست بوو تا وەبیر بێنمەوە لێرە بەدواوە جەوهەری ئەو خاڵانە بە بەردەوامی لە بەرنامەی حیزبدا هاتوونەوە. یانی ئەو کاتانەی لەتبوون و دابڕانیش لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا ڕوویان داوە و، دوو لایەن بە ناوی حیزب دێموکرات تێکۆشانیان هەبووە، لە بەرنامەکانیاندا جەوهەری ئەو خاڵانە دەپارێزن.

## مافە زمانییەکان لە گەڵاڵەی دانوستان و ڕێککەوتن لە گەڵ لایەنە ئێرانییەکان

دێمە سەر بواری دووهەم. لەو گەڵاڵە و پلاتفۆرمانەی دراون بە دەوڵەتی مەرکەزی یا هێز و لایەنە ئێرانییەکان، ئەوەندەی حیزبی دێموکرات تەرەف بووە لەگەڵیان، باسی زمان هەمیشە هەر هەبووە.

ساڵی ١٣٥٧ - ١٣٥٨، چەند گەڵاڵەی داخوازەکانی خەڵکی کوردستان لەلایەن نوێنەرانی سیاسیی خەڵکی کوردستان، حیزبی

دێموکرات و دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد، خرانە بەر سەرنجی کاربەدەستانی تاران (گەڵاڵەی ٨ ماددەیی ڕەشەمەی ١٣٥٧، گەڵاڵەی ٢٦ ماددەیی/سەرماوەزی١٣٥٨، گەڵاڵەی ٦ ماددەیی/ زستانی ١٣٥٨). لە گەڵاڵە ٨ ماددەییەکەدا باسی مافە نەتەوایەتییەکان بە شێوەی گشتی هاتوە و بە دیاریکراوی خاڵێک یا ماددەیەک لە سەر زمانی کوردی نەهاتوە.

دوای پەیامی ٢٦ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ی خومەینی ڕوو لە خەڵکی کوردستان، قۆناغێک لە وتوویژ و دانوستان لەنێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان و دەوڵەتی ئێران دەستی پێ کرد و "دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد" پێک هات. حیزبی دێموکرات، ئەندامی ئەو هەیئەتە و د.قاسملوو وتەبێژی هەیئەتەکە بوو. لە ٤ی سەرماوەز، دەستەی نوێنەرایەتی بەیاننامەیەکی لە ٨ خاڵدا بڵاو کردەوە. ئەو ٨ خاڵە داوا سەرەکییەکانی گەلی کورد بوون و دەستەی نوێنەرایەتی داوای لە خەڵک کرد بۆ پشتیوانی لەو داخوازانە، خۆپیشاندان وەڕێ بخەن. لە خاڵی ٤دا هاتووە:

"زمانی کوردی، زمانی ڕەسمیی خوێندن و نامەنووسینی ئیدارە و دامەزراوەکانی کوردستان دەبێ. لە دوای پۆلی ٤ی سەرەتاییەوە، زمانی فارسییش لە تەنیشت زمانی کوردی لە قوتابخانەکان دەخوێندرێ و، زمانی ڕەسمیی ئیداری لە سەرانسەری ئێران و کوردستانە."(لە ڕووی دەقی فارسییەوە وەرگێڕاوە)

هەم لە گەڵاڵە ٢٦ مادەییەکەدا، هەم لە گەڵاڵە ٦ مادەییەکەدا بە زەقی باسی پرسی زمان و مافە زمانییەکان هەن و گوتراوە زمانی کوردی لە ناوچەی خودموختار، زمانی ڕەسمی دەبێ، زمانی خوێندن دەبێ، زمانی ئیداریش دەبێ بۆ پێوەندیی نێوان ئیدارات لە کوردستان. هەروەها شتێکی دیکە کە دەبێ باسی بکەم ئەوەیە هەمیشە حیزبی دێموکرات ئەو لایەنەی لەبەرچاو بووە کە خوازیاری چارەسەری پرسی کورد لە نێو ئێراندایە و لە بەڵگەنامەکانیدا، وەڵامی بۆ ئەو پرسیارە هەبووە کە زمانمان بۆ پێوەندیگرتن لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ئێران و دەوڵەتی مەرکەزی چی دەبێ. بۆیە بە بەردەوامی لەو گەڵاڵە و پلاتفۆرمانەدا باسی ئەوە کراوە کە لە تەنیشت زمانی کوردی (هێندێک جار گوتراوە لە پۆلی چواری سەرەتاییەوە)، زمانی فارسی دەخوێندرێ. ئاماژە بەوەش کراوە کە فارسی زمانی پێوەندیمان لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی و لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ئێران دەبێ.

هەروەها لەگەڵ لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیش لە هێندێک قۆناغ و سەردەمدا حیزبی دێموکرات، ڕێککەوتن و هاوپەیمانی هەبووە. بۆ وێنە لەگەڵ شوڕای بەرگریی نیشتمانی (شورای ملی مقاومت) کە لە ڕێکخراوی موجاهیدین و چەند شەخسیەت و ڕێکخراوی دیکە پێکهاتبوو. لەوێشدا پێداگریی حیزبی دێموکرات لەسەر مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد، بەتایبەتی مافە زمانییەکان، بووە هۆی ئەوە کە لە خەزەڵوەری ساڵی ١٣٦٢، "گەڵاڵەی شوڕای بەرگریی نیشتمانی بۆ

خودموختاری" پەسند کرا. لە ڕاستیدا ئەوەی لە بەرنامەی حیزبدا، لە بارەی مافە زمانییەکان هاتبوو، لە چوارچێوەی گەڵاڵەی شورا بۆ خودموختارییشدا پەسند دەکرێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەر ئێستا لە ژمارەیەک یەکگرتن و هاوپەیمانیدان بۆ نموونە "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدڕاڵ"، "شورای دێموکراسیخوازەکان" و پێشتریش "اتحاد عمل برای دمکراسی" (یەکیەتیی کردەوە بۆ دێموکراسی). لە هەموو ئەو ڕێککەوتنانە و هی پێشووتردا پرسی زمان ئاماژەی پێ کراوە و مافە زمانییەکان - ئەوانەی کە مەبەستی حیزبی دێموکرات بوون و لە بەرنامەکەیدا هاتوون - دانیان پێدانراوە، قبووڵ کراون و بەڕەسمی ناسراون.

## زمانی کوردی لە ئەدەبیات و تێکۆشانی ڕۆژانەی دامەزراوەکانی حیزبی دێموکراتدا

دەتوانم بڵێم زۆربەی هەرە زۆری بەڵگەنامەکانی حیزب لە سەرەتاوە تا ئێستا بە کوردی ئامادە کراون و، دوایە کراون بە زمانی دیکە. ئەمە ڕەنگە بۆ هێندێک کەس شتێکی ئاسایی بێ و بڵێ جا حیزبێکی کوردستانی هەر دەبێ بە زمانی کوردی بەڵگەنامەکانی ئامادە بکا. بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەشەکانی دیکەی کوردستانیش حیزبی کوردستانی هەبوون کە زمانی کوردی ئەو جێگە و پێگەیەی لای ئەوان نەبووە و، کوردی زمانی سەرەکیی ئەدەبیات و بەڵگەنامەکانیان نەبووە، ئەدەبیاتیان بە زمانی دیکە بووە، دوایە کردوویانن بە کوردی. بەڵام حیزبی دێموکرات، هەمیشە زمانە سەرەکییەکەی، زمانی کوردی بووە؛ بەیاننامەکانی، بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی، ڕۆژنامەکەی، گۆڤارەکانی، ڕادیۆکەی و هەرچی هەیەتی، بابەت و بەرنامەکانیان بە پلەی یەکەم بە کوردی ئامادە کراون و دوایە کردوونی بە فارسی.

پێوەندیی ئۆرگان و دامەزراوەکانی حیزب، هەر بە زمانی کوردی بووە، ڕێبەری لەگەڵ ناوەندەکان، کۆمیتە شارستانەکان، لەگەڵ مەڵبەندەکان، لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە، لە گەڵ ڕێکخراوە حیزبییەکان و ئەندامانی شانە و بەگشتی هەر پێوەندییەک لە نێوخۆی حیزبدا هەیە، بە زمانی کوردی بووە. کلاس و دەورەکانمان هێندێک حاڵەتی تایبەتی لێ دەرچێ- بۆ نموونە دوکتوری فەڕانسەوی هاتوون کلاسی دەرمانییان بۆ پێک هێناوین، ئەوان چونکە کوردییان نەزانیوە، بە فەڕانسەیی قسەیان کردوە وکادرەکانمان ناچار بووین بۆیان وەرگێڕنەوە سەر زمانی کوردی. بە گشتی هەموو جۆرە پەروەردەیەکی حیزب بە زمانی کوردی بووە. تەنانەت ئەگەر پێشمەرگەی نەخوێندەوارمان هەبووە بە زمانی کوردی خوێندەوار کراوە. پێشمەرگەی خوێندەوارمان هەبووە، لە ئێران بە زمانی فارسی فێرە خوێندەواری بووە، بەڵام حیزب فێری خوێندنەوە و نووسینی کوردیی کردوە.

خوێندنەوە و نووسینی کوردی بەشێکی هەمیشەیی بووە لە کلاس و دەورەکانی حیزب بەتایبەتی ئەو دەورە سەرەتاییانەی بۆ پێشمەرگە پێکهاتوون. کوردی زمانی سەرەکیی ڕاگەیانەکانی حیزب بووە. دیارە قۆناغی وا بووە حیزبی دێموکرات بۆ وێنە بە زمانی تورکییش بەرنامەی لە ڕادیۆکەی بڵاو کردووەتەوە. هەر لە جێدا لە ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتدا زمانی فارسی هەمیشە بایەخی پێ دراوە، چونکە لایەنی ئێرانی، چ دەوڵەت و چ ئۆپۆزیسیۆن، بەردەنگی ئێمە بوون، بۆیە هەمیشە هەوڵمان داوە، سیاسەت و بەرنامە و ئەدەبیاتمان بە فارسی بڵاو بێتەوە. بەڵام زمانە سەرەکییەکە لە چاپەمەنیمان، لە ڕادیۆ و لە تەلەڤیزیۆن زمانی کوردی بووە.

جێی خۆیەتی ئاماژە بەوەش بکەم کە حیزبی دێموکرات سەرەڕای سنوورداربوونی ئیمکاناتی دارایی و چاپ و بڵاو کردنەوە و لە گەڵ ئەوەی بەردەوام لە خەباتی نهێنی و دوورەوڵاتیدا بووە، دەزگای چاپەمەنیی حیزب هەوڵی داوە بە کوردی کتێب، گۆڤار و نامیلکە چاپ بکا. نەک هەر نامیلکە و گۆڤاری حیزبی، بەڵکوو کتێبی ئەدەبی و مێژوویی و هتد. حیزبی دێموکرات، سەردەمانێک - لە نیوەی یەکەمی دەیەی حەفتای زایینی- لەژێر ناوی "بنکەی پێشەوا" دا، کۆمەڵێک کتێبی چاپ کردوون و ئەو کات بڵاو بوونەتەوە. وەکوو "کوردستان و کورد"، "تاریک و ڕوون"، "کاروانێک لە شەهیدانی کوردستانی ئێران"، "پێکەنینی گەدا". لەڕاستیدا چاپی ئەو کتێبانە بەو مەبەستە بووە خەڵک شێعری کوردی، ئەدەبیاتی کوردی و چیرۆکی کوردی ببینێ و بیخوێنێتەوە و، لەم ڕێگایەوە خزمەتی بە زمانی کوردیی کردبێ.

### هەڵوێست بەرامبەر دڵسۆزانی بواری زمان لە نێوخۆی کوردستاندا

بوارێکی دیکە بۆ هەڵسەنگاندنی سیاسەتی زمانیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەڵسوکەوتی ئەو حیزبە لەگەڵ کەسانێک بووەکە لە نێوخۆی ئێران و لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خزمەتی زمانی کوردییان کردوە. ئەگەر کەسێک سەیری ئەدەبیاتی حیزب بکا، ئەو ئەدەبیاتەی بە نووسین و بە شێوەی زارەکی هەیەتی (ڕۆژنامەی کوردستان، گۆڤارەکانی، ڕادیۆ، تەلەڤیزیۆن، بەیاننامە و هەڵوێستەکانی)، هەروەها سیاسەتی ئەو حیزبە لە کردەوەدا، بۆی دەردەکەوێ کە حیزبی دێموکرات بەردەوام خەڵکی هان داوە گرنگی بە زمانی خۆیان بدەن، بە زمانی خۆیان بدوێن، بنووسن و بخوێننەوە. ئەو کەسانەی توانایان هەیە و دەتوانن کاری فەرهەنگنووسی بکەن، وشەی کوردی کۆ بکەنەوە، توێژینەوە لەسەر زمان بکەن، دڵگەرمیی پێداون و پشتی گرتوون. بە زۆر شێوەی جۆراوجۆری دیکە، خەڵکی کوردستان هان دراوە بۆ ئەوەی دڵسۆزی زمانەکەی خۆیان بن و بەرگریی لێ بکەن. ئەو ڕاستییەی لەگەڵ باس کردوون کە کاتێک دوژمنەکەتان هەوڵ دەدا زمانەکەتان لێ بستێنێتەوە و بیسڕێتەوە و نەیەڵێ گەشە بکا، ئەوە بۆ خۆتان دەبێ بە گیان و دڵ خەم لە زمانەکەتان بخۆن و بیپارێزن.

حیزبی دێموکرات لەم بارەیەوە نەتەنیا غافڵ نەبووە، بەڵکوو هەمیشە پشتیوان بووە، هەمیشە ڕێنوێن و هاندەر بووە. دەتوانم بڵێم هەڵسوکەوتی حیزب بە جۆرێک بووە کە ئەو کەسانەی لە نێوخۆی وڵات خزمەتی زمانی کوردییان کردووە (جا بە فێربوون و فێرکردنی زمانەکە بووە، بەکارهێنانی زمانی کوردی لە نووسین و وەرگێڕاندا بووە، شێعریان پێ هۆندۆتەوە، چیرۆک و ڕۆمانیان پێ نووسیوە، توێژینەوەیان لەبارەی کردووە، فەرهەنگی زمانی کوردییان ئامادە کردووە و هتد) هەستیان بەو پەڕی ڕێزلێگران لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە کردووە. ئەو هەستەیان تێدا پێک هاتوە کە ڕێز و نرخیان لای ئەو حیزبە لەگەڵ پێشمەرگە و تێکۆشەرێکی حیزب کە تەمەنی خۆی بۆ خەبات و تێکۆشان لە شاخ و چیا و دەربەدەری تەرخان کردووە، کەمتر نییە.

ئەو گرنگییەی لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە بەوان دراوە، ئەو ڕێزەی لەوان گیراوە، ئەو ستایشەی حیزبی دێموکرات بۆ ئەوان و بۆ زەحمەتەکانی ئەوانی هەبووە، هەر بەو جۆرەیە کە بۆ تێکۆشەرێکی لەمێژینەی خۆی  هەیبووە. چونکە کارەکەیان و خزمەتەکەیانی بە گرنگ زانیوە. بۆخۆم لەو باوەڕەدام ئەم جۆرە ڕیزلێگرتن و پێزانینەی حیزبی دێموکرات، کاریگەری یەکجار زۆری هەبووە لەسەر وشیاریی نەتەوایەتی و وشیاریی زمانیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و گرنگیدانیان بە زمان و ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان و بەرگری لێکردنیان.

## خوێندن بە کوردی لە قوتابخانە لە سەردەمی دەسەڵاتدارەتیی حیزبی دێموکراتدا

بوارێکی دیکە کە ڕوانین و سیاسەتی حیزبی دێموکرات لەبارەی زمانی کوردی نیشان دەدا، ئەو سەردەم و قۆناغانەیە کە حیزبی دێموکرات لە دەسەڵاتدا بووە. حیزبی دێموکرات هەر کات دەرفەتی بۆ هەڵکەوتووە، لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا، زمانی کوردیی کردووە بە زمانی خوێندن لە قوتابخانە.

### ئەلف: دەرفەتی یەکەم. سەردەمی کۆماری کوردستان

لە مێژووی حیزبی دێموکراتدا دوو قۆناغی وامان هەیە، یەکیان سەردەمی کۆماری کوردستانە، کە بۆ یەکەم جار زمانی کوردی لە کۆماری کوردستاندا دەکرێ بە زمانی ڕەسمی، دەکرێ بە زمانی خوێندن، دەبێتە زمانی ڕۆژنامەنووسی، دەبێتە زمانی پێشمەرگایەتی، دەبێتە زمانی کاری دادوەری، دەبێتە زمانی هەموو بوارەکان. یانی هیچ بوارێک لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستاندا نییە کە زمانەکەی زمانی کوردی نەبێ. هەروەک لە سەرەتاوەش ئاماژەم پێ کرد، حیزبی دێموکرات لە ڕۆژی دامەزرانیەوە، ڕێزی لە مافە زمانی و کولتوورییەکانی کەمایەتییە نەتەوایەتییەکانی کوردستان گرتوە و بە ڕەسمیی ناسیون. هەوڵی داوە ئەوانیش لە کوردستان ئەو مافەیان هەبێ بە زمانی خۆیان بخوێنن، ئەو مافەشی بۆ دابین

کردوون.

ئەو دەورانە (سەردەمی کۆماری کوردستان) بەداخەوە زۆر کورتخایەن بووە. لەگەڵ ئەوی هەوڵ دراوە کە کتێبی کوردی بۆ خوێندن لە قوتابخانەکان چاپ بکەن، بەڵام تا کتێب چاپ دەبێ و دەگاتە دەست قوتابیانی کورد، بەداخەوە کۆمار دەگاتە دوا ڕۆژەکانی تەمەنی. ئەو سەردەم گرنگیدان بە زمانی کوردی و خوێندن بەو زمانە تا ئەو ڕادەیە بووە کە هەوڵ دراوە لە باشووری کوردستانەوە کەسانێک کە شارەزا بوون، ئەزموونیان لە خوێندن بە زمانی کوردی و مامۆستایەتی بە زمانی کوردی هەبووە، باوەشیان بۆ بکرێتەوە و کاریان پێ بسپێردرێ. لە کۆماری کوردستاندا خوێندنی منداڵان ئیجباری بووە. کۆمار هەوڵی داوە بۆ ئەو منداڵانەی دەخوێنن جلوبەرگ و پێداویستییەکانی خوێندن دابین بکا. دیارە بەداخەوە ئەو دەورانە زۆر کورت بووە و حیزبی دێموکرات و کۆمار فریا ناکەون کە ئەو ئامانجانەی هەیانبووە جێبەجێیان بکەن. بەو حاڵەش خزمەتەکانی ئەو سەردەمەی کۆماری کوردستان بە زمانی کوردی، کاریگەرییەکی قووڵ لەسەر تاکەکانی کۆمەڵ بەجێ دێڵن و شوێنەواری ئەو کاریگەرییە لە ژیانی داهاتوویاندا خۆ دەنوێنێ.

### ب: دەرفەتی دووهەم، سەردەمی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ٥٧

جاری دووهەم کە حیزبی دێموکرات دەرفەتی بۆ دەرەخسێ جارێکی دیکە زمانی کوردی لە کۆمەڵی کوردستان بکاتەوە خاوەنی جێگە و پێگەی شیاوی خۆی، لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانە. دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، دەسەڵاتی تازە بەرەوڕووی داخوازەکانی گەلی کورد و هێزە سیاسییەکانی کوردستان دەبێتەوە. لە پێشەوی ئەو هێزانەش، حیزبی دێموکراتە کە مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد بەرەوڕووی ڕێژیمی تازە دەکاتەوە. بەڵام بەداخەوە ئەو داخوازانە نەتەنیا ڕێزیان لێ ناگیرێ، نەتەنیا جێبەجێ ناکرێن، بەڵکوو بە سەرکوت و لەشکرکێشی وەڵامیان دەدرێتەوە. لێرەدایە کە خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییەکان بە تایبەتی حیزبی دێموکرات، بەرامبەر بە دەسەڵاتی تازە ڕادەوەستن، بەرگری لەو ناوچانە دەکەن کە ئازادن و بە دەست خەڵکەوەن.

دەسەڵاتی تازە بۆ ئەوی تۆڵەی لەو خەڵکە ستاندبێتەوە کە تەسلیمی نەبوون و چەکەکانیان ڕادەست نەکردۆتەوە و ئامادە نەبوون دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی قبووڵ بکەن، گەمارۆ دەخاتە سەر کوردستان؛ گەمارۆی ئابووری، فەرهەنگی، دەرمانی و... هتد. واتە شانبەشانی لەشکرکێشی، شەڕفرۆشی و پیلانگێڕی، گەمارۆش دەخاتە سەر خەڵکی کوردستان بۆ ئەوەی بەچۆک دابێن. یەکێک لە ئاسەوارەکانی ئەو گەمارۆیانە ئەوە بوو کە لەو شار و ناوچانەی بە دەست حیزبی دێموکرات و خەڵکەوە بوون، کاروباری ئیدارەی "ئامووزش و پەروەرش" (پەروردە و فێرکردن) ڕادەگیرێ و دادەخرێ. کارمەندان و مامۆستایانی ئەو ئیدارەیە حقووقیان پێ نادرێ، هیچ ئیمکاناتێک بۆ قوتابخانەکان تەرخان ناکرێ، لەڕاستیدا "پەروەردە

و فێرکردن" هەڵدەوەشێندرێتەوە و هەڵدەپەسێردرێ. لێرەدایە کە حیزبی دێموکرات قۆڵ لە کردنەوەی قوتابخانەکان و خوێندن بە زمانی کوردی هەڵدەماڵێ. دیارە بیرۆکەی دابینکردنی کتێبی کوردی بۆ خوێندن لە قوتابخانە هەر لە یەکەم مانگەکانی هەلومەرجی تازە لەنێو ڕێبەریی حیزبدا هەبوو و پێشتر ژمارەیەک کەسی بەئەزموون و شارەزا بۆ ئامادەکردنی ڕادەسپێرێ.

ساڵی خوێندنی ١٣٦٠ - ١٣٥٩(١٩٨١ - ١٩٨٠) بە هەر جۆرێک بووە دۆخەکە بەڕێ دەکرێ، لە هێندێک شار و ناوچە بە ئیبتکاراتی حیزب و تەشویقی مامۆستایان خوێندن هەر بەردەوام دەبێ، بەڵام لە سەرەتای ساڵی ١٣٦٠ حیزبی دێموکرات کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەرانسەریی کوردستان پێک دێنێ. هاوکات لە هەوڵی ئەوەشدا دەبێ کە کتێبی کوردی بۆ خوێندن لە قوتابخانەکان ئامادە و چاپ بکا. بانگەواز بڵاو دەکاتەوە و بە سەدان کچ و کوڕی لاوی خوێندەوار دەعوەت دەکا بۆ ئەوەی بێن لە کۆڕی پەروردە و فێرکردندا بەشدار بن. لەو خولانەی کە ئەو سەردەم بۆ پەروردەکردنی مامۆستا پێک هاتن، سەدان کەس هەر لە ناوچەی ورمێوە هەتا دەگاتە هەورامان، بەشدار بوون. کەسانێک بە هەست و دڵگەرمییەکی بێوێنەوە وەکوو مامۆستای شۆڕش دێن هەتا فێری مامۆستایەتی بن و بۆ ئەو مەبەستە ئامادە بکرێن. لەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددابوون، قوتابخانە و خوێندن بە زمانی کوردی دەکرێتەوە.

لێرەدا ئاماژە بە ئامارێک دەکەم کە کاتی خۆی من لە زیندەیاد کاک محەممەدڕەسووڵ حەسەنپوور وەرم گرتوە. کاک حەمەڕەسووڵی نەمر زەمانی شای وێڕای ئەوەی کە بە نهێنی ئەندامی کۆمیتە ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو، لە ئێران مامۆستاش بوو، لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشیش ڕۆڵی دیاری هەبووە لە کاروباری فێرکردن و کۆڕی پەروردەی حیزبدا. ئامارەکە پێوەندیی بە ساڵی خوێندنی ١٣٦١ - ١٣٦٢(١٩٨٢ - ١٩٨٣)وە هەیە. لەو ساڵەدا کۆڕی پەروەردە و فێرکردن سەرجەم ٢٦١ قوتابخانەی سەرەتایی بەڕێوە بردوە، ٢٩٠٣ قوتابیی هەبووە کە لە پۆلی یەک تا پێنج خوێندوویانە. ٢٠١ مامۆستای سەرەتایی هەبووە. ٦٢ قوتابخانەی ناوەندی(پۆلی یەک هەتا سێ)ی هەبووە کە لە ٨١٠ قوتابی و ٦٣ مامۆستا پێک هاتوون.

ڕێبەندانی ساڵی ١٣٦٢ (ژانویە - فێوریەی ١٩٨٤) لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی شەشەمیشدا باسی ئەوە کراوە کە بەشی پەروردەکردن پێش هێرشی ئەو ساڵە، ٢٥٠ مەدرەسەی ئیدارە دەکرد کە ٨٠٠٠ شاگردیان هەبووە.

مامۆستایانی شۆڕش بە یارمەتییەکی کەم، هەر ئەو یارمەتییە کە حیزب داویەتی بە پێشمەرگە، خزمەتیان کردوە. قوتابخانەکانی کۆڕی پەروەردە و فێرکردن، بە "قوتابخانەی شۆڕش" و مامۆستایانی ئەو قوتابخانانەش بە ناوی

"مامۆستایانی شۆڕش"، بە ناوبانگ بوون. شتێکی دیکە کە بەجێیە لەو پێوەندییەدا باسی بکەم، کتێبە دەرسییەکانی کۆڕی پەروەردەیە. ئەوکات کۆمەڵێک کتێبی دەرسی بە زمانی کوردی بۆ پۆلی یەکەم و دووهەمی سەرەتایی، چاپ بوون. ناوەکانیان بەو جۆرە بوو:

١-"خوێندنی کوردی" بۆ پۆلی یەکی سەرەتایی،

٢-"زانستی ئەزموونی" بۆ پۆلی یەکی سەرەتایی.

٣-"ئەژمێر" بۆ پۆلی یەکی سەرەتایی. هەر بەو ناوانەوە ٣ کتێب بۆ پۆلی دوویەمی سەرەتایی چاپ بوون. هەروەها کتێبی "ژیان و خەبات" هەبوو کە تایبەت بوو بە گەورە ساڵان، گەورەساڵانێک کە نەخوێندەوار بوون و دەیانەویست بە زمانی کوردی فێری خوێندەواری بن. کتێبێکیش هەبوو بە ناوی "ڕێنوێنی مامۆستا"، کە شێوازی وانەوتنەوەی نیشانی ئەو مامۆستایانە دەدا کە "ژیان و خەبات"یان بە دەرس دەکوتەوە.

بەگشتی لە ساڵی ساڵی ١٣٦٠وە، تا دەگەینە کۆتاییەکانی ساڵی ١٣٦٣، لە هەر جێگایەک ناوچەی ئازاد بە دەست حیزبی دێموکراتەوە بووە، قوتابخانەی شۆڕشیش هەبووە، مامۆستای شۆڕش ئەرکی خوێندن بە زمانی کوردیی بەڕێوە بردوە. دواتر کە ناوچەی ئازاد لە دەست حیزبی دێموکرات و هێزی پێشمەرگەدا نامێنێ و هێزەکانی پێشمەرگە و بنەماڵەی خەباتکارانی حیزبی دێموکرات لەسەر سنوورەکان دەگیرسێنەوە، کار و ئەرکی کۆڕی پەروردە و فێرکردن، لەو گوندانە کە بە دەست حیزبی دێموکراتەوە بوون درێژەی هەبووە. هەتا ئەو سەردەمەی کە ئێمە دێینە قووڵایی خاکی باشووری کوردستان و، قوتابخانەکانی ئێمە دەکەونە ژێر سەیتەرەی سیستەمی پەروردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان، کاری پەروردە و فێرکردن لە لایەن "کۆڕی پەروەردە" هەر درێژەی هەبووە. ئەو دامەزراوەیە توانیویەتی لە پەروردە و فێرکردنی منداڵانی بنەماڵە حیزبییەکان و ئەو بنەماڵە ڕۆژهەڵاتیانەی لەسەر سنوورەکان و لە تەنیشت حیزبی دێموکرات گیرسابوونەوە، بەردەوام بێ.

### ئەنجام:

وەک دەبینین حیزبی دێموکرات بە درێژایی مێژووی خۆی و لە هەموو بوارەکاندا گرنگیی داوە بە زمانی کوردی. ئەم گرنگیدانەش لەو تێگەیشتنەوە دێ کە ئەم حیزبە، کوردی وەک نەتەوەیەک و، زمانی وەک فاکتۆرێکی زۆر گرینگ لە ناسنامەی ئەو نەتەوەیەدا سەیر کردوە. وای بیر کردۆتەوە کە هەتا پتر گرنگی بە زمان بدەین پتر ئەو وشیارییەمان دەبێ بۆ نەتەوەکەمان خەبات بکەین و شوناسە نەتەوەییەکەی خۆمان بپارێزین. ئاکامی گرتنەبەر و بەردەوامبوون لەسەر ئەو سیاسەتە زمانییەش، زیندووبوونی پرسی زمان لە کۆمەڵی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە سەرەوەبوونی وشیاریی زمانی لەو بەشەی کوردستان و، وەڕێکەوتنی بزووتنەوەیەکی ڕوولەگەشەی ناسنامەخوازی و ناسنامەپارێزییە کە بەرگری لە زمان لەڕیزی هەرە پێشەوەی ئامانجەکان و داواکانی دایە.

## ڕاسپاردەکان:

**لە کۆتایی و لە ژێر ڕووناکایی ئەو باسەدا کە پێشکەشم کردن دەمەوێ چەند خاڵێک وەک پێشنیار و ڕاسپاردە باس بکەم:**

**یەکەم.** وەک حیزبی دێموکرات پێویستە بایەخ بە سامانی زمانیمان بدەین. ئەو مێژووەی لە بواری پەوردە و فێرکردن بە زمانی کوردی، بڵاوکردنەوەی چاپەمەنی بەو زمانە و هەوڵەکانمان بۆ خزمەتی زمانی کوردی هەمانە، سامانی زمانیی ئێمەن. سامانێکی زمانیی دەوڵەمەندمان چ بە شێوەی نووسراو چ بە شێوەی زارەکی هەیە. خاڵی جێگەی هەڵوێستە لەسەر کردن ئەوەیە کە زۆر کەم کاری پێویستمان لەسەر ئەو سامانە کردوە.

گرینگە ئەو سامانەمان وەکوو ئارشیڤ بپارێزین، ڕێکوپێکی بکەین، ناتەواوییەکانی پڕ بکەینەوە، بیانخەینە بەردەستی توێژەران و کەسانێک کە حەز دەکەن توێژینەوەیان لەسەر بکەن. ئەو کارەی ئەمساڵ کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کردی (بەڵگەنامەی کۆنگرەکانی حیزبی دێموکراتی لە دوو بەرگدا چاپ کردەوە) کارێکی زۆر بەنرخ بوو. ئێمە ئەگەر بتوانین بەشێک لە ئیمکاناتی ماددی و مەعنەویی خۆمانی بۆ تەرخان کەین، زۆر شتی وامان هەیە. بۆ وێنە ئەوەی کۆڕی پەوردە و فێرکردن و حیزبی دێموکرات بە گشتی لە بواری زمانی کوردیدا کردوویانە، دەتوانن هەوێنی زۆر توێژینەوە و کاری دۆکیۆمێنتی بن. لەو بوارەدا حیزبی دێموکرات سامانێکی زۆری هەیە، بەڵام دەبێ کاری توێژینەوەی لەسەر بکرێ و ئەوەش کاتێک دەکرێ کە بەڵگەنامەکان بخەینە بەر دەستی کەسانێک کە شارەزان.

**دووهەم.** لە ڕووی ڕوانینمان بۆ زمان بەڕاستی دەبێ خۆمان نوێ کەینەوە. ئەگەر تێکەڵاوییەکی زۆرمان لەگەڵ باسەکان و کۆڕ و کۆبوونەوە زمانەوانییەکان هەبێ، ئەگەر لەگەڵ خەڵکی بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان و ئاخێوەرانی دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردی تێکەڵاو بین، بۆمان دەردەکەوێ کە خوێندنەوە و چاوەڕوانیی ئەوان لەبارەی مافە زمانییەکانیان و جێگە و پێگەی دیالێکتی خۆیان، جیاوازە لە خوێندنەوە و تێگەیشتنێک کە ئێمە لە کۆنەوە پێی گەیشتووین. لەنێو حیزبی دێموکرات و لە دەرەوەی حیزبیش، ساڵانێکی زۆر بەو دیدەوە سەیری زمانمان کردوە کە نەتەوە وا دروست دەبێ کە یەک زمانی ستانداردی هەبێ. پێمان وابووە ئەگەر هەر دیالێکتێک پێی بخوێندرێ و پێی بنووسرێ، دەبینە چەند نەتەوە و ئەوە زیان بە یەکیەتیی نەتەوەییمان دەگەیەنێ. بەڵام ڕوانین بۆ زمان و نەتەوە و چاوەڕوانیی ئاخێوەرانی دیالێکتەکان، ئێستا هەم لە ئاستی جیهان و هەم لە ئاستی کوردستاندا، هەروەها زۆر فاکتەری دیکە ئەوەندە گۆڕانیان بە سەردا هاتووە کە بە بڕوای من ئەم بۆچوونە باو و نەریتییەی ئێمە، ئێستا ناتوانێ وڵامدەر بێ. لەگەڵ زۆر لە چالاکانی کولتووری و زمانەوانانی

سەر بە ئاخێوەرانی دیالێکتە جیاوازەکانی کوردی کە قسە دەکەی، لە بارەی زمانی ستانداردی کوردی بەو جۆرە بیر ناکەنەوە کە من و تۆ بیری لێ دەکەینەوە. ئەگەر سەردەمێک بۆ پێشگرتن لە پەرتەوازە و بەش بەشبوونی نەتەوەی کورد بە سەر زارەکاندا، زمانێکی ستاندارد بۆ هەمووان بە ڕێگەچارە و هەوێنی لێک کۆکردنەوە دەزانرا، ئێستا ئەوە دەبینین پێداگری لە سەر دیالێکتێکی دیاریکراو وەک زمانی ستاندارد و ناچارکردنی ئاخیوەرانی زارەکانی دیکە بە خوێندن و نووسین بەو دیالێکتە، خەریکە دەبێتە هۆی بەشبەشبوون و لێک دوورکەوتنەوە. دیارە من کە دەڵێم پێویستە خوێندنەوەیەکی نوێمان لەو بارەوە هەبێ، ڕێگەچارەیەکی دیاریکراوم پێ نییە. بەڵام لەو باوەڕەدام حیزبی دێموکرات و حیزبەکانی دیکەی کوردستان دەبێ نیگەرانی و قسەی ئەوانەش کە بە دیالێکتی جۆراوجۆر قسە دەکەن و نایانەوێ لە سۆنگەی زاڵبوونی یەک دیالێکت وەک زمانی ستاندارد، دیالێکتی ئەوان پەراوێز بخرێ، ببیستن. بۆ وێنە ئەوان دەڵێن زمانی کوردی کامەیە؟ دیالێکتی کرمانجیی نێوەڕاستە؟ یان هەموو دیالێکتەکان بەشێکن لە زمانی کوردی؟ ئەگەر هەمووان زمانی کوردین، ئەدی لە کوێدا کاریان پێ دەکرێ و چ سوودێکیان لێ وەردەگیرێ؟ لە خوێندندا؟ لە نووسیندا؟ لە ڕۆژنامەنووسیدا؟ چۆن سەیریان دەکرێ؟

بیستنی ئەم جۆرە نیگەرانی و پرسیارانە، وادەکا ئێمە بە دیدێکی کراوەتر بەرەو داهاتوو بچین. ئەگەر نامانەوێ نەتەوەکەمان پەرتەوازە بێ، دەبێ دیالۆگ و لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتن هەبێ. بە زۆر و زۆرداری بتەوێ دیالێکتێکیان بەسەردا زاڵ بکەی و بڵێی تۆ دەبێ پێڕەویی لێ بکەی، ئاکامەکەی ئەوە دەبێ کە خۆی لە تۆ هەڵداوێرێ و وەدوای دیالێکتەکەی خۆی دەکەوێ و لە بڕیاری گشتیدا لەگەڵت نابێ. ئەوەشمان لە بیر بێ کە دەوڵەت و لایەنی وا هەن کەلک لەو جۆرە کەلێنانە وەردەگرن و بۆ مەبەستی خۆیان دەیانقۆزنەوە.

من قبووڵمە کە ڕەنگە هەموو داوا و چاوەڕوانییەک لەم پێوەندییەدا لە جێی خۆیدا نەبێ. بۆ وێنە سبەینێ بتەوێ لە ئێرانێکی فیدرالّدا، پووڵ یا تەمر یا پاسپۆرت چاپ بکەی و بتهەوێ زمانی پێکهاتە نەتەوەییەکانی ئێران لەواندا دیار بن، ڕەنگە بکرێ بە ٥ تا ٦ زمانی نەتەوەکانی نێو ئێران لەسەریان بنووسرێ. بەڵام ئەگەر هەر زمانێک پێنج یا شەش یا زیاتر دیالێکتی هەبێ و هەر ٣٠ -٣٦ دیالێکت بیانەوێ پێیان بخوێندرێ، یا لە پووڵ و پاسپۆرتدا، ڕەنگدانەوەیان هەبێ، شتی وا ناگونجێ. یا ئەگەر کەسێکی بیانی بیهەوێ زمانی کوردی فێر بێ، خۆ ناتوانێ هەموو دیالێکتەکان فێر بێ، دەبێ زمانە ستانداردەکە فێر بێ. بێگومان بۆ داهاتوو دەبێ ساغ ببینەوە لە کوێدا زمانی ستاندارد بەکار دێنین و پرسی زمانی ستانداردیش دەبێ بە جۆرێک چارەسەر بکەین کە ببێتە هەوێنی یەکگرتووییمان و دیالێکتەکانی دیکە هەست بە پەراویزخران و وەلانران نەکەن. من ئەو بۆچوونەم لە هێندێکیان بیستوە و لێم خوێندوونەوە دەڵێن ئێمە وەک کورد ئەوە بە سیاسەتێکی سەرکوتکەرانە دەزانین کە لە وڵاتێکی چەند زمانیدا، تەنیا یەک زمان حاکم بێ و ڕەسمییەتی هەبێ، بەڵام ڕێگە دەدەین لە چوارچێوەی زمانێکدا، تەنیا دیالێکتێک دیار بێت، زاڵ بێت، پێی بخوێندرێ و ئەوانی دیکە پەراوێز بخرێن. ئەگەر هەر

زمانێک، سامانێکی کولتووریی گەورەیە، هەر دیالێکتێکیش سامانێکی کولتووریی گەورەیە و نابێ لەنێو بچێ. ئەو باسە لەنێو ئێمەدا بەکەمی کراوە و کەمتر گوێی پێ دراوە. بەڵام ئەوە کێشەیەکە لە داهاتوو حیزبی کوردی و بزووتنەوەی کوردی و دەسەڵاتی کوردی بەڕەوڕووی دەبێتەوە و هەر ئێستاش بەرەوڕووی بووەتەوە. ناکرێ هەر بەو تێگەیشتنەی ڕابردوو ئەو پرسە چارەسەر بکەین. ئێمە وەک حیزبی دێموکرات لەو بارەوە دەبێ کراوە بین و بواری دیالۆگ و لێکتێگەیشتنێکی نوێ بڕەخسێنین. دووبارەی دەکەمەوە من ڕێگەچارەیەکی دیاریکراو ناخەمەڕوو. بەڵام پێموایە پێویستە واقیعی نەتەوە و زمانەکەی خۆمان ببینین. ئەوە کە لە چوار پارچەی کوردستان تەنیا لە یەکێکیان زمانی کوردی بەڕەسمی ناسراوە، ئەوە کە زمانی کوردی هەتا ئێستاش بە چەند ئەلفوبێ دەنووسرێ، ئەوە کە پێشکەوتنی تێکنۆلۆژی و گشتگیربوونی ئیمکاناتی پێوەندی، دەرووی تازەی سەرەڕای پێناخۆشبوون و دژایەتیی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان، بۆ هەناسەهەڵکێشانی زمانی کوردیی کردۆتەوە، دەبێ وامان لێ بکا خوێندنەوەیەکی نوێمان بۆ کێشە و پرسە زمانییەکانمان هەبێ.

**سێهەم.** یەکێک لەو هەنگاوانەی وەک تێکۆشەرێکی حیزبی دێموکرات و وەک تاکێکی کورد پێویستە هەڵی بگرین، ئەوەیە دیالێکتەکانی دیکەی زمانی کوردی، لانیکەم هەر کامێکمان یەکێکیان فێر بین. خۆمان فێر کەین بە ئەلفوبێیەکەی دیکەش(ئەلفوبێی لاتینی) زمانی کوردی بخوێنینەوە. ئەگەر لەگەڵ ئاخێوەرانی دیالێکتەکانی دیکەی زمانی کوردی لێک تێ بگەین، بتوانین ئەدەبیاتی یەکتر بخوێنینەوە، دیوارێکی ئەستوور لە نێوانماندا پێک نایە و ئەو کەلێنەی جیاوازیی دیالێکت و ئەلفوبێ لە نێوانماندا دروستی کردووە، کەمتر دەبێتەوە و زۆر باشتر دەتوانین دیالۆگ بکەین و بە لێک تێگەیشتن بەرەو دروستکردنی داهاتوویەکی هاوبەش بچین.

**چوارەم.** سیاسەتی پشتگیری و پشتیوانی لە چالاکی و تێکۆشانی ناسنامەخوازی و ناسنامەپارێزی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە حیزبی دێموکرات هەتا ئێستا شێلگیرانە گرتوویەتە بەر، سیاسەتێکی دروستە و شایانی درێژەپێدانە. بە دڵنیاییەوە ئەو خەباتە هەم لە کوردستان پتر دەگەشێتەوە، هەم هەتا دێ پتر نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێرانیش دەگرێتەوە و کۆماری ئیسلامی لە شوێنەکانی دیکەی ئێرانیش بەرەوڕووی خەباتی ناسنامەخوازی و ناسنامەپارێزی دەبێتەوە. بۆیە پێویستە ئەو خەڵکەی لەو خەباتەدا بەشدارن لێمان بوێن کە ئاستی داواکانیان بەرزتر کەنەوە. بۆ نموونە جێی خۆیەتی لە بنەماڵەکانمان بوێ، لە ماڵێدا بە کوردی لەگەڵ منداڵەکانیان قسە بکەن، ناوی کوردی لەسەر منداڵ و دوکان و شوێنی کارو کاسپی دابنێن. لە قوتابی و خوێندکاری کوردمان بوێ لەسەر کلاس با هەر چی زیاتر بە زمانی کوردی وڵامی مامۆستاکەیان بدەنەوە. ئەگەر وردە وردە بە کوردی قسەکردنت بەسەردا سەپاندن و لەسەر ئەم مافەت پێداگر بووی سەرئەنجام ناچار دەبێ لێت قبووڵ بکا. با خەڵکەکەمان هەر بەوە ڕازی نەبن کە ڕێژیم ئیزنی داوە لە ماڵی خۆیان و بە ئیمکاناتی خۆیان فێری خوێندنەوە و نووسینی کوردی بن. دەبێ دەسەڵات ناچار بکرێ مل بۆ ئەوە بدا کە کوردی ببێتە زمانی

خوێندن لە قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی و هەروەها جێگایەکی تایبەتی لە خوێندنی زانکۆدا پێ بدرێ. ئەو پوتانسیەلە کە لەنێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نەتەوە نافارسەکانی دیکەی ئێران بۆ خەبات لە پێناوی بە ڕەسمی ناسرانی زمانەکانیان بە تایبەتی خوێندن بەو زمانانە هەیە، ئەگەر کاری لەسەر بکەین - هەرچەند ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆخۆی لە ماهییەتیشیدا نەبێ- دڵنیام دەسکەوتی دەبێ. من ئەو هێز و ئیرادەیە لە خەڵکی خۆماندا بەدی دەکەم.

**پێنجەم**، وەکوو حیزبەکانیش پێویستە خۆمان ئامادە بکەین بۆ داهاتوویەک کە ڕووبەڕووی ئەو جۆرە پرس و کێشانە دەبینەوە. پێویستە گوتارمان لە پێوەندی لەگەڵ زمان و مافە زمانییەکان و چۆنیەتیی هەڵسوکەوتمان لەگەڵ دیالێکتەکانی زمانی کوردی، دوای لێکدانەوە و ڕاوێژ لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ کەسانی شارەزا، نوێ بکەینەوە و لەم پێوەندییەدا ببین بە خاوەنی سیاسەتێکی ئەمڕۆیی هاوبەش کە هەم تەبایی و یەکگرتوویی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵات پتەوتر و بە هێزتر بکا، هەم بەرزبوونەوەی جێگە و پێگەی زمانەکەمان لە ئاستی ڕۆژهەلات و ئێرانیدا لێ بکەوێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ و ٢٠ی مارچی ٢٠٢٢

## زمان لە شەڕی بەرگری لە ناسنامەدا




**ئاماژە:**

**ئەم وتارە، پێشەکیی نویترین کتێبم "شەڕی ناسنامە و سەنگەری زمان"ە کە لە مانگی مای ئەمساڵدا چاپ و بڵاو بۆوە.**

لەم کتێبەدا کۆمەڵێک توێژینەوە، وتار و بابەت هەن کە تەوەری سەرەکیی بەشێکی بەرچاویان گرنگیی بایەخدان بە زمان لە خەباتی ناسنامەخوازی و ناسنامەپارێزیدایە. زۆربەی ئەم وتار و بابەتانەم لەم چەند ساڵەی دواییدا، نووسیون و ئامادەم کردوون و بەشی زۆریشیان لە گۆڤار و ڕۆژنامە و ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو بوونەوە. بەڵام بە پێویستم زانی لە دوو توێی کتێبێکدا کۆیان بکەمەوە، بۆ ئەوەی کەسانێک کە حەز بە خوێندنەوە و بە دواداچوونی ئەم جۆرە باسە دەکەن، ناچار نەبن لەم یا ئەو بڵاوکراوە و ماڵپەڕدا بە دوایاندا بگەڕێن. هەروەها دەمەوێ هاسانکارییەکم کردبێ بۆ کەسانێک کە هێشتا بە گەڕانی نێو ماڵپەرەکان و خوێندنەوەی بابەتی ئەلکترۆنی ڕانەهاتوون.

لەو بڕوایەدام دوای خاک یا نیشتمان، زمان گرنگترین فاکتەرە کە نەتەوەیەک هان دەدا بۆ مانەوەی خۆی، بیپارێزێ و بەرگریی لێ بکا. هەر وا کە ئەگەر خاک و نیشتمان لە نەتەوەیەک داگیر بکرێن و ئەو نەتەوەیە تووشی هەڵقەنران و ئاوارەیی لە سەر زەویی خۆی بێ، زۆر زەحمەتە نەتەوەبوونی خۆی بۆ بپارێزێ، ئەگەر زمانیش لە نەتەوەیەک بستێنرێتەوە، بەرە بەرە ناسنامەی نەتەوەیی خۆی لە دەست دەدا و لە زمان و نەتەوەیەکی دیکەدا دەتوێتەوە.

لەو ناوچەیەی ئێمەی کوردی لێ دەژین، جیاوازیی ڕەگەزی و ڕەنگی پێست و قژی نەتەوەکان ئەوەندە دیار و بەرچاو نین. واتە لەم ڕوویەوە سنوورێکی تۆخ و پڕڕەنگ لە نێوانماندا نییە. هەروەها لە ڕووی دین و ئایینیشەوە کورد و نەتەوەکانی دەوروبەرمان بە تایبەتی نەتەوە زاڵەکان، بە زۆری موسوڵمانن. لە ڕووی کولتووریشەوە، بە هۆی سەدان ساڵ پێکەوەژیان و لێکوەرگرتنی کاریگەری، وێکچوون لە نێوانماندا زۆرە. نیشتمانە دابەشکراو و پارچەپارچە کراوەکەشمان، ڕاستە لەسەر بەشێکی زۆری، خاوەنە ڕاستەقینەکەی واتە نەتەوەی کورد دەژی، بەڵام ژینێکی بندەستانەی هەیە. ژینێکی بێبەش لە کیان و دەسەڵاتی نەتەوەیی و تێکەڵ بە هەوڵێکی هەمەلایەنەی داگیرکەران بۆ سڕینەوە و تواندنەوەمان. ئەو نەتەوە و دەوڵەتانەی کوردستانیان بە سەر خۆیاندا دابەش کردوە، لە ڕێگەی بە فەرمیکردن و زاڵکردن و پشتیوانیی هەمە لایەنە لە زمانەکەی خۆیان و تەنگهەڵچنین بە زمانی کوردی لە ڕێگەی سیستەمی پەروەردە و فێرکردن، ڕاگەیەنەکانیان و هتد، زۆرترین مەترسییان بۆ سەر زمانی کوردی دروست کردوە. ئێمەی کورد وەک نەتەوەیەک بە خاکەکەمان و زمانەکەمان لە "ئەوانی تر" جیا دەکرێینەوە. لە سەر خاکێکی داگیرکراو و لکێنراو بە دەوڵەت-نەتەوەیەک کە هی ئێمە نییە، ئەگەر نەتوانین زمانەکەشمان بپارێزین، بە کام فاکتەر و بە کامە ناسنامە، دەتوانین خۆمان لە وانی دیکە بە جیاواز بزانین؟ چۆن دەتوانین بەرگەی هرووژمی هەمە لایەنەیان بگرین؟

لەم ڕوانگەیەوە، زمان دەبێ وەک چەکێک بۆ بەرگری لە ناسنامەی نەتەوەیی و وەک سەنگەرێک بۆ ڕاوەستان بەرامبەر سەرکوت و سڕینەوەی نەتەوەیی و زمانی بەکار بهێنرێ. بە خۆشییەوە ئەم تێگەیشتنە لە بارەی گرنگیدان بە زمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێگای خۆی کردۆتەوە و ئەوە بۆ چەندین ساڵ دەچێ بزووتنەوەیەکی ڕوو لە گەشەی کولتووری کە داوای بە فەرمی ناسینی زمانی کوردی و خوێندن بەو زمانە لە ڕیزی پێشەوەی داواکانییەتی، لە هەموو پارێزگەکانی کوردستان سەری هەڵداوە. ئەو بزووتنەوەیە فێرکردنی خۆبەخشانەی خوێندنەوە و نووسین بە زمانی کوردی بە هۆگرانی ئەو زمانە، هاندانی بنەماڵەکان بۆ دانانی ناوی کوردی لە سەر منداڵانیان و قسەکردن بە زمانی دایکیان لە نێو بنەماڵە و دەرەوەی بنەماڵە، ناڕەزایەتی دەربڕین بەرامبەر داسەپانی ناوی ناکوردی لە سەر شوێنی ژیان و کاری دانیشتوانی کوردستان، کۆکردنەوەی ئەدەبیاتی زارەکی، ئامادەکردنی فەرهەنگی وشەی زمانی کوردی لە بواری جیاوازدا، بوار ڕەخساندن بۆ بڵاوبوونەوەی دەقی شێعری و ئەدەبیاتی کوردی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، هاندانی زمانەوانان و توێژەران بۆ توێژینەوەی زانستی لە بارەی دیالێکت و بنزارەکانی زمانی کوردی، بایەخدان بە هەبوونی چاپەمەنی بە زمانی کوردی و دەیان جۆر بەرنامە و چالاکیی دیکەی لە خۆ گرتوە.

زۆر لە پێشەنگان و بەشدارانی چالاک و کاریگەری ئەو بزووتنەوەیە، سەبارەت بە هەوڵە بەنرخەکانیان و پێداگری و بەردەوامی لەسەر ئامانجە پیرۆزەکانیان، لەلایەن دامودەزگا ئەمنیەتی و سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی ئێران بەرەوڕووی ڕێگری،

کێشە و گرتن و چوونە بەندیخانە بوونەوە. ئەو بزووتنەوە کولتوورییە لە گەڵ ئەوەی هێشتا بە ئامانجە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی نەگەیشتوە، بەڵام تا ئێرە توانیوێتی ڕۆڵی بەرچاوی هەبێ لە پەرەپێدانی وشیاریی زمانی و وشیاریی نەتەوەیی و، بەرزڕاگرتنی گیانی ناسنامەخوازی و ناسنامەپارێزی لە نێو تاکەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.
بزووتنەوەی کولتووریی ناسنامەخواز و ناسنامەپارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بزووتنەوەی سیاسی و شۆڕشگێڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان نوێنەرایەتی و ڕێبەریی دەکەن، لێک نامۆ و بێگانە نین. بزووتنەوە سیاسی و شۆڕشگێڕییەکە، بە تایبەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕۆژی هەوەڵی دامەزرانییەوە، هەڵگری داخوازە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان بووە، داوای مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەی کورد لە ئێرانی کردووە و بە ڕەسمی ناسینی زمانی کوردی و قبووڵکردنی وەک زمانی ئیداری و خوێندن لە کوردستان، یەک لە داوا هەمیشەییەکانی بووە. ئەم بزووتنەوەیە، بە درێژایی چەندین دەیەی ڕابردوو، لە رووی گرنگیدانی خەڵکی ڕۆژهەڵات بە زمان وەک یەک لە گرنگترین فاکتەرەکانی ناسنامەی نەتەوەییان، کاریگەریی خۆی داناوە. ئەوەندەی بۆشی گونجاو بێت، پشتیوانی لە جموجۆڵ و تێکۆشان بە ئامانجی داواکردنی مافە زمانییەکان کردوە.

بزووتنەوەی کولتووریی ناسنامەخواز و ناسنامەپارێز لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، لە سەر بزووتنەوە سیاسی و شۆڕشگێڕییەکە شوێندانەر بووە. بەڵگەیەکی بەهێز بووە لەسەر ڕەواییەتی (شەرعییەت)ی داوا سیاسی و نەتەوەییەکانیان و قووڵبوونی ڕەگ و ڕیشەی ویستەکانیان لەنێو خەڵکی خۆیاندا. بڕوای هێزە سیاسییەکان و مرۆڤەکانی بەشدار لەو بزووتنەوە سیاسی و شۆڕشگێڕییەی بە دروستیی ئامانجەکانیان و بەحەقبوونی خەباتەکەیان پتەوتر کردوە.

لەمێژ ساڵە لە سەر ئەو بڕوایەم، تاکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ ئەوەی ڕیزی حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و شۆڕشگێڕەکانی بۆ تێکۆشان هەڵبژاردووە، چ ئەو کەسەی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات بە شێوەیەکی هێمنانە و سەرەڕای نەگونجاوبوونی بارودۆخی سیاسیی نێوخۆی وڵات، بۆ مافە زمانییەکان و بەرگری لە ناسنامەی نەتەوەیی خۆی هەوڵ دەدا، هەر دوویان هەڵگری یەک ئامانجی سەرەکین. ئەو ئامانجەش ڕزگاربوونی نەتەوەی کورد لە ئێران لە بندەستی و بێمافی و، گەیشتنی بە مافی زاڵبوون بە سەر چارەنووسی خۆیەتی. لەم ڕوانگەوەیە کە لە ژمارەیەک لە نووسین و بابەتەکانی ئەم کتێبەمدا، هەوڵ و تێکۆشانی بەشدارانی بزووتنەوەی کولتووریی ناسنامەخواز و ناسنامەپارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە جۆرێک لە جۆرەکان هاتوونەوە بەرباس و بە پێزانینەوە ئاوڕیان لێ دراوەتەوە. هەر ئەم تێگەیشتنەشم لە نرخ و گرنگیی هەوڵەکانیانە کە وام لێ دەکا چاپی ئەم کتێبەم پێشکەش بە وان، بە پێشمەرگەکانی نێو سەنگەری زمان لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بکەم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی جوونی ٢٠٢٢

# ڕوانین بۆ زمان، مەحەکێک بۆ ناسینی ڕێژیمەکان و ئایدۆلۆژییەکان




**لە پێشوازی ٢١ی فێبریوەری(ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک)دا**

بۆ ئەو نەتەوە و مرۆڤانەی بە دوور لە هەر چەشنە بەربەست و سەرکوتێک بە زمانی خۆیان دەدوێن، دەخوێننو دەنووسن، ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک، ڕۆژی جێژن و شادینواندنو شانازیکردن بە زمانەکەیانە. بۆ ئەو نەتەوە و مرۆڤانەش کە زمانەکەیان بەڕەسمی نەناسراوە و ناتوانن بە زمانی خۆیان بنووسن ، بخوێنن و لە داموو دەزگای ڕەسمیو دەوڵەتیو زانستیدا پێی بدوێن، ئەم ڕۆژە، واتا و ڕۆڵێکی دیکەی هەیە .بۆ ئەوان ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک، ڕۆژی بەداخبوون لە چارەنووسی خۆیان و زمانەکەیان، ڕۆژی وەبیرهێنانەوەی بێمافیو ستەملێکراوی و، ڕۆژی دەنگهەڵبڕین دژی هەڵاواردن و بەجێمان لە کاروانی پێشکەوتن و ئازادژیانە.

بەم پێیە، بۆ نەتەوەکانی ئێران کە فارسزمان نین و هەتا ئێستاش لە سەرەتاییترین مافە نەتەوەییەکانیان، یەک لەوان مافی بەڕەسمی ناسرانی زمانەکەیان بێبەشن، نزیکبوونەوە و هاتنی ڕۆژی ٢١ی فێوریەی هەر ساڵێک، یانی ڕۆژی نوێبوونەوە و دووپاتبوونەوەی ئەم پرسیارەیە کە ئەم بێبەشی و بێمافییە هەتا کەی؟ تاڵیی بەرەوڕوو بوونەوە لە گەڵ ئەم پرسیارە لەوە دایە کە بزانین و ببینین ڕێژیمە دەسەڵاتدارەکانی ئێران، خاوەنی هەر سیستەم و ناوەرۆکێک بن، لە ئاست پرسی مافە نەتەوەییو زمانیەکانی نەتەوەکانی ئێران، هەر یەک سیاسەتو ڕوانین وگوتاریان هەیە. چ ڕێژیمی شایەتیی هەڵگری ئیددیعای میراتی شارستانیەتی چەند هەزارساڵە لە سەر کار بێ، چ نیزامی ئیسلامیی بە ڕواڵەت لایەنگری عەدلی ئیلاهی،بەشی نەتەوەکانی ئێران هەر ئەوەیە کە ئەگەر داوای بە ڕەسمی ناسرانی مافە نەتەوەییەکانیان بکەن، بە جیاییخواز دەدرێنە قەڵەم و لە گەڵ سەرکوت بەرەوڕوو دەبن.

ئێران، سەرەڕای ئەو هەمووە پێهەڵگوتنەی شۆڤێنییە ڕەنگاورەنگەکانی بە شارستانیەت و مێژووی وڵاتەکە و پێشەنگایەتیی ئێرانییەکان، لە ڕووبەڕووبوونەوە و چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی و زمانیدا، لە دواوەی هەموو وڵاتانی دراوسێی خۆشییەتی. زۆربەی وڵاتانی دراوسێی ئێران کە لەوانیشدا، نەتەوە و زمانی جیاواز پێکەوە دەژین، ملیان بۆ بەرەسمی ناسینی زمانە جۆراوجۆرەکانی وڵاتەکەیان و قبووڵی مافەکانی تایبەت بە هەر زمانێک ڕاکێشاوە. لەم بارەیەوە دەتوانین عێراق، پاکستان و ئەفغانستان بە نموونە بێنینەوە. لە عێراق، دوو زمانی کوردی و عەرەبی، هەر دوویان وەک زمانی ڕەسمی لە ئاستی هەموو عێراقدا ناسراونو زمانەکانی تورکمانی وئاشوورییش لە شوێنو ناوچەی ژیانی ئەو کەمایەتییە نەتەوەییانەدا، ڕەسمیەتیان هەیە. لە پاکستان، دوو زمانی ئۆردوو و ئینگلیسی، زمانی ڕەسمیو سەرانسەرینو زمانەکانی پەنجابی، بەلووچی، پەشتوون، سیندی و سرائیکی لە ئاستی ناوچەکاندا، بەرەسمی ناسراون. لە ئەفغانستان تا پێش گەڕانەوەیدووبارەی تالیبان بۆ دەسەڵات، زمانەکانی دەری و پەشتوون هەر دوویان لە ئاستی وڵاتدا، زمانی ڕەسمین بوون و کۆمەڵێک زمانی دیکەش لە ئاستی هەرێمو ئەیالەتەکان دا، بە ڕەسمی ناسرابوون. وڵاتێکی دیاری دیکەی ناوچە کە دراوسێی ئێرانیشە و نەتەوە و زمانی جۆراوجۆری تێدایە و ساڵانێکی زۆر وەک ئێران سیاسەتی زاڵکردنی یەک زمان بە سەر زمانەکانی دیکەداو سەرکوتکردنی نەتەوە و زمانەکانی دیکەی بەڕێوە بردوە، وڵاتی تورکیایە.بەڵام تورکیاش بە ناچاری و لە ئاکامی خەباتی نەتەوەی کورد لەم وڵاتە، ڕێگای چاوخشاندنەوە بەو سیاسەتە لەمێژینەیەی گرتووەتە بەر. ئەگەر چی هێشتا تا بە ڕەسمی ناسینی زمانەکان بە تایبەتی زمانی کوردی و مەیدانپێدانی لە هەموو بوارە ڕەسمییەکاندا، مەودایەکی زۆری هەیە.

**

سەپاندنی بێبەشی لە مافی نەتەوەیی و،سەرکوت و هەڵاواردنی نەتەوەیی و زمانی بە سەر خەڵکدا، ئەگەر بۆ دەسەڵاتداران و ئایدۆلۆژییەکانیان، مایەی نەنگ و شوورەیین و مەحکوومن، قەبووڵکردنیشیان بە تایبەت لە لایەن ئەو خەڵکەی بەرەورووی ئەو جۆرە بێبەشی و ستەم و هەڵاواردنانە دەبنەوە، شیاوی لۆمە و ڕەخنەیە. ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک، دەتوانێ و پێویستە بکرێتە دەرفەتیک بۆ نا گوتنەوە بە قبووڵی سووکایەتی بە زمانو شوناسی نەتەوەییمان.

لە پێشوازی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکدا، پیرۆزبایی لە هەموو ئەوانە دەکەین کە ڕێز لە زمانەکەی خۆیانو زمانە جیاوازەکان دەگرن. سڵاو بۆ ئەوانە دەنێرین کە لە ئاست سەرکوتو هەڵاواردنی نەتەوەییو زمانی لە ئاستی ئێراندا، بێدەنگ و بێهەڵوێست نین. دەسخۆشی و پیزانینیشمان بۆ هەموو ئەو کەسانە هەیە کە لە سەختترین هەلومەرجەکانیشدا، ساتێک لە پاراستنو خزمەتی زمانی کوردی غافڵ نین.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٧ی فێبریوێری ٢٠٢٣

## زمان و پەروەردە، دەوڵەت - نەتەوە و نەتەوەی بێدەوڵەت




ئەم وتارە باس لە پێگەی زمانی کوردی وەک زمانێکی بێدەوڵەت لەناو دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا دەکات. وتارەکە، بە کەڵکوەرگرتن لە [چەمکی] یەکتربڕین (intersectionality) وەک چوارچێوەی تیۆریک، دەپەرژێتە سەر ئەوەی لەناو ئەو وڵاتانەی کوردیان تێدا هەڵکەوتووە و لە دەرەوەیشدا، چۆن پێکهاتە پەروەردەییەکانی پێکگەیشتنی دەسەڵات، کۆمەڵە هەلومەرجێک دروست دەکەن کە لەژێر کاریگەرییاندا، زمانی بێدەوڵەتی کوردی هەموو کات بەجۆرێک وەک مەترسییەکی نەبینراو بەڵام بەردەوامی فرەچەشن بوونی هەیە. وتارەکە پێشان دەدات چۆن زمانی کوردی لە دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایشدا، هاوچەشنی ئەوانەی ڕۆژهەڵاتی ناوین، تەنیا لەگەڵیدا هەڵکراوە و لەو دەرفەتانەی وەک مافی تایبەت بۆ زمانە خاوەن دەوڵەتەکانی وەک عەرەبی، فارسی و تورکی دابین کراون و لەڕێگای بەشی زانستیی خوێندنەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و ڕۆژهەڵاتی نزیکەوە و هەروەها لەڕێگای خوێندنەوەکانی ئێرانی، عەرەبی و تورکیدا پەرەیان پێ دەدرێت، خۆی بە بێبەش دەبینێت. وتارەکە لەوە دەکۆڵێتەوە کە چوارچێوە هەنووکەییەکانی دامەزراوەگەلی وەک ئەنجومەنی ئەمریکایی بۆ فێر کردنی زمانە بیانییەکان(ACTFL) و ئەنجومەنی نەتەوەیی زمانە کەمتر فێرکراوەکان (NCOLCTL)، کە لە بنەڕەتدا بۆ نوێنەرایەتیکردنی زمانە بیانی، قەیراناوی و کەمتر فێرکراوەکان لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا دامەزران، چەندە کەمن بۆ هاوسەنگکردنی یەکتربڕینی زمانێکی بێدەوڵەت و تەوەرە فرەچەشنەکانی پەڕاوێزخران، بێدەوڵەتبوون، سەرکوت، هەڵاواردن و زمانکوژیی زبر و نەرم. ئەم پێگە یەکتربڕەی زمانی کوردی، هەڵسەنگاندنی چەمکی بەربڵاوتری زمانە بێدەوڵەتەکان ڕوون دەکاتەوە و پێویستە لەناو دامەزراوە فیدراڵەکان و خوێندنی باڵادا سەرلەنوێ چوارچێوی سیاسەتە هەنووکەییەکانی پەیوەندیدار بە زمانە بێدەوڵەتەکان دابڕێژرێنەوە و بۆ

جارێکی تر بیریان لێ بکرێتەوە. لە کۆتاییدا، وتارەکە هەروەها سنووری باسوخواسەکانی پەیوەندیدار بە یەکتربڕین لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا دیاری دەکات کە وەک ئامرازێکی شیکارانە بۆ بیرکردنەوە لە جووڵە و سیستەمە پێکەوەتەنراوەکانی دەسەڵات بەکەڵک دێت و لێرەدا و بۆ یەکەم جار لە بابەتی زمانێکدا بەکار دەبرێت.

## زمان و پەروەردە، دەوڵەت - نەتەوە و نەتەوەی بێدەوڵەت

### پێشەکی

### یەکتربڕین و زمانە بێدەوڵەتەکان

ئەنجومەنی زمانە کەمتر فێرکراوەکان لە بەستێنی پەروەردەی زمانی بیانی لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا، بۆ زمانە پەراوێزخراوەکان دیاری کراوە کە زمانی ئینگلیسی و چوار زمانی زۆرتر فێرکراوی فەرەنسی، ئاڵمانی، ئیتالی و سپانی ناگرێتەوە.(Johnson,1998) بەپێچەوانەی زمانە زۆرتر فێرکراوەکان، لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا زمانە کەمترفێرکراوەکان بەشێوەیەکی بەردەوام لە هەموو ئاستەکانی پەروەردەدا فێرناکرێن. دۆخی زمانە کەمتر فێرکراوەکان لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا، دەتوانێت لەگەڵ دۆخی کەمینەکان لە کۆمەڵگای ئەمریکیدا هەڵسەنگێنرێت. لەگەڵ ئەوەیشدا، زمانگەلێک هەن کە دووجار یان زیاتر دەستەبەندیی کەمینەیی دەکرێن. زمانە بێدەوڵەتەکان ڕوونترین وێنەی ئەمجۆرە دەستەبەندییەیە. دۆخی زمانە بێدەوڵەتەکان لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا، دەکرێت لەگەڵ دۆخی تاکە دووجار یان زۆرتر لە دووجار کەمینەکانی کۆمەڵگای ئەمریکیدا هەلسەنگێنرێت. زمانە کەمتر فێرکراوەکانیش، هاوشێوەی زمانە بێدەوڵەتەکان بەردەوام لە هەموو ئاستەکانی پەروەردە لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا فێر ناکرێن. ئەگەرچی بەپێچەوانەی زمانە کەمتر فێرکراوە خاوەن دەوڵەتەکان کە بەستراونەتەوە بە دەوڵەت یان وڵاتێکی دیاریکراوەوە، زمانە بێدەوڵەتەکان هیچ چەشنە بڕەودان و پشتگیرییەکی دامەزراوە فەرمی و نیوەفەرمییەکانی نەک دەوڵەتە یەکگرتووەکان، بەڵکوو وڵاتانی خۆیشیانیان نییە. ئەمانە و تەوەرەکانی تری پەراوێزخران، زمانە بێدەوڵەتەکانیان خستووەتە دۆخێکی تایبەتی یەکتربڕەوە، کە هاوچەشنە لەگەڵ ئەو پێگە تایبەتەی ژنانی ڕەشدا کە لە بەستێنی دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا، لەناو چوارچێوەی یەکتربڕیندا باسی لێ دەکرێت.

یەکتربڕین[2] لە کۆتاییەکانی ١٩٨٠ کاندا و وەک چوارچێوەیەکی شیکارانە دەرکەوت کە لە هەر دوو قانوونی مافی مەدەنی و لەناو بزووتنەوەی مافی مەدەنیدا توانی سەرنج بخاتە سەر پێگەی تایبەتی ژنانی ڕەش و ژنانی ڕەنگی تر. "چەمکی یەکتربڕین، کە لە ١٩٨٩دا لەلایەن کیمبێرلێ گرێنشاو بەکار برا، بوو بە چوارچێوەی شیکاریی سەرەکی کە لەڕێگایەوە

لێکۆڵەرە فێمینیستەکانی بوارە جیاجیاکان، باس لە شوناسە پێکهاتەییەکانی تۆرەمە، چینەکان، جێندەر و سێکس دەکەن. ” (Cooper, 2015) لەسەر بنەمای کاری ئەو لێکۆڵەرانە، کووپر (٢٠١٥) چەمکی یەکتربڕینی "بۆ باسکردن لە سیستەمە پێکەوەتەنراوەکانی دەسەڵات و سەرکوت بەکار برد، کە باسی لەوە دەکرد یەکتربڕین پەیوەندیی بە شوناسی تاکەکەسییەوە نییە بەڵکوو پەیوەستە بە دەسەڵاتەوە". ئەو تەنانەت باسوخواسەکانی پەیوەندیدار بە یەکتربڕین لە ناو زانستە کۆمەڵایەتییەکانی وەک شێوازناسیی (methodology) توێژینەوە دیاری کرد. یەکتربڕین وەک "تیۆرییەکی گەڕۆک" و ئامرازێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی "سەرکوتی فرەچەشن" و "تەوەرە فرەچەشنەکانی شوناس و تاقمە پەراوێزخراوەکان"، لە بوار و جوگرافیای جیاوازدا بەکار براوە، بۆ ئەوەی پێشان بدات کە ئەم چەمکە جیا لە بەکارهێنانی لە وێنەی ژنانی ڕەشدا، نەک تەنیا وەک تیۆری بەڵکوو وەک کردەوەیش کەڵکێکی بەربلاوتری لێ وەردەگیرێت(Smith, 1998). لەم وتارەدا، من لە چوارچێوەی یەکتربڕین کەڵک وەردەگرم بۆ ئەوەی باشتر لەو کۆسپە فرەچەشن و فرەتوێژە تێبگەین کە لە فێربوون و فێرکردنی زمانی بێدەوڵەتی کوردیدا بەرەوڕووی دەبینەوە. ئەم ڕێبازە بە دیاریکراوی یارمەتیمان دەدات، نەک تەنیا بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ زمانە زۆرتر فێرکراوەکان، بەڵکوو تەنانەت بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ زمانە کەمتر فێرکراوە مافپێدراوەکانی خاوەن دەوڵەت بەگشتی و ئەوانەی ناوچە وەک: عەرەبی، فارسی و تورکی، لە پێگەی زمانی بێدەوڵەتی کوردی تێبگەین. هەروەها، ئامرازێکی بەکەڵکە بۆ پێشاندانی ئاکاری پێکهاتە پەروەردەییەکانی دەسەڵات کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر زمانە بێدەوڵەتەکان لە ماڵەوە و لە دەرەوەدا دەبێت.

وتارەکە لە سەرەتادا وێنەیەکی خێرا لە پێگەی هەنووکەیی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا دەخاتە بەردەست. دواتر باس لە مێژوو و ئەو پاڵنەرانە دەکات کە بوون بە هۆی ئەوەی زمانی کوردی لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا قسەی پێ بکرێت. وتارەکە ڕووناکی دەخاتە سەر ئەوەی چۆن هەڵاواردنە حکوومی، دامەزراوەیی و وانەییەکان و ئاستەنگەکانی ئەو وڵاتانەی کوردیان تێدا هەڵکەوتووە، کاریان کردووەتە سەر پێگەی زمانی کوردی لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا. ئەوەی چۆن پرسی زمانی کوردی لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا مانای بەربلاوتری زمانە بێدەوڵەتەکان ڕوون دەکاتەوە و لەکۆتاییدا دەگاتە بواری بەربلاوتری خوێندنەوەکانی دیاسپۆرای ڕۆژهەڵاتی ناوین؟ لە کۆتاییدا وتارەکە مەبەستیەتی تێبگات کە بەشەکانی وەک خوێندنەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین، فەرهەنگ و زمانەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیک، بەشی ئۆراسیای ناوەندی و خوێندنەوەکانی ئێرانی، عەرەبی و تورکی و هتد .. و هەروەها ئەنجومەن و ناوەندەکانی وەک ACTFL و NCOLCTL لەناو ڕێکخراوە هاوچەشنەکانی ترياندا، دەتوانن تا چ ئاستێک یارمەتیدەر بن بۆ بردنەسەر و هێشتنەوەی پێگەی زمانی کوردی و زمانە بێدەوڵەتەکانی تر لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا. ئایا چوارچێوەی "تاک - تەوەر"ی (NCOLCTL) کە بۆ وێنە هەموو زمانەکانی دنیا، جیا لە ئینگلیسی، سپانی، فەڕەنسی، ئەڵمانی و ئیتاڵی لەژێر چەترێک بەناوی زمانە کەمتر فێرکراوەکاندا کۆ دەکاتەوە) دەتوانێت ئەزموونی "یەکتربڕین"ی زمانە بێدەوڵەتەکانی وەک کوردی، ئویغوور،

بەربەر/ئامازیق، بەلووچی و ئەوانەی تر باس بکات؟ وتارەکە لە شێوازناسیی جۆراوجۆر و لە وتووێژی تاکەکەسی و پەیوەندیی ئیمەیلییەوە تا شرۆڤەی دەق کەڵکی وەرگرتووە.

## نەتەوەی کورد، زمان و ڕێنووس

کوردی زمانی کوردەکانە. کە زۆرتر وا باسیان دەکەن کە گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەتی دنیان (Van Bruinessen,1992)[3] بۆ چەندین سەدە زۆربەی کوردەکان لە نیشتمانی نەریتیی خۆیاندا ژیاون کە پێی دەوترێت کوردستان و لە ناو چوار وڵاتدا هەڵکەوتووە: ئێران، عێراق، تورکیە و سووریە. کورد لە دەیەکانی کۆتاییدا، لە عێراقدا و دواتریش لە سووریەدا توانیویانە هەرێمی خۆبەڕێوەبەری خۆیان دابمەزرێنن. نزیکەی ٣٥ - ٣٠ ملیۆن کورد لە هەموو دنیادا هەن. نزیکەی یەک ملیۆن کوردیش لە قەفقاز(بەتایبەتی لە ئەرمەنستان و ئازربایجان) و ڕۆژئاوادا (بەتایبەتی لە لوبنان و ئیسراییل)دەژین. (Sheyholislami & Sharifi, 2016, p.77) ژمارەی کوردان لە کۆمەڵگا دیاسپۆراکانی ڕۆژئاوادا زیاتر لە یەک ملیۆن کەس خەملێنراوە. (Hassanpour & Mojab, 2005) فەڕانسە، وڵاتانی سکاندیناوی، بەتایبەتی سوید و ئاڵمان لە ئورووپادا، ئوسترالیا، کانادا و دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەو وڵاتانەن کە میوانداریی کوردیان کردووە.

## زمانی کوردی

زمانی کوردی بەشێک لە زمانە هیندۆ-ئورووپاییەکانە کە لە پێنج زاراوەی سەرەکی پێک دێت. کوردیی باکوور(لەمەبەدوا کرمانجی)، کوردیی ناوەندی( لەمەبەدوا سۆرانی)، کوردیی باشوور( کرماشانی، کەلهوڕی، لەکی و ئەوانی تر)، هەورامی / گۆرانی و زازاکی.(Haig & Ergin, 2014) کرمانجی و سۆرانی بەهۆکاری زۆرترین ژمارەی ئاخێوەرەکانیانەوە و هەروەها بەهۆی ئەوەی بەشی زۆری وێژەی کوردیی بەردەست بە ئەم دوو زاراوەیە نووسراون، بوون بە پێوەر بەو مانایە کە چەندین فەرهەنگی یەک - زمانە و چەند - زمانە، ڕاگەیاندنی جۆراوجۆر، کتێبی ڕێزمان و شێوازیان هەیە و لەو شوێنانەیش کە ڕێگەپێدراون زمانی خوێندنگە و زانستگان. (Sheyholeslami &Sharifi. 2016, P.78) گەورەترین یارمەتی بۆ ئەم ڕەوتە کاتێک بوو کە لە ساڵی ١٩٩٢ دا کورد دەستیان کرد بە خۆبەڕێوەبەریی هەرێمەکەیان لە باکووری عێراقدا. کۆمەڵەکانی دیاسپۆرای ڕۆژئاوا، بەتایبەتی لە وڵاتانی سکاندیناویدا، ڕۆڵێکی گەورەیان بوو لە بەپێوەرکردن و نۆژەنکردنەوەی کرمانجیدا.(Kreyenbroek, 2005) ئەمڕۆ هەردوو زاراوەی کرمانجی و سۆرانی سەقامگیرن و پەرە دەسێنن، لە بەرانبەردا زاراوەکانی تر لە کەمی دەدەن و هەورامی و زازاکی بەرەو پێگەی زمانە لە مەترسییەکاندا خزیون.

## ئەلفوبێی کوردی و ڕێنووس

جیا لە ئاخاوتنی جۆراوجۆر، کورد بۆ کوردی نووسین کەڵک لە ئەلفوبێ و ڕێنووسی جیاوازیش وەردەگرن. دەسەڵاتی دەوڵەتە جۆراوجۆرەکان لە بەستێنی کۆمەڵایەتی- فەرهەنگیی جیاجیادا ئەم پرسەی ئاڵۆزتر کردووە. کورد لانیکەم لە چوار ڕێنووسی جیاواز کەڵکیان وەرگرتووە. کورد لە ئێران و عێراقدا ڕێنووسێکی دەستکاریکراوی فارسی - عەرەبی بۆ نووسین بە هەموو زاراوە کوردییەکان بەکار دەبەن. بەدرێژاییی مێژوویش، ئەدەبی کوردی لە سووریە و تورکیەدا هەر ئەم ڕێنووسەیان بەکار بردووە؛ بەهەرجۆر بێت لە دەیەکانی سەرەتای سەدەی بیستدا، لەژێر کاریگەریی چاکسازی لە زمانی تورکیدا کە ڕێنووسی نوێی تورکی لەسەر بنەمای لاتینی بوو خستە جێگای ڕێنووسە عوسمانییە عەرەبی - فارسییەکەی پێشوو، کوردی ئەم دوو بەشەیش ڕێنووسێکی کوردیی لاتینییان هەڵبژارد. نووسینە ڕێزمانییەکانی ڕۆژهەڵاتناسە سەرەتاییەکانیش کاریگەریی لەسەر ئەم پێشڤاژۆیە هەبوو. (Rhea, 1872/1880, pp. 118-155) ئەوانەی لەو کاتدا لە یەکیەتیی سۆڤیەت دەژیان و کوردەکانی قەفقاز(بۆ وێنە ئەرمەنستان)، کە لە نووسینەکانیاندا ڕێنووسی ئەرمەنی و سیریلیکیان بەکارهێنا، دواتر لە ڕێنووسی کوردی لەسەربنەمای لاتین کەڵکیان وەرگرت. لە ئێستادا گەورەترین جیاوازی لە نووسینی کوردیدا لەنێوان ئەو دوو شێوەیەدایە کە لەلایەک (بەهەردوو زاراوەی کرمانجی و سۆرانی) لە ئێران و عێراقدا کوردیی پێ دەنووسرێت، کە لەسەر بنەمای ئەلفوبێی دەستکاریکراوی عەرەبی - فارسییە و لەلایەکی ترەوە شێوەیەکە کە لە سووریە و تورکیە و ئەرمەنستاندا کوردیی پێ دەنووسرێت و لەسەر بنەمای لاتینە. جیاوازی لە سیستەمی نووسیندا، هاوکات لەگەڵ جیاوازی لە هێندێک تایبەتمەندیی دیاریکراو لە نووسین و سیستەمی دەنگدا، ئاریشە بۆ فێرکاریی زمانی کوردی لە ناوخۆ و بەتایبەت لەناو ئەو کۆمەڵە دیاسپۆراییانەدا دروست دەکات کە کوردی هەموو بەشەکانی تێدا کۆبوونەتەوە. (Sheyholeslami, Sharifi, 2016, p 79) دانانی پۆلی فێرکاریی کوردی بۆ یەک زاراوە یان هەردوو زاراوەکە ئاریشەکانیان جیاوازن. لە وێنەی یەکەمدا کێشەکانی یەکزاراوەخوازی، بەپێوەرکردن و بە فەرمیکردنی زاراوە کوردییەکان لەناو پرسی کورددا دەردەکەون .(Chyet, 2018) وێنەی دووهەم پێویستیی بە سەرچاوەی زیادە، ئامرازەکانی فێرکاری و وانەبێژ هەیە.

## پێگەی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا

لە تورکیەدا، لەسەرەتادا بەکارهێنانی زمانی کوردی بە هەموو جۆرێک ڕێگەپێنەدراو بوو. لە تورکیەدا لەئاکامی چەندین دەیە زمانکوژیی زبر و نەرمدا[4]، کوردەکان ناتوانن بە زمانی خۆیان بنووسن و بخوێننەوە، ئەوانەیش کە دەتوانن لە دەرەوەی خوێندنگە فێری نووسین بوون، کە زۆربەی کات مەترسی لەسەریشیان هەبووە (Hassanpour, Skutnabb -

Kangas & Chyet, 1996). دوای هەفتا ساڵ لە قەدەغەبوون، زمانەکە لە شوێنە گشتییەکاندا لە کۆتایی سەدەی بیستدا کەمێک لەگەڵیدا هەڵکرا. لە ١٩٩٢ دا، قەدەغەبوونی زمانی کوردی لە شوێنە گشتییەکاندا خاوتر بوویەوە. لە ساڵی ٢٠٠٩دا، زانستگای ئارتووکلۆوی ماردین، خولی زمانی کوردی و زمانە کەمینەکانی تری لە ئاستی زانستگادا ڕاگەیاند. لە ساڵی ٢٠١٢دا، وانەکانی زمانی کوردی وەک زمانێکی هەڵبژێردراو و بەو مەرجەی کە پشتگیریی ماڵی و ژمارەی پێویستی فێرخوازی بۆ دابین ببێت، لە خوێندنگاکاندا ڕێگایان پێ درا. لە ساڵانی دواییدا، هێندێک پۆلی تایبەتی زمانی کوردی پێشنیار دەکرێن. هێندێک لە زانستگاکان چەند یەکەیەکی خوێندنی زمان و وێژەی کوردی و هێندێک خوێندنگەی دواناوەندییش لە ناوچە کوردییەکاندا خولی زمانی کوردی وەک زمانی هەڵبژێردراو دەخەنە بەردەست. بڵاڤۆکی کوردی، وەک ئاڤێستا لە ئیستانبوڵ سەریان هەڵداوە و وێستگەیەکی تەلەفزیۆنیی دەوڵەتیی ٧ کاتژمێرەیش بەناوی تی ئار تی کوردی هەیە. ئەگەرچی، سیاسەتی توندکردنەوەی تورکیە لەدوای کوودەتاوە، زمانی کوردیی کردووەتە ئامانج و خوێندنگا تایبەتە کوردییەکان داخران. تا ئەمڕۆیش، زمانی کوردی لە تورکیەدا وەک زمانێکی دووچار کەمینە ماوەتەوە کە هیچ پێگەیەکی فەرمی، مافی پەروەردەیی، یان هیچ چەشنە بڕەوپێدان و پشتگیرییەکی دەوڵەتیی نییە (Zeydanlioglu,2012; Arslan, 2015).

لە ئێراندا و لەماوەی ژیانی کورتی کۆماری خۆبەڕێوەبەری کوردستاندا (لە ژانویە تا دێسامبری١٩٤٦) کوردی زمانی فەرمیی کۆمارەکە بوو و زمان و وێژەی کوردی بە باشی مامەڵەی لەگەڵ کرا و بەڕاستی ئازادیی زمانیی هەبوو و بڕەوی پێ درا. لە ڕووخانی کۆمارەوە تا ساڵی شۆڕشی ئیسلامیی ١٩٧٩ [لە ئێراندا]، دەربڕینی شوناسی کوردی بە توندی بەری پێ دەگیرا. (Sheyholislami, 2019) لە شۆڕشی ئیسلامیی ١٩٧٩ەوە زمانی کوردی دەکەوێتە دۆخێکەوە کە شێخولئیسلامی(٢٠١٢) بە "لەگەڵداهەڵکردنی بەرتەسک و دەستبەسەرداگیراو" ناوی دەبات. لە ١٤ی جوولای ٢٠٢٠ دا، مامۆستایەکی زمانی کوردی لەلایەن دادگەی شۆڕشی ئیسلامییەوە بە تاوانی فێرکردنی زمانی دایکی دە ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێندرا. ( Khezri 2020) تا ئەمڕۆیش، زمانی کوردی پێگەیەکی فەرمیی نییە و هیچ بڕەوپێدان و پشتگیرییەکی دەوڵەتییشی نییە. تەنانەت قانوونی بنگەهیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، زمانەکانی جیا لە فارسی لە ئێراندا، بە چەمکە کۆلۆنیالیستییەکانی وەک "زمانی ناوچەیی و هۆزی" ناو دەبات(هەمان). بەڕای زۆربەی لێکۆڵەرانی ئەم بوارە وەک جیم کوومینز، تاڤ سکووتناب کانگاس و شێخولئیسلامی، زمانی کوردی لە ئێراندا لە مەترسیدایە، لەبەر ئەوەی بەتایبەتی لە سەرەتاکانی پەروەردەدا ئامرازی فێرکردن نییە. (see: Kalan 2016, Sheyholislami 2012)ئەمڕۆکە، زمانی کوردی هێشتا لەژێر مەترسیی تواندنەوە و سیاسەتی نەرمی زمانکوژی لەناو سیستەمی پەروەردەی ئێراندایە (see: Soleimani & Mohammadpour, 2019). تا دەیە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم، کورد لە عێراقدا تەنیا دە ساڵ ئازادیی زمانی و مافە ئەرێنییە زمانییەکانیان ئەزموون کرد، ئەوی تر هەمووی بڕگەبڕگە بووە. ئەمە دوو ساڵ تەمەنی پاشایەتیی کوردستان بە پێشڕەویی شێخ مەحموود بەرزنجی(١٩٥٦ - ١٨٨٧)، کە لە ١٩٢٢ ەوە تا ١٩٢٤ ی خایاند و قۆناغی دامەزراندنی کۆماری عێراق بە تایبەتی لە ١٩٧٠ تا ١٩٧٧ لەخۆ دەگرێت.(Sallih, 2019, p.40) جیاواز لە پرسی بە فەرمی ناسین،

عێراقی ژێردەسەڵاتی بەعس سیاسەتێکی درێژخایەنی بەعەرەبکردن و پاکتاوی ئێتنیکیی کوردی گرتە بەر. سیاسەتی نەرمی زمانکوژی لەکۆتاییدا بە زنجیرە هەڵمەتی ئەنفال لە کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٨٠ دا وەک کۆمەڵکوژیی جەستەیی تەقییەوە.(Hassanpou, 1992pp 119-125, Salih, 2019) هەرجۆرێک بێت، لە ساڵی ١٩٩٢دا، دانانی ناوچەیەکی تەناهیی کەم یان زۆر خۆبەڕێوەبەر لە کوردستانی سەر بە عێراقدا، سەرەتا هەلێکی زۆر باش بوو بۆ چالاکییە وێژەییەکان، کە بەچڕی سەرنجی خستبووە سەر پرسە زمانەوانی، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان. هەر لەو ساڵەدا، کوردی لە کوردستانی سەر بە عێراقدا بوو بە زمانی فەرمی. لە ساڵی ٢٠٠٥دا، زمانی کوردی لە قانوونی بنگەهیی عێراقدا بە ڕوونی وەک یەکێک لە زمانە فەرمییەکان دانی پێدا نرا. ئەگەرچی لە کوردستانی هەڵکەوتوو لە باکووری عێراقدا زمانی کوردی بە باشی بڕەوی پێ دەدرێت و پشتگیری دەکرێت، بەڵام دانپێدانان بە زمانی کوردیدا، لە قانوونی بنگەهیی ٢٠٠٥، لە ئاستی فیدراڵدا زۆرتر هێماییە تا ئەوەی کردەیی بێت.(Sheyholismali, 2019, p.106)

بەکارهێنانی زمانی کوردی بە هەموو چەشنێک لە سەرەتای دامەزرانی کۆماری عەرەبیی سووریە لە ١٩٤٦ەوە قەدەغە بوو و تەنانەت دوای دامەزرانی حیزبی بەعس لە ساڵی ١٩٦٣ دا زۆرتریش قەدەغە کرا. پەروەردە بە زمانی دایک هیچکات لە هیچ حکوومەتێکی سووریەدا دانی پێدا نەنرا.(Hassanpour, Skutnabb-Kangas & Chyet, 1996) زمانی کوردی لە دەوڵەتی ئەسەددا بەرەورووی هەردوو جۆری زمانکوژیی نەرم و زبر دەبێتەوە. بەدوای بەهاری عەرەبیدا، کورد دەستیان بەسەر زۆربەی ناوچە کوردییەکاندا گرت، کە ئێستا زمانی کوردی لەناویاندا ئامرازی پەروەردە، پەیوەندیگرتن و ڕاگەیاندنە. لە ٢٠١٦دا، زانستگای ڕۆژئاوا لە قامیشلی دامەزرا. زانستگاکە بەرنامەی خوێندن بۆ پەروەردەی خوێندنگەی سەرەتایی و زمان و وێژەی کوردی دەخاتە بەردەست. لەئێستادا، کوردی لە هەموو خوێندنگەکانی ناوچە کوردییەکاندا فێر دەکرێت. ژمارەی مامۆستاکانی زمانی کوردی لە جزیرە ١٣٢٥ کەس، لە عەفرین ٩٣٠ کەس و لە کۆبانی ٤٠٠ کەس دەخەمڵێندرێت .[5]لەگەڵ ئەوەیشدا بۆ بەکوردیکردنی سیستەمی پەروەردە، گرفتی نەبوونی سەرچاوەی ماڵی، کتێبی دەق و ئامرازی فێرکاری، مامۆستا و بەرنامەی ڕاهێنانی مامۆستا و دۆخی بەردەوامی شەڕە ناوخۆیی و دەرەکییەکان و ناڕوونیی داهاتوو هەیە. ئەوەی لێرەدا لەسەر پێگەی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا دەتوانین باسی بکەین ئەوەیە کە زمانی کوردی هەرکاتێک کە دەوڵەت بڕەوی پێ داوە و پشتی گرتووە دۆخی باشتر بووە.

لە عێراق و لە ساڵی ١٩٩٢دا، دامەزرانی ناوچەیەکی سەربەخۆ لە کوردستانی سەر بە عێراقدا، ڕووخانی ڕێژیمی سەدام حسێن لە ٢٠٠٣دا و یەکخستنی پارێزگاکان لەژێر ناوی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا، هەلێکی زۆر گەورە بوو بۆ چالاکییەکان لە بواری زمان و فەرهەنگی کوردیدا. لە ئێراندا، زمانی کوردی بەهۆی پشتگیریی کۆماری تەمەنکورتی کوردستان لە١٩٤٦دا گەشایەوە. دوای ڕووخانی کۆمارەکە، پێگەی زمانی کوردی کز بوو. لەم دواییەنەدا و لە ٢٠١٢ وە، دامەزرانی ڕۆژئاوا بوو بە هەلێکی باش بۆ چالاکی لە بواری زمانی کوردی لە سووریەدا. پێڤاژۆیەکی هاوچەشن لە کۆمەڵە

کوردییەکانی دیاسپۆرا لە ئورووپا و دەوڵەتە یەکگرتووەکانیشدا بەرچاو دەکەوێت. کۆمەڵە کوردییەکانی دیاسپۆرا لە کۆمەڵەکانی سکاندیناویدا، ڕۆڵێکی سەرەکییان لە بەپێوەرکردن و نۆژەنکردنەوەی کرمانجیدا هەبوو. کۆمەڵە کوردییەکە کەڵکی لە پشتگیریی بەرچاوی وڵاتانی ئورووپی، بەتایبەت وڵاتی سوید وەرگرت. بەگشتی، وڵاتانی ئورووپی و ئەمریکای باکوور هەڵسوکەوتی جیاوازیان بووە لەگەڵ زمانی کوردیدا.

## زمانی کوردی لە دیاسپۆرادا

وەک ئاکامی مێژوویەکی کەڵەکەبوو لە زمانکوژی، هەڵاواردن و جۆرەکانی تری ڕەتکردنەوە و تواندنەوەی سیستەماتیکی حکوومەتە ناوەندییەکانی ناوچەکە، کورد پەنای بۆ زۆرێک لە وڵاتانی دنیا بردووە، بەو هیوایەی بتوانێت بەبێ ترس لە بەدواداچوون، بەندکران و تەنانەت کوشتن، فەرهەنگی خۆی بەرێوە ببات و بە زمانی دایکیی خۆی بدوێت (Arpacik 2019, p.44).

(کۆمەڵە دیاسپۆراییەکانی ئورووپا، کە لە دەیەی ١٩٥٠ دا و لە فەڕانسەوە دەستی پێ کرد و وڵاتانی تری ئورووپای بەتایبەت لە سکاندیناوی) بەدوادا هات، زۆرترین پێشوازییان لە زمانی کوردی کردووە. لەناو هەموو زاراوەکانی زمانی کوردیدا، کرمانجی زۆرترین پشتگری بووە.

وڵاتە ئورووپییەکان هەڵسوکەوتی جیاوازیان لەگەڵ زمانی کوردیدا کردووە. کەمینەیەک لە خوێندکارانی تا پۆلی ١٢ لە هێندێک لەم وڵاتانەدا مافی ئەوەیان بووە کە یەک یان چەند کاتژمێرێک بە زمانی خۆماڵیی خۆیان بخرێنە بەر خوێندن. بەهەرجۆر بێت، لە هێندێک لەم وڵاتانەدا بوودجەکە دەبڕدرێن و پاشەڕۆییی دژ بە فرەفەرهەنگی کۆتایی بەم بەرنامەگەلە هێناوە و هەرەشە لەو بەرنامانەیش دەکات کە ماونەتەوە. هەروەها، چەندین وڵاتی ئورووپایی خواستی بەهێزی خۆیان بۆ ڕاگرتنی دڵی دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین پیشان داوە کە تێچووەکەی کەوتووەتە سەر کوردی دیاسپۆرا. هەر بەوجۆرەی کە کوردانی ڕۆژهەڵاتی ناوین، لەناو ئەو وڵاتانەی کە تێیدا هەڵکەوتوون، وەک خەڵکی وڵاتی سەرچاوەیان ئاماژەیان پێ دەکرێت.(Hassanpou, Skutnabb-Kangas & Chyet, 1996) هەرچەند زۆرینەی کوردانی ئورووپا لە ئاڵمان دەژین، پێگەی زمانی کوردی لەوێیش بەرچاو نییە و تەنیا چەند خولێکی بەکۆمەڵی زمانی کوردی لە Freie universitat لە بێرلین هەیە. لە کانادادا، پەروەردە لەژێر چاودێریی حکوومەتی پارێزگاکاندایە و پارمەتییەکان زۆربەی کات تەرخان دەکرێن بۆ ڕاهێنانی "زمانی میرات" و کۆن بۆماوەی چەند کاتژمێر لە هەفتەدا. پۆلی زمانی کوردی بۆ خوێندکاری تا قۆناغی ١٢، بەجیا بۆ کۆتایی هەفتەکان تەرخان کراوە. زۆرێک لەم بەرنامانە مەترسیی بڕینی یارمەتییان لەسەر هەیە یان لانیکەم پێویستیان بە ناونووسینە. بۆ وێنە، کۆمەڵی کوردی کە بە وڵاتێکی بەریندا بڵاو بوونەتەوە، ناتوانن لانیکەم ٢٥ خوێندکاری پێویستی داواکراو بۆ پارێزگای ئۆنتاریۆ دابین بکەن بۆ ئەوەی داوا لە

حکوومەت بکرێت حەفتانە ٥/٢ کاتژمێر فێرکاریی زمانەکەیانیان بۆ دابین بکات.(Ibid)

پێگەی زمانی کوردی لە سویددا ئاوارتەیە. پۆلی زمانی کوردی بۆ خوێندکاری تا پۆلی ١٢ بەشێک لە بەرنامەی وانەی خوێندنگایە کە جیاوازە لەوەی تەنیا زمانێکی بەکۆمەڵ بێت یان تەنیا لە کۆتاییی هەفتەدا بێت. بۆیە ئەم پۆلانە لەچاوی خوێندکارەکاندا ڕەوایی و دانپێدانانی زۆرتری هەیە، چونکا بەشێک لە بەرنامەی خوێندنگایە و لە هەر ئەو ژینگەیەی خوێندنگادا و وەک بابەتەکانی تر فێر دەکرێت. دەبێ ئەوەیش زیاد بکەین، کە زمانی دایکیی منداڵانی خوێندنگە کوردییەکان، لەم خوێندنگایانەدا دەنووسرێتەوە و بەمەرجێک بیانەوێت لەبەرانبەر ئەوەی بەزۆر شوناسی عەرەبی، ئێرانی و تورکییان بدەنێ، دەتوانن خۆیان بە کورد بناسێنن .(Ibid) پێگەی زمانی کوردی لە سوید لە قۆناغی دواناوەندیشدا هەر ئاوارتەیە. بۆوێنە، زانستگای ئۆپسالا، نەک هەر خولی زمان و وێژەی کوردیی داناوە، بەڵکوو کوردیی وەک مژاری چەندین خولی تریش دیاری کردووە و چەند پۆلێکیش هەن کە بەشێکیان بە زمانی کوردی وانە دەوترێت. هەروەها بەرنامەی خوێندنەوە کوردییەکانیش لە ڕاهێنانی لێکۆڵەری تایبەتکار لە بواری زمان و فەرهەنگی کوردیدا یارمەتی دەدات. چەندین نووسینگەی حکوومەتی یارمەتیی بڵاوکردنەوەی نزیک بە دوازدە کتێبیان کردووە. زۆرێک لە کتێبخانەکان کۆکراوەی کتێب و چەن گۆڤارێک بە زمانی کوردییان هەیە. تەنانەت خاوەن ژمارەیەکی بەرچاو لە چیرۆکی منداڵانن کە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی. ناوەندی پەرەسەندنی نێونەتەوەیی سویدی یارمەتیی بڵاوکردنەوەی ئەم چیرۆکی منداڵانەی داوە بۆ ئەوەی لە کوردستانی سەر بە عێراقدا بەکار ببرێن. بڕێک یارمەتیش دابین کرا بۆ دووبلەی ڤیدیۆی کارتۆنی منداڵان .(Ibid)بە ئەم یارمەتییە کەمەی حکوومەتی سویدەوە، ئەو وڵاتە وەک ناوەندێکی چالاکی فێرکردن و فێربوونی زمانی کوردی، بڵاوکراوەی کوردی و چالاکیی فەرهەنگی دەرکەوتووە. ئەمجۆرە لە پشتگیری سنوورە بەربەستەکانی بڕەوپێدانی کوردیی کرمانجیی لە تورکیە و سووریەی لاداوە و بووە بەهۆی بەپێوەربوون و نۆژەنبوونەوەی ئەو زمانە

(Kreyenbroek 2005) پێگەی زمانی کوردی لە سویددا، پێشان دەدات کە زمانێک تەنانەت لە دیاسپۆرادا کاتێک کە مافە ئەرێنییە زمانییەکان، بڕەوپێدان و پشتگیری لە وڵاتی پێشواز وەردەگرێت، دەتوانێت بەباشی پەرە بسێنێت. لەلایەکی ترەوە، پێگەی زمانی کوردی لە زۆرێک لە وڵاتانی تری ڕۆژئاوادا پێشان دەدات، کە تەنیا هەڵکردنی (Tolerance) بەبێ بڕەودان و پشتگیری، بۆ پەرەسەندن و مانەوەی پێگەی زمانێکی بێدەوڵەت بەس نییە.

کورد و زمانی کوردی لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا

## کورد لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا

لە دوا چارەکی سەدەی بیستەمەوە، دەوڵەتە یەکگرتووەکان پێنج شەپۆلی کۆچی کوردانی بەخۆیە دیوە. یەکەم شەپۆل لە ١٩٧٦ - ١٩٧٧ دا و بەدوای هەرەسی شۆڕشی کورد لە عێراقدا گەیشت، کاتێک کە شای ئێران و دەوڵەتە یەکگرتووەکان

دەستیان لە پشتیوانیی شۆڕشگێڕە کوردەکان هەڵگرت و هیچ پشتیوانێکی تریان نەبوو. لەئاکامدا، بە هەزاران خەڵکی کورد بۆ ڕاکردن لە کارەسات، بە لێشاو هەڵهاتن و هێندێکیان لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا گیرسانە. زۆرینەی نزیک بە تەواوی ئەم کوردانەی ناو عێراق لە تێنێسی، تێگزاس، کالیفۆڕنیا، واشنگتن دی سی و داکۆتا جێگیر بوون .(karimi, 2010) دووهەم شەپولی کۆچکردن لە ١٩٧٩ دا و لە کاتێکدا بوو کە شۆڕشی ئێران ڕووی دا. زۆرینەی کوردانی ناو ئێران بەرەوڕووی ڕێژیمی تیۆکراتیکی کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا بوونەوە. لە ٢٠ی ئاگۆستی ١٩٧٩دا، ئایەتوڵڵا خومەینی فەتوای سەرکوتێکی هۆڤانەی خەڵکی کوردی ناو ئێرانی دەرکرد. هاوکات شەپۆلی کوشتوبڕ و بۆمبارانی شارەکانی کوردستان دەستی پێ کرد .[6]لە ئاکامدا، زۆرێک لە کوردەکانی ناو ئێران ئاوارە بوون و هێندێکیان لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا گیرسانەوە. نزیکەی تەواوی ئەم کۆچبەرانە لە لۆس ئانجلێس و کالیفۆرنیا جێگیر بوون. سێهەمین و گەورەترین شەپۆل بەجێماوانی هەڵمەتی کۆمەڵکوژیی ناسراو بە ئەنفال بوون کە سەدام حسێن بۆ بنبڕکردنی کورد لە باکووری عێراقدا دەستی پێ کرد. ئەم هەڵمەتە لە ساڵی ١٩٨٨دا و بە بۆمبارانی کیمیاییی شاری کوردیی هەڵەبجە گەیشتە لووتکە. بەگوێرەی چاودێری مافی مرۆڤ(١٩٩٣)، ٥٠٠٠٠ تا ١٠٠٠٠٠ کورد لەم هەڵمەتەدا کوژران. هێندێک لە کاربەدەستانی کورد بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەم ژمارەیە تا ١٨٢٠٠٠ کەس دەگات .[8]هەزاران کورد لە پێناو دۆزینەوەی پەناگەیەکدا سنووریان بڕی. لەنێوان ساڵەکانی١٩٩٢ - ١٩٩١ دا نزیکەی ٩٠٠٠ کەس لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا جێگیر بوون. شەپۆلی چوارەم لەنێوان ساڵەکانی ٩٨ - ١٩٩٦ دا ڕووی دا، زۆرینەی ئەم شەپۆلەو وەرگێڕانە بوون کە لەگەڵ سوپای دەوڵەتە یەکگرتووەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا کاریان دەکرد و دواتر بەهۆی پەیوەندییان لەگەڵ سوپای دەوڵەتە یەکگرتووەکان و پشتگیریی ئاژانسەکانی وڵاتانی تری ڕۆژئاواوە، ژیانیان لەلایەن سەدام حسەینەوە کەوتبووە مەترسییە. نزیک بە ٦٠٠٠ کورد لەسنووری تورکیەدا و بە ڕێگای ئاسمانی ڕاگوێزران بۆ گوام بۆ ئەوەی پێداچوونەوە بە پەنابەرییەکەیان بکرێتەوە و دوای چەند مانگێک گەیشتنە وڵاتی سەرەکی.(Talmadge, 1997; Pedigo, 2009) ئەم تاقمە بە زۆری لە تێنێسی و ڤیرجینیا جێگیر بوون. پێنجەمین و دوایین شەپۆلی کۆچ بۆ دەوڵەتە یەکگرتووەکان، بەدوای کۆمەڵکوژیی دەوڵەتی ئیسلامی(داعش) بەدژی کوردانی کرمانج-ئاخێوی ئێزیدی ڕووی دا. نزیکەی ٣٠٠٠ کەس لەوان لە نێبراسکا جێگیر بوون.

## پێگەی زمانی کوردی لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا

میسیۆنێرە مەسیحییەکان یەکەم تاقمی ناو ئەمریکییەکان بوون کە سەرنجیان بۆلای زمانی کوردی ڕاکێشرا و ئەم زمانەیان خوێندەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ مەسیحییە خۆجێییە کوردەکانی هەرێمەکەدا پەیوەندی دروست بکەن، ئینجیل وەرگێڕنەوە و بیگەیەننە دەستی کوردەکان. لە ١٨٥٦دا، بەشێک لە ئینجیل وەرگێڕدرایە سەر کرمانجی .(Bagster, 1848, p.69)لەو کاتەوە، خوێندنەوەکانی ئینجیل بە کوردی بەردەوام بووە و لەلایەن میسیۆنێرە ئەمریکییەکانی وەک "ساموێل ڕیپا" و "ئێل فۆسم"ەوە ڕێوشوێنی بۆ دیاری کراوە، چونکە ئەمانە هەڵوەدای ئەوە بوون کە پەرە بە کتێب و وشەنامەی کوردی بدەن. لە

١٨٦٩دا، ڕیبا، میسیۆنێری A.B.C.F.M لە کوردستاندا، "ڕێزمان و وشەنامەی کورتی زمانی کوردی"ی (a brief grammar and vocabulary of the Kurdish language) خستە بەردەستی کۆمەڵگای ئەمریکیی ڕۆژهەڵات. لە ١٩١٩دا، فۆسم "ڕێزمانی کردەییی زمانی کوردی"ی (a practical Kurdish grammar) نووسی، کە کۆمەڵێک ڕێنوێنیی گشتگیری ڕێزمانیی، وێنەی شیعر و چیرۆکی کورت، تاقیکردنەوەی وەرگێڕانێکی ئینجیل بۆ سەر زمانی کوردی و وشەنامەیەکی لەخۆ دەگرت. لە ١٩٥٨دا، ئێرنێست مەک کارۆس "ڕێزمانی کوردی"ی (A Kurdish grammar) بڵاو کردەوە. لە ١٩٦٧دا، زانستگای میشیگان پێنج بەرگی لە وتار، ڕۆژنامە، ڕێزمان، چیرۆکی کورت، فەرهەنگێکی کوردیی عەبدوڵڵا و مەک کارۆس بڵاو کردەوە. هەر لە ١٩٦٧دا، مارگارێت کان، تێزی دۆکتۆراکەی لەسەر زمانناسیی کوردی لە زانستگای میشیگاندا نووسی.(Kahn, 1976;Gunter, 2018) لە دەستپێکی سەدەی بیست و یەکەمەوە ، هێندێک چالاکی لەسەر زمانی کوردی و بەزۆری لە بواری بڵاوکردنەوەدا بووە (see:Thackston undated; Chyet 2002; Ekici 2009; Khezri 2022).

ئەم چالاکییانە لە بواری بڵاوکردنەوەدا بەدوایاندا کۆمەڵێک دەستپێشخەری لەبواری فێرکردنی زمانی کوردی لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا هاتووە، بەگشتی لە بواری ئاخافتندا، دوو جۆر پۆلی زمانی کوردی لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا هەیە: ئەو پۆلانەی لە ناو کۆمەڵەکاندا و وەک کاری خێرخوازانە (بێدەسکەوتی مادی) دانراون و ئەو پۆلانەی لەلایەن دابینکارییە فیدراڵەکان و دامەزراوەکانی خوێندنی باڵاوە پێشنیار و پشتگیری کراون. وێنەیەکی تاقمی یەکەم خولێکی کۆمەڵ- تەوەر لە "سان دییێگۆ"دایە کە لە سەرەتاکانی ٢٠٠٠ەکاندا بۆ ماوەی دوو ساڵ بەردەوام بوو (Sheyholislami & Sharifi, 2016, p.88) ئەم پۆلانە لە شەوان یان کۆتاییی هەفتەکاندا لەبەردەستدان، بە زۆری وەک پۆلی کوردیی بێ-کرێدیتن و یارمەتی لە حکوومەتی فیدراڵ و دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا وەرناگرن. هەر لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم جۆرە پۆلانەدا، دەبێت بوترێت کە چ لە ماوەی ساڵی خوێندندا و چ وەک وۆرکشۆپی هاوینەی زمان، زمانی کوردی لە هێندێک لە دامەزراوەکان و زانستگاکان لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا فێر کراوە. بەگوێرەی ناوەندی توێژینەوەی پێشکەوتوو لەسەر فێربوونی زمان(CARLA)[9]، لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا سێ بەرنامەی زمانی کوردی بۆ قۆناغی دوا ناوەندی هەبووە: زانستگای کالیفۆرنیا، لۆس ئانجلیس(UCLA)، دامەزراوەی زمانی بەرگری(DLI)، لە مۆنتێری سی ئەی و زانکۆی دەوڵەتی کۆمەڵی لە نەشڤیل. لە ٢٠٠٦دا، زانستگای هیندیی بلوومینگتۆن(IUB)، بوو بە یەکەمین زانستگا لە باکووری ئەمریکادا کە پۆلی زمانی کرمانجی دەخاتە بەردەست. لە ٢٠٢١دا، زانستگای فلۆریدای ناوەندی دوایین زانستگا بوو کە خولی زمانی کوردیی سۆرانی دەخاتە بەردەست. بەگشتی، ئەمانە و بەرنامە هاوشێوەکانی تر، زۆرتر بەهۆی دابیننەکردن و ناونووسینی کەمەوە ئێستا لەبەردەستدا نین.

هاوکات لەگەڵ ئەوەی دیاسپۆرای کوردی بۆ پێگەیەک بۆ زمانەکەی خۆی لەناو ئەو کۆمەڵگایەدا دەگەڕێت کە لە پێشدا

سیستەمی پەروەردەی خۆی هەبووە، ئاریشە و ئاستەنگی نوێیش ئەزموون دەکەن، کە تایبەتە بە زمانی بێدەوڵەت، کە ئەمە سەرەڕای ئەو ئاریشە تایبەتانە بووە کە لە وڵاتی خۆیاندا بۆ چەندین سەدە ئەزموونیان کردووە. دەقێکی پێشڕەو کە ڕێگای خۆش کرد بۆ ئەوەی یەکتربڕین بە چەمک بکرێت و بناسرێت، خۆژیاننامەی ماری چێرچ تێرێل بوو لەژێر ناوی "ژنێکی ڕەنگین پێست لە جیهانێکی سپیدا (a colored woman in a white world)" لە ساڵی ١٩٤٨دا. یەکەم هێڵەکانی ئاوایە "ئەمە چیرۆکی ژنێکی ڕەنگین پێستە لە جیهانێکی سپی پێستدا. ڕەنگە ئەمە وەک چیرۆکی نووسراوی ژنێکی سپی پێست نەبێت. ژنێکی سپی تەنیا یەک گرفتی هەیە کە بەسەریدا زاڵ ببێت- گرفتی ڕەگەز. من دوانم هەیە، هەم ڕەگەز و هەم تۆرەمە. من سەر بەو تاقە تاقمەم لەم وڵاتەدا، کە دوو ئاستەنگی وەها گەورەی لە ڕێدان کە بەسەریاندا زاڵ ببێت. پیاوە ڕەنگین پێستەکان تەنیا یەکیان هەیە- ئەوەی تۆرەمە .(Terrell, 2005, p.29)"تێرێل بە لەبەرچاوگرتنی مافە تایبەتەکانی پیاوی سپی، خۆی لەگەڵ هەردوو ژنی سپی و پیاوی ڕەشدا هەڵدەسەنگێنێت. ئەو باس لەوە دەکات کە "دوو ئاستەنگی وەها گەورە" دۆخی "جووت-نوقسانی"ی (double-handicap) تۆرەمە و ڕەگەز دروست دەکات. (p.29)لە ١٩٧٠ دا، فرانسیس بیال بە پەرەپێدانی چەمکی "جووت - نوقسانی"ی تێرێل، باسەکەی بەرەو ئەوە دەبات کە ژنی ڕەش لە جۆرێک لە دۆخی "جووت - مەترسی"دا (double jeopardy) چەقیوە کە لە یەک کاتدا ژنە و ڕەشە. ئەو "ژنی ڕەش لە ئەمریکادا... وەک کۆیلەی کۆیلە" دەنوێنێت. (Beale, 1995, p..148)لە کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٨٠دا، دیبۆرا کینگ بە چەمکی جووت مەترسیی بیال و مەترسیی سیانەی "بێڤێرلی لیندسەی"دا دەچێتەوە، کە ڕوونتر پێ لەسەر چینە کۆمەڵایەتییەکان دادەگرێت. کینگ باسی ئەوە دەکات کە ئەم چوارچێوەگەلە دەکەونە داوی "ڕێبازێکی ڕوو لە گەشە" (additive approach) کە "ئەو ڕاستییە لەبەر چاو ناگرێت کە تۆرەمەخوازی(ڕاسیزم)، ڕەگەزخوازی(سێکسیزم) و چینخوازی( کلاسیسیزم) سێ سیستەمی ڕاگرتنی سەربەخۆ دادەمەزرێنن"، هێندێک شت هەن زۆرتر لە چەمکگەلی وەک "چەند مەترسی"دا (Multiple jeopardy) باشتر ڕەنگ دەدەنەوە. ئەو دەڵێت "چەند مەترسی"، "تەنیا هەڵناگەڕێتەوە بۆ چەندین سەرکوتی هاوکات، بەڵکوو پەیوەندیی یەک بە یەکیشیان لەگەڵ یەکتردا دەردەخات" (p.471987 )

هاوچەشنی ئەزموونی ژنانی ڕەش، وێنەی زمانی کوردیش ڕەنگە وەک وێنەی زمانە کەمتر فێرکراوەکان نەبێت کە خاوەن مافی تایبەتی خاوەن دەوڵەتبوونن. چەندین نوقسان و توێژ لە بێمافی بوونیان هەیە کە لە بابەتی زمانی بێدەوڵەتی کوردی لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا کەڵەکە دەبن. بەزۆری، پرسی کورد لە سەرەتادا بە چاویلکەی سیاسی، مێژوویی و لەم دواییانەیشدا خوێندنەوە جێندەرییەکانەوە لێی نزیک بوونەتەوە. ئەم بەناوەندبوونی سیاسەت و مێژووە، زمان و وێژەی خستووەتە پەراوێزەوە. هەموو کەس دەتوانێت سەدان سەرچاوەی ئاکادێمی لەسەر سیاسەت و مێژووی کورد بدۆزێتەوە بەڵام لە دۆزینەوەی ئەو ژمارە کەمەی سەرچاوەگەلی پەیوەندیدار بە زمان و وێژەی کوردیدا تووشی کێشە دەبێت.[10] تەنانەت ئامرازە سنووردارەکانی فێرکردنی زمانی کوردی، کێماسیی جۆراوجۆریان هەیە. یەکێک لە مامۆستا بەئەزموونەکانی زمانی

کوردی کە لە دە ساڵی دواییدا لە دامەزراوە جیاجیاکانی دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا وانەی وتووەتەوە دەڵێت:" لە کاتێکدا کتێبە ڕێزمانە ماوەبەسەرچووەکان ئامانجی سەرەکیی ئەو زمانناسانەیە کە هۆگری زمانناسیی هەڵسەنگاندن و شیکاریی ڕێزمانی و زمانناسانەی زمانی کوردی و ئێتنۆگرافین، کتێبە دەقە نوێکانیش بەدەست گرفتی جیاجیاوە دەناڵێنن، کە بەرچاوترینیان بریتین لە بوار و پێکەوەگرێدراویی مژارە ڕێزمانییەکان و هەروەها باوبوونی مژارە فەرهەنگییەکان و وشە پەیوەندیدارەکانی" .(Ekici, 2018) بێدەوڵەتبوون، زمانی کوردیی لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا تووشی گرفتگەلێک کردووە کە لە وڵاتی خۆیشیاندا بەرەورووی دەبوونەوە؛ وەک جیاوازیی نێوان زاراوەکان و ئاستی دیاریکراوی بەپێوەربوون و نۆژەنکردنەوە، ڕێنووسێک کە بەکاری دەبەن و لەبەردەستبوونی فێرکاریی زمان و ئامراز و تێکنۆلۆژیی فێرکاریی شیاو، کە ئەمانە لەگەڵ زۆرێک بابەتی تردا ئەو ئاستەنگانە بوون کە لە وڵاتی خۆیان و لە دیاسپۆرایش بەرەورووی فێرکاریی زمانی کوردی بوونەتەوە. پەرەسەندنی تێکنۆلۆژی لەلایەکەوە بەسەر ئەم ئاستەنگانەدا زاڵ بووە و لەلایەکی ترەوە ئاستەنگی نوێی دروست کردووە. خوێندکارێکی زمانی ئینگلیسی چۆن دەبێت کاتێک کە بۆ پەیوەندیگرتن و نووسین بە زمانی ئینگلیسی کەڵک لە تەختەکلیلی فەڕانسی وەربگرێت؟ هەتا ئەمڕۆژە و بەهۆی کەمبوونی تێکنۆلۆژیی شیاوەوە، زۆربەی خوێندکارانی زمانی کوردی، پێویستیان بە تەختەکلیلی عەرەبی و فارسی و تورکی هەیە.

دەبێت ئەوەیش زیاد بکەین کە، تایبەتمەندیی زەقی کۆمەڵی کوردی لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا، کاریگەریی لەسەر پێگەی فێرکردنی زمانی کوردی هەبووە. کۆمەڵی کوردی لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا نەک هەر لەباری دانیشتووانەوە بچووکە، بەڵکوو هۆکارە پاڵنەرەکانی بوونیشیان لەناو ئەو وڵاتەدا، دوورە لە بەدواداچوونی خەونی ئەمریکی. ئەم پەنابەرە کوردانە بەزۆری بەجێماوی توندوتیژی، سڕینەوەی ئێتنیکی، هەڵمەتە کۆمەڵکوژی و شیمیاییەکانی حکوومەتە ناوەندییەکانی هەرێمەکەن. لەناو دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا، یەکەمین و گرینگترین سەرقاڵییان بەر لە دەستڕاگەیشتن بە بابەتە پەروەردەییەکان، هەمووی دەگەڕێنەوە سەر شوێنی مانەوە، کارکردن و باری ماڵی. لە ئاکامدا فێرکردنی/فێربوونی زمانی کوردی وەک بابەتێکی پلە دوو دەمێنێتەوە

(pitkänen, Kalekin-Fishman, & Verma, 2002 Bostwick, 2014) پێگەی زمانی کوردی لە دیاسپۆرای دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا، کاریگەریی لەم پێگە کۆمەڵایەتی - ئابووریيەی کورد لە ماڵی خۆیدا وەرگرتووە. پەنابەرە کوردەکان لە پێگەیەکی پەڕاوێزخران، بێمافی، بێبەشبوونی پەروەردەیی و ئابوورییەوە هاتوون، هەر بەو جۆرەی لەناوخۆدا لەلایەن حکوومەتە ناوەندییەکانی وڵاتانی سەرچاوەی خۆیانەوە بەکۆلۆنی کرابوون. تەنانەت هێندێک لە کوردەکان خۆیان بە کورد ناناسێنن. لەنێوان هۆکارگەلی زۆردا، یەکێکیان کە زۆر روونە پێگەی کۆمەڵایەتی-ئابووریی تاقمە زاڵەکانە.(Sheyholislami & Sharifi, 2016) بۆوێنە، ئەم پێگە کۆمەڵایەتی-ئابوورییەی کورد بە پێچەوانەی

ئەندامە مافپێدراوەکانی تری تاقمەکە، ئەوان بێبەش دەکات کە بتوانن بەشێوەیەکی بەرچاو یارمەتیی دامەزراندنی بەرنامەی بەردەوام و تەرخانکردنی کورسی بۆ زمان و وێژەی کوردی بدەن. بە پێچەوانەوە، کەسانی وەک بیتا دەریاباری، ئیلاهە ئومیدیار میرجەلالی و هەروا زۆرێکی تر لە ئەندامانی خاوەندەوڵەتی تاقمەکە، یارمەتیی بەرچاویان داوە بە دامەزراندن و تەرخانکردنی کورسی بۆ زمان و وێژەی فارسی، عەرەبی و تورکی. لەنێوان زۆر پرسی تردا، پرسی تۆرەمە، چینی کۆمەڵایەتی و پەروەردە، هاوچەشنی ئەوەی کورد لە وڵاتی خۆیاندا ئەزموونیان کرد، زۆر کاریگەریی لەسەر پێگەی زمانی کوردی لە کۆمەڵی دیاسپۆرادا هەبووە. ئەمڕۆکە زمانی بێدەوڵەتی کوردی لەنێوان زمانە کەمتر فێرکراوەکاندا دیسان "زمانێکی کەمتر فێرکراوە."

دۆخی یەکتربڕی زمانی بێدەوڵەتی کوردی، هەروەها ئاکامی سیستەمی دەسرۆیشتوویی حکوومەتداری و پەروەردەییی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆی حکوومەتە ناوەندییەکانی هەرێمەکە و دامەزراوە فەرمی و نیوەفەرمییەکانی ئەوان لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندایە. لەکۆتاییەکانی دەیەی ١٩٨٠دا، کۆمەڵێک تیۆریی سەرەتاییی یەکتربڕین، ئەو بیرۆکەیەیان پەرە پێدا کە سیستەمەکانی سەرکوت بەیەکەوە کار دەکەن بۆ ئەوەی زنجیرەیەک لە دۆخی کۆمەڵایەتی بخوڵقێنن کە ژنانی ڕەش و ژنانی ڕەنگەکانی تر، بەشێوەیەکی نەبینراو بەڵام وەک مەترسییەکی کۆمەڵایەتیی بەردەوام، لەناویدا بژین و کار بکەن. گرینشاو کاتێک لە دۆخی قانوونیی ئاڵۆزی ژنانی ڕەش هەڵکەوت، کە ئەوان وەک ژنێکی ڕەش هەڵاواردنیان ئەزموون دەکرد، لە کۆمەڵێک تیۆریی فێمینیستیی ڕەشەوە بە ئەم ئاکامە گەیشت. ئەوەی کە ئەو بە "یەکتربڕین" ناوی برد، کۆمەڵە نووسینێک لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو گرفتە کۆمەڵایەتییانەدا شەنوکەو دەکات کە ژنانی بیرمەندی ڕەش لەگەڵیدا دەستەویەخە بوون و بەشێوازی جۆراوجۆر و بۆماوەی نزیک بە سەدەیەک هەوڵیان داوە ناوێکی بۆ بدۆزنەوە. گرینشاو، لەدوای بیست و پێنج ساڵ لە بڵاوکردنەوەی دوو وتارە سەرەتاییەکەیەوە، بەردەوام بووە لە بەبرشتترکردنی شیکارییە یەکتربڕانەکەی. کووپر(٢٠١٥)، لەسەر بنەمای ئەو یارمەتییانەی گرینشاو بە [چەمکی] یەکتربڕین کردی، پێی وایە بۆ بڕەودان بە تێکەڵبوونی ژنانی ڕەش لە چەقی یەکتربڕیندا، پێویستە سیستەمە زاڵەکانی دەسەڵات بخرێنە بەر سەرنج و پارچەپارچە بکرێن. ئەو دەڵێت "ئەوەی دەبێت وەک خاڵی ناوەندی و لەپێش هەموو شتەوە دایبنێین، ئەوەیە کە یەکتربڕین لە پەیوەندی لەگەڵ دامەزراوە جێگیرەکاندا (دادوەری، ئاکادێمیک و کۆمەڵایەتی)، ئامانجێکی کۆتاییی هەیە، لەوەدا کە سیستەمە جێگیرەکانی دەسەڵات دەخاتە بەر سەرنج و لەیەکیان هەڵدەوەشێنێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە بڕەو بە تێکەڵبوونی ژنانی ڕەش و ژنانی ڕەنگی پێستی تر بدات و ئەو بوارە ناسیاریناسانانەیە بگۆڕێت کە لەناویاندا ئەم دامەزراوەگەلە مانادارە و لێیان تێدەگەین". ئەم باسە پێشان دەدات کە چۆن سیستەمە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئاکادێمیکەکانی دەسەڵات و سەرکوتی حکوومەتە ناوەندییەکانی هەرێمەکە بە یەکەوە و لەگەڵ دامەزراوە فەرمی و نیوەفەرمییەکانی دەوڵەتە یەکگرتووەکانیشدا کاریان دەکرد و زنجیرە هەلومەرجێکی وەهایان خولقاندووە کە لەژێر

سێبەریدا زمانی بێدەوڵەتی کوردی ژیاوە و کاری کردووە، هەموو کاتیش بەجۆرێک نەبینراو و بەڵام وەک مەترسییەکی بەردەوامیش بووە.

هیچکام لەو دامەزراوە فەرمی و نیوەفەرمییانەی لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا لەلایەن ئەم حکوومەتانەوە پشتگیری کراون، لە باڵیۆزخانەوە بگرە تا، کۆنسوول، ناوەندە فەرهەنگییەکان و دامەزراوە دینییەکان، هیچ هەنگاوێکی بەرچاویان بۆ برەودان بە زمان، ویژە و فەرهەنگی کوردی هەڵنەگرتووە. لەکاتێکدا، هەرئەم دامەزراوەگەلە بەتەواوەتی لە برەودان بە زمانی نەتەوەییی/زاڵی خۆیاندا چالاک بوون. سەیری وێنەی تورکیە بکەن: باڵوێزخانەی تورکیە لە واشینگتن دی سی، کۆنسوولیان لە نیۆیۆرک، لۆس ئانجلێس، شیکاگۆ، هوستۆن و بۆستۆن تەنیا برەو بە زمان و فەرهەنگی تورکی دەدەن. ناوەندە فەرهەنگییە تورکییەکانی نیۆیۆرک، نیووهەمپشایر، نیووجێرسی، پێنسیلڤانیا، ماساچووسێت، ماین، ڤێرمۆنت، کەنەتیکێت و کارۆلاینای باشوور وێنەی ئەو سەدان ڕێکخراوە فەرهەنگی و دینییانەی ترن کە تەنیا زمان، فەرهەنگ و ویژەی تورکی بلاو دەکەنەوە. ئەمانە هەروەها زۆربەیان ئەو ڕێکخراوە گشتییە پەروەردەییانەن کە کۆمەڵ-تەوەر، خێرخوازانە و ڕیزپەرکراو لە باجدانن و یارمەتی لە دەوڵەتی تورکیە و بەشی گشتی و تایبەت وەردەگرن. ئەم دامەزراوەگەلە چالاکیی جۆراوجۆری وەک شەوە فەرهەنگییەکان، پۆلی مۆسیقای تورکی، پۆلی وێنەکێشانی سەرئاوی تورکی، پۆلی چێشتلێنانی تورکی، پۆلی وێنەکێشان و پۆلی زمانی تورکی(و تەنانەت عوسمانی) ڕێک دەخەن (see for example Turkish cultural center in NYC).

تا ئەو جێگەی من ئاگادارم، هیچ یەک لەم ناوەندە فەرهەنگییانە تاقە جارێکیش خولێکی زمان یان فەرهەنگی کوردییان نەخستووەتە بەردەست. ئەمە سەرەڕای ئەو ڕاستییەیە کە زمانی کوردی دووهەم زمانی گەورەیە لە تورکیەدا، کە نزیکەی بیست لە سەدی دانیشتووانی ئەو وڵاتە بەو زمانە قسە دەکەن. لەسۆنگەی پێگە و زمانی شوناسە ژێردەستەکانەوە و لە بەرگریکردن لە چەندزمانە بوونێکی دەستەبژێر لە دەڵەتە یەکگرتووەکاندا، هەموو ئەم ناوەندە فەرهەنگییانە هاوکات لەگەڵ ئەوەی لە پشتگوێخستنی زمان و فەرهەنگی نەتەوە بێدەوڵەتە ژێردەستەکاندا، لە ناوخۆ و لە دیاسپۆرادا یارمەتیی پلەمەنیی (هیرارشی) دەسەڵات دەدەن، یارمەتیدەری سەرکوتی زمانە بێدەوڵەت و ژێردەستەکان و سڕینەوەی ئەزموونی ئەوانیشن لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا.

زۆربەی کات، نەک هەموو کات، لەم ناوەندە فەرهەنگییانەدا، فەرهەنگ، مۆسیقا، جوگرافیا و جۆری خواردنی فەرهەنگە ژێردەست و بێدەوڵەتەکان بەناوی سەردەستەکانەوە دەناسێنرێت و بەرهەم دەهێنرێتەوە. لەسەر ئەم پشتگوێخستنە ناڕاستەوخۆ و زمانکوژییە نەرمەی زمانی کوردی لە دیاسپۆرادا، حکوومەتە ناوەندییەکانی ناوچەکەیش لە هەزاران مایل ئەولاترەوە دوودڵ نین لەوەی بانگەشەی زمانکوشتنی زبری زمانی کوردی بکەن. تا ئەمڕۆیش، تورکیە شەڕی ئەوە دەکات

مێژوو بنووسێتەوە و ڕەدی دەکاتەوە کە کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکان و کوشتوبڕی درێرسیم لە سەدەکانی پێشوودا ڕوویان داوە. باڵوێزخانەکانی تورکیە لە ئورووپادا دژی پێگەی زمانی کوردین. "هەوڵدان بۆ پەروەردەی مامۆستای کوردی یان داوای کەمترین مافی پەیوەندیدار بە زمانی دایکەوە و یان تەنانەت ناونووس کردنی کوردی لە زۆربەی بۆنەکاندا لەلایەن باڵوێزخانەکانی تورکیە لە ئاڵمان و دانمارکدا بەرەوڕووی دژایەتی و هەڕەشە بوونەتەوە " (Skutnabb-kangas, 1984,pp.279-280; Hassanpour, Skutnabb-Kangas & chyet, 1996). لەمانگی ئاڤریلی ٢٠١٩دا، زانستگای تۆکیۆ لە ژاپۆن ڕایگەیاند کە لە بەرنامەیاندا پۆلی زمانی کوردییش دەگونجێنن. دواتر هەر لەو مانگەدا، ڤاکاس گۆلاک(Vakkas Golak)ڕاهێنەری زمانی کوردی لە زانستگای تۆکیۆ بانگەشەی ئەوەی کرد کە دەوڵەتی تورکیە هەوڵی داوە پۆلەکە لە زانستگاکەدا دابخات[11]. پێویستی بە وتن نییە کە ئێران، سووریە و عێراقیش لە دەرەوە هەر وەک ناوخۆ هەر ئەو ڕوانگەیەیان بەرانبەر بە زمانی کوردی هەبووە.

پێکهاتە حکوومەتی و پەروەردەییەکانی دەسەڵات و سەرکوت لە وڵاتانی ناوچە کە کوردیان بەسەردا دابەش بووە، نەک هەر لە بێبەشکردنی زمانی بێدەوڵەتی کوردی لە دەرەتانی بەرچاوکەوتندا پێکەوە تەنراون، بەڵکوو ئەم هەوڵەیان لەناو دامەزراوە فیدراڵەکان و دامەزراوەکانی پەروەردەی باڵایشدا دەدەن. دامەزراوەکانی فیدراڵی و پەروەردەی باڵا، بەشی خوێندنەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا و ئەنجومەنگەلی وەک؛

NCOLCTL ، MESA، ACTFL حەزی خۆیان بۆ پشتگیریی و پەرەپێدانی زمانی بێدەوڵەتی کوردی پێشان داوە. گرینگ نییە کوردێک هەڵدەبژێرێت کە چۆن لە سەرژمێریی دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا بناسرێت، ئەو لە پاسپۆرتەکەیدا وەک ئێرانی، عێراقی، تورکی و سووری دەستنیشان دەکرێت، لە سیستەمی زانستگایشدا هەر بەو جۆرەیە. نووسینگەی سەرژمێریی دەوڵەتە یەکگرتووەکان وڵامەکانی "عەرەب"، "عەرەبی"، "کورد" و "بەربەر"ی هەموو بە عەرەب ڕیزبەند کردووە.

(Sheiholislami & Sharifi, 2016)[12]حکوومەتی دەوڵەتە یەکگرتووەکان حکوومەتە ناوەندییەکانی لا گرینگترە لە نەتەوە و زمانە بێدەوڵەتەکان. بۆوێنە بڕوانینە یارمەتییە خوێندنییەکانی دەوڵەتە یەکگرتووەکان بۆ زمانە لە مەترسی کەوتووەکان. سەرەڕای ئەو ڕاستییەی کە کوردی لەناو لیستی زمانە لەمەترسی کەوتووەکانی دەوڵەتە یەکگرتووەکاندایە، بەڵام هیچ یەک لە بەرنامە سەرەکییەکانی یارمەتیی فیدراڵ وەک یارمەتیی زمانە لە مەترسی کەوتووەکان، خەڵاتی بۆرێن، بەرنامەی یارمەتیی خوێندنەوەی زمان و ناوچە دەرەکییەکان(FLAS)، بەرنامەی ناوەندەکانی سەرچاوەی نەتەوەیی، STARTALK و فلاگشیپی زمان، یارمەتیی بەرنامە زمانەوانییە کوردییەکانیان نەکردووە. من خۆم ئەم جۆرە هەڵاواردنم لە کاتی خۆیدا لە IUB بینیوە. بۆوێنە، دوای دوو ساڵ کاری چڕوپڕی ناونووسین لە IUB دا، لە کۆتاییدا دە داخوازییم بۆ خوێندکارەکانی زمانی کوردی بۆ وۆرکشۆپی زمانی هاوینی ٢٠١٧ پێشکەش کردبوو. من هیوادار بووم بگەم بە ناونووسکردنی لانیکەمی دە خوێندکار کە IUB مەرجی بۆ دانابوو بۆ پاییزی ٢٠١٧ و بە دابینکردنی ئەو مەرجە کە بۆ

هەموو زمانێکی نوێی تریش هەیە پێگەیەکی تەواوکات بۆ زمانی کوردی بکەمەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا، داخوازییەکە دەبوو ماتڵ ببێت چونکە بەشی ناوخۆیی سەرچاوە نەتەوەییە ئاسیایی و ئورالیکەکان (سەردێرێک بۆ ناوەندی VI) لە پێشدا داخوازی خوێندنەوە ناوچەیی و زمانە دەرەکییەکانی (FLAS) بۆ زمانەکانی فارسی و تورکی دەخەملاند. ئەگەر پێگەیەک بمایەتەوە، ئەو کات دەچوون بەدوای داخوازکارەکانی زمانی کوردیدا کە شیاوی یارمەتییە دابینکراوەکانی FLAS بوون. شەش کەس لە داخوازکارەکان لە پلانی خۆیان بۆ خوێندنی زمانی کوردی وەک زمانی تر کشانەوە، لەبەرئەوەی نەیانویست مەترسیی کات بەفیرۆچوون بەبۆنەی FLAS لەئەستۆ بگرن. لە ئاکامدا تەنیا چوار کەس لە ١٠ خوێندکارە سەرەکییەکە توانیان بەدوای بەرنامەکەدا بڕۆن.

هیچکام لە دامەزراوەکانی پەروەردەی باڵا لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا کە پێشتر یان ئێستا زمانی کوردی پێشنیار دەکەن، هیچ پلان و ستراتیژییەکی درێژخایەنیان بۆ هێشتنەوەی بەرنامەکەیان نەبووە. لەکاتی نووسینی ئەم وتارەدا، هیچ زانستگایەکی دەوڵەتە یەکگرتووەکان پێگەیەکی بەردەوامی بۆ زمان و وێژەی کوردی نەبووە. ئەوان ئێستایش، سەدان بەرنامە بۆ زمانە زاڵەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین، لەژێر ناوی قەبەی خوێندنەوە ناوچەییەکاندا پێشنیار دەکەن. بەگوێرەی دامەزراوەی توێژینەوەی پێشکەوتوو لەسەر فێربوونی زمان لە زانستگای مینێسۆتادا[13]، تەنیا لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا، زۆرتر لە ٧٨٨ بەرنامەی بەردەوام بە زمانی عەرەبی، ١٠٩ بە زمانی تورکی و ١٠٠ بە زمانی فارسی هەیە، بەڵام هیچ بەرنامەیەک لەسەر زمانە بێدەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین نییە. بەگوێرەی ئەنجوومەنی خوێندنەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین، ٢٢٥ بەرنامەی خوێندنی باڵا لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا هەیە، کە ١٥٩ی بۆ عەرەبی، ٩١ی بۆ عیبری، ٤٩ی بۆ فارسی و ٣٦یش بۆ تورکییە. وەها بەرنامەگەلێکی بەردەوام بۆ زمانە قەیراناوییەکانی وەک زمانی کوردی نییە. ئەم ناهاوسەنگییە زۆر کاریگەریی لەسەر خوێندنەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا هەبووە، کە تێیدا تاقمە پێدراوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین نەک هەر لەلایەن هیرارشییەوە بەڵکوو لەلایەن پەراوێزەکانیشەوە دەدوێن (Soleimani & Mohammadpour, 2019).

یەکێک لەو ئاستەنگانەی بەرەڕووی زمانێکی بێدەوڵەتی وەک زمانی کوردی لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا دەبێتەوە، جۆری هەڵسوکەوتی بەشی فەرهەنگ و زمانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و ڕۆژهەڵاتی نزیک لەگەڵ زمان و فەرهەنگە پەراوێزەکانی وەک زمانی کوردیدایە. ئەم بەشانە، بەهۆی ئەوەی پێشتر کەوتوونەتە ژێر دەستی لێکۆڵەرانی زمانە زاڵەکانی هەرێمەکە و ئەو لێکۆڵەرە ڕۆژئاواییانەی پەروەردەکەیان بە چوارچێوەی زمانە زاڵەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین وەرگرتووە، ئەگەریش نەڵێین هیچ، بەڵام لانیکەمی هۆگرییان بۆ پشتگیری و برەودان بە زمان و فەرهەنگە بێدەوڵەتەکانی وەک کوردی هەبووە. ئەزموونی خوێندنەوە کوردییەکان لە ناو بەشەکانی مرۆڤناسی، زانستە سیاسییەکان و مێژوودا زۆر جیاواز بووە، لەوبەشانەدا کوردی

دانی پێدانراوە و دۆخی باشترە. لەماوەی چوار ساڵ وانەوتنەوەی کوردی لە IUB دا و تێکەڵاویم لەگەڵ زۆرێک لە لێکۆڵەرە کوردەکان لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا، من هەڵسوکەوتی زۆر باشم لەم بەشانە بینیوە. بۆ وێنە سەرنجی شێوازی بانگەشە بۆ پۆلەکانی زمانی کوردی لە ڕیزبەندی خولە پێشنیارکراوەکانی بەشی IUBی خوێندنەوەکانی ئووراسیای ناوەندی بدەن [14].کوردی، بەپێچەوانەی زمانە کەمتر فێرکراوە پێدراوە خاوەن دەوڵەتەکانەوە، لەژێر ناوی زمانەکانی ئووراسیای ناوەندیدا بانگەشەی بۆ کراوە. هاوچەشنی IUB، لە ئێستادا بڕیار وایە خولی زمانی کوردی لە نەشڤیلدا لەژێر ناوی "زمانەکانی تری ١،٢،٣" دا پێشنیار بکرێت. زمانی کوردی کە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی نییە، ناتوانێت لەسەرپێی خۆی بوەستێت و بانگەشە بکرێت. لە هێندێک وێنەدا، ڕاپۆرتی هەڵاواردنی ڕوونی ئەم بەشانە لەسەر زمانی کوردی هەیە[15].

ئەم بەشانە و ناوەندە بەستراوەکان بە ئەوانەوە لە دابەشکردنی سەرچاوە دەرەکی و ناوخۆییەکانی حکوومەتی فیدڕاڵ و لەهەمووی بەرچاوتر، لە دابەشکردنی ئەو پارەمەتییانەی بۆ خوێندنەوە ناوچەییەکان، زمانە قەیراناوییەکان و فەرهەنگە نەناسێندراوەکانی وەک کوردی دیاری کراون، تووشی ناهاوسەنگین. لە ٢٩ ی ئاگۆستی ٢٠١٩دا، بەشی پەروەردەی دەوڵەتە یەکگرتووەکان، نامەیەکی بڵاو کردەوە کە ئاماژە بە زانستگای کارۆلینای باکوور لە چاپل هیل دەکات، کە لە پێداچوونەوەی بەشەکە بە ڕاپۆرتی ساڵانەی پرۆژەکاندا لەلایەن کۆنسرسیۆمی دوک زانستگای کارۆلینای باکوورەوە لەژێر سەردێڕی VIی خوێندنەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا نێردراوە، باس لە نایەکسانیی بنەڕەتی دەکات: "خوێندنەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوینی دوک-زانستگای کارۆلینای باکوور لە ناو ئەو ژمارە کەمەی، ئەگەر نەڵێین هیچ، لە بەرنامەگەلەیدا کە چڕبوونەتەوە لەسەر ئەو هەڵاواردنە مێژووییانەی کەمینە دینییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک مەسیحی، بەهایی، جوولەکە، ئێزیدی، کورد، دورووزەکان و ئەوانی تر بەرەوڕووی دەبنەوە و دۆخی ئێستای ئەوان، ناهاوسەنگیی پێوە دیارە.[16]" لەسەر بابەتی پاڵنەرە جۆراوجۆرەکان و هۆکارەکانی پشت ئەم نامەیە مشتومڕی چڕ لەنێوان لێکۆڵەرانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا بووە. بەهەرجۆرێک بێت، من وەک لێکۆڵەرێک کە لە سەرەتاوە لەژێرناوی VI دا کارم کردووە، ئەو تێبینییە ڕەوایانە دەبینم کە پەیوەندییان بەو ڕاستییەوە هەیە کە زمان و فەرهەنگە پەراوێزەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین، وەک کوردی و ئێزیدی لە بەرنامەی خوێندنەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا سەرنجی کەمیان خراوەتە سەر.

لەم ڕوانگە ناهاوسەنگ و ئاڵۆزە بۆ زمانە بێدەوڵەتەکانی ئەمریکای باکووردا ئاماژەیەکی تر ئەوەیە کە بەرنامەکانی خوێندنەوە ناوچەییەکان - کە لەژێر دەستی ئەو دامەزراوە ئاکادیمییانەی دەوڵەتە یەکگرتووەکاندان کە توێژینەوە و فێرکاری لەسەر "ئەوانی تر"ی دەرەوەی سنوورەکانی ئەمریکا دەکەن - هێشتا لەناو چوارچێوەی دەوڵەت -(تاقە) نەتەوەدا کار دەکەن، بۆیە ڕەنگە لەناو گێژەنی قەیرانێکی ماڵی و ناسیارناسانەدان؟ یان ڕەنگە ئەمە بە هۆکاری ئەوە بێت، کە لە

ئەمریکای باکووردا، خوێندنەوە پۆست - کۆلۆنیاڵییەکان لەپێشی خوێندنەوەکانی ئیسلامی و ڕۆژهەڵاتی ناویندان.

لەکاتێکدا لێکۆڵەرە پۆست کۆلۆنیاڵەکانی خوێندنەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین لەلایەکەوە دژی پشتگوێخستنی بەربڵاو و توندوتیژانەی نوێنەرایەتیکردنی مێژوویی خەڵکی پەراوێزخراو، ئۆتۆنۆمی و مافە زمانەوانییەکانیان لەلایەن ڕۆژئاواوەن، لەلایەکی تریشەوە، دژی ئەوەن کە ڕۆژئاوا ناڕاستەوخۆ لەبیرخۆی دەباتەوە کە دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین نوێنەرایەتیی مێژوویی خەڵکە بەزۆر پەراوێزخراوەکەی خۆیان، ئۆتۆنۆمی و مافە زمانەوانییەکانی ئەوانیان پشتگوێ خستووە. ئەوان ئەزموونی فەرهەنگ و زمانە بێدەوڵەتە پەراوێزخراو و کۆڵۆنیکراوە ناوخۆییەکانیان لە بەرژەوەندیی زمان و فەرهەنگە زاڵەکانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا و لە ماتریکسێکی دوانەدا سڕیوەتەوە: ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا لەبەرانبەر دنیای ئێرانی/ئیسلامیدا. لەم دەلاقەیەوە، دەکرێت تێبگەین چۆنە کە ئیدوارد سەعید هێرشی کیمیاییی ڕێژیمی بەعس بۆسەر شاری کوردی هەڵەبجە ڕەد دەکاتەوە، بەڵام بەرانبەر بە هەڵمەتی قڕێژی ئەنفالی هەر ئەو ڕێژیمە بە دژی کورد، کە تێیدا هەزاران کەس بەکۆمەڵ کوژران بێدەنگ دەبێت. سەعید لە پێشانگای کتێبی لەندەن ئاواى وت: "بانگەشەی ئەوەی کە عێراق گازی ڕشتووە بەسەر شارۆمەندەکانی خۆیدا هەموو کات وتراوەتەوە. لە باشترین ئەگەردا، دڵنیا نین لەم شتە."[17] لێکۆڵەرە پۆست- کۆلۆنیاڵەکانی وەک حەمید داباشی، لەبریی دەستنیشانکردنی ئەم خاڵە تاریکە لە خوێندنەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا، بانگەشەی ئەوە دەکەن کە نامەکەی بەشی پەروەردەی دەوڵەتە یەکگرتووەکان بەڕاستی ئاراستە کراوە بۆ ئەوەی دژی تێگەیشتن لە "دەمارگرژیی دژە - ئیسرایيلی و دژە - ئیمپریالیستی"[18] لە وەها بەستێنێکی زانستگاییدا بوەستێتەوە. لەباری مێژووییەوە، لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا بڕەودان بە زمانی دایکی کەمینەکان بۆ ڕاهێنان لەلایەن دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بەستراوەتەوە بە سەهیۆنیزم، ئەمپریالیزم و نەیارانی ئەم دەوڵەتانەوە.
(Sheyholislami, 2019; Soleimani & Mohammadpour, 2019)

زمانی بێدەوڵەتی کوردی تەنانەت لەناو دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی وەک ACTFL و NCOLCTL دا، کە لە بنەڕەتەوە بەمەبەستی نوێنەرایەتیکردنی زمانە قەیراناوی و کەمتر فێرکراوەکان لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا دامەزراون، تەنانەت لەو دەرفەتانەی کە بۆ ئەندامە پێدراو و خاوەندەوڵەتەکانی ناو تاقمەکە دیاری کراون خۆی بە بێبەش دەبینێتەوە. بە پشتبەستن بە کارەکانی سمیس (smith, 1988, p.xxiii)، کووپر بیرمان دەخاتەوە کە "یەکتربڕین نەک هەر وەک ئامرازی گێڕانەوەی وردەکارییەکانی خۆیەتیی (subjectivity) تاقمە یەکتربڕەکان بەکەڵکە، بەڵکوو زۆرتر یارمەتیدەریشە بۆ پێشاندانی جۆری کاری جووڵەکانی دەسەڵات لەو شوێنانەدا کە ڕەنگە ڕێبازێکی تاک تەوەرانە جۆری کارکردنەکە بشارێتەوە ."لە ساڵی ١٩٦٧ و NCOLCTL لە ١٩٩٠) لە کاتی دامەزراندنیانەوە، زمانی بێدەوڵەتی کوردی مژاری تاقە یەک ناساندنی کۆنفرانسە ساڵانەکانیان نەبووە. بۆوێنە، ساڵنامەی زمانی بیانی و

ڕۆژنامەی NCOLCTL تەنانەت یەک وتاریان لەسەر زمانی کوردی بڵاو نەکردووەتەوە. لەکاتێکدا، هەر ئەو دامەزراوە و ڕۆژنامەکانیان سەرقاڵی زمانە کەمتر فێرکراوە پێدراو و خاوەندەوڵەتەکانن. چوارچێوەی ئێستای ACTFL و NCOLCTL و دامەزراوە هاوچەشنەکانیان زۆربەی کات هەڵدەگەڕێتەوە بۆ ئەو تاک تەوەرییەی زمانە پەراوێزخراوەکان کە بریتییە لە: زمانە کەمتر فێرکراوەکان لە بەرانبەر زمانە زۆرتر فێرکراوەکاندا. بەگشتی، ئەوان ناتوانن یەکتربڕینی پەراوێزخران، هەڵاواردن و زمانکوژیی نەرم و زبری زمانە بێدەوڵەتەکان ڕوون بکەنەوە. گرینشاو لە "سڕینەوەی پەراوێزخرانی یەکتربڕینی تۆرەمە (race) و ڕەگەز"(sex)دا کاتێک بەرانبەر "فرەڕەهەندبوونی ئەزموونی ژنانی ڕەش" دایاندەنێت، سنوورەکانی ئەم شیکارییە تاک - تەوەرانەیە پێشان دەدات. ئەو باس لەوە دەکات کە "ئەم چوارچێوە تاک تەوەرانەیە"، لە ڕێگای سنووردارکردنی لێکۆڵینەوە لە سەر ئەو ئەندامانەی تاقمەکە کە بەڕێگایەکی تردا پێبەخشراون، "ژنانی ڕەش لەناو بەچەمککردن، ناسینەوە و چارەسەری کێماسییە فێرکارییەکانی هەڵاواردنە تۆرەمەیی و ڕەگەزییەکاندا دەسڕێتەوە"(p.140 1989) هەربەوجۆرە، ئەم دامەزراوەگەلە بەو چوارچێوە تاک - تەوەرەی ئێستایانەوە - زمانە زۆرتر فێرکراوەکان بەرانبەر بە زمانە کەمتر فێرکراوەکان- ناتوانن ئاریشە فرەتەوەرەکانی زمانە بێدەوڵەتەکان لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا دەستنیشان بکەن. بە وتەیەکی تر، زمانە بێدەوڵەتەکان لە نێوان یەکتربڕینی زمانە بیانییەکان، زمانە کەمترفێرکراوەکان، زمانە بێدەوڵەتەکان و زۆرێک کێشەی تردا دەمێننەوە کە بەهۆی نەبوونی دەوڵەتەوە سەریان هەڵداوە. ئەم کێشەگەلەی زمانە دوورخراوەکان بەسانایی و تەنیا لەڕێگای هێنانەوە ناو پێکهاتەی شرۆڤەکارانەی پێشتردامەزراوی زمانە کەمترفێرکراوەکانەوە چارەسەر ناکرێت. ئەزموونی یەکتربڕینانەی زمانی بێدەوڵەتی کوردی شتی زۆرتر لەوە لەخۆ دەگرێت کە تەنیا زمانێکی کەمترفێرکراو بێت. گرینشاو (p.386, 1989)، بە سەرنج خستنە سەر ئەو ئاکارەی تێیدا چوارچێوەی تاک-تەوەرانە ئەزموونی ژنانی ڕەش دەسڕێتەوە، ئەو ئاریشە گەورەتریش پێشان دەدات کە "ئەم کێشەی دوورخستنەوانە بەسانایی و تەنیا لەڕێگای هێنانەوەی ژنانی ڕەش بۆ ناو پێکهاتەیەکی شرۆڤەکارانەی پێشتردامەزراوەوە چارەسەر نابێت". گرینشاو پشتڕاستی دەکاتەوە کە "ئەزموونی یەکتربڕینانە، لەکۆی ڕاسیزم و سێکسیزم بەیەکەوە گەورەترە"، ئەمە واتا "هەر شیکارییەک کە یەکتربڕین لەبەرچاو نەگرێت، ناتوانێت بەگوێرەی پێویست ئەو ئاکارە تایبەتە دەستنیشان بکات کە تێیدا ژنانی ڕەش دەبەسترێنەوە.(p.140)" ئەم تێڕوانینانە پێویستیان بە "سەرلەنوێ داڕشتنەوە و بیرکردنەوە"ی گشتیی لە چوارچێوەی سیاسەتە هەنووکەییەکاندا هەیە.

هاوچەشنی ئەزموونی یەکتربڕینانەی ژنانی ڕەش، ئەزموونی یەکتربڕینانەی زمانە بێدەوڵەتەکانیش پێویستیی بە "سەرلەنوێ داڕشتنەوە و بیرکردنەوە"ی گشتی لە چوارچێوەی سیاسەتە هەنووکەییەکان سەبارەت بە زمانی کوردی و زمانە بێدەوڵەتەکانی تر لە ئاستی فیدراڵ، دامەزراوەکانی پەروەردەی باڵا، بەشەکانی خوێندنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوین، ACTFL و NCOLCTL و ئەوانی تردا هەیە . لەناو سیاسەتی هەنووکەیی لە ئاستی فیدراڵ و نەتەوەییدا، دەبێت

کێشەی خوێندنەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و ناوچەیی ڕوون بکرێنەوە و دەستنیشان بکرێن. لە ئاکادێمیای ئۆرووپادا، لەبوارگەلی وەک خوێندنەوە کوردییەکاندا ( بڕوانە زانستگای ئێگزێتێر) و بەشەکانی زمانناسی و وشەناسیی زمانە ئێرانییەکان (بڕوانە زانستگای ئوپسالا) باشتر لە بەرنامە و بەشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و ڕۆژهەڵاتی نزیکی زانستگاکانی ئەمریکای باکوور دابینکارییان کردووە. لەناو دامەزراوەکانی پەروەردەی باڵادا، زمان و فەرهەنگە بێدەوڵەتەکان و لەناویاندا زمان و فەرهەنگی کوردی، کە مێژوویەک لە سەرکوت و بێدەنگکرانیان لە پشتە، لەجیاتیی ئەوەی تەنیا لەناو خوێندنەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا هەبن، دەبێت لە بەشە جۆراوجۆرەکاندا دابنرێن. وەها هەنگاوێک دەکرێت لاسایی بەرنامەکانی خوێندنەوەی عیبری و جوولەکە بکاتەوە کە لە بەشەکانی زمان و فەرهەنگی ڕۆژهەڵاتی ناوین کە هەر لە کۆنەوە میوانداری ئەو بوون جیای کردووەتەوە. وەها جێگۆڕکێیەک دەتوانێت ئازادی و سەربەخۆییەکی زۆرتر بە زمان و فەرهەنگی کوردی بدات. کوردی و زمانە بێدەوڵەتەکانی تریش دەتوانن بۆ بردنەسەری تێگەیشتن و بەرگری لە پرسەکەیان و سازدانی هەڵمەتە نەتەوەییەکان، لەگەڵ یەکتردا هاوپەیمانی ببەستن. ئەوان دەبێت زۆرتر لەگەڵ ڕاوێژگە نەتەوەییەکانی وەک NCOLCTL دا تێکەڵ ببن، تاکوو دڵنیا ببن لەوەی ئەم ڕاوێژگەیانە وەک دامەزراوەیەک دەبن کە نوێنەرایەتیی هەموو زمانە کەمتر فێرکراوەکان و لەناویاندا زمانە بێدەوڵەتەکان دەکەن. کورد دەبێت بۆ ئەو زاراوە کوردییانەی (وەک هەورام، زازاکی و لوڕی) کە وەک زمانی لە مەترسیکەوتوو لەبەرچاو دەگیرێن، ئارشیڤی دیجیتاڵ دروست بکات و پەرەی پێ بدات و بەدوای ئەو بەرنامانەدا بچێت کە بۆ زمانە لە مەترسیکەوتووەکان دیاری کراون.

لە نەبوونی پشتگیریی دامەزراوەیی و فیدراڵدا، لە یەکەمین خولی زمانی کوردییەوە (IUB in 2006)تا دوایین خول(University of central florida 2021)، دەسپێشخەرییە تاک و بەکۆمەڵەکان زۆرترین یارمەتییان بە بەرنامەکانی زمانی کوردی لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا داوە. بۆ یەکەمین جار، خوێندکارانی کورد بەشداری بەرنامەیەکی خوێندنی باڵا لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا دەبن و دەسپێشخەریی پێشنیاری پۆلی زمانی کوردی دەکەن. ئەم بەرنامەگەلە زۆر بە کەمی لەقۆناغی خوێندندا بەردەوام دەبن. لە هێندێک وێنەدا
(Los angeles and San Diego, CA;Nashville, TN; and Middle East institute, D.C.)، بەڕێوەبەری بەکۆمەڵ و مەدەنی ئەم دەستپێشخەرییانەی کردووە. هەرچۆن بێت، بەرپرسیارییەتیی ئەم بەرنامانە بەستراوەتەوە بە کەسانێک لە پێگەگەلی کاتیدا. بەشێک لە پۆلەکانی زمانی کوردی (Chicago University, NYC, and Washington D.C.) وەک خولی لاوەکی و لە کاتی ئێوارانداا پێشنیار کراون. لەو کاتانەدا کە لە تارانی ئێران، ماردینی تورکیە، دەمەشقی سووریا بووم، خۆم بەشداریم لەم چەشنە پۆلە کوردییە لاوەکییانەی ئێواراندا دەکرد کە بە دەستپێشخەریی ئەو کەسانە ڕێکخرابوون کە هەوڵیان دەدا نەبوونی هیچ جۆرە پشتگیرییەکی حکوومەتی و دامەزراوەیی قەرەبوو بکەنەوە. لە نەبوونی جێگایەکی فیزیکیی دیاریکراو و دامەزراوەیەکی

پشتگیردا، سکایپ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەک فەیسبووک و یووتیووب، ڕۆڵێکی سەرەکییان بوو لە فێرکردنی زمانە بێدەوڵەتەکاندا. زمانە بێدەوڵەتەکان دەوڵەتی خۆیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دامەزراند. هەموو ئەم وێنانە پێمان دەڵێن کە زۆرینەی خولەکانی زمانی کوردی لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا، لە جیاتی ئەو سەدان بەشە پشتیوانە دامەزراوەییانەی خوێندنەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین، بەستراونەتەوە بە دەستپێشخەرییە تاک و بەکۆمەڵەکانەوە.

نەبوونی پاشەکەوتی ماڵی و لانیکەمی ڕێکاری پێویست بۆ ناونووسینەوە، سەرەکیترین ئاریشەیەکە کە بەرنامەکانی زمانی بێدەوڵەتی کوردی لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا بەزۆری بەدەستیەوە دەناڵێنێت. بەپێچەوانەی زمانە پێدراوە خاوەن دەوڵەتەکانەوە، زمانی کوردی لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا تەنیا لەگەڵیدا هەڵکراوە و تەنیا ئەوەیە کە قەدەغە و ناقانوونی نەکراوە. ئەمە وەک "مافی نەرێنیی زمان"یش ناوی دەبرێت .(Wright, 2004)مافی نەرێنیی زمان بۆ ئەوەی کۆمەڵێکی زمانی لە دنیایەکدا کە ڕۆژبەڕۆژ بە دنیاییتر دەبێتەوە و بە ئابوورییەک لەسەر بنەمای زانیاریدا دەناسرێتەوە، بەشی ئەوە نییە کە بتوانن زمانەکەیانی پێ بپارێزن .(Sheyholismami, 2019, p.107) هاوچەشنی هەڵکردنی سنووردار لەگەڵ زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا، خوێندنەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە دەوڵەتە یەکگرتووەکانیشدا، وادیارە هێندێک مافی هەڵبژێردراویان بۆ زمانی کوردی دابین کردووە، کە تەنیا خۆی لە گوتاردانی ساڵانەی زمانی کوردی، بەرنامەی پەرشوبڵاوی هاوینەی زمانی کوردی و ڕووداوە ماوەبەماوەکانی وەک شەوی فیلم و مێژی زماندا دەبینێتەوە. ئەم پشتگیرییە سنووردارە ئاڵۆزە، جاروبار دەبێت بەهۆی کرانەوەی خولێکی نوێی زمانی کوردی، لەگەڵ ئەوەیشدا، بەشی ئەوە نییە کە بەرنامەکەی پێ بپارێزێت و درێژەی بدات. تا ئەمڕۆ، کردنەوەی خولە نوێیەکانی زمانی کوردی، داشکاندنی پۆلە کۆنەکانی زمانی کوردی، دیارترین تایبەتمەندیی بەرنامەکانی زمانی کوردی لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا بووە. سەرەڕای چوونەسەری دەرووەستبوون بە فرەچەشنی لە ئاستی وتارداندا، زمانی بێدەوڵەتی کوردی، لە ئاکادێمیای ئەمریکای باکووردا، کەڵکی لە تاقە یەک پێگەی تەواو- کات وەرنەگرتووە. کووپر(٢٠١٥) ئاگادارمان دەکاتەوە کە لە کاتێکدا کە دەرووەستبوون بە فرەچەشنی لە ئاستی وتارداندا چووەتە سەرەوە، بەڵام دەرووەستبوونی بە کردەوە کەمی کردووە و دەبێژێت "پێگەی ئەوانی تری تۆرەمەیی لە نێو بۆشاییەکانی ئاکادێمیادا لەرزۆکە، بەتایبەت لە سەردەمی زانستگا نیۆلیبراڵەکاندا، کە دەرووەستییان بۆ فرەچەشنی لە ئاستی وتارداندا چووەتە سەرەوە بەڵام دەرووەستییان بۆ دابینکاریی ماڵیی زانکۆ لە بەش و بەرنامەکانی ژنان و خوێندنەوەکانی جێندەر و ئێتنیکدا کەم بووەتەوە. جیم کوومینز، یەکێک لە بەرچاوترین لایەنگرانی پەروەردەی فرەزمانە، سەرنجمان ڕادەکێشێت بۆ پێشڤەچوونێکی ڕواڵەتی، کاتێک دەبینێت "تاقمە زاڵەکان ڕەنگە هێندێک پشتگیریی دەستەبژێر بۆ فێرکردنی زمانە [دووجار کەمینەکان] بکەن، چونکە ئاگادارن ئەم پشتگیرییە دەستەبژێرانە دوورە کاریگەرییەکی ئەوتۆیان ببێت". ئەو لە هەڵسەنگاندنی قربۆقێک لەناو ئاودا کەڵک وەردەگرێت: ئەگەر قربۆقێک بخەنە ناو ئاوی لەکوڵەوە، دەمودەست دەپەڕێتە دەرەوە، بەڵام، ئەگەر بیخەنە ئاوێکی ساردەوە و لەسەرەخۆ گەرمی بکەن،

قرپۆکەکە لەگەڵ گەرمبوونە ماوەبەماوەکەدا هەڵدەکات و لەکۆتاییدا لەناو ئاوە لەکوڵەکەدا دەمرێت. بەڕای کومینز "ئەگەر تواندنەوەی زمانی لەسەرەخۆ بێت ئەوکات خەڵک ئاگادار نابن کە چی ڕووی داوە.
(as cited in Kalan,2016, p.71; Sheyholislami, 2019, 0.123) "پێگەی زمانی کوردی لە هەردوو ڕۆژهەڵاتی ناوین و دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا، ئاماژەیەکی تەواو ڕاستە کە ئاوەکە پێشتر هاتووەتەکوڵ.

## کۆتایی

دۆخی زمانی کوردی وەک زمانێکی بێدەوڵەت لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا، ئاوێنەی سیاسەتەکانی ناوخۆی وڵاتانی سەرچاوەی ئەوانە. لەهەردوو بەستێنەکەدا، زمانەکە هیچ "مافێکی ئەرێنیی زمانی"، پشتگیرییەکی بنەڕەتی و بڕەودانێک لە لایەن حکوومەتە ناوەندییەکانی هەرێمەکە (ئێران، عێراق، تورکیە و سووریە) و دامەزراوە فەرمی و نیوەفەرمییەکان لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا (وەک سەفارەت و ناوەندە فەرهەنگییەکان)ی نییە. ئەم پێکهاتەی دەسەڵات و سەرکوتە لە ناوەوە پەلی بۆ دەرەوە هاویشتووە و کۆمەڵە هەلومەرجێکی لێکگرێدانی دروست کردووە کە زمانی بێدەوڵەتی کوردیی تێدا دەژی. لە هەردوو بەستێنەکەدا، زمانی کوردی تەنیا لەگەڵێدا هەڵکراوە، لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا لە ئاستی فیدراڵ و دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا، بەش و بەرنامەکانی وەک زمان و فەرهەنگی ڕۆژهەڵاتی ناوین و ڕۆژهەڵاتی نزیک و خوێندنەوە ئێرانی، تورکی و عەرەبییەکاندا بڕەوی پێ نەدراوە. لەژێر ئاڵای خوێندنەوە پۆست کۆلۆنیاڵەکاندا، ئەم دامەزراوە و بەشانە زۆربەی کات ئەزموونی زمانی بێدەوڵەتی کوردی کە پەڕاوێزخراو و لەناوخۆدا کۆلۆنیکراوەیان لە ماتریکسێکی دوانەدا و لە بەرژەوەندیی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا سڕیوەتەوە: ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا لەبەرانبەر دنیایەکی ئیسلامیی کۆلۆنیکراو. تەنانەت لەناو دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی وەک ACTFL و NCOLCTL دا، کە لە بنەڕەتەوە بۆ ئەوە دامەزران کە نوێنەرایەتیی زمانە کەمتر فێرکراوەکان لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا بکەن، زمانی بێدەوڵەتی کوردی خۆی لەو دەرفەتانەی بۆ ئەندامانی پێدراوی تاقمەکە دیاری کراون کە بریتین لە عەرەبی، تورکی و فارسی بێبەش دەبینێت. چوارچێوەی هەنووکەیی ئەم دامەزراوانە، زۆربەی کات ناونیشانی تاک تەوەرانەی زمانە پەڕاوێزخراوەکان بەمجۆرە ئاماژە پێ دەکات: زمانە کەمتر فێرکراوەکان و زمانە زۆرتر فێرکراوەکان. بەڵام، وەها چوارچێوەیەک بۆ باسکردن لە یەکتربڕینی پەڕاوێزخران، سەرکوت، بێدەوڵەتبوون، هەڵاواردن و زمانکوژیی نەرم و زبر لە زمانی کوردیدا بەس نییە.

ئەم دۆخە پێویستی بە "داڕشتنەوە و پێداچوونەوە"ی گشتیی چوارچێوەی سیاسەتە هەنووکەییەکان لەپەیوەندی لەگەڵ زمانی کوردی، لەناو حکوومەتی فیدراڵ، دامەزراوەکانی پەروەردەی باڵا، بەشی خوێندنەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین، ACTFL و NCOLCTL دا هەیە. هۆکارگەلی وەک تێوەگلانی ڕاستەوخۆی دەوڵەتە یەکگرتووەکان لە شەری

کەنداو(١٩٩٠ - ١٩٩٠)، شەڕی عێراق (٢٠٠٣) و دەستێوەردانی سەربازیی نێونەتەوەیی لە دژی داعەشدا(٢٠١٤ تا ئێستا)، پێگەی زمانی کوردییان لەوەوە کە تەنیا زمانێکی بێدەوڵەت بێت گۆڕیوە بۆ زمانێکی بێدەوڵەتی لەمەترسیکەوتوو. سەرەڕای ئەم "لەمەترسیکەوتن"ەی، بێدەوڵەتبوونی زمانی کوردییە کە بێبەشی کردووە لەوەی بە باشی و تەواوەتی ببینرێت و خۆی بناسێنێت.

لە نەبوونی پشتگیریدا، زمانی کوردی لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا بۆ مانەوەی خۆی، زۆرجار بەستراوە بووە بە دەستپێشخەرییە تاکەکەسی و بەکۆمەڵەکانەوە. هەلومەرجەکەی لە یەکتربڕینێکی چەشنە-نەبینراندایە، کە بەهۆی ئەوەی زمانەکە مافی زمانیی ئەرێنی، سەرچاوەی پێویست، پشتگیری و یارمەتیی حکوومەتی فیدراڵ، دامەزراوەکانی پەروەردەی باڵا، بەشی خوێندنەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و هەروەها دامەزراوەگەلی وەک ACTFL و NCOLCTL ی دەست نەخستووە، هێشتا بەرەورووی مەترسیی جۆراوجۆر دەبێتەوە. ناونیشانی "قەیراناوی بوون" زۆرجار دەبێت بەهۆی کرانەوەی خولی نوێ بۆ زمانی کوردی. دیسانیش "نەبوونی دابینکاری ماڵی و بڕەوپێدان" و "کەمبوونی ناونووسینەوە"، دەبن بە هۆی داخرانی ئەم بەرنامە بێدەوڵەتانە. پێگەی زمانی کوردی لە بەستێنی ئورووپادا، بەتایبەتی لە سویددا، پێشانی دەدا کە زمانەکە دەتوانێت تەنانەت لە دیاسپۆرادا پەرە بسێنێت و پشتیوانیی حکوومەت و دامەزراوەکانی پەروەردەی باڵا وەربگرێت.

## پەراوێزەکان

١- نوسخەی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە، ساڵی ٢٠١٩ لە بیست و دووەمین کۆنفرانسی ساڵانە NCOLCTL لە شاری ئاتلانتا پێشکەش کراوە. لێرەوە سپاسی ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی ئیندیانا لە بلومینگتەن و بەڕێوەبەر و دامەزرێنەی ئەو ناوەندە، باڵوێز فەیسەڵ ئەلئیستراباری دەکەم. هەروەها سپاسی ناوەندی سەلاحەدین لە شاری ناشڤیل و بەڕێوەبەرەکەی بەڕێز نەوزاد هەورامی دەکەم بۆ سەفەر و نیشتەجێبوون هاوکارییان کردم. بەڕێزان جەعفەر شێخولئیسلامی، بیرگول یەلماز، مایکڵ چایەت، تەیلر فیشێر، دیانا هەچێت، ئاتم کاکرێل عەبدوڵڵا، بێنیامین پریست، جێنێل مۆسێر، ستیڤێن تێرنێر وتارەکەیان بەشێوەی ڕەخنەگرانە خوێندەوە و پشتیان گرتم. لێرەوە سپاسی هەڵسێنگەرە نادیارەکان دەکەم کە زۆر بەوردی وتارەکەیان خوێندبوویەوە وتێبینی و پێشنیاری هەرە ژیرانەیان بۆ نووسیبووم.

2. This article draws substantially on Cooper (2015) regarding intersectionality.
3. For the sociological understanding of statelessness alongside the legal understanding of the issue, see: Sköld 2019; Eliassi 2016; Weissbrodt and Collins 2006.
4. For further information on hard and soft linguicide, see: Salih 2019.
5. https://thekurdishproject.org/history-kurdish-language-rojava/ Accessed February 23, 2020.

6. http://fa.kurdistanukurd.com/?p=19954&fbclid=IwAR1e0bhkMpQrLyd1b-JA5dvf1ok1vttDH_D34SGTrcQpgQVRN7dXSivDrIY Accessed February 12, 2020.
7. https://www.pbs.org/frontlineworld/stories/iraq501/events_anfal.html Accessed February 5, 2020.
8. https://www.pbs.org/newshour/show/terrorized-by-isis-yazidi-refugees-find-welcoming-community-in-nebraska Accessed February 3, 2020.
9. https://carla.umn.edu/index.html Accessed February 23, 2020.
10. See for example Kurdish Studies Network’s bibliography: https://kurdishstudiesnetwork.net/bibliography/ Accessed February 23, 2020.
11. https://ekurd.net/turkey-protests-kurdish-language-2019-04-30 Accessed February 23, 2020.

https://www.kurdistan24.net/en/news/8e263f73-f1bf-4e0e-8659-dc2227919f04 Accessed February 23, 2020.

12. https://www.census.gov/library/publications/2013/acs/acsbr10-20.html Accessed March 2, 2020.
13. See: http://carla.umn.edu/lctl/db/index.php.
14. https://utilities.registrar.indiana.edu/course-browser/prl/soc4202/CEUS/index.shtml Accessed February 23, 2020.
15. https://www.huffingtonpost.com/rashid-karadaghi/for-history-how-arab-turk_b_7829918.html) Accessed February 23, 2020.
16. https://www.ed.gov/content/notice-letter-regarding-duke-unc-consortium-middle-east-studies Accessed December 11, 2019.
17. https://www.lrb.co.uk/v13/n05/edward-said/edward-said-an-american-and-an-arab-writes-on-the-eve-of-the-iraqi-soviet-peace-talks?fbclid=IwAR3aqUPZI6REXoxuJiSsMnHNZFZNA7Hj5Hbj2Xr-P3awelCidqgUMJfPLL4 Accessed February 23, 2020.
18. See for example: “Is ‘love and desire in Iran’ a threat to U.S. national security?” https://www.aljazeera.com/indepth/opinion/love-desire-iran-threat-national-security-191011090501980.html Accessed February 23, 2020.

سەرچاوە: گۆڤاری تیشک ژمارە ٧١ - ڕێکەوتی: ١٧ی فێبریویری ٢٠٢٥

## بەرەو ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک




### ئەنجام و لێکەوتەکانی سیاسەتی زمانیی ڕێژیمەکانی ئێران

لە ئێران هەر لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی ناوەندیی بەهێز بە تایبەتی لەدوای هاتنە سەرکاری ڕەزاشا، بە خەیاڵی خۆیان بۆ دروستکردنی ئێرانێکی یەکگرتوو و بۆ دروستکردنی تاقە میللەتێک لەو هەمووە نەتەوە و زمانەی لە ئێراندا هەن، سیاسەتی سەپاندنی یەک زمان بە سەر هەمووانیاندا گرتەبەر ، بەو ئامانجە کە خەڵکی ئێران خۆیان بە یەک نەتەوە بزانن نەک چەند نەتەوە؛ بۆ ئەوەی دەست لە زمانەکەی خۆیان هەڵگرن و فارسی ببێتە زمانی هەمووان. بۆ جێگیر بوونی ئەو سیاسەتەش هەر چی لە دەستیان هات کردیان. نەک هەر ڕێگەیان بە خوێندن بەو زمانانە نەدا، بەڵکوو نووسین بەو زمانانەشیان قەدەغە کرد و بەرنامەی جۆراوجۆریان بەڕێوە برد بۆ ئەوەی تاکی نەتەوە نافارسەکان پشت لە زمانی خۆیان بکەن. بۆ ئەوەی ئەم باوەڕە لە مێشکی نەتەوە نافارسەکاندا بچەسپێنن کە زمانەکەی ئەوان، زمان نییە، لەهجەیەکی زمانی فارسییە؛ بۆ ئەوەی مێژوویەکی ساختە و داتاشراو و درۆیین بەرنە نێو مێشکی خەڵک. دەیانەویست هەموو خەڵکی ئێران وا بیر بکەنەوە کە لەوەتا دنیا هەیە، زمانی فارسی، زمانی گشتی و سەرەکی و هاوبەشی هەموو پێکهاتەکانی نێو ئەو جۆگرافیایە بووە کە ئەوان بە ئێرانی دەزانن.

**

ئەم قەدەغەکردنەی خوێندن بە زمانە نافارسییەکان و بە ڕەسمی نەناسینیان وەک زمانێکی جیاواز، لە زۆر ڕەهەند دا کاریگەریی داناوە:

وای کردووە نافارسەکان، ئەوانەی وشیاریی نەتەوەیی و مێژوویی و کولتوورییان هەیە، زمانی فارسی بە زمانێکی داسەپاو بزانن؛ وا هەست بکەن لەم وڵاتەدا ئەوان هاونیشتمانی پلە دووهەم و پلە سێهەمن .

تاکی سەر بە نەتەوە نافارسەکان، بەو هۆیەوە کە شێوازی قسەکردنیان بە زمانی فارسی، لەگەڵ فارسەکان جیاوازیی هەیە و وەک دەڵێن لەهجەیان هەیە، ڕووبەڕووی گاڵتە و سوکایەتی بوونەتەوە و دەبنەوە.

منداڵان لە قوتابخانە، بەو هۆیەوە کە خوێندنەکە بە زمانی خۆیان نییە، تووشی دڵساردبوونەوە لە خوێندن، بەجێمان و دواکەوتن لە دەرس و خۆپێگەیاندندا بوون.

کاریگەریی ئەو سیاسەتە لەسەر تاکی سەر بە نەتەوە نافارسەکان لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە ئەوەیە کە هەست بە سەرکوتکراوی، هەست بە نامۆیی لەگەڵ نەتەوەی سەردەست، هەست بە ماف پێشێلکراوی دەکەن .هەست دەکەن ناسنامەی ئەوان سووکایەتی پێدەکرێ و دەسڕێتەوە. بەڵام کاریگەرییەکە لەسەر تاکی کورد، جیاوازییەکی بەرچاوی لەگەڵ تاکی سەر بە نەتەوەکانی دیکە هەیە. بوونی خەباتێکی نەتەوەیی لەمێژینە لە کوردستان و بەرزبوونی ئاستی وشیاریی نەتەوەیی وسیاسی، وای کردووە تاکی کورد هەر لە زووەوە لەم سیاسەتە یاخی بێت و بە شێوەی جۆراوجۆر هەوڵی پووچەڵکردنەوەی بدات.

ئەم بێبەشییە لە پەروەردە بە زمانی دایک، هەر وەها سەرکوتی زمانە نافارسییەکان بە شێوەیەکی سیستەماتیک، هەم لە سەر تاکەکان، کاریگەریی نەرێنیی هەیە، هەم لەسەر زمانەکەیان. هەروەها لە سەر یەکێتی و تەبایی دانیشتووانی وڵاتی ئێران، بە تایبەتی لە سەر پێوەندیی نەتەوە بندەستەکان لە گەڵ دەسەڵات و نەتەوەی سەردەستدا.

تاکەکان، لە ئەنجامی درێژەکێشانی ئەو سیاسەتەدا، ستەمێکی گەورەیان لێدەکرێت، چونکە لە هەلومەرجێکی نایەکساندا، دەبێ مل بە ملەی ئەو کەسانە بکەن کە بە زمانی خۆیان پەروەردە دەبن. فارسیزمان بوون بۆ فارسەکان ئیمتیازە، بەڵام فارسیزمان نەبوون بۆ ئەوانی دیکە خاڵی نەرێنییە.

زمانە نافارسییەکانیش لە ئەنجامی درێژەکێشانی سیاسەتی سەرکوتی سیستەماتیکی زمان، هەتا هاتووە لاوازتر و

پەراوێزخراوتر بوون؛ چونکە زمان کە بە ڕەسمییت نەناسی ، کە پێت نەخوێند ، کە مافی ئەوەت نەبوو لە دام و دەزگای ڕەسمی قسەی پێ بکەی، کە دەوڵەت بودجە و هێزی مرۆیی بۆ خزمەتکردنی تەرخان نەکرد، کە بواری توێژینەوە و پەروەردەکردنی مامۆستا و پسپۆر و نووسینی فەرهەنگ و ئەکادیمیای تایبەت بەو زمانەت پێک نەهێنا، نەک گەشە ناکا، بەڵکوو دەپووکێتەوە و گیانی لەبەردا نامێنێت. تەنانەت ئاخێوەرانی زمانەکەش بەرە بەرە، تووشی نامۆیی و ڕاکردن لە زمانەکەی خۆیان دەبن، پێیانوایە زمانەکەیان کەلکی نییە و پێویست ناکا پێی بدوێن، پێی بنووسن و خزمەتی بکەن

.

ئەنجامی درێژەکێشانی سیاسەتی سەرکوت و بێبەشکردنی زمانی، لە کۆتاییدا بناغەکانی مانەوەی وڵاتە بە ڕواڵەت هاوبەش و یەکزمانەکە، هەڵدەتەکێنێ. لە هەر وڵاتێک سەرکوتی نەتەوەیی و سڕینەوەی زمان و ناسنامە هەبووە، ئەنجامەکەی قەیران و بەربەرەکانێی نەتەوە بندەستەکان لەگەڵ دەسەڵاتی نەتەوەی سەردەست و، چوونی ئەو وڵاتە بەرەو شەڕی نێوخۆیی و پارچە پارچە بوون بووە. چونکە ئەو نەتەوانە، چی دیکە تەحەمولی سەرکوت وبێ مافی و سڕینەوەی ناسنامەی خۆیان ناکەن.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - یکەوتی: ١٩ی فێبریوێری ٢٠٢٥

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

خاکەلێوەی ٢٧٢٢ی کوردی = مارچی ٢٠٢٢ی زایینی

نۆژەن کردنی: ڕێبەندانی ٢٧٢٤ی کوردی = فێبریوێری ٢٠٢٥ی زایینی

---



# سپاس و پێزانین

**بۆ هاوڕێ قادر وریا بۆ نووسینی و ئامادەکردنی هەموو وتارو وتووێژەکان.**

**دەستخۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

